
چەپکێ لە سەروەری  شیوعیەکان



# یاداشتەکانی

# خامەی پێشمەرگەیەک

ئاسۆ بیارەیی

سالانی ١٩٨٦-١٩٩٠

سوپاسی بێ پایانم

بۆ کاک حەکیم کاکە وەیس کە ئەرکی پێداچوونەوەی گرتە ئەستۆ  و کۆمەڵەی هەڵەی نوسین و زمانەوانی ڕاستکردەوە..

بۆ کاک چالاک موحمەد کە کۆمەڵێک پێشنیاری بەنرخی بۆ کردم لە نەخشەسازی لاپەرەکاندا

بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە بە پێشنیار و بۆچۆنەکانیان بابەتەکانیان دەوڵەمەند کرد.

پێشکەشە: -

بەدایکی خۆشەیستم کە تا دواهەناسە بەرگری لە دادوەری دەکرد و پەیامبەرێکی بزوتی نێوان پێشمەرگەو شارەکان بوو..

بە مندالّە چاوگەشەکانی قەرەداغ و گەرمیان، کە لەنیوەی شەودا دەبووینە میوانیان و شیرینە خەومان لێ تێک دەدان..

بەو ژنەی کە لە نەبەردی تازەشاردا ڕۆژی **٧-٤**-١٩٨٨ سەرباری بۆردومان و هێرشی داگیرکەران، نانی گەرمی بۆ پێشمەرگە دەکرد..

بە هاوسەری خۆشەویستم (نەرمین) و (لالۆ)ی کوڕم کە ساتە گرانبەهاکانی خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەوەی دڵۆپێک لە مێژووی گەلەکەم بنووسمەوە..

پێشکەشە بە هەموو ئەو مرۆڤە خۆبەختکەرانەی کە بە خوێنیان ئەم داستانە مەحالانەیان دروست کرد...

## پێشەکی

ئەم میللەتەی ئێمە، نە درەنگ دەستی بە شۆڕش کردووە و نە کەمتەرخەمی کردووە، نە لە سەر کوڕ و کچی ئازا پەکی کەوتووە و نە کەمی قوربانی داوە! بەڵام سەرکردەکانمان، وەک مەڵۆزم سەر کۆڵەی سینگیان بەرنەداوە و لێی بوونەتە کابووس و چارەنووس: هەڵەیان کردبێ یا کەمتەرخەمی، خیانەتیان کردبێ یا ترسابن، شەڕیان کردبێ یا گفتوگۆی بێئەنجام، لە شاخ بووبن یا لە شار، لاپەڕەیان خاوێن بووبێ یا فایلدار بووبن، بە ئامانوزەمان دەستیان لە سەرکردایەتیکردن بەرنەداوە و بواریان بە کەس نەداوە جێیان بگرێتەوە. هەتا ئێستا، کەسم نەدی لە حیزبێکدا سەرکردە بێ و جگە لە سیاسەت پیشەیەکی ئاسایی تری هەبێ! سەرکردەیەکم نەدی بە هەژاری بژێ. ئەم سەرکردانە، زمانیان باسی شۆڕش و سەروەری و سەرکەوتن و ئازادی و سەرفرازی و خزمەتکاری میللەت دەکا و هاوکێشەکانی ئابووری و بازرگانی و ئاودیوکردن و دەوڵەمەندبوونی ناڕەوا و ئاغەیەتی لە کەللەیاندایە!

خەڵکمان هەن، لە سەرەتای شەستەکانەوە سەرکردەن. نە لە یەک تاکە گفتوگۆدا دۆڕاوون، نە دوان و نە سیان، لە هەموو هەنگاوێکدا هەر دۆڕاون کەچی دەست لە سەرکردایەتی بەرنادەن. پێ دەچێ ئەو زاتانە سەرکردایەتیکردن و خەڵکبەکوشتدان بە کۆمپانیا بزانن بۆیە جگە لە سیاسەت، پیشەیەکی تریان نییە و کەی بدۆڕێنن، دەست لەگەڵ موخابەراتی بێگانەدا تێکەڵ دەکەن و بە شێوەیەکی تر ڕاست دەبنەوە و بەردەوام دەبن. سەرکردەکان بە ئامانجی کەسێتی خۆیان

گەیشتوون و سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە، بەڵام نرخەکەی خوێن و چارەنووسی کوڕان و کچانی کورد بووە... نرخەکەی ئەنفال و ژەهرباران بووە... باجەکەی لە دەستدانی نیوەی باشووری کوردستان بووە. ئەو میللەتە داماوەی کوردیش، بە هۆی تەوژمی دڕندانەی دوژمن و داگیرکەرەوە، کوێرانە دوایان دەکەون و لە شکستەوە بۆ شکست پشتیان دەگرن و بەریناده‌ن، لە سەنگەری هەر داگیرکەرێکدا بن دەست لە سەر سینگ بۆیان وەستاوون! ئەوەی دەکرێ گەمەیەکە، شەیتان سەری لێ دەرناکات و ئەوان تێیدا پسپۆڕن!

داوای لێبوردن لەوانە دەکەکەم کە سەرکردەیان لێ بووە بە ئیمامی غەزالی و بە باسکردنیان تەرە دەبن. ئەوانە، بە دوو دینەمۆ دەگەڕێن و دەکوژن و دەبڕن و بڕیار دەدەن: ئاینپەروەر بن، ئەوینی خوا و ڕق لە ئیبلیس! جەلالی بن، ئەوینی مامە و ڕق لە مەلا مستەفا! مەلایی بن، ڕق لە مامە و ئەوین بۆ مەلا مستەفا، کۆمۆنست بن، ڕق لە نەتەوەیی و ئەوین بۆ کۆمۆنستێکی ملیاردێری وەک کاک فاروق! ئیتر ئامانجی سەرەکی، کە ئامانجی نەتەوەییە، لە نێوان ڕق و ئەویندا بووە بە بەرانەکەی حەزرەتی ئیبراهیم پێغەمبەر و هەموو ڕۆژێ گۆشاوگۆش سەردەبڕدرێ و بە چاکەکاری لێکدەدرێتەوە!

کە ئەم کتێبەم خوێندەوە، هەستم بە ڕاستگۆیی کرد. ڕاستگۆییەک کە لە سەرکردە ناوەشێتەوە و خەڵکی تێکۆشەر و قوربانیدەر خاوەنیەتی. خاوێن و سادە و ڕاستگۆ کە شەرمی لە کەس نییە و منەتیشی بە کەس نییە! هەستم بە هاوسۆزییەک کرد کە پێشتر بەرانبەر بە کۆمۆنستەکان شکم نەبردووە... من کۆمۆنستەکانی کوردستانم وا ناسیوون کە ڕەفتاریان ڕەفتاری سەرکردەکانیان بێ!

ئەوانیش بە سووکایەتیکردن بە ئالای دەوڵەتی عیراقی داگیرکەر سەغڵەت بن! ئەوانیش هەستی عیراقچێتی سڕی کردبن... بەڵام بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە و ناسینی هەندێ (هاوڕێ)ی کۆمۆنست کە جاران دوورەدەست بوون، لەوە تێگەیشتم کە پێویستمان بەوە هەیە پشتی یەکتر بگرین و ئەگەر ئامانج سەرفرازی بێ، ناکرێ دەستبەرداری یەکتر بین. من نازانم بۆ دەبێ من خۆم لەوانە بە دڵسۆزتر بزانم کە لە وڵاتەکەمدا ڕۆڵی گیڤارە دەبینن و بە ڕووی مەرگ و ئەنفالدا هەڵدەشاخێن؟! تاکە گومانێک کە هەمبوو ئینتیمای عیراقیبوون بوو و بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە پڕە لە نیشتیمانپەروەری و ئاواتی ئازادی و سەرفرازی، ڕەوییەوە!

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەردەکەوێ کە هەر پێشمەرگەیەک گیڤارایەک بووە و گیڤارا خۆی، لە نەبوونی گیڤارادا بوو بەو کەسایەتییەی نیگاری لە گلێنەی چاواندا هەڵکەندرێ. نەتەوەیەک هەزارانی وەک گیڤارەی لێ هەڵکەون کامەیان ناو دەربکا و نیگاری ببێ بە نیشانەی تێکۆشان؟ بەڵام هەزاران گیڤارا بە مەرحەبای ئەفسەرێکی داگیرکەر لە لووتکەوە بەرەو بنار، بە پاڵێکی سەرکردە گلۆر بوونەوە! هەر کەسێکمان لە لووتکەی سەرفرازی نزیک بووبێتەوە، لە بری ئەوەی شان بخەینە بن پێی، بە فەرمانی سەرکردە لاقیمان ڕاکێشاوە: ئەگەر من سەرنەکەوم، نابێ تۆش سەرکەویت! بە بەر چاوی سەدان چەکداری پڕچەکی لایەنێکەوە، کە خۆ لە شەڕی بەعس لادەدەن، دە پانزە پێشمەرگەی لایەنێکی تر گەمە لەگەڵ مەرگدا دەکەن و ڕووبەڕووی ئەنفال دەبنەوە و ئەوان تەماشاکەرن و تەماشاکردنیشیان پێ شۆڕشە!

لە ناخەوە دەستخۆشی لە کاک ئاسۆ بیارەیی دەکەم بۆ ئەو کارە نایابەی کە ئەنجامی داوە! وەسفێکی جوانی کەسێتی پێشمەرگە و

ئامادە بوونیانە بۆ مەرگ. بە کامیرای بیرەوەری، خانووی ڕووخاو و منداڵی کوژراو و کانیاوی کوێرەوەبوو پیشانی خوێنەر دەدا. هیوادارم خوێنەری ئەم کتێبە، بەر لەوەی بیخوێنێتەوە، خۆی لە ئایدۆلۆژیا داماڵێ و بە چاوێک تەماشای ئەو قارەمانانە بکا کە تەنها بە گژ ئەنفالچییەکاندا چوونەتەوە و لە بیریشیان نەچێ ئەنفالچییەکان بەعسی عارەبی بوون!

لە کۆتاییدا دەڵێم: ئەم جۆرە کتێبە چارەنووسمان بەرەو خۆری سەرفرازی دەبا نەک ئەو گزیوفزی و تەفرەدانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا باڵادەستە! وەرگێڕانی ئەم جۆرە کتێبە بۆ سەر زمانە زندووەکان، خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە و بەردەوامی بە بەرەنگاربوونەوەی ئەنفال و داگیرکاری دەدا.

لە ناخەوە دەستخۆشی لە کاک ئاسۆ بیارەیی ئازیز دەکەم... ئاواتی خوێندنەوەیەکی خۆش و سوودێکی زۆریش بۆ خوێنەران دەخوازم.

حەکیم کاکەوەیس
ناوەڕاستی بەهاری ٢٠١٤
گوندی حەسار، کەرکوک، باشووری کوردستان

## لەباتی پێشەکی

زۆر بیرم کردەوە کە چی بنووسم بۆ سەر پەیڤی کاروانی ئەم نەبەردی و مێژووە پڕ سەروەرییە، مێژوویەک کە ساتەکانی لەبەردەم جەور و ستەم، چرکەکانی بوونەتە ئەو دڵۆپە خوێنانەی کە لە جەستەی خەڵکێکەوە دەتکێ کە زۆربەیان دوای دەستدرێژی تفەنگەکانی سەربازەکانی عروبە ئاوێتەی بیابان بوون.. بۆیە بریارم دا دیمەنێکی دی نێوان دوو ئاشقی گوندی (ئاوباریک)ی بناری گلی ناوچەی گەرمیان بخەمە بەردەم ئێوەی بەرێز، بەردەم نەوەکانی داهاتوو تاکو ئاشنا بن بە ڕابردووی زێد و دۆستەکانیان کە هەندێکیان هێشتا دەڵێن وا دێنەوە و دەیانبینینەوە.

من و سەدەها مرۆڤی تر کە بەشێک لە ژیانمان بەم کارەساتەنەدا تێپەڕیەوە، کە باسی دەکەین، ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە ئاشقی کوشتن و مردن و کاولکارین، ئێمە زەبری هەمەلایەنەی دەروونی کردووینیەتە بەشێک لە خۆی، ئێمە ژیانمان هێندە زۆرانی لەگەڵ مەرگ کردووە، مەترسی بووەتە شتێکی بێتام و نەبینراو، زۆرجار کە یەکدی دوای ئەو هەموو ساڵە دەبینینەوە، بە خۆمان دەڵێین مردووە زیندووەکان، من خۆم تاماوەیەکی زۆر فرمێسک ڕشتنم لە بیرچوبووەوە.

ئێمە، دنیای ڕابردوو، پتر مانای ژیانمان لە ئیمرۆ دەداتێ، ژیانێک کە ماتریاڵ و سامان تامێکمان پێ نا بەخشن، ئێمە بەگشتی خاک و قوربانیەکانی ئەنفال بەهی خۆمان دەزانین. ئێمە ئەوانین و ئەوان ئێمەن. ئیمە هاوڕێی تریفە و زۆزانین، تاشەبەرد خانەمانە و ئاسمانی پڕ ئەستێرە سۆمای چاوەکانمانە. خەندە و گریەی منداڵی دەوارەکان ئاوازی وشەکانی ڕۆژانمانن، قریوەی ئەڤینی کیژانی

هەورامان و دەشتی کۆیە، خۆشترین گۆرانیمانە، گریانی ئەو مرۆڤانەی کە لە قوڕاوی ڕێگەکاندا گیریان خواردبوو و چاوەڕێی مردنیان دەکرد، لاپەڕەکانی مێشکمانی پڕکردوە. ئەوان ئێمە دەبینن و بەردەام گفتوگۆ لەگەڵ یەک دەکەین. جارێ دەچین بە هاواریانەوە، جارێکی دی  چێشتەنگاو دەبینە میوانیان و لە کاسەی دڵی خۆیان گەرمترین ئاشمان دەدەنێ، زۆر جاریش لەناو گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا دەبینە هاودەمیان و لە پاڵیان ڕادەکشێین و پێکڕا شەرای بیابان دەمانسوتێنێ.

من نەمویست وەک دەها قوربانی، دەها هاوڕێ، دەها ساڵی بزووتن و ڕابوون مێژوومان کوێربێتەوە. من دەڵێم ئەگەر هەریەکە لە ئێمە کەمێ بیۆگرافیای ژیانی خۆی تومار بکا، ئەوا دەبینە خاوەن ئەو گەنجینە دەوڵەمەندەی کە هەزارەها پەندی لێوە فێربین: -

**دڵۆپە فرمێسکێکی خۆێناوی**

هەر کە نیزیک کەلاوەی گوندە ڕوخاوەکە بووینەوە، کەروێشکەکان کەوتنە گۆێلەقاندن و ووردبوونەوە، دەتووت ئەوانیش هەرگیز دۆستی خۆیان لەیاد ناکەن و هاوڕێی بەوەفای خۆیان دەناسنەوە، بۆیە لەبەر ئێمە هەڵنەهاتن و نەسڵەمینەوەو کەوتنە سەرنجدانێکی بێ ئەندازە. کە چاوم بەو دیمەنە کەوت، تابلۆی ئەو دوو کۆترە سپیە مێشکی گوشاردم کاتێک بە گوندی (فەقێ موستەفا)دا پێش چەند ڕۆژێک تێدەپەڕین، دوکەڵی ئاگرێکی نوێ لە پاشماوەی گوێسەوانەی دیوارێک هەڵدەستا وهەردوو کۆترەکەش ئەو تاقەیان بەجێ نەدەهێشت کە بێچوەکانیانی تێدابوون، هەرچەندە لەبەر ئاگر و دووکەڵ

نەیاندەویرا بنیشنەوە. شیوەکەی دەروەی گوندی ئاوباریک هێشتا ئاوی تێدابوو، ئەو داربییانەی کە پێش مانگێک گەڵایەکی ناسکی سەوزیان پۆشی بوو، تەنها باڵای سووتاویان بەزەوییەوە مابوو، لە دوورەوە ئەوانیش بەشێکی جەستەی ئەو گەنمە سووتاوەیان تەواو دەکرد. لەهەناوی سووتاوی دایکێکی دەکرد کە هەنووز منداڵەکانی لەدەست دابێ. ئەو گەنمەی پێش ئەنفال شەماڵ وەک دەریایەک شەپۆلی پێ دەدا، ئیستە تەنها سوتووی ماوە، خۆ ڕەشەبایەکی قایم هەڵیبکردایە، دووبارە دەبووەوە بەبەشێکی سووتاوی ئەو خاکە.

وورده وورده بە جێ زنجیری تانکێکدا هەنگاوم دەنا، کەمێ دوور لە هاوڕێکانم، لە پڕ کلاوڕۆژنەی ژێرزەمینێک وەبەر چاوم کەوت، بەرەو لای پێم هەڵهێنایەوە، لەبەر ئەوەی دەرکەکەی زۆر چکۆلە و تەنگ بوو، کەمێ بەگران خۆم بۆ پێ خزایە ژوورەوە.بوخچە، باوەڵ و کەندۆڵە و خوری و ریس و ئازووقەی تێکەڵ و پێکەڵی تێدابوو.. لەسەر کورسییەکی شکاو وێنەی دایک و باب و دوو منداڵی زار بەخەندە و بە هەستی پڕکامەرانی نیگایان بڕیبووە یەکتر و تەماشای دەرەوەی وێنەکەیان دەکرد..ویستم دەست بدەمە وێنەکە و تابلۆی ئەوانیش بخەمە سەر ئەو خەمانەی کە لە هەناومدا کەڵەکەیان کردبوو. لە پشتەوە قوتویەک بەر مەچەکم کەوت. کەکردمەوە بێجگە لە کاتژمێرێکی ئەلکترۆنی و دوو نامە،هیچم نەدی. کاتژمێرەکە ترپ ترپ بۆ خاوەنەکەی تا ئەوکاتەی دڵی لە زینداندا لە لێدان نەکەوتبوو..

نامەیەکی پەڕە گوڵزار و ڕازاوە تێیدا نووسرابوو: -

خۆشەویستەکەم! هێمای ژیانم!

لە کانگای دڵمەوە گەرمترین سڵاوت لێدەکەم.. بمبورە، زۆر بمبورە، نەک دیسان بەڵاکەی پار ڕوومان تێبکات و نەتبینمەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر چاومان بەیەکتر نەکەوێت، تاسەمان هەرگیز نەشکێت، با ئەم چەند وشەیە یادگارییەکی زەمانە بێت، چونکە ئەوینی تۆ هێندەی کێوەکانی کوردستان لوتکەی خۆشەویستیمانی لە دڵمدا بڵند کردوە.. بمبوورە دڵم دەسڵەمێتەوە و لەوە زیاتر وشەم بۆ نایێت، ناتوانم درێژە بە نامەکەم بدەم...

لێدانی دڵت
حەمەی ئەوینت
گوندی ئاوباریک
١٩٨٨-٥-٥

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەتالیۆنی حەوتی هەورامان- كورتەیەک | ١٣ |
| داستانی شەڕی لوتكەی میریاسی | ١٥ |
| داستانی نەبەردی لوتكەی كەڵۆش | ٢٧ |
| ئەفسانەی تازەشارو پانتایی گەرمیان | ٤١ |
| كاروانی ٢٥٠ كیلۆمەتری | ٥٧ |
| گەڕانەوە بۆ قۆپیەكان و دڵی چیا | ٦٧ |
| هەڵهاتنی هەندێ فەرماندە و جێهێشتنی ئێمە | ٧٧ |
| دابڕان، كۆمەڵێک قوربانی | ٩١ |
| تەرمەكەشیان بەناو شاری(كفری)دا | ١١٦ |
| ئەو سێ پێشمەرگەیەی، كە بۆ ڕزگاركردنی | ١٢٦ |
| لە قۆپییەوە بۆ سنووری شاری مەریوان | ١٣٥ |
| ڕزگاركردنی قەرەداغ | ١٤٥ |
| شەڕی دەربەند چۆلەكە | ١٥٣ |
| شەڕی بەرگری لە قەرەداغ | ١٥٧ |
| داستانی سویلەمێش | ١٦٥ |
| كرۆنۆلۆژیای شەهیدان | ١٧٥ |
| ژمارەی پ. م شەهیدەكانی ئەنفال | ٢١٨ |
| وێنە | ٢٢٠ |
| بەڵگەنامە | ٢٣٩ |
| پاش ووشە | ٢٤٥ |
| بیوگرافیا و بەرهەمەكانم | ٢٥٣ |

# بەتالیۆنی حەوتی هەورامان
# کورتەیەک

بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی حزبی شیوعی کوردستان، یەکێک بوو لەو بەتالیۆنانەی کە بنکە و شوێنی چالاکیەکانی لە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان بوو. ئەم بەتالیۆنە دوای هاتنە دەرەوەی حزبی شیوعی و خەباتی چەکداری کۆتایی سالآنی حەفتای سەدی پێشوو دروستبوو.

ئەوەی کە من باسی دەکەم، تەنها پانۆرامای ئەو چەند ساڵەیە کەمن لە نزیکەوە ئاگاداری بووم. چالاکی هاوڕێیانی ئەو هێزە، بە تایبەتی ئەو داستانانەی کە لە شەڕەکانی ئەنفالدا دژی سوپای داگیرکەر و ئەنفالچیە کوردکوژەکانی نێوان ساڵی ١٩٨٧-١٩٩٠ تۆماریان کرد.

نووسینەوەی میژووەیاداشتێک کە چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە، ئاسان نیە. ئاسان نیە هەندێ ڕووداو وەک خۆی باس بکرێت. خۆشبەختانە ئەو دەفتەرە شڕەی کە یادگارەکانم تێدانووسیبوو، کاتی خۆی لای هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا مەحمود دامنابوو، گەیشتەوە دەستم و هیوادارم بتوانم سەر لەنوێ تۆماری بکەمەوە تا ئەوانەیش نەبنە قوربانی ئەنفال. من تەنها لەو گۆشەنیگایەوە باسی ئەو داستانە دەکەم کە خۆم وەک شایەتێک تێیدابووم و لە نیزیکەوە ئاگاداری بووم. هەندێ جاریش پەنام بردۆتە بەر یارمەتی لای ئەو هاوڕێیانە کە بەشێک بوون لەو یاداشتانە. لێرەدا تەنها ڕوماڵی ئەو شەڕانە دەکەم کە ساڵی ١٩٨٧ - ١٩٩٠ کە ئەو بەتالیونە بەشداری کردوە.

بنکەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان دەکەوتە دوڵی کەرەجاڵ، پشت تاقگەی زەڵم/ ئەحمەد ئاوا(بناری هەورامان باشووری کوردستان). ئەو بەتالیۆنە، هێزێکی بەبزووت و چالاک بوو، کۆمەڵێک شەهید و قوربانی هەبوو، لە شاری هەڵەبجە زۆر ناسراو بوو و تەنانەت لە ناو ڕێکخراوەکانی حزبدا سەنگێکی تایبەتی هەبوو و هەمیشە دژوارترین ئەرک و چالاکی وەردەگرت. هەروەها خاوەن ئەزمونیکی، هزری، سەربازی و چالاکی جەماوەری بوو. تا ئەمرۆش پێشمەرگە دیرینەکانی ئەو بەتالیۆنە خاوەن رێزێکی تایبەتین.



بنکەی ب ٧ هەورامان، کەرەجاڵ، ئەحمەد ئاوا/هەورامان زستانی ١٩٨٣
لاڕاستەوە: ئارام هەورامی، عەبدوالای مامە، د، شاهۆ، ئاری، هەورامان

## شەڕی لوتکەی میریاسی*
## ١٩٨٨/٣/٢٢ لە کازێوەی بە یانییەوە

هەر پۆلە فڕۆکە بوو لە ڕۆژانی ١٦ تا ٢١ /٣/ ١٩٨٨ بەرەو ئاسمانی شاری هەڵەبجە باری قورسی کیمیاوییان بەسەر خەڵکدا دەباراند. شاریان لە دوکەڵێکی ڕەشدا دەخنکاند. شار لە قوتەی (میریاسی*)یەوە کە دەینواڕی بەسەر شارەزووردا و تەنانەت سلیمانیشی لێوە دیار بوو، شوێنێکی ستراتیژی بوو. هەندێ فڕۆکە، هێندە نزم بوون تەنانەت ئالآی شومی عروبەی عێراقییان پیوە دیاربوو. پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان کە شارەکەیان دەبینی فڕۆکەی داگیرکەران قینی خۆیان بەسەردا دەڕشت، باری غەم سیمای هەموویانی داگرتبوو. نێوەڕۆی **١٩٨٨/٣/١٦** کاتژمێر نزیکەی یانزەی نێوەڕبوو لە حەوشەی مزگەوتەکەی گوندی(میریاسی)دا نانمان دەخوارد، پۆلە فرۆکەیەک بە نزمی بەرەوە شاری هەڵەبجە دەفڕین..

ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەواڵ هات کە سوپای عێراق خەریکی خۆکۆکردنەوەیە و حەشاماتێکی زۆری لەسەرباز و جاش، لە ١٧ لاوە لە باتی سەندنەوەی شاری هەڵەبجە لە سوپای ئێران، کەوتە گەماڕۆی ناوچە ڕزگارکراوەکان، بۆ وێرانکردنی ناوچەی قەراغ و گەرمیان و بازیان.

ئەو بەیانییە من و سێ پێشمەرگەی دی(هاوڕێیان ئەکرەم، سەرکەوت و ماجد) پاسەوانی قوتەی میریاسیمان لە ئەستۆدا بوو. تا تاریک و لێڵ دەنگی هیچ، بێجگە چەند چولەکە و

کلاّوکوڕیەک نەبێ دنیا هێمن بوو. گڵۆپەکانی شاری سلیمانی دەتگوت کۆمەڵێکی کاروانە ئەستێرەی هیلاکن و خوازیارن بەرە و ئاسمان بفڕنەوە، هێندە بە ئاستەم دەبینران. وەک ڕۆژانی دی بڕیارمان دا بەرەو مزگەوتی دێ بێینە خوارێ، لێ بێ دەنگی بەهاری نەورۆز و غەمی هەڵەبجە هەمووانی مەست کردبوو. چەند چرکەیەکی نەخایاند، هاوڕێیەک (هاوڕێ عومەر هەڵەبجەیی کە سەرپەلی هێزەکەبوو) کە بریار بوو بەرەو بناری شارەوزوو بۆ کڕینی ئازۆقە بروات، بەپڕتاو هاتو گوتی: سەرباز و جاش دزەیان کردوە،قوتەی (میریاسی)یان گرتووە. هێزەکەمان بەرەو بەرزایی پشت مزگەوتەکەی سەرکەوت. دوژمن هێشتا نەیزانیبوو کە پێشمەرگەی شیوعی، لاوانی کورد بۆیان لە بۆسەدان. دوای دابەشکردنی سەنگەرەکان، کاتژمێر ٦:٣٠ لە هەموو لاوە دەستدرێژیان لێکرا. ئەو هێزە سەرسەوزانە کە لە سەر قوتەکە بوون، شڵەژان.داگیرکەران پەیتا پەیتا و بێ پسانەوە سەنگەری پشمەرگەیان دەکوتا...شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو.

**ڕزگارکردنەوەی قوتەی میریاسی ***
**و هەڵهاتنی داگیرکەران**

بۆ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەکە، لوتەکی میریاسی گرنگ بوو. لەلایەنی سیاسیشەوە لەبەر ئەوەی لە ئەستۆی حزبی شیوعیدا بوو، دەبوو بە زووترین کات بگیرێتەو. بریار درا کاتژمێر چواری ئێوارە هەڵمەتی بۆ ببرێ و ئازاد بکرێتەوە..

کاتژمێر سێ و نیو لە هەموو لاوە هیزە داگیرکەرەکە درایە بەر گولەی ئاربیجی و تەپڵی بیکەیسی و چەکی دی. لە خواریشەوە

پێشمەرگە هەڵۆ ئاسا باوەشیان دەکرد بە شاخدا. شاخ پشتی نەوی دەکرد و لە ماوەی کەمتر لە بیست خولەکدا قوتەی میریاسی بووەوە بە کوردستان. بە هاوشانی هەڵۆکای حزبی شیوعی، مەفزەیەکی یەکیتی نیشتمانی و چەند بەرگرییەک بەشدارییان تێدا کرد، ئەو سوپا هار و هاجەی عۆجە بەدەم گریان و هاوارەوە لە بەردەم کوڕەکانی هەلەبجەی شەهید و خەڵکی ناوچەکە تووشی نسکۆ بوو، زیاتر لە شانزە لاشەیان لێ بەجێما. هەر ئەوەش نا، هاوەنێکیشیان بەجێهێشت. شەڕ شەڕی دەستە و یەخەبوو. شایەنی باسە هێزێکی پارتی لەوێ بوو، بەڵام بەداخەوە تا کو گوندی (نەوتی)* کشایەوە و نەوەستا. لە سەرەتادا(برینداریکیان دا کە فیشەکی خۆی بەر لاقی کەوتبوو) ئەوە نەبێ، خۆیان لە قەرەی شەڕ نەدا هەرچەندە چەکی باشیشیان پێ بوو. هەروەها ئیسلامیەکانیش لەوێ بوون بەڵام پێیان گڵاو بوو، بەقەولی خۆیان هاوشانی (کافران) شەڕبکەن. ئیدی کوڕانی هەڵەبجە لە گەڵ خاکدا، تەنێ خۆیان باوەشییان کردبوو بە شاخدا.

**شەهیدبوونی هاوڕێ بارام هەورامی و شوانەی حەمە قوتو، بەیانی ڕۆژی دووەم ٢٤-٣-١٩٨٨**

دوو لاو، هێشتا تەمەنی پێشمەرگایەتییان، لە گۆپکەی گەڵای داربەرووەکانی قۆپی ناسکتر بوو،گەنجییان لە خونچەی نیرگزەجاڕی سێوسێنان نیانتربوو، ساڵێ پیش شەهیدبوونیان بریار دەدەن، بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەیان خۆیان بەخت بکەن. شەوێکی دوا بەهار مەفرەزەیەکی بەتالیونی حەوتی هەورامان لە شار دەبێ، دەنگۆی مانەوەو بوونی شوێنی پێشمەرگەکان دەگاتە ئەو دوو لاوە، پێشتر دوو مرۆڤی خۆێنگەرم دەبن و چالاکانە لە

ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کاردەکەن، ئەوان ڕۆژانە ئێش و ئازاری چینی کرێکارەکان دەبینن، پیاوەکانی ڕژیمی فاشستی بەعس دەبینن کە چۆن گوندەکانی شارەزوور سەردەبرن، ئیدی خۆیان پێ ناگیرێت و خۆیان بۆ خەباتی چەکداری ساز دەکەن. هەردوو لاو دەنگیان خۆش بوو، قسەیان نەستەق،دەم بە خەندە و بزیۆ بوون.ئەو دوو لاوە ڕۆڵی دیار و بەرزیان هەبوو لە ڕاپەڕینی شاری هەڵەبجەی قارەمان لە ڕۆژانی ١٢ و ١٣ مانگی پێنج ساڵی ١٩٨٧.

ئەو ئێوارەیە، دوای شانزە کاتژمێر رۆیشتن، لە هەڵەبجەوە بۆ قەراغ، لەگەڵ مەفرەزەکەی بەتالێون دەگەنە دوڵی دوکان و بنکەی حزب لە شیوی قازی، لەوێ ئۆخەی دەکەن بە ناوچە ڕزگارکراوەکان. هەندێ پێشمەرگە دەیانگوت دوو گۆرانی بێژ، دوو هونەرمەند، هەندێکی دی دەینگوت: نا دوو لاوی دلخۆش وشاد، شادتر لە فێنکی شەماڵی دۆڵی دوکان، نا ئەوان قاسپەی کەوی کێوەکانی هەورامانیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، خوڕەی کانیاوی باخەکانیان کردبووە ئاوازی ئاواتەکانیان، بۆیە هێندە بەپەرۆشبوون خۆیان تێکەڵ بە خاک و ئەوین و نیشتمان بکەن.

**شەهیدبوونی هاوڕێ بارام*:**

هاورێ بارام و چەند پیشمەرگەیەک لەوانە، ڕزگار فەرتەنە، هەورامان، سەرکەوت، بریاڕبوو لە قوتەی شەخسەکەی خوار بەرزایی دۆندی میریاسی، سەنگەر بگرن،گوللە وەک کوللەی دەغڵخۆری بیابانی قوریشییەکان بەسەرسەنگەری پێشمەرگەکاندا دەباری. شەڕ تادەهات گەرمتربوو،دوژمن تووشی هیستریا هاتبوو تا قوتەی میریاسی بگرێتەوە، بەڵام هاوڕییان عومەر، ئایاری

مەلاحەسەن، فازل، سەعید، مامۆستا ئاوات، هەورامان، م محمود، سیامەند، مەجید، هەژار و عادلە رەش و چەند هاوڕێیەکی دی، دڵی خۆیان دابوو بەو پارچە خاکە و بەشێک لە نیشتمان، تەنانەت کاتێ دوژمن بۆردۆمانی سەنگەرەکانی دەکرد، بەر هێزەکەی خۆیان دەکەوتەوە. خوزگە دایکانیان دەیانبینی کە چۆن کوڕە پڵنگەکانیان خۆیان کردبووە مەحاڵ و بە گژ دڕندەترین داگیرکەردا دەچونەوە. چۆن زەردەی خۆریان لە ئامێزی سۆمای چاویاندا کردبووە ئایندەی سەرکەوتن. نیزیکی کاتژمێر یانزەی نێوەڕۆ بوو... دوژمن تا دەها بۆردومانی خەستتر دەکرد. دەنگۆیەک بڵاو بووەوەکە فیشەکێکی داگیرکەران گوڵێکی هەورامانی ژاکاندووە، وەنەوشەی باخێکی(شارۆچکەی تەوێڵە)ی* سووتاندووە و وا وشک دەبێ. ئاخۆ ئەو گوڵە گوڵی کام کوێستانی هەوران بێ؟ هی لوتەکەی ڕەنگینی پشت تاقگەی زەڵم یان هی(بەفری میری) پشت شارۆچکەی تەوێڵە بێ؟.هاوڕێ بارام سەری پێکرابوو، گوللەی داگیرکەرێکی هەزار و چوارسەد ساڵە، کە باپیرانی لە ناوچەی هەورامان و شارەزوور لە فەتحێکدا، دەها کچ و ژن و پیاوایان سەربریبوو، نیشان کردبوو. دوورنییە ئەو داگیرکەرە کوڕەزای سەعدی کوڕی وەقاس بووبێ، یان عومەری کوڕی قەساب ئاسا ئەنگاوتبێتی، دوورنییە هەمان ئەو قەمە بەدەستە بووبێ کە لە باخانی هەورامان منداڵانی بێشکەی سەردەبری، ئەوە بەچکە دڵڕەشێکی بیابان بوو بۆیە ئەمجارەش بۆ تالانکردنی کوردستان هاتبوو...

لەگەڵ چەند هاوڕییەکەدا هاوڕێ (بارام)ی لەشژاکاومان بەرەوە بنکەی شیوی قازی بردەوە، تابەیانی لە پاڵ ئەو هەڵۆیەدا چاوەڕیی تەواوبوونیم کرد. لە گەڵ یەکەم گزنگی بەیاندا گیانی تێکەڵ بە

شەماڵی کوردستان بوو.ڕێکەوت ڕۆژی ٢٤ مانگی سێ بوو، هێشتا سەرەتای نەورۆزبوو...ئەو هاوڕێ گوڵە، بە خەندەوە سەری نایەوە...

## ڕۆڵی هاوڕێ تاڵیب

هاورێ تاڵیب کوڕێکی ئەسمەری فەیلی بوو، شەترەنجزانێکی باش بوو. لەبیرمە نێوەڕۆیەکی ناچارەنووساز بوو، هاوڕییەک لە قوتەی میریاسی هاتەخوارەوە کە پێشمەرگەکان خواردن و فیشەکیان نەماوە، ئاخو لە گەرمەی شەڕێکی دەستەو یەخەی وادا دەبێ چۆن بگەێنرێت. چەند کۆپتەرێک بۆردومانیان دەکرد...هاوڕێ تالیب گوتی من خیرا دەگەمە لایان...وابوو. دەتگوت بە سارایيدا غار دەکا. لە ماوەی دە خولەکدا بە شاخدا هەڵزنی و هێندەی نەبرد لە چاوترکاندێکدا گەڕایەوە. هێشتا وێنەکەی پانتایی ئەندەێشەمی بەر نەداوە. گوتی هاوڕێ بریندارێکما هەیە، بە زمانەکەی تۆ قیسە دەکا، بەلام هیندە ورەی بەرزبوو.. گوتی یەکێکە لە پشمەرگە نوێیەکانە..بارام، گوڵی هەوراماان.بارامی قەعقاق بەزێن...بوو.

### شەهیدبوونی هاوڕێ شوان و
### بەکارهێنانی هاوەنەکەی دوژمن...

ئێوارەی ئەو ڕۆژە زەردەی خۆریش، لە ئازاری شەهیدبوونی بارام هەورامی بە خەمەوەسەری نایەوە. شەڕ تا کازیوەیەکی نوێ بە گرمەی ئاربیجی و تۆپ بێدەنگی تار دەنا. ئەو هاونەی کە لە هەڵاهاتنی سەرباز و قوات خاسەکاندا بەبێ بن بەجێ مابوو، هاوڕێ (ئەبوو خالید) بە قابلەمەیەک بنەی بۆ داناو کەوتە

ئاگرابارانی دوژمن. لێرەوە دوژمن هێندەی تر پەشوکا. لە بێ سیمەکانیانەوە هاوریيان دەکرد، مخربین تۆپ بەکاردەهێنن..
قوتەی میریاسی بەدیوی داگیرکەرە قورەیشیەکاندا سارابوو، سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە دیاربوون، هەر ئەوەیش بوو لە تاریک و لێڵی ڕۆژی ٢٥-٣-١٩٨٨ کاتژمێر نزیکی شەش ئەو سەنگەرانە ئامانجی ئاسان بوون. هاوڕێ(شوان حەمە قوتوو)، هێندە ورەی بەهێزبوو، ئازای، ترسی نەدەزانی تاکو بەرەو سەنگەری باشتر بەرگری خۆی بگوازێتەوە،ئەنجام گوللە تۆپێک کەوتە ناو سەنگەرەکەی و لە ناوقەدا. هاوڕێیەکی تریش بە ناوی حازم بریندار بوو، خەڵکی بەسرا بوو.
گەمارۆی دوژمن تا دەهات بازنەی هێرشەکەی فراوانتر دەکرد. گوندەکانی بناری شارەزوور، وێلەکە، کانی هەنجیر، ناوتاق، بەوەن، بنکە...هتد، ئاگریان تێ بەردەدرا. لێرە... تاکو لوتکەی ناوتاق لەلایەن کۆنە سەرۆک فورسانێکەوە(لاله سەرحەد)ەوە* نەدرا بەدەست دوژمنەوە، دوژمن نەیوێرا لوتەکانی بگرێت. ژمارەی پێشمەرگەکانیش کەم بوو، خەڵکی ناوچەکەش لەبەر چەکی کیمیایی و بیستنی هەڵەبجە ترسابوون.
بریار درا ، تا تەرمی پیرۆزی شەهید شوان ڕزگار نەکرێت، لوتکەی میریاسی چۆڵ نەکرێ.کاتژمێر هەشت و نیوی ئێوارەی ٢٦ ی سێی ١٩٨٨ لاشە خۆێناویەکەی شوانە رزگار کرا. دەنگی جاش و سەربەزەکان دەبیسترا. هاواریان دەکرد تاکەی بەرگری دەکەن شیوعیەکان؟ لەوێدابوو، لە لووتەکی میریاسی، لاوانی هەڵەبجە دروشمی کوردستان یان نەمانیان بە خوێن لەسەر خاکی نیشتمان نووسی.

ئەو پێشمەرگانەی کە بەشدارییان لە هێنانە خوارەوەی تەرمی هاوڕێ شوان کرد بریتی بوون لەهاوڕێ عومەر هەڵەبجەیی، مولازم فازل، ئەکرەم، سعید، حسام ومامۆستا ئاوات، ئایار و هاوڕێ هێرش..

ئەو ئێوارەیە هێزەکەمان، بەبێ گوڵە بەهارییەکانی هەورامان (شوان و بارام) بەرەو گوندی (نەوتی)کشانەوە، بەداخەوە هێزێکی لقی چواری پارتی، کە نزیکەی چل جەنگاوەربوون، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئێمە و بێن بە هانامانەو، هەر لەوێ تا رۆژی دوایی خەریکی خواردن بوون. تەنانەت ئامر هیزەکەیان(نسرەدین عەبدولا) گوتی بۆ کشانەوە؟. هەر ئەوەش نا (حمە ڕەشیدا قەرەداغی) کە بەرپرسی بەتالیۆنی پانزەی مەڵبەندی سلیمانی حزبمانیش بوو خێرا خێرا بەبی ئەوەی خۆی بدا لە قەرەی شەڕ دەیگوت شەڕ کەن. شایەنی باسە بیجگە لە لقی دەی حزب، ناوبراو (حەمەڕەشید قەرەداغی) هەوڵێکی ئەوتۆی نەدا بۆ بەشداری لە شەرەکان.

**وانەکانی ئەم داستانە:**

- بوونی سەرکردەیەکی ئازاو چاونەترس لە تەک پێشمەرگەکان وەک دینامۆی ڕێکخستن و بەرگری، تاوێ سەرکردەبوو تاوێک پێشمەرگە بوو، ناوبراو(عەبەی مامە) چەند جارێکیش بریندار بوو.
- بوونی فەلسفەیەکی زانستی بەرگری لە هزری ئەو هاوڕیانەدا
- بوونی بڕوایەکی پۆلایین بە خود و خاک و نیشتیمان...

- هاوئاهەنگی و هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر، سەرباری کەمی ژمارە و نزمی ئاستی چەک و پتر لە چوار ڕۆژ و سێ شەو شەونخونی.
- داستانی میریاسی چوار ڕۆژ و سێ شەو بوو...داستانێک بوو لە مێژووی پرشنگدای شیوعیەکان و تائەمڕۆش جێگەی چیرۆکی خەڵکی ناوچەکەیە و بوونی حزبی پتەوکرد.
- ئەو داستانە ئەوەی سەلماند کە مرۆڤ ئەگەر بروای بەخۆی بێت دەبێتە خاوەن وزەیەک، کە مەحال دروست بکات. هەر ئەوەش بوو دوژمن تا ڕۆژێک دوای ئەوەش بە ترسەوە لەو ناوچەیە دەچوە پێشێ...
- ئەو داستانە ئەوەی سەلماند کە پێشمەرگە و گەل، هاوئاواتن و ئامانجی یەکترییان تەواو دەکرد..

خالە لاوازەکان:

1. هەرچەندە تای تەرازووی شەڕەکە بەهۆی کەمی ژمارەی پیشمەرگەو تەقەمەنییەوە،بە هۆی بەرفراوانی بەرەکانەوە هەر بەلای سوپای داگیرکەراندا دەشکایەوە، بەڵام دەکرا زیانە گیانییەکان کەمتر بکرێنەوە، ئەویش بە رێنماییکردنی ئەو هاوڕییانە(بە تایبەتی بێ ئەزموونەکان) کە شەڕی وایان نەدیبوو، بۆ نموونە (هاوڕی شەهید شوان) زۆر بە پێوە شەڕی دەکرد.
2. دەبوو حزب یان سەرکردایەتی سوپایی مەڵبەد بایەخی باشتری بە کرێنی چەک بدایە..

3. دەبوو سەرکردە سوپاییەکانی حزب (وەک حەمەڕەشید قەرەداغی و شەهید جوهر) خوێندنەوەیەکی زانستییان بۆ باری بەرەکانی شەڕ هەبووایە. زۆر جار هەندێکیان تەنها لە دوورەوە بەبێ سیم پێوەندییان دەکرد و لە ڕووداوەکان بێئاگابوون. تەنانە هەندێ مەفرەزەیان لە بەرەکانی دییەوە بۆ پشتیوانی ناردبوو، (هیلاک و شەکەت)بوون و پلانی دۆخی نالەباریان نەبوو.
4. لە ڕوی هاوپەیمانییەوە پارتی کە هێزێکی گەورەیان بە چەکی باشەوە لەوێ هەبوو( بەپێی قسەی یەکێ لە بەرپرسەکانیان حەوسەد چەکدار و پتر لە ٢٥ بیکەیسی و سی ئاربیجیان پێ بوو)، دەبوو بەشداری شەڕی بکردایەو خۆی لەو ئەرکە لای نەدایە. حزب لێرەشدا هیچ ڕەخنەیەکی نەگرت. هەمان ئەزمونی شەڕەکانی دی لە گەڵ ئەو حزبە. تەنانەت هێندە بە خێرایی ئەو هیزەی پارتی دەکشایەوە وورەی خەڵک و پێشمەرگەیان دەشکاند. ئەو هێزەی پارتی دەیزانی لەڕوی چەکەوە چەند پێویستیمان هەبوو.

**پەراوێز و وێنەکان :-**

---

- **٭قوتەی میریاسی: قوتەیەکی ستراتیژییە و بەرامبەر شارەزووە و سلێمانییە و کلیلێکی ناوچەی قەرەداغە.**
- **٭ شارۆچکەی تەوێڵە: دەکەوێتە هەورامانی/شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان**

* گوندی ( نەوتی): دەکەوێتە دۆڵی دوکانی ناوچەی قەرەداغ، باشووری کوردستان
* حەمەڕەشید قەرەداغی بەرپرسی سەربازی مەلبەندی سلێمانی وکەرکوک و بەتالیۆنی ١٥ قەرەداغ.
* شەهید جەوهەر(ڕەئوف) لە ئوردوگای سمود ساڵی ١٩٩٨ بەبریندار گیراو هەمان سال لە سێدارە درا، ئەندامی سەرکردایەتی مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی بوو.

## وێنەکان



شەهید جەوهەر



# داستانی نەبەردی لوتکەی کەڵۆش* ٣/٢٧ تاکو ڕۆژی ٣/٢٩/ ١٩٨٨...



مۆنۆمێنتی
گوندی سێوسێنان و لوتکەی کۆڵۆش

لوتکە (کەڵۆش) دەکەوێتە بەرزایی پشتی گوندی (سێوسێنان)ەوە کە شوێنێکی جوگرافی ستراتیژی هەیە و دەڕوانێتە سەر دۆڵی دۆکاندا و لە لایەکی دیشەوە بناری قۆپی قەرەداغ و بە ڕۆژهەلاتیشدا لوتەکەی زەردەی لێوە دیارە..

ئەو شەوە(٣/٢٧،٢٦ی ١٩٨٨) کە لە قوتەی میریاسی کشاینەوە، لە گوندی (نەوتی) ڕۆژمان کردەوە.. هێزەکەی پارتی(لقی چوار) هەرزوو تاریک و لێڵ بەرەو ئەستێڵ و قوپیەکان کشابوونەوە. دەنگی بۆردومان و قرمژنی گوللە ساتەکانی بەهاری مەرگ بارێن دەکرد. بەهار وەکو کۆرپەیەکی بێ دایک گریەی دەکرد و ڕکی لە داگیرکەران گرتبوو، چەند کەسێک نەبێت لە ناو ئاواییدا ژیان

نەمابوو. دوکەڵ و سۆتۆی گوندەکان وەک هەورێکی ڕەش تیشکی خۆری لە زیندانەکانیدا دیل کردبوو...
هەموو بستێ بۆ ئێمە بەرگری بوو لە خود و خاک ونیشتمان.
وورده وورده دوای بە خاکسپاردنی هاوڕێیان (بارام و شوان) بەرەو گوندی (تازەدێ)* و بناری لوتکەی (قەڵای قایمز)* کەوتینە ڕێ. چەمی دیوانە، دیوانەی پڕ هاژە و خۆی بۆ تافانێکی نوێ ئامادە دەکرد.پ ێیەکانمان هەنگاوەکانمانی بە خاکەوە گرێدەدا، خاک زریکەی دەهات. دەها چرپەی بە گوێماندا دەکرد: شمشێرەکە عروبە پشتی زمدار کردووم و تنوک تنوک لە باتی تەرزەی سپی خوێنم لێ دەکێ.

**خاڵۆ (عومەر)یش***

**خوشەویستی کوردستانی بەجێ نەدەهێشت:**

کاتژمێر چێشتەنگاوی نیوەڕۆیە... لە لاپاڵەکەی نێوان گوندی (تازەدێ) و ئاوایی (حەمەی کەرەم) و(شێوی قازی)، خاڵۆ (عومەر)مان بە سواری گوێدرێژەکەیەوە دی. ئەی منداڵەکانت کوان؟". هەقمان بوو پرسیار بکەین. خاڵو عومەر حەوت منداڵی وردیلەی هەبوو.گەورەکەمان ناو نابوو هیتللەر، چونکە بەرامبەر ئاژەڵ زۆر دڕندە بوو.خۆشی لەوەدا بوو کە ڕەنگی ئالاو و والآیان دەپۆشی...

یادگاری خۆشمان لەگەڵ خاڵۆ عومەر هەبوو.. لەبیرمە لە دوکانەی هاوڕی (شێخ جەمیل)* لە گوندی شیوی (قازی)، زۆرجار قسەو باس لەسەر خاڵۆ عومەربوو. ئەرێ ئەو کابرایە بۆ

وەک ڕەبۆت کاردەکات و نازانێ حەسانەوە چیە، دەبی لە چارەی نووسرابێ کە وەک مزراح بسوڕێتەوە...
بەدەم ڕێگەوە بۆ گوندی (کانی هەنار) هەر بیرم لای دیمەنی خاڵۆ عومەر بوو کە بەتەنێ لە نێو ئاگری ئەنفالدا سەری لیشێوابوو. بیرم لە وشەی مزراح دەکردەوە کە کرابووە نازناوی خاڵۆ عومەر. ئێ خۆ کەمێکیش ڕاستی تێدابوو، جاریکیان هاورێیان داریان لێ کڕی، کە دارەکانی دەبڕی، بە خۆی و تەورداسەکەیەوە دەتگوت رەبۆتە...هێندە چالاک بوو..

خاڵۆ عومەر جوتیارێکی رەقەڵەی ماندونەناس بوو، بەهاری پێشوو فرۆکە جەنگیەکانی سەددام گوندی (کانی هەنار)* یان بۆردومان کرد. خاڵو عومەر دەتگوت سەیری فلیمی شەڕی دەکرد، هەر گوێشی نەدا. خۆی و منداڵەکانی هەر خەریکی کاربوون، دەیگوت ئەگەر مەرگ کۆتایی نەهاتبێ لە جەهەنەمیشدا پیاو ناسوتێ...
لەسەرو ئاوایی (شیوی قازی) پرۆژەیەک بۆ ئاوخواردنەوە بە کۆنکرێت لە شێوە تانکی دروست کرابوو...ئەو ساڵە خاڵۆ عومەر زۆر دڵی خۆشبوو، چونکە هەندێ لە خەڵک تەواو دەیانزانی حکومەت هێرش دەکا و گوێیان بە کشتوکاڵ نەدەدا و ئاو زۆر بوو. لە بەردەم دوکانەکەی هاوڕێ جەمیل گەنجێک پێی گوت: براکەم وا دۆڵی بالیسان و سەرگەڵو و بەرگەڵو بەچەکی کیمیاوی بۆردمان کراوە، کشتوکاڵی چی کاک عومەر؟ گوندی(زەی هۆمەر)یش بۆردمان کراوە..دەبرۆ واز لەم بی ئاگاییەت بهێنە...خاڵۆ عومەر ناهەقی نەبوو وا بیربکاتەوو. وەک خۆی دەیگوت نازانێ جادەی قیر چیە و ڕادیۆش تەنها سندوقێکە ئاژاوە لە ناو خەڵکدا دەنێتەوە.

هاواری شیخ عەبدول(خەڵکی شیوی قازی) لە بەردەم ئاوایی (تازەدێ)دا بێدارمی کردەوە.قوڵایی و باسی ئەندێشەکانمی سڕییەوە. ها هاوڕێ ئارام ماوی؟ وامزانی شەهید بووی. خۆم و خێزانەکەم زۆر گریاین بۆت.بەئەمەکی ئەو خێزانەم لە بیر ناچێتەوە زۆر دڵی منیان دایەوە کاتێک بەچەکەی کیماوەی بەهاری ١٩٨٦ بریندار بووم.

## گریانەکەی خالۆ عومەر و ئێمەش..

وەک باسم کرد خاڵۆ عومەر، هەرگیز بەبیریدا نەدەهات لە نزیکەوە گوێی لە تۆپ و بۆردومان بێ، دوکەڵی سوتاندنی گوندەکانی بەرزاییەکانی پشت ئاوایی(شیوی قازی) بەتایبەتی گوندی (فەفیرە) ببینێ. بەڵی بۆ یەکەم جار دەستی بەگریانێکی بەرز کرد.لە نێوان شیوی قازی و فەقیرە تەنها کاتژمێرە ڕێگەی پیادەبوو...بەدەم قسەوە لەگەڵ دکتور فرهاد پێمان گوت برا واز لە رانەکە بینە و منداڵەکانت ڕزگار بکەنەبا لەشکری فتوحاتی قوریشیەکان بتگرن..ئەو دیمەنە ناسۆرە وەک پوازەکەبەردی کێوان ناخمیان بریندار کرد،تا ئەمڕۆش دوای سالانێکی دێرین، لەو ڕۆژەدا دڵم دەگوشرێت و هێندەی دی قێز لە بیابان و فتوحات و بەعس و جاشە خۆفرۆشەکان دەکەمەوە کە بۆ تالانی کەڵبەیان بە بەردی ئەشکەوتی الحراء لە هەسان دابوو.

## ئاوایی کانی هەنار

کاتژمێر دوانزە و نیوی ٢٧ /٣/ ١٩٨٨ لە گوندی (کانی هەنار) بریار درا نانی نیوەڕۆ لەوێ بخورێت و خواردنیش بۆ بەرەی شەڕ

لە لوتەکەی **کۆڵۆش** ئامادەبکرێت.. نیوەڕۆیەکی لەرزۆک، لە ئاوایی، نە ئەنجومەن نە دەنگی بە خێرهاتن. تەنانە سەگی ئاواییش خەمناکی ئەنفالی فتوحاتێکی خوێناوی بوون. چۆلبوونی ئاوایی لە تیغی دەبان پتر پێستی خاکی بریندار دەکرد..
هەندێکمان دامەزراین و بەشێکمان بەرەو بەرزایی کۆلۆش کەوتینەڕێ، هەندێکی دیشمان بە چێشتکردنەوە خەرێک بووین...
لەوناوەنەدا جاشە خۆفرشەکان پێش سەربازەکان بۆ تالانی دزەیان بۆ گوندەکان دەکرد. هاوڕێ(قەمەر) هاواری کرد: گوندی (فەقیرە، قامیشان)وا گەیشتنە شیوی قازی. دۆشکای داگیرکەر بێ پسانەوە، شێتانە دار وبەردی دەسوتاند (سۆڵە) گڕی تێبەربوو.(بلەکێ)ی گوڵی سەرکەشیش سووتا. ئاگری فتوحاتی ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا دیسان کوردستانی سووتاندنەوە...


عەبدوڵای مامە

**پێکەوە بەرەو لوتکەی کۆڵۆش**

...کاتژمێر نێوان سێ و چواری پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، عەبەی مامە کە سەرکردەیەکی دێرین و بە ئەزموون بوو و لە زۆربەی نەبەردەییەکاندا بەشداری کردبوو، گوتی:

لەبەر ئەوەی لە قوتەی میریاسی وانەی بەرگریمان فێری دوژمن کرد، سوپا و جاشەکان بە ئاسانی خۆیان لە قەرەی ئێمە نادەن. تاکو شوێنەکانی دی گەمارۆ نەدا نزیکی ئەمناوە ناکەوێتەوە. واش بوو تا زۆربەی گوندەکانی دۆڵی (دوکان)ی ڕاماڵ نەکرد، بیری لە بەرزایی دی نەکردەوە..

هێشتا بەتەواوەتی خۆر ئاوا نەبووبوو گەیشتینە ئاوایی (قەلای قایمز). ئەم ئاواییە لەیەک دوو ماڵ پیک دەهات. لەوێ ئاژەڵی زۆرمان بینی بە چەکی کیمیاوی لێیان درابوو. دوو ئەسپ و چەند گویرەکەیەک خنکابوون. ناو ئاوایی چۆڵ بوو..لەوێ مەفرزەیەکی یەکێتی لێبوو. برادەرێکی کۆنی خۆمان لە ناویاندا بە ناوی (چیا)وە ناسییەوە، کاتی خۆی پێشمەرگەی بەتالیۆن بوو بەلام ساڵی ١٩٨٥ چووە ڕێزەکان ئەوان. دنیا تاریک بوو. بەرەو لوتکەی پێشەوە چووین و سەنگەر و کاتەکانمان دابەشکرد.. لەو شوێنەوە ئاوایی (دێوانە) دەبینرا کە سوپا داگیری کردوە..

دیسان لەبەر ئەوەی جاش و سەربازەکان لە ئەژمار نەدەهاتن، پێش ئێمە دوو قوتەی نزمیان داگیرکرد.کاتژمێر هەشت و نێوی شەوی ٣/٢٧ ١٩٨٨... یەکێتیەکان بەسەرکردایەتی (سوهاد) ناوێک لەوە بێزاربوو کە بۆچی ئێمە پێمان نەگوتن کە ئەوێ گیراوە. هەقیشیان بوو، بەڵام ئەوە کارێکی ئاسان نەبوو، دوژمن حەشامەت و جاش و سەربازی دەنارد. هەندێکیان کەوتنە جنێودان و قسەی سووک و بە خۆمان وبە حزب و شەهیدان. ئێمەش لەوەڵامدا پێمان گوتن: چاوەڕێکەن هێشتا دوژمن هەنگاوێک دوورە، مەیکەنە هەرا. بەداخەوە هەندێکیان هاواریان دەکرد تەحریفیەکان. بەهەر حاڵ ڕێککەوتین و سەنگەری نوێمان دابەشکردەوە.

**ڕێکەوتی ٢٨ی سێ و**
**شکانی سوپاسی عوجە و گریانی جاش و سەربازەکان...**

هەرواش بوو. ئەو بەیانییە ڕۆژی سەلماندنی نەبەردی بوو لەبەردەم هەموو ئەوانەی کە بەچاوی دوژمنایەتی و سووکەوە دەیاننواڕییە حزبی شیوعی، ئاخر هێشتا کوڕانی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانیان نەناسیبوو کە بەجەستەیان سەنگەری مەحاڵیان لە لوتکەی میریاسی  دژی دڕندەترین داگیرکەر هەڵچنیبوو...
ساتەکان لە بەر دوکەڵی ئاگر و بێ بەزەیی قورەیشیەکاندا قەتیس مابوو... دوژمن بە هەموو جۆرە چەکیک بۆ ماوەی یەک کاتژمێر، لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە تا حەوت بۆردمانی دەکرد. شایەنی باسە لە هەندێ شوێندا لەبەر ئەوەی بەردەڵان بوو سەنگەر لی نەدەدرا، بۆردومانەکە وای کرد کەشوێنی هەندێ گوللە بکەین بەسەنگەر...

دوژمن وای دانابوو کە لە خوارەوە گوندی سێوسێنان و لە سەریشەوە لوتکەی کەڵۆش داگیربکات، پیلانەکەی هەڵە دەرچوو و حەشەماتی سەرباز و جاش بەرەو ڕووی پێشمەرگەر هاتن.. تا بەردەم لوولەی تفەنگ. بریار درا کەس تەقەنەکات. واشبوو. دوژمن تووشی پەرکەمی هەڵهاتن و گریان و ترس، دایگرت.. جاشەکان بەکوردی دەگریان و سەربازەکانیش بە یابویە ڕایان دەکرد. دوژمن شکا. لە خواریشەوە لەبەرەی سێوسێنانەوە، لقی دەی حزب بە سەرکردایەتی (مەجید دوکانی) و مەفرەزەیەکی یەکێتی بەسەرکردایەتی (جەمیل هەورامی) لە خوارگوندی(بەلخە)وە، لای ئاواییان لێ گرتن.. ئەو سوپا

زەبەلاحەی تارقی کوڕی زیاد، تانکیان لێ بەجێما، بەڵام بەداخەوە لەبەر کەمی ژمارەی پێشمەرگە ئاسان نەبوو تا گوندی دێوانە دوایان کەون. دوژمن بەرەو دواوە کشایەوە..

**ئێمە هەڵەبووین هاوڕییان**
**بە قوربانی ریشتان بین!**

لێرەدا شایەنی باسە، پێشمەرگەکانی یەکێتی یەکسەر داوای لێبوردنیان کرد کە دوێ شەو قسەی سوکییان پێ ووتوین وگلەییان لە سەرکردایەتی خۆیان کرد کەوا بەو شێوەیە فێری گیانی دوژمنایەتی کردوون...

**هێرشی دووەم**
**کاتژمیر دە و نیوی نێوەڕۆ ٢٨ی سێ ١٩٨٨**

ئێمە هەمان پێشمەرگەبووین. بەبێ ئەوەی پشو بدەین، بێ ئەوەی خواردنی وامان هەبێت. بەبێ ئەوەی پاڵپشتی فرۆکە وتەقەمەنیمان هەبێ. دەنگۆ هات کە (ئەحمەد بازۆکە)* و پەلەکەی، گەرمیانیان داوە بەکۆڵدا و لوتکەی کەڵۆش چاویانە. بەڵی ئەحمەد بازۆکە لە شەستەکان بازۆکەیەک لەشەڕێکی دەستەو یەخەدا دەگرێت و نازناوی بازۆکەی پێ دەبڕێ. ئەحمەد بازۆکە گەیشتە لوتکەی کەڵۆش و بە کوڕەکانی هەورامان دڵی شاد بوو. بازۆکە ورەیەکی دی پێ بەخشین.

لە یەکەم هێرشدا هاورێ (عادلەڕەش) کە خەڵکی بەسرەبوو، پەنجەیەکی برینداربوو... خەریکی پێچینی برینەکەی بووم گوتیان هێرشە...وەک بەوری چاوتیژ دووبارە سەنگەر گیرایەوە...پێش

ئەوە دوژمن بە کاتیۆشا، هەشت فرۆکەی پیلاتۆز و جۆرەها تۆپ بۆ ماوەی پتر لە نیو کاژیر بۆردومانی کردین.
سەرباز و جاش ئەمجارە وەک میرولە دەهاتن. مامۆستا قادر: "ترانە بۆ کوێ دێن؟ لێیاندەن". لێیان درایەوە. هاتبوون ئەوانە رزگاربکەن کە لە نێوان گابەردەکاندا گیریان خواردبوو. دوژمن گەوجانە پێی وابوو ئەگەر کۆپتەر بەکاربهێنێ دەتوانێ هەموومان بگرێت.ئەحمەد بازۆکە یەکەم ئاربیجی نابە کۆپتەرەکەوە. کۆپتەر لە چاوان وونبوو. بە ئاسماندا هەڵهات.(م.ئاوات) و (عومەر) بە بیکەیسی...(شۆرش و سەرکەوت)یش،هەمووان پێکەوە هێرشێکی زەبەلاحی دیمان شکاند...یەکێیەتییەکان: بەڕاستی ئێمە شەرمەزای ئیوەین هاوڕێیان نەدەبوو بەو شێوەیە بین لەگەڵتاندا..
لەو کاتەدا عەبەی مامە سەرقاڵی سەردانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەکان بوو، گوللەیەک بەر پاژنەی پێی ڕاستی کەوت و بریندار‌بوو. زۆرمان لەگەڵ هەوڵ دا کە بچێتە خوارەوە یان هەرهیچ نەبێ بۆ بەرەکانی دواوە بکشێتەوە، بەلام ڕازی نەبوو..

کۆمەڵێک جاش ویستیان لە ئاوایی(کوڵەجۆ)*وە بەرەو(قەلای قایمز) دزەبکەن...مامۆستا قادر و دوو هاوڕێی گەرمیان لێیان هاتنەوە دەست و تا نزیکی چۆمی دیوانە هەڵهاتن...بەرد، دار و درەختیان لێبووبوە پێشمەرگەر...
دوژمن تا ئێوارە چەند هێرشێکی دی هێنا. گوندەکانی کانی هەنار، (کوڵەجۆ)، دیوانە. مەسۆییەکان وهتد سوتاند و ئاگر بەردرایە ناوچەکە، تا ورەی پێشمەرگەی پێ بشکێنێ، بەلام هەمووجارێ شکستی دەهێنا...

بریاردرا تاکو کشانەوەی ڕێکوپیکی بنکە سەرەکییەکان نەکرێ بەرەنگاری لە لوتکەی کۆڵۆش بەردەوام بێ..

**دوا شەڕی ڕۆژی**
**٢٩ سێی ١٩٨٨ و شەوێکی دی لە ئامێزی شاخدا**

دوژمنی مرۆڤایەتی تا دەهات بازنەی گەمارۆی بچوک دەکردەوە. لە هەموو لاوە ئاگر و دوکەڵی گوندەکان بەرز دەبووەوە. جاشە خۆفرۆشەکان گوندەکانیان تالاّن دەکرد و هەندێ جاریش لەترسا هەڵدەهاتن. بەرگری پێشمەرگە قارەمانەکانی شیوعی و یەکێتی لە لوتکەی زەردە و کۆڵۆش دوژمنی سەرەڕۆ و بەلەسە کردبوو.. شەوی ٢٨ لەسەر ٣/٢٩ ١٩٨٨ کەمێک هێمن بوو.
سی پێشمەرگە، پێش تاریک و لێڵ دەمەو کازێوە، سی لاوی گەنج دەستبەرداری هەموو بەختەوەرییەک، تەمەنیان لە شکۆفەی گوڵەباغ گەشتربوو، شەوێکی تری پڕ ئاگر و ئاسنیان بەڕێ کرد. شەوێک قڕمژنی گوللە، گرمەی فرۆکە. ئەستیرەکانیش لەدوکەڵدا وون بووبوون..کە بۆردومان خەست دەبووەوە ئاماژەی لێشاوی هێرش دەستی پێ دەکردەوە. ئەم جارە دوژمن چەکێکی بەکار دەهێنا کە پانتایی چەند مەترێکی دەسوتاند.زۆر گوللە تۆپ بەر هێزەکانی خۆیان دەکەتەوە، چونکە ئەو شوێنەی سەنگەرەکانی ئێمەی تێدا بوو بە ئاسانی بۆ چاوساغی تۆپەکان نەدەبینرا. دووجار ویستی کۆپتەر بەکاربهێنێ، بەلام لە هەموو لاوە تەقەیان لێ دەکرا.

کاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی دوای بۆردومانێکی سەخت تەنانەت فرۆکەی سیخۆیش بەکار هات، هێرش دەستی پێکردەوە.ئەمجارە دوژمن پێی وابوو ئیدی تەواو بووین و لوتکەی کۆلۆش لە کورد پاککراوەتەوە. ئای کەوا نەبوو. گوللەی ئەوان شەرمی لە ئازایەتی کوڕانی بەتالیۆنی حەوت و ئەو سی پێشمەرگەیە دەکرد. دوژمن شکایەوە و کۆمەڵێک کوژراو و برینداری دی لێ بەجێماو ژمارەیەکی زۆریش لە نێوان سەنەگەرەکانی ئێمەو خۆیان گیریان خوارد. هەندێ سەرباز بێ ئەوەی تەقە بکەن دەستیان بەرز دەکردەوە. هەندێ لەدواوە تەقەیان لی دەکردن(مەفرەزەی خۆیان).جنێوان بەجاشەکان دەدا. کەوا پێیان وتوون ئەو لوتکەیە گیراوە. هەندێکی دی دەگریان...شەڕ بەدەوامە، کاتژمێر نزیکی دەو نیوە، دوژمن هێرش دەهێنێ و لاشەی بە خەنجەرە بەردی کۆلۆش و بەرگری پێشمەرگە پەڕپەڕ دەبێ. بێسیمەکانیان: "سەیدی مانگدر. ذولە وحوش".سەیدەکەیان دەڵێت: (أكسر راس كلكم كلاب اذا قبل الليل ماتأخذون هاى القمة. كل عشره نفرات). سەری هەمووتان پان دەکەمەوە ئەگەر پێش ئەوەی شەو دابێ ئەو لوتکەیە نەگرن. هەمووی دە نەفەرن. ورەی کوڕانی هەورامان هێندەی تر بەرز دەبیتەوە. مامۆستا مەحمود:"ها ئەوە گوللە..خواردن.." سەردانی سەنگەرەکان دەکات. هاوڕێ ئاری:"ئەوانە عەمودیشمان(کاتێۆشا) تێدەگرن و ناوێرن نزیکمان بکەونەوە".هاوڕێ فازل بەعەرەبی:"ئێوە فاشستێکی ترسنۆکن. بۆ نایەنە پێشەوە؟". ماوەی نیوان ئێمەو ئەوان تەنها چەند سەد مەترێکە. شاخێیش لە خۆشی ئازایەتی لاوانی شیوعی و یەکێتی، نەڕەی پێشمەرگەی دەکردە ڕۆکیت ولەشکری داگیرکەرانی دەتاراند. شەڕ تا یەکو نیوی پاش نیوەرۆ بەردەوام بوو. فرۆکەی

سیخۆ گوندی (کانی هەنار)ی بەر ناپاڵم دەدا، دەیویست لوتکەی کەڵۆش بتەپێنێ. بەڵام ئاوایی قەڵای قایمز بەرکەوت. جاشەکانی خوار ئاوایی وایان زانی پێشمەرگە شاخەکەیان تەقانەوە، لە بێسێمەکانیانەوە:"ڕاکەن! ڕاکەن.." ئەو سەربازانەی کە بەدیوی قەلای قایمزدا وەک میرو زنجیرێکی ژەنگاوییان دروست کردبوو بۆ گرتنی کەڵۆش، هەلهاتن. شاخ لە داگیرکەران بووە تیئێنتی و ئاگری نەورۆز. بێسیمەکانی دوژمن:"هەر دەبێ ئەمەشەو بیگرن".کاتژمێر دوو نیوی پاش نێوەڕۆ کۆپتەرێک دەیویست دڵی (کۆڵۆش) بکا بە مۆلگە و بنیشێتەوە. ئەحمەد بازۆکا و کاک سوهاد و عومەر و هەمووان لێی دێنە دەست و ئەمجارەش لەشکرەکەی عوجە بێ هیوا دەبێ.

**کشانەوە بەرەو گوندی کۆشکی سەرو و**

**بنکەی مەڵبەند لەسورە زەلەکە.** کاتژمێر سێونیوی نێوەڕۆیە، دوژمنی هەڵەبجە و گەرمیان، سوپاکەی ئەنتی کورد، بریاردەدا دووبارە، ئەگەر لوتەکەی زەردە و کۆڵۆش تا ئێوارە نەگیرێ، بە شێوەیەکی بەرفراوەن چەکی کیمیاوەی بەکاربێنێ. کاتژمێر چواری پاش نێوەڕۆ بەشێوەیەکی رێکوپێک لە تولەڕێی نادیارەوە کشاینەوە. ئەحمەد بازۆکا و هاوڕێ فازل مامۆستا مەحمود و عومەر .. تا دوا پلەی شاخ بۆ مسۆگەرکردنی کشانەوەکە تەقەیان کرد.بەرەو گوندی (کۆشکی سەرو) هەڵۆیەکی سوور, هاوڕێ جەوهەر (شەهید ڕەئوف) یەک یەک ئەملاو ئەلامانی ماچ کرد.ئاخر ناهەقی نەبوو.سێ شەو سێ ڕۆژ هاوڕێیانی نەبەردترین داستانیان لە مێژووی نوێی حزبی شیوعی و ناوچەکە تۆمار کرد. داستانێک کە مزگێنی خۆڕاگری دا بە شەهیدانی قزلەر و

هەندرێن. داستانێک لە ناو جەرگەی گەماڕۆی سوپای پڕ چەکی داگیرکەرێکدا. داستانێک کە دیاری مێژووبێ بۆ گیانی بەرەیی و تێکەڵبوونی هەمەڕەنگی نەتەوایەتی و ڕەنگی ئایدیا...عەبەی مامە تا ئەو ساتەش دڵی نە هاتبوو هاوڕییانی بەجێبهێڵی...

هاوڕێ جەوهەر کە بەرپرسی سوپایی مەڵەبەند بوو، خواردنێکی باشی لێ نابوو... تا نزیکەی کاتژمیر شەشی ئێوارە لەوێ ماینەوە. ئەوەی کە سەیربوو دوژمن هێشتا بۆردومانی لوتکەی (کەڵۆش)ی دەکرد و نەیدەوێرا نیزیک سەنگەرەکان بکەوێتەوە. تا گەیشتینە بارەگای مەڵبەند لە (سوورە زەلەکە)، هەنووز سوپای سەددام وێری نەدەکرد بنواڕێتە سەنگەری پێشمەرگەکان. چەند ساڵێک لەمەوبەر لەناو ئۆتۆمۆبێلکدا بۆ کەرکوک دەچووم. یەکێ لە نەفرەکان کە دیاربوو سەر بەیەکێک لەو سریە جاشانە بوو، بۆ سەرنشینەکانی دی دەگێرایەوە کە چۆن تا کشانەوەی پێشمەرگەش لە ناوچەکە بەترسەوە سەیری شوێنی شەڕەکانیان کردوە. دەیووت سەرهەنگی سوپاکە تفی لە هەمووان کرد کەوا بەو هەموو چەک و تفاقەوە چەند پێشمەرگەیەکمان پێ چار نەکراوە.

لەو نەبەردەدا تەنها دووبریندراری سوک نەبێت، خۆشبەختانە زیانی گیانمیان نەبوو، هاوڕێ (عادل) ڕەش و عەبەی مامە بریندار بوون...

وانەکانی ئەم داستانە

- سەرباری جیاوازی بۆچوون و ئایدیا و هزر، بەڵام ئەگەر ئامانجەکان ڕەوابن ئەوا کەسەکان دەبنە دینەمۆی یەک

پرۆسە و ڕێگەی سەرکەوتن نزیک دەکەنەوە. ئەو داستانە بە ژمارەیەکی کەم، نزیکەی ٢٥ پێشمەرگەی ئێمەو مەفرەزیەکی مەڵەبەندی یەکێتی تۆمار کرا.هەرچەندە لەسەرەتادا بۆچونیکی جیاواز هەبوو دەربارەی یەکتر، بەلام سەلمێنرا ئەگەر دیالۆگ و دانوستان هەبێت، میکانزمی کاری هاوبەشیش ئاسانە. لێ تا ئەمڕۆش پێشمەرگەی ئەو مەفرەزیەی یەکێتی باسی نەبەردی شیوعیەکان دەکەن.

- ئەو داستانە ئەوەی سەلماند کە هەمیشە هێزی بەرامبەر و تەنانەت ئەو هێزەش کە هاوپەیمانیتە، چالاکی و بزوتن بەهەند وەردەگرێ و هەر بەو تەرازووەش ڕێزی هەیە و ئامادەی هاوکارییە. لێرەدا پارتی پتر لە ٧٠٠ پێشمەرگەی لەو ناوەدا هەبوو، بەلام چونکە هەر دەکشایەوە و خۆی لە قەرەی شەڕ نەدەدا، بووبوە جێگەی لۆمەی خەڵک و نارەزایی...

## ئەفسانەی تازەشار و پانتایی گەرمیان
### داستانێکی دی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان و پێشمەرگە شیوعیەکان



گوندی تازەشار لە بناری گل. گەرمیان، باشووری کوردستان

کوێستان و گەرمەسێر بۆ کوڕەکانی هەورامان و هەڵەبجە شوێنی داستان و ئەفسانەی ڕاستەقینەی بەرگری لە خاکی کوردستان، جیاوازی نەبوو. ئەوان هەناسەیان لە گەڵ شەماڵ و جەستەیەیان لە گەڵ خاکدا یەکانگیربوو، ڕۆڵەی ڕۆژانی تەنگانە و چرای ئەڤینی ئازادی مرۆڤەکان بوون..

ئەوان بێجگە میریاسی لە شەوی 11 سێی ١٩٨٨ وە. پتر لە بیست و دوو شەو و رۆژ بە ڕێوە بوون.. تا ئەو چرکەیەی کە لە لوتکەی کۆڵۆش کشانەوە نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەتریان بەپێ بڕیبوو.

**بەرەو بنکەی مەڵبەندی سەرەکی حزب ١٩٨٨/٣/٢٩**

کاتژمیرەکان، ساتەکان سیمای یەکدییان گرتبوو. شەڕی تۆپ و ئاگر و کوشتنی مرۆڤەکان و سوتاندی سروشت و خنکاندی گیانەوەرەکان هەمووی وەیەک دەچوو. گیا وەک گەندموی مەچەکی کچۆلەیەکی شەرمن خاکی سەوزکردبوو، نێرگزەجاڕەکانی نێوان گوندی(کۆشکی سەرو) و(سێوسێنان) چاوە ئاونگیەکانی تێکەڵی گازی ژەهراوی بووبوو. هێشتا قریوەی ئەو کچانەی پارساڵمیان بیردەخستەوە کە نێرگزیان چەپک دەکرد و خەندەیان بۆمان دەکرد. ئەی زەنگی ملی بەرخەکانیان. دەتووت ئاوازێکە سروشت بە یادگاری بۆ ئێمەی جێیدەهێڵێ. هاوڕێ ڕەنجدەر: هاوڕێ گیان! بۆ کەی دەگەینە جێ؟

هاوڕێ ڕەنجدەر و نیوە بەتالیۆن بیست و دوو ڕۆژە بەرێوەن، هێشتا ناگەن، هاوڕێ هوشیار: مەبەستت چیە؟ کەسێکمان ئەو وەڵامەی پێ نەبوو...ئاخر خاک وەک جەستەی زارۆکێکی بناری سلیمانی ڕەش هەڵگەڕابو. باریقەکان* قیبلەشیان لێکردبووە دۆزەخ.

تەواو لە دنیای واقع و بوون بچرابووم. دەترسام فریای ئەوە نەکەوم وتەکانی هاوڕێ ڕەنجدەری لاو، کەڕەنگە هێشتا چەند جارێ ڕدێنی نە تاشیبێ بنووسم.گەیشتینە سوورەزەلەکە، کاتژمێر نێوان چوار و پێنج بوو. ڕادیۆکەم لە قەڵای قایمز لێ بەجێمابوو.

ئەویش ئەنفالکرابوو. هاوڕێ(قەمەر) زۆری پێ ناخۆش بوو چونکە عاشقی رادیۆی یابانی بوو، مارکەی awa. بوو.
لەبەردەم (سوورەزەلەکە) هاوڕێ عەبەی مامە گۆچانێکی بەدەستەوە و دامان چاوەڕیی دەکرد. لەبیرمە بۆ دڵنیایی دووجار پتر ئێمەی ژمارد، دەتوت ژمارەی لێ تێکچووە، ناهەقی نەبوو. دووگوڵی هەورامان لە پێشمەرگە دلیرەکانی شەهید بووبوون. هاوڕێ(ڕزگار خانەقینی) بە بەرزی هاواری کرد  ئەی ئافەرین کوڕەکانی حزب و نیشتمان. ئەو شەوەمان لە نێوان بەرداشی ماندوویی و بێداری ژێر دەنگی بۆردومان بەڕێ کرد. نەمزانی شەو چۆن کۆتایی پێ هات. هەر هێندە گوێم لە هاوڕێ جەوهەر بوو گوتی: ئیدی بەرەبەیانە. دەتووت یەک کاژیرە خەوتووم.

هەرچەندە بڕیاری گشتی کشانەوە درابوو، بەلام لە هەر بستێ زەوی داستانێ. هێزی سەرەکی لەناوچەی قەراغ یەکێتی بوو، ئەویش زۆربەی لەوێ نەبوو، هێشتا لەشەڕی سەرکردایەتی نەگەڕابووەوە. ئاسانیش نەبوو. هەندێ لەو هێزانە دەگەڕانەوە بەڵام زۆر ماندبوون. دوژمن دوای گرتنی سەرکرادیەتی یەکێتی لە کۆتایی مانگی دووی ١٩٨٨ ئیدی بواری بە هێزەکان نەدا یەک بگرنەوە. پارتی بە خۆی و ٧٠٠ چەکدارەو هەر لە کشانەوەبوو، بەداخەوە ئەو دەها بیکەیسی و ئاربیجیانەشی بە جێ نەدەهێشت بۆ لایەنەکانی دی، بگرە هەندێ پێشمەرگەیان لە ڕێگا گوللە ئاربجی و فیشەکەکانیان دەفرۆشت گوایە شەڕیان کردوە.

**هەشت و نیوی بەیانی ٣٠ /٣./ ١٩٨٨ کشانەوە بۆ ناو دڵی قۆپی** وا بریاردرا کە هێزەکەی ئێمە بەرەوە بنکەیەکی کۆنی حزب(لقی ١٠) بکەوێتە ڕێ و لەوێ پشو بدات. شوێنێکی قایمی دارستان بوو. هاوڕێ ڕەنجدەر: "ئەمجارە بۆ کوێ؟" هەمان پرسیار. لە دەراوزەی قۆپی هەرخەڵک بوو بێ چارەنووس ڕێگەی دەبڕی. هەندێکیان لەدارستەنەکە ون دەبوون و دواجار دەهاتنەوە سەر تولەرێگاکە. باوکیکم بینی کۆرپەیەکی لەباوەشبوو، خۆی وەک چڵەدار وشک هەڵگەڕابوو، لێمانی پرسی کام ریگا نزیکەخالۆ گیان؟ ڕێگەکان وەک یەک دوورن. برۆ زوو بگەرە گەرمیان. ژنێکی دی کوشتەی ماندوێتی. هاوڕێ مەلا عەلی، بەهادین نوری، مامۆستا سەرکەوتی میردی هاوڕێ پەروین، مامۆستا عەلا و کۆمەڵێک کەسی دیم بینی کە کاتی خۆی لەگەڵ حزب بوون. لە ڕێی دەنگوباسەوە دەمزانی هەڵەبجە بۆردومانی گازی ژەهراوی کراوە. ئەوانەی ماون. ئوخەی ڕێگەی دەرچوونیان هەیە. گریانەکەی خاڵۆعومەری شیوی قازیم وەبیرهاتەوە. چارەنووسی نادیاری هێندەی دی برینمیکولاندەوە. لە خۆم پرسیارم دەکرد: ئاخۆ ئێستە (تەحسین شاوەیس)*ەکان چییان پێ کردبێ؟ ئەی مریەمی ژنی، ئەی منداڵەکان؟ئەی خەڵکی ئاواییەکانی دی؟

هەرباشە هەڵەبجە و هەورامان ڕێگەی دەربازبوونیان هەیە.

دەمەو نێوەڕۆ گەیشتینە بنکەکەی حزب. دەی کوڕینە با خواردن ئامادەبکەین نەوەک هێرش بکرێتەوە. لێ تەنها قوپیەکان مابوون بگیرێن. خواردن ناوساجیە حەیاتەکەیە. هاوڕێ (مەلا مەجید) خەریکی چەک شاردنەوەبوو. زۆر بێزاربوو گوتی ئەمە سێ جارە من ئەم دۆشکەیە دەشارمەوە، جارێک لە بەر پارتی، جاری دووەم لەبەر یەکێتی و وا ئەم جارەش لەبەر داگیرکەران. وا

مام(ئەسکەندەر) هات. گوتی: کوڕینە دەبێ بەرەو گەرمیان بکشێنەوە چونکە خەریکە کێوی زەردەش تەواوە دەگیرێ. ئێمە خواردنمان پێجایەوە و دەمەو ئێوارە چوینە سەر کانییەکەی(کانی مۆتار) ناو قۆپی. ئاوێکی سازگار. بنەیەکی خۆش. تاریک داهات و عەبەی مامە و بریندارێکی دی بە سواری چەند بارگیرێکەوە هاتن. دەی کوڕینە بەرەو بانی مۆرد.

**شەوی ٣١ ی ئازار ١٩٨٨ بەرەو لانەی هەردەکانی گەرمیان..**

ئێمە ڕێ دەکەین و فیسکە فیسکی ئەستێرەش چاوشارێکیمان لەگەل دەکا. ها بۆکوێ؟ئەدی ئاهەنگی حزب؟ ئەدی بەهار؟ ئەی ئێمە؟ ئەی نارامسین؟ ئەی کێ نازی داربەرووەکانی قۆپی بکێشی و هۆرەمان بۆ بچڕێ؟ هاورێ(ئاسۆ تەوێڵەیی) داخۆ لەوە ستەمتر هەبێت مرۆڤ بە تۆپزی چنگی لە خاکی خۆی بەربێ؟ ژمارەمان زۆر بوو و ڕێکخستنی ئاسان نەبوو. زۆربەشمان ماندوو بووین. ئەوە بەتالیۆنی حەوت پێی نایە بیست و سێیەمین ڕۆژەوە، پەرێنەوەی بارزانی لە ڕوباری ئاراس (هەرچەندە دەنگوی ئەوە هەیە کە بەبەلەمی ڕوسی پەریونەتەوە) کە باسیان دەکرد لە چاو کاروانی ئێمەوە هەنگاوە ڕێگەیەک بوو، چی بوو؟ قەتارەی پێشمەرگە و خەڵک تا بەرەبەیان بەردەوام بوو. حزب کارێکی هێجگار ژیرانەی کردبوو. ئازۆقەی شەش مانگی لە ناو قۆپی پشت (سوورە زەلەکە)* خستبوو.هەموو هێزەکە و خەڵک سوودیان لێ دەبینی.ئەگەر ئەو خواردنە نەبوایە زۆر کەس لە برساندا دەمردن.

**بناری سەنگاو و خانەخۆیی گوندەکان**

گوندەکانی بانی مۆرد کاتێ بیستبوویان پێشمەرگە شکاوە، هەرچەندە ترسێکی گەورەیان لێ نیشتبوو، بەڵام بۆ ئەوەی خواردن مسۆگەر کەن ماڵەکانی خۆیان بەجێ نەهێشتبوو. رۆژی ٤/١ ١٩٨٨ حزب بریاری دا مەفرەیەک لە قۆپی بهێلیتەوە نەوەک ڕێگەی گەڕانەوەی هیزەکانی لە گەرمیان بگیرێ.کارێکی باش بوو. گوندی(تیلەکۆی سەنگاو) پشکی شێری لە نواندنی پێشمەرگە بینی.. کات نێوەڕۆیە و هەر بەڕێوەین. هاوڕی گەرمیانییەکان: ئەوەندەمان نەماوە... هەندێ جار دەیانووت: یەک کاتژمێر ماوە... بە گاڵتەوە پێمان دەوتن سەعاتی گەرمیانییەکان ٢٠٠ خولەکە.. ڕیزی پێشمەرگە کۆتایی پێ نایێت. فرۆکەی سیخۆی، پەیتا پەیتا بەنزمی باری ژەهریان بەردەوام بۆ هەلەبجە و بەرەکانی دی دەگواستەوە...

**دابەشکردنی هێزی حزب و یەکێتی**

**بەسەر چەند بەرەیەکدا**

بریاردرا هەرهیچ نەبی ڕێگەی هێرش لە چوارملان و باوەنوور، ئاشداخ و تا دەگاتە بناری گل و زەنگەنە لەو لاشەوە لە نزیک سەنگاوی بگیرێ. لە هەوڵێک پتر تێنەپەڕی..گوندەکان یارمەتی باشیان داین..کەمێک لەباری ڕۆیشتن ئەرکیان سووک کردینەوە.. ئەو گوندانەی کە ئێمە تا ڕۆژی ٤/٤ پشوماندا..گوندی فەقێ موستەفا..هەندێ گوندی زەنگەنە..عزیز توکن، کانی قادر..کریم باسم..حەیدەرە سوور..و گوندەکانی بناری گل..

ئێوارەی ڕۆژی ٤/٤  لە ئاوباریک نانمان دەخوارد هێشتا دنیا ڕوون بوو.. چەند فرۆکەیەکی جەنگی دوکەڵێکی سپییان بە کلکی خۆیان وەک بازنەیەک لە ئاسمانی گەرمیان دروست دەکرد. دەتووت وازی دەکەن و وێنەی تۆپی پی بۆ منداڵانی گەرمیان دروست دەکەن. هەندێکیشان کاغەزیان فڕیدەدایە خوارەوە... ئەوە تۆپی پێ نەبوو.. ئەوە نەخەشەی ئەوەبوو کە چۆن خەندەی منداڵانی کورد بوەرێنن و گوندەکانیان بسوتێنن..هەرواش بوو. لەسەر کاغەزەکان نووسرابوو موخربین خۆتان بدەن بەدەستەوە. شەوی ٤/٥ ١٩٨٨ بەشێکی بەتالیۆنمان لەگەڵ هێزیکی گەرمیاندا لە بەرەی شەڕی چەوری و لفتی ئاغاوە دابەشکرد. ئێمە بەر بەرەی (بناری گل) کەوتین. بەشێکی دی بەر گوندەکانی بناری خۆرنەوزان و عەزیز قادر و توکن کەوتن..

### داستانی شەڕی تازەشار بەیانی 1988/4/7

بەڕێزان! کەسوکاری شەهیدە قارەمانەکانی گوندی تازەشار!
کە ئەم باسەتان بۆ دەنووسم بست بەبستی ناوچەی گەرمیانم دێتەوە یاد، سۆمای چاوی ڕۆڵەکانتان گۆشەی بیرەوەریم ڕوون دەکاتەوە. ئێوارەی ڕۆژی 1988/4/6 واتە ئێوارەیەک پێش هێرشی سوپای داگیرکەرم دێتەوە یاد کە لەگەڵ ئەو پێشمەرگە چاونەترسانەدا پێکەوە باسی نەبەردیمان دەکرد.

خەریکی یاداشتکردنی ناوی گوندی تازەشار و ناوچەی بناری گل بووم لە دەفتەرە شڕەکەمدا. یەکیک لە پێشمەرگەکان کە ناوی نازمە بچکۆل بوو هاتە نزیکم و داوای لێکردم کە هەندێ یاداشی بۆ بخوێنمەوە. دەفتەرەکەم دایە دەستی و کە چاوی بە ناوی هەڵەبجەی شەهید کەوت بەدڵێکی پڕ گریانەوە ووتی: هاوڕێ



ڕاستەکەی نەک تەنها هەڵەبجە شەهید بووە، وا پارچەیەکی کوردستان شەهید دەبێت، داوای کرد خۆم بیخوێنمەوە. کە هاتمە سەرباسی ئەنفالکردن و سووتاندی ناوچەی قەرەداغ، وتەکانی بڕیم و خواستی ناوی تازەشار و بناری گلیش بە شەهید تۆماربکەم.

لەگەرمەی ئاخافتندا پێشمەرگەیەکی مێرمندالٚ بەپرتاو هات و وتی: وا سوپای داگیرکەران لە کۆرومۆر و ئاوایی جەلال دامەزراون.

**دایکانی دلٚ ئەنفالکراو!**
**باوکانی وورە پۆلا!**

چاکتر وایە بێمە سەر باسی کۆڕە هەلٚۆکانتان تاکو بزانن ئەو شێرانە چەند نەبەرد بوون. هەر ئەو ئێوارەیە کەمین بە دەوری ئاواییدا دابەشکرا.
سەرلە بەیانی ڕۆژی 1988/4/7 کاتژمێر 5،30 سوپای نەزانی بیابان، جیهادی فەتحی خاکیان دەست پێکرد و بۆ دوو کاتژمێر بۆردمانی ئاواییان کرد. تا کاتژمێری یەک و نیوی نیوەڕۆ، کوڕەکانی هەناوتان زیاتر لە بیست هێرشی داگیرکەر و کوردی عەرەبزادەیان شکاند. هەر سەعد و وەقاس بوون هەلٚدەهاتن، هەر زۆلٚە کوردبوون زەندەقیان دەچوو.
دوژمنی مرۆڤایەتی سەری لێ شێوابوو، هەرچەندە تەنها 23 بیست و سێ پێشمەرگە داکۆکیان لە گیانی تازەشار دەکرد. بڕوابکەن زیاتر لە 100 تانک، 15 کۆپتەر، 5 فڕۆکەی پیلاتۆز ئاگریان دەباراند و بە هەزارەها بەچکە قوڕەیشی دلٚڕەق و چەتەی خۆیی پەلاماریان دەدا.
کاتژمێر دوانزەی نێوەڕۆیە، گوندی تازەشار لە ژێر بۆردماندا دەبێتە کەلاوەیکی تەواو. تانکەکانی دوژمن خەریکن بەسەر هەردەکاندا هەلٚدەزنن. لەبەری داوێوە گەماڕۆییان دەست پێکرد. ژمارەی پێشمەرگە کەمە... و کۆپتەر و پیلاتۆزەکان بواری هیچ

نادەن. ئێمە تەنها چەکی سووکمان هەبوو، بەلام هێشتا دوژمن وێردی نەدەکر نزیک بێتەوە. تانکێک دەیەوێ دزەبکات. هاوڕی عەلی عەرەب و ماجدی عەلی خلیفە، لێی دێنە دەست و هەڵدێ. جێبێکی قیادە دەیەوێت بەخێرایی شانسی خۆی تاقی بکاتەو. هەر لەوێ دستریژی بیکەسی ئێمە لە بەرزایی پشت ئاوایی پەکی دەخا و گڕ دەگرێ، ئیدی سەرباز هەڵگرەکانی دیش هەڵدێن. دوای ئەوە جێگەکەی من و هاوڕێ سیامەند(عادل کۆکۆیی) ئاشکرا دەبێ. دوو کۆپتەر بەرەو لای ئێمە دەفڕن. م ئاوات(جەلیل گوڵپی) ئاربجییەکیان پێوە دەنێ. هاوڕی سیامەند هاوار دەکا وا بوون بە سیان. بەرەو ئێمە دێن. چش لە ئاشکرابوون، مەگەر ئێمە لەبەرەی جەنگدا نین! بەرەو ڕوویان هاڕەی بێکەسییان تێدەکەین و هەڵدێن. ئەمجارە پیلاتۆز شانەکەی ئێمە دەکاتە ئاگر. هاوڕێ ڕێبوارە سوور بریندارێکی بەناوی ئەبو تغرید پێیە. لە نێو دوکەڵدا بۆ پشتەوە دەکشێتەوە. چەند جاشێک دەیانەوێت بکەونە سەر چەند پێشمەگەیەک کە بەرەو پێشەوە دەچوون. هاتینەوە دەست لێیان. هەڵهاتن. دیسان هێرشێکی دی داگیرکەران شکا.

**شەهید بوونی پێشمەرگەیەک***

چاوم لێیە پێشمەرگەیەک لە ناو گەنمەکەی سەرو ئاوایی شەهید دەبێ. هاوڕێ (ئاشتی)*ش بەتەقە لە ئاواییەوە، شێر ئاسا پەلامار دەدا تاکو لاشەکەی نەکەوێتە دەست دوژمن. دیواری ماڵەکانی ئاوایی دەبێتە سەنگەر. شەری کۆڵان و کۆڵان. قوات خاسە و جاش رووبەرووی بۆسەیەک لە رۆژی ڕووناک دەبنەوە. ئاوایی لە دوکەلێکی چڕدا ون دەبێ..هەندێ دەکوژرێن و هەندێ هەلدێن. هاوڕێ عەمار هاوار دەکا، هاوڕێ ئارام گولله ئاربیجیمان دەوێ ،

خەریک بوو بڵێم ها ئەوە دووان، بەڵام پێشمەرگەیەکی دی دوو ئیفای پێ دەکاتە قەقەنەز. ئیدی هاوڕێ عەمار بەرەو گوندی(کانی قادر) دەکەوێتە ڕێ، کوپتەرێک دەکەوێتە سەری، پێوایە کەس نەماوە، ئەمجارە دەنگ ناکەین تا هێندە نزم دەبێتەوە تاکو ئاڵای شومی عێراقەکەی پێوەی دەربکەوێ، ئاگری ئاربیجی و نەڕەی بیکەسی تێدەکەین، کۆپتەر لاسەنگی خوار دەبێ و ئیدی کۆپتەرەکانی دی ناوێرن نیزیکمان کەنەوە، لەوناوەدا تانکەکانی نیزیک کێڵگەکانی ئاوایش هەڵدین. بۆردمانی هەمەجۆرە دەستپێدەکاتەوە. پێشمەرگە، شیوعی و یەکێتی و هەندێ خەڵکی ئاوایی تێکەڵی دووکەڵ دەبنەوە. هەموو دەبینە کۆمەڵێ ئەکتەری زیندووی ناو مەرگێکی ڕاستەقینە، کە ئەگەر بە فلیمیش مرۆڤ سەیربکا، لەشی دەبێتە یەک پارچەی بەر تەزو. ئەو شانەی ئیمە دووچاری فرە بۆردومانی تۆپی تانکەکان و کاتیۆشا دەبێتەوە، چونکە دەینواڕی بەسەر دەشتەکەدا. گوییەکانمان تەواو لە بیستن دەکەوێ، بە ئاماژە لەگەڵ یەکتر دەدوێین.

دوژمن کە زانی ناتوانێ بستێک بێتە پێشەوە، تووشی بێهیوایی بوو و کەوتە گەمارۆدانی بەرفراوان و بۆردومانی چڕتر دەکرد و یارمەتی لە هێزی پێشمەرگە دەبڕی. کاتژمێر 3.30 سێونیوی پاش نێوەڕۆ دوژمن بە دەها کیلۆمەتر گەمارۆی خۆی توندترکرد. هاوڕێ (ماجد) بەرەو ئاوایی بۆ فیشەک دەکەوێتە ڕێ. هەروەها هاوڕێ(ئاشتی).هاوڕێ (سەرکەوت): مامۆستا ئاوات بریندار بووە،کشانەوە. هاوڕێ ئەبو عمار کە بۆ هێنانی گوللە ئاربیجی بەرەو گوندی کانی قادر دەکەوێتە ڕێ. دەشبێتە هوی ڕزگاربوونی لە دۆزەخی گەمارۆ..

بەڵی! کاتژمێر سێو چل و پێنج خولەک، بەهۆی هێزی بێ ژماری داگیرکەران و نۆکەرەکوردەکانیانەوە گەورەترین هێرش دەستی پێکردەوە، زۆربەی پێشمەرگەکان فیشەکیان کەم مابوو، بڕیاردرا تا داگیرکەران لە ئاوایی نیزیک نەبنەوە کەس فیشەکەکانی بە بێ ئامانج نەتەقێنێت.

کاتژمێر چواری ئێوارە، ئاوایی لە ناو دووکەل و ئاگر و هەناسەی پێشمەرگەدا دیار نەما، لە گەڵ بیستنی تاک تاکی گولەی پێشمەرگەکان، (هاوارە فریا)ی جاش و سەرباز بەرزدەبووە و هەندێکێشان جنێویان بە فەرماندەکانی خۆیان دەدا. لەو چرکەساتەدا نە فەلسەفە نە ئایدۆلۆجیا بەهای نامێنێ، ئیدی ئەوان داگیرکەر و ئێمەش دەبێ لوتیان بشکێنن، زەبرێکیان بدەینێ، کە ناوی تازەشار بچێتە لاپەڕەکانی دیرۆکی بەرگری گەلانەوە. بەڵێ! لەگەڵ شکانی هەر هێرشکی قوات خاسەکاندا، دڵم دەها نەمامی هیوا و ئۆخژنی سەرکەوتنی تێدا دەروا، کە کوردستان وڵاتی منە ئەوان دەبێ بچنە دەروە!

بوردمان داروبەردی لە ئاگر و دوکەڵدا وون دەکرد. هاوڕێ مولازم فازیل: هاوڕییان بەرەوە گوندی(شیخ حەمید) بکشێنەوە. منارەی مزگەوتەکەی ئەو دێیەش بەر تۆپی ئەنفال درا. دەتوت گومان لە موسڵمانیەتی کورد دەکەن، هێندە بێ بەزییانە ئەو مزگەوتەیان بۆردومان دەکرد. هەندێ جاش و قوات خاسە ویستیان پێش ئێمە بچنە سەر بەرزاییەکانی پشت ئاوایی. ئێمە پێش ئەوان هەردەکان باوەشیان بۆ کردینەوە. لەو ناوەدا تۆپی تانکێک گابەردەکەی بەردەم من دەپێکێ. دەموچاوم لە تۆزدا ڕەنگ دەگرێ.. هاوڕێ (ئەحمەد مەجید)، ئۆخەیش هاوڕی ئارام

سەلامەت بووی. ئەو هێرشە زیاتر توورەمان دەکا و بە گڵ قوات خاسەکاندا دەچینەوە. بەردەم ئاوایی دەکەینە گۆڕستان بۆ کۆمەڵێکیان  و ئەوانی دیش هەڵدێن، ئای لەو لەشەکرە فاشستەی داگیرکەران چۆن هەڵدەهات.! هەندێکیانیش لە تەختایی خوار ئاوایی مردووئاسا رادەکشین.. پێیان وابوو ئێمە پارویەکی ئاسان بووین.ئەمجارەش شکان. م قادر ڕوی قەناسەی تێکردن. هەروەها هاوڕێ فازل...دنیا تاریک دادێت و دەنگۆی مولازم سامی و هاوڕێکانی نیە.ئێمە تادرەنگانێ چاوەڕێ دەکەین. نازمە چکۆل و هاوڕێ تاریقیش دیار نین.کە گەیشتینە گوندی کانی قادر، دنیا تەواو تاریک بوو.سێ کچی شەرواڵ لەبەر لێمان دەپرسن: هاوڕێیان تارق کوا؟ ئەی توخوا نازمە چکۆل؟ هاوڕێ مام سالح ئەملا و ئەولامان ماچ دەکا. هاوڕییانی دی کوان؟ ئیمە تەنها بە نیگا توانای وەلامدانەوەمان هەیە...گریەی ئەو کچانە تا ئەمرۆش برینێکی سارێژ نەبووە لە ناخمدا.

لەم شەڕە نابەرابەریەدا، زۆربەی پێشمەرگەکان شەهیدبوون لەوانە:

١ ملازم سامی شیوعی

2 نازم رشید یە کێتی

3 ماجد علی خلیف شیوعی

4 غالب عبدلله یە کێتی

5 ئاشتی شیوعی

6 یاسین یە کێتی

7 عبدلله حە یدە رە سوری شیوعی

8 احسان محمود یە کێتی

9عامرعارە ب شیوعی

10 جبارعبدالکریم یە کێتی

11 تارق محمد شیوعی
12ئازاد رە شید یە کێتی
13علی عە رە ب شیوعی
14 شێر اد رشید یە کێتی
15عدنان رشید شیوعی
16عادل مجید پشتگیری
17. احمد امین پشتگیری

چەند پێشمەرگەیەکی تری ئەو حزبە کەخەڵکی بناری گل بوون و کۆمەڵێک بەرگرییش شەهید بوون. نازمە بچکۆل و پۆلێک پێشمەرگەی یەکێتی کە بەداخەوە فریا نەکەوتم ناویان تۆماربکەم. هەروەها ئەوانەش کەدەرچوون شەش پێشمەرگەبوون و چواریان بریندواربوون.

ئەو ئێوارە بەهارەی شەوی ئەو بنارەو زۆربەی گوندەکان تا گوندی ئاوباریک، فتوحاتی ئەنفال بەشمشێریی ئەسەحابەی سەردەم سەری بڕینەوە.

دایکانی من و هەموو ئەوانەی کە چاوەڕێی ڕزگاری کوردستانن! هەزارباره دەیڵێمەوە کە ڕۆڵەکانتان بەرامبەر دڕندەترین و دواکەوتووترین داگیرکەر جەنگان، کە دەیویست بە فەتوحاتی ڕەشی سەری کورد نەوی کاتەوە..ئەوان، کوڕەکانتان، هاوڕێکانی من و ئەو پێشمەرگانە، ناویان وەکو ئاگرەکەی باباگوڕگوڕ بڵێسەدارە، باڵایان حەمرینە و هەناسەیان خانەقین و شەنگارە.نیگایان هەڵەبجەی شەهید و پانتایی گەرمیانە، گیانیان پیرۆزی کوردستانە، بۆیە مردنیان مەحاڵە.ساڵ نیە ناویان لە

دیرۆکی شەڕی دژ بە فتوحاتی ئەنفالدا نەبێتە گوللەیەک و داگیرکەرێکی بیابان لە دەروازەی سنووردا ساردنەکاتەوە.سات نییە گزنگی ئاواتیان لەم وەرزەی ساڵدا نەبێتە پەلکەزێڕینە و لە جەستەی خاک نەئاڵۆسکێ.ئێوارە نیە ڕازەگۆرانی خواست  بۆ منداڵانی بێ باوک، بێ دایک و بێ ناز نەچڕن...

## هەڵسەنگاندن و وانەکان:

هەرچەندە شەڕەکە نابەرابەر بوو، بەڵام دەکرا زیانەکان کەم بکرێنەوە، بەوەی کە ئەو مەفرەزیەی کە دانرابوو لە خوار هەردەکانی ئاواییەوە لە پشتەوە پەلاماری سوپا بدات و بواری کشانەوە بۆ پشمەرگەکان ئاسان بکات و برەخسێنی. هەروەها هاوڕێیانی گەرمیان و مەفرەزەکەی یەکێتی دیاربوو ئەو ئەزمونەیان لە شەڕی پێشوی تازەشار وەرنەرگرتبوو، هەمان نەخشەی شەڕی بەرگری پێشوییان دانابوو. دوژمن نەخشەکەی گۆڕیبوو.شوێنی شەڕەکە هەڵەبوو. ئەو شەڕە ئەگەر لە گوندی (ئاوباریک) یان زەنگنە بوایە، زیانی باشتری بەداگیرکەران دەدا. چونکە بۆ شەڕی پارتیزانی لەبارتربوو. ڕۆژێک پێش شەڕەکەی بەتالێۆنی نۆی حزب (کە هاوڕێ عمر حامد و عەتا سەرپەرشتیان دەکرد، پتر لە ٣٠ پێشمەرگە بوون) کشایەوە، دەبوو هەر هیچ نەبوایە پشتیوانی ئێمەیان بکردایە. دەکرا حزب و یەکێتی خوێندنەوەیەکی زانستی سەربازییان بۆ ژمارە و هێزەکانی پێشمەرگەو داگیرکەران هەبوایە، نەک شەڕی وا بێ بەرابەریان بکردایە..

- شایەنی باسە لە شەڕی تازەشاردا دەبێ باسی قارەمانیەتی ئەو پیرێژنەش بکرێت کە لەژیر ئەو هەموو بۆردوماندا تەنووری داخسبوو و نانی گەرمی بۆ پێشمەرگە

دەکرد.کۆمەڵێ بەرگریش کە تا دوا هەناسەیان لە تەک پێشمەرگە بەرگرییان لە خاکی کوردستان دەکرد...

---

هاوسەنگەری خۆتان ئارام. هەورامی گوندی کانی قادر
و کریم باسام ڕۆژانی هەشت و نۆ...
شەڕی شێخ تەویل و چەوری ١٩٨٨/٣/٧

پەراوێز و وێنەکان

تەحسین شاوەیس: ئەو سەرۆک ئەنفالچیەیە کە دڕندەیەکی بێ وێنەبوو لە کوشتنتی مرۆڤی کورد و پێشمەرگە و پتر لە ٩٠٠ خیزانی، لە ئەنفالی سێ، چوار و پێنجدا رادەستی  سوپای عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا سالی  ١٩٨٨ کرد. شایەنی باسە  ئەو مرۆڤکوژە لە مێژووبوو دلسۆزی پارتی و دەسەلاتێکی ڕەهای هەبوو  بە پلەیەکی گەورە وەک شەهید خانەنشینی کردوە.

* گوندەکانی کۆرمۆر، جەلال ئاوا، تازەشار، شیخ حەمید و تازەشار کۆمەڵێکی گوندن کە ناوچەی بناری گلی گەرمیانیان پێکهێناوە.
* بۆ وێنە و ژیاننامەی شەهید ماجد، ئاشتی، ئاوات( م جەلیل) و شەهیدانی دی، تکایە سەیری بەشی شەهیدان بکە.

# کاروانی ٢٥٠ کیلۆمەتری



دوای داستانی بەرگری لە گوندی تازەشار ئەو ئێوارەیە بڕیاردرا کشانەوە بۆ قوڵایی ناوچەی زەنگەنە بکرێت. ئاسمان لە نێوان بۆردومانی تۆپ و تانکەکانی دوژمن ڕۆشن دەبووەوە. ئەو ئێوارەیە کاتژمێر دەی شەو گەیشتینە گوندی (ئاوباریک) کە بەتەواوەتی چوڵ بوو بوو. هەندێ خێزان لە کەورگەکانی دەرەوەی ئاواییەکاندا لە نێوان ترس و بێهیواییدا بۆ دوا جار سەیری باڵای پیشمەرگەکانیان دەکرد. تابلۆی خەڵکە زەندقچووەکە چەند وێنەیەکی خوێناوی دی لە مێشکمدا تۆختر ڕەنگ دەکرد، لە قەرەداغەوە سیمای خاڵۆ (عومەر) تا ئەو ساتە بیرکردنەوەمی بەر نەدەدا، کاتژمێرەکان لە ترس و پەلەییدا پاڵیان بەیەکدیەوە دەنا، تولەڕێکان لە گەرمەی گریانی منداڵ و ژندا بووبونە ڕێگەی خێرا و ڕۆژی حەشریان پێک دەهێنا. نیزیکەی یەک و نیوی شەو، گەیشتینە گوندی (کەریم باسام) لە ناوچەی

زەنگەنە.گوندەکە هەمووی بێدار بوو. چەند ڕۆژێک پێش ئەوە، وەک فلیمێک لە دوورەوە سەیری شەڕەکانی تازەشاریان کردبوو، پرسیاری زۆریان هەبوو، بە شکانی پێشمەگەر، چاوەڕێی مەرگیان دەکرد. کابرایەکی پیر پێمی وت: هەر کاتێک کورد لە گوندی (ئاوباریک) شکابێ، ئیدی بەرگریکردن ئاسان نەبووە، چونکە ئەو ناوچەیە سەخت و کەندڕی لێکچووی زۆری تیایە، هەرواش بوو، تا قوڵایی زەنگەنە نەوەستاین. لەوێ (هاوڕێ شیروان و مامۆستا کەریم)م بینی، تا پێش شەهیدبونی هەردووکیان لە هاویندا، هەر جار جار پیوەدیمان دەبوو.

**کاتژمێر شەشی بەیانی و پەلاماری کۆپتەرەکان**

**١٩٨٨/٤/٨ گوندی (کەریم باسام) لە زەنگەنە ئاگری گرت.**

گەنجێک بەرەو ئاوایی شەکەت و ماندوو ، بە گریان و هەنسکەوە وتی: "هاوڕێیان جاشەکان کۆمەڵێک خێزانیان لە کەورگەکانی نێوان (شیخ حەمید) و (ئاوباریک) گرت و وا بەرێوەن بۆ ئێرە" دیسانەوە دامەزراین. سوپای داگیرکەران و جاشە مرۆڤفرۆشەکان پەیتا پەیتا و بە خەستی بۆردومانێکی بێ ئەندازیان دەکردین، لەسەر گردەکەی ناوەڕاست ئاوایی دامەزراین، چەند کۆپتەرێک کۆمەڵێک سەربازیان لە پێش ئاوایی ئاوباریک داگرت. ئاوایی دوکەڵی لێ بەرزبووەوە، ئاگریان لە گوندی (عەبدوڵاو وەری سەر و خوار) بەردا، چەند کۆپتەرێکی دی ویستیان بەرەو (کەریم باسام) سەرباز داگرن. هاوڕێ هوشیار هەڵەبجەیی تا توانی دەستڕێژی بە بیکەسی لێکردن، کۆپتەرێکیان پێکرا، چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتی(بەسەرپەرشتی شیخ کەریم)یش چەند ئاربیجێکیان پێوە نا،

ئەو هێرشە بۆ سوپای داگیرکەران و جاشەکان سەری نەگرت.. دوژمن زۆر سڵی کردەوە. ئیدی وێری نەکرد توخنی هەردەکانی زەنگە بکەوێتەوە، هەردەکان هەمووی لای بووبوونە دێوزمەی پێشمەرگە. شەڕ لەبەرەکانی دی، لە ناوچەی ناحیەی تیلەکۆ ڕۆژهەڵاتی گەرمیان بەردەوام بوو، ناوچەکە هێشتا لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەبوو، لقێکی دی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان بە هاوکاری لقێکی بەتالیۆنی پانزەی حزب و چەند مفرەزەیەکی گەرمیان لە ئاواییەکانی عزیز قادر و چەوری و لتفی ئاغا و وارانی سەرو و خوار و دیوی داوێ لەوپەڕی گەرمیاندا بوون. لەو بەرەیەدا تەنانەت پێشمەرگە شەڕی دەستە و یەخەیان کردبوو، چەند ئۆتۆمبێلکی سەربازی و بەدەها پارچە چەکیان گرتبوو، ئەو بەرەیە هاوڕی ئەحمەد بازۆکە و  سەعید و ئاری، مامۆستا مەحمود سەرپەرشتیان دەکرد. شەرەکە هێندە سەخت دەبێ کە پێشمەرگەو جاش تێکەڵ دەبن و یەکێ لە جاشەکان کە فریای هەلهاتن ناکەوێ، تا چەند کاتژمێرێ پێکەوە لەگەڵ پێشمەرگەکان دەبێ، بەلام دوایی دەیناسنەوە و دەیکوژن.

پێوەندی نێوان بەرەکان زۆرجار بەهۆی سەختی شەڕەکانەوە ئاسان نەبوو، ئێمە زانیاری وامان دەربارەی هێزەکانی دی خۆمان نەبوو. بەلام خاڵی یەکگرتنەوەمان پشتی گوندی (باوەکر) بوو کە بنکەی حزبی تێدا بوو. تا ئێوارە سوپای داگیرکەر،  گوندی (کریم باسام) ی بۆردومان کرد و دوژمن کە زانی پێشمەرگەی تیایە ئیدی سڵی تەواوی کردەوە، خۆی نەدا لە قەرەی شەڕ. گوندەکانی بناری گل یەکە یەکە ئاگریان دەگرت، هەندێ جاریش کە تەقە دەکرا، جاشەکان و سەربازەکان هەڵدەهاتن. ژمارەیان

لەوەدا نەبوو، با تانک و فرۆکە و ئامێری شەڕ بوەستێ. جاشەکان دەبینران وەک داڵ تالآنی گوندەکانیان دەکرد. دوژمن سوودی لە ژمارەی کەمی پێشمەرگە دەبینی. هێزە ٧٠٠ کەسییەکەی پارتی پێش هێرش بۆ سەر گەرمیان تا ئەوپەڕی دەشتی کۆیە نەوەستا. ئێمە دەمەو تاریک، نەک تەنها ئێمە بەڵکو خەڵکی سەرلێشواوی ناوچەکە دەکشایەوە. کشانەوەی چی؟ ڕۆیشتنێکی بی هودە بوو،لە هەموو لاوە دوژمن گەمارۆی ناوچەکەی دابوو.شەوی ٩ لەسەر ١٠ چواری ١٩٨٨ بۆ دواجار پێشمەرگە و خەڵکی ئاوایی گوندی (کەریم باسام)یان بەجێهێشت. تا هەڵهاتنی خۆر هەندێ جار لەبەر ماندوبوون هەندێ جاریش ونبوون گەیشتینە گوندی (باوەکر) کە بنکەی بەتالیۆنی پانزەی گەرمیانی لێبوو.شوێنکی هیجگار سەخت بوو.کەندڕ و دژواربوو. بۆ ئەوەی دوژمن دزەنەکات کەوتینە سەنگەر هەڵکەندن.لەوێوە چاومان لێبوو کۆپتەرەکانی ڕژێم گوندەکانی دەسوتاند و پتر ئاگریان بەردەدایە ناوچەکە.

## ڕۆژی ١٠ ی چوار ١٩٨٨ کاتژمێر دەو نیو و کۆپتەرەکان و کوشتنی مێرمنداڵێکی شوان

ئێمە تازە سەنگەرەکانمان هەڵکەندبوو.. شوانێک و کوڕە مێرمنداڵکەی بەپەلە دەیانویست مەڕو مالاتەکەیان بگەێننە ئاوایی و ڕزگاریان بێت ,بەلام کۆپتەرە دزیوەکان، واشە ئاسا کەوتنە سەری و کوڕەکەیان دایە بەر فیشەک، لە ئێمە زۆر دووربوون، ئاسانیش نەبوو بچین بەفریایانەوە، ئەوەی کە سەیربوو باوکەکەیان نەکوشت.. ئەوە یەکەم جاریان نەبوو کە سوپای داگیرکەران مردنی باوکەکە بە خەم و پەژارە بسپێرن. لەبیرمە لە ناوەڕاستی

مانگی چواری ١٩٨٦ لە نزیک چەمەکی نێوان گوندی داری کەلی و گوندی بارۆیی خواروی ناوچەی بازیان فرۆکەکانی عروبە هەمان تاوانیان دووبارە کردەوە:" **تازە پرشنگی زێرینی هەتاوی بەیانی مانگی چواری ئەوساڵەدەشتە بەرینەکەی خوار (داری کەلی و چەمی گاوانی) لە بازیان بە تیشکی زیوین کردبوو..هێشتا ئاونگی شەویش وک ماچی دوو دڵدار لەسەر لێوی گیا وشک نەبووبووەوە. ئەو چەمە تاکو گوندی گاوانی درێژەی هەبوو، شوێنێکی لەبار بوو بۆ خۆ حەشاردانی خەڵکی ناوچەکە لە کۆپتەر و فرۆکە.. پیاوێک ویستی بەرەو چەمەکە هەڵبێت تا کۆپتەرەکان ئاشکرای نەکەن. دوو کۆپتەر زەردەواڵە ئاسا هاتنە سەری. پیاوەکە منداڵە ساواکەی بەرزکردەوە تاکو لێی ببورن و ڕێگەی ڕزگاربوونی لێ نەگرن. کۆپتەرەکان دڵڕەقانە لێی هاتنە دەست و سنگی هەردووکیانیان دایە بەر فیشەکی عروبە. هەرچەندە ئێمە دووربوین بەڵام تەقەمان لە کۆپتەرەکان کرد. هەموو پێی وابوو کە ژنەکەیش کە بەرەو پیری رای کرد کوژراوە، بەڵام کۆپتەرەکان ئەویان بەخەم سپارد**". ئەودیمەنە وێنەی ئەو سەربازە نازییانەی بیرخستمانە کە لە فلیمێکی یوگۆسلاڤی کە باوکێک و کوڕەکەی دەگرێنەوە بۆ گوندەکەیان، لەڕێدا تووشی سوپای نازییەکان دەبن و تەنها کوڕەکە لەبەر چاوی باوکی دەکوژن. یەکێک لە سەربازەکان دەڵێت باوکی مەکوژە چونکە گوللەی خەم دەیکوژێ. بەڵی! ئەو تاوانە بەعسییەکان داهێنانیان تێدانواند. ناوچەی بازیان و گەرمیانیش دەها تاوانی وای تێدا ئەنجام درا. دیاربوو باوکی مێرمنداڵکەی گوندی(باوەکر ) زۆر ئاین پەروەربوو بوو. کە گەیشتە لامان و چووین بەدەمییەوە، زۆر لە خواو ئاین

تورڕبوو. مێزەرەکەی داگرت و ڕووی کردە ئاسمان ووتی: ئیدی خوا بوونت کوانێ کە بەرگریت لە کوڕە تاقانەکەم نەکرد!

تا ئەمڕۆش کە ئەم مێژووە دەنووسمەوە گریانی ئەو باوکە، فرمێسک لە سۆمای چاومدا وەک هەوری بەهار لە کانیاوی هەستمەوە پێ دەپژێنێ. کاتژمێر یانزە و نێوی نێوەڕۆیە، مامۆستا قادر: هاوڕێیان پیلاتۆز هات. بە قەناسە و بیکەسی کەوتینە تەقە. ئەو ژوورەی کە مامۆستا قادر تەقەی لێوە دەکات دوو ڕۆکێکی پیلاتۆزی بەردەکەوێت، دوو کۆپتەریش بەر شەستتیری دەدەن، مامۆستا قادر زیندوە و هاوار دەکا، بروخێ ڕووسە ترە کە چەک بەم فاشستە دەدا. شایەنی باسە مامۆستا (قادر) لەگەرمەی شەڕو ناخۆشیشدا ئەوپەڕی ورەی هەبوو. لەبیرمە دوای کشانەوەی لە شەڕی تازەشار دەیگوت: هاوڕێیان وا شەهید دەبین و هێشتا بوخچەی نەکراوەین و نەشوومان کرد نە ژنمان هێنا. م قادر لە جنێودانیشدا مامۆستا بوو کە من و هاوڕێ شۆڕش تووڕەمان دەکرد، تا (جافر سان)ی هەورامان جنێو بارانی دەکردین، دوای کەمێکیش پەژیوان دەبووەوە..

دوژمن هەر بۆردومانی دەکرد و تاکتیکی ئەوەی بەکار دەهێنا کە پێشمەرگە و خەڵکی ناوچە ماندوو بکات. کاتژمێر چواری ئێوارەیە، هێشتا لە گوندی (باوەکر)ین، ئاوایی چۆڵە. پۆلێک پێشمەرگەی یەکیتی دێن، یەکێکیان ڕادیۆی لەندەن دەکاتەوە. بەڕێکەوت دیمانەیە لەگەڵ مام جەلال، کە ئایا هێزی پێشمەرگە شکاوە؟ مام جەلال: پێشمەرگە چەند کیلۆمەترێک لە بیرنەوتەکانی کەرکوکەوە دوورن. پێشمەرگەکان دەست دەکەن بە جنێودان پێی، دیسان

پاسەوانەکە هاوار دەکا پۆلێ کۆپتەر بەڕێوەن، دامەزرێن! کۆپتەرەکان نزیک دەبنەوە، هەندێکیان بڵندگۆیان پێیە و هاواردەکەن جاشەکانی ئێران خۆتان بدەن بەدەستەوە!

تاریک دادێ و ئێمە بەرەو بنکەی بەتالیۆنی ١٥ ی گەرمیان دەکەوینە ڕێ، پێشمەرگەکانی یەکێتی لە گوندی باوەکر دەمێننەوە. هەرچەند پێیان دەڵێین دوژمن گەمارۆی بەرفراونکردوە، بەڵام ئەوان پلانێکی تریان دەبێ. دوایی بیستمان کە ئەوان لە ناو هەردەکانی زەنگەنە وانەیەکی پڕ نەبەردی دەدنە داگیرکەران و بەداخەوە زۆربەیان لە بێ فیشەکەیدا شەهید دەبن. تاریک دادێت و ئێمە دەگەینە جێ، هاوڕێیان هەندێکیان شت دەشارنەوە، هەندێکیان خواردن چاک دەکەن بۆ مان. بریاری کشانەوەیە بۆ قولیجانەکان، ئەم شەو کەس لە بنکە نابێ بمێنی.. مامۆستا (عەلی زەنگنە)، هیوادارم هاوڕێیانی (عزیز قادر و چەوری و...زوو بگەنە جێ، ئەگینا گەمارۆ دەدرێن. هاوڕییەک: ئەحمەد بازۆکە سەرپەرشتیان دەکات خەمت نەبێت، بە کونی ماریشدا بێت ڕزگاریان دەکا. هەرواش بوو. دەمەوبەیان گەیشتنە جێ. هاوڕێ حسام: سعید بریندارببوە. بریندارەکان سواری تراکتۆرکران. ئێمەش بەپێ بە گوندەکانی کانی عوبێد، سەگەڕەش و فەقێ موستەفا. ئای لە سیمای پیاوان و گەنجانی بەر دیوارەکان کە چۆن حەپەسابوون لە کشانەوەی ئێمە.. ئای لەو دیمەنە سامناکە، مردن لە چاوەکانیان نوسرابوو. ئێستە گورگی بیابان، لەشکری عۆجە پەڕپەڕ و لەت و پەتیان دەکا، مامە گیان چاوەڕیی چین؟ چاوەڕیی چی بین، عەرەب و کوردی خۆفرۆش یوم القیامەی بۆ داخستوین. ئێمە دەگرین. ئەوان بەگریان وەلام

دەدەنەوە. من هێشتا دوای ئەو هەموو ساڵە، هەمان گریان دەکەم بۆ ئەو مرۆڤانە. وێنەکانیان تابلۆی خەمیان لە هەناومدا نەخشاندوە. ژنێک: ئەی چی لە کچەکانم بکەم؟ توخوا ئێوە بمانکوژن باشترە. ئای کاتێک کە مرۆڤ بێ دەسەلات دەبێ، تەنها جەستەی پێ دەمینێت بیبەخشێ. بەدەم گریانەوە دەگەینە گوندی (سەگەرەش) ئاژەڵەکانیش دەیانزانی مەرگ لە چرکەی دەرهێنانی خەنجەرێکی ژەهراوی نزیک ترە. ؛ئاواییش هەمان دامان و سەرسوڕمان. کەمێکیان دەکەوینە ڕێ. دنیا دیسان تاریک و ئاسمانیش لە ڕۆڕۆی کورداندا بارانی خەم دەبارێنێ. هاوڕێ مام ئەسکەندەر دەبینم. م قادر: هاوڕێیان هەریکە ئاگای لە هاوڕێکەی پشتەوە بێ. دنیا ئەنگوستەیە و هەورێکی ڕەش وەکو دەموچاوی قیناوی سەربازە دڵڕەقەکانی عوجە، باران و تەرزە دەبارێنی. پێیەکانمان لەجێی خۆیان هەستیان نامێنێ. دەنگی هەورەتریشقە و تۆپ، وەکو شەوی(دە لە سەر یانزە) دەبێتە یەک مێژووی، ڕۆژی ١١ ی چواری ١٩٨٨ لە دایک دەبێ و خۆشمان نازانین چۆن ڕۆژ بووەوە، دەنگی تانک و فرۆکە تا دێت نزیک دەبێتەوە. هەر ئێمە نین لە قولیجانەکان، پڕە لە ژن و منداڵ. ئافرەت، و پیاو...هتد. بەڵام هێشا مەرگ لە هەموو لاوە هەڕەشە دەکا... هاوڕێ (سەعید) برینەکەی دەکولێتەوە...ئێمە هەموو برینداری. ئەگەر جەستەیەی نەبێ دەروونی..مام ئەسکەندەر.. هەرچەندە کوڕێکی شەهید دەبێ. بەڵام ورەی بەرز...هاوار دەکا کوڕینە دەبێ بگەینە گوندی تیلەکۆی سەنگاو.. هێشتا ئەو ناوچەیە نەگیراوە...ئاخر دوژمن بناری مۆردین و سەنگاو و کوردە میرەکانی وەک دوا پارو داناوە. ئێستە، هێرش ناکا. لە کانی دێیەکە، ویستم کەمێک

دەموچاو بشووم..کابرایەک:"توخوا کچەکەم و ژنەکەم لە گەڵ خۆتاندا بەرن...توخوا..دەستم بە دامێنتان.."
مام ئەسکەندەر:"وەرن لەگەڵمان..." نازانم هاتن یان نا...دیسان وەک منداڵی ساوا زۆربەمان دەستمان بەگریان کرد. ئۆی لە گریانی وا. گریانی تووڕەیی، بێ هیوایی و بێ دەسەلاتی و زویربوون لە خودای بێ بەزەیی، تورەیی لە سەرکردەی ناکردەو شۆرشی بێ بەرنامە. دەها چیرۆکی ڕاستەقینە وەک خاڵۆ عومەری شیوی قازی(قەرەداغ) کە لە مەرگدا تەنیا نەبوو. دەمەو ئێوارە گەیشتینە گوندی تیلەکۆی سەنگاو. وەک وتم ئێمە تەنێ نەبووین. بەهار و گوڵ و نێرگزی نەورۆزیشمان لەگەڵ بوون هەمووان چاوەڕیی ئەنفالی بیابان بووین. هاوڕێ عەبەی مامە دیداری ئێمە دیتەوە. مامۆستا ئاوات ئەملاو ئەولای ماچکردین. لەوێ کۆمەڵێک دیلمان پێبوو بەرەڵامان کردن...دەبڕۆنەوە...کەس قسەی ناشیرینی پێ نەوتن. چەندێکیان هاتن لەگەڵماندا: ئەگەر بچینەوە لای حکومەت دەمانکوژێت...
مانەوەمان لە (تیلەکۆی سەنگاو) کاتێ بوو، پێوەندی بەسەرکردایەتییەوە بچڕا...ئیدی هەڕەمەکی بە ناوچەی کوردە میرەکاندا بەرەو مۆردین و دیسانەوە بەرەو قۆپی کاروانمان بەست. دوای دووڕۆژ و شەو گەیشتینەوە قۆپی نارامسین و بەو هێزە گەیشتینەوە کە حزب وەک پاڵپشت دایتابوو. ئەمجارە بەتالیۆنی حەوت سێ برینداری دی هەبوو.م ئاوات، سعید... خەڵکی گوندەکانیش لە ناو دۆزەخی ئەنفالدا دەسوتاند. کاری  مرۆڤی دڕندە..

**تا ئێستا پتر لە ٢٥٠ کیلۆمەتری لە نێوان بەرگری و داستانمان بریوە و هێشتا سەرەتایە.**

هێشتا نرکەی ئاهی ئەو پیاوە،  کە وتی بابێن لە گەڵتاندا لە قولیجان، لە خۆی ئاڵاندووم و باڵای نەژاکاوی کچەکانیم دێتەوە یاد. پەرکەمی ئەندێشە دەمگرێت و ئەگەر بۆم بلوایە عروبە و جاشەکوردفرۆشەکانم دەهاڕی... هەنووز گوێم لێیە،  لە دڵی زەنگەنەدا کچێک براکەی شەهیدبووە هاوار دەکا: وەرن یارمەتیم بدەن با بینێژین.. باداڵ و دەعبا نەیخۆا. تاریک بوو گوێم لە یەکێکی دی بوو دەپاڕایەوە: باوکم بریندارە و فریای کەون. هیوادارم ڕۆژانی جارانتان لەبیربێ. من خەو نابینم. بەو جۆرە خەڵکی گەرمیان ئەنفالکران. خۆم یەکێک لەوانەم کە رۆژانە ئەنفال دەکرێمەوە، برنێکی سەختم پێوەیە کە سارێژ بوونەوەی سانا  نیە و هەتوانێک نیە چارەم کا. من گریەی ئەو دایکەم لە هەناودایە، کە باوەشی بە جگەرگۆشەکانی کردوە و شەرای بیابان، دوای تیرباران خنکاندویەتی، دڵی ئەو باوکەم کە کوردە ئەنفالچیەکان، بە بەرچاویەوە جلی کێژەکانی دادڕدەڕن و لاقەیان دەکەن و بێ دەسەلاتە، دوا هەنسکی منداڵێکی هۆلۆکوستەکەی نوگرە سەلمانم ، کە عەجاج دایکی بە لەقە کوشتوە.

# گەڕانەوە بۆ قۆپیەکان و دڵی چیا
# و پتر لە ٣٥٠ کیلۆمەتر لە نێوان بەرگری و داستاندا
# شاکارەکانی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی حشع



گەڕانەوە بۆ قۆپیەکان و دڵی چیا، بەجێهێشتنی هێدی هێدی دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیان. ناوچەی زەنگەنە...ئاوەسپی..لە دەستدانی خەڵکێکی زۆر... تەنیابوونەوە بەبێ جەماوەر و پەرتەوازبوون و خۆ شاردنەوەی درێژخایەن..بروانەبوون لە نیوان ئەو هێزانەی کە لەوەوپێش لەیەک بەرەدا دژی داگیرکەران شەڕمان دەکرد.. بە تایبەتی نێوان ئێمەو یەکێتی نیشتمانی، ئەجندەیەکی ڕەشی سەر زەوی بوو.. ئاشبەتاڵێکی دەروونی، سەربازی، جەماوەری، ئابوری..هتد بوو کە دەبوو پێیدا تێپەڕین.

**لە نێوان کوردە مێرەکاندا و**

**بەرەو بناری بانی مۆرد ١٩٨٨/٤/١٢**

جەستەمان و ڕەنگمان بەتەواوەتی ڕەنگی خاکی گرتبوو.. دەمێ گەرمیانی بووین، تاوێکی دی کەرکوکی، جارێکی دی قەرەداغی.. تەنها نازناوەکەمان بەتالیۆنی حەوتی هەورامان بوو.. ئێمە کوڕی ئەو خاکەبووین کە لە پێش چاوانمانەوە گورگی خۆیی و داگیرکەرانی بیابان ئەنفالی دەکرد... مێشکمان لە نێوان خەوی ڕێگەکردندا نەیدەتوانی خۆی یەکلایی بکاتەوە..وا ئێوارەیە و تازە گوندەکانی کوردە میرەکانمان بڕیوە. لە دیهاتەکانی گوندەکانی بناری سەنگاوین. هێشتا ئەنفالی خالیدی کوڕی وەلید نەیوێراوە خۆی بدا لە قەرەی نارامسین.. نە بەدیوی سەنگاودا نەقەرەداغ.. بەڵام دۆزەخێک چاوەڕێی هەمووومان دەکا.. دۆزەخەێک کە دەیەوێت زمان ونەتەوە و بوونمان بسڕێتەوە...بە تایبەتی ئەو خەڵکە بێ چەکەی کە ماون..کە مابوون. ئێمە خۆمان هەڵگرتبوو بۆ مردن..زۆرجار وا هەستمان دەکرد کە مردن شەرممان لێ دەکا و هەڵدێ... جارناجارێ هاوڕێ مام ئەسکەندەر توڕەدەبێ. کە هەڵەمان کرد و زوو دەروازەی چوونەوەی جەماوەرمان بەرەو شار بەر نەدا. لێرەدا هەستمان بەتاوان دەکرد. ئەگەر ئێمە بەرگریمان پێ نەکرایە دەبوو دوای گرتنی سەرکردایەتی یەکیتی ئاشبەتاڵمان بکردایە..یان نەدەبوو سوپای پاسداران بهێنرایە بۆ سووتاندی کەرکووک... هەندێ پێشمەرگەی یەکیتی: هاوڕییان ئێوە راستتان دەکرد.. هاوکاری ئێران پرۆسەکەی خراپتر کرد.. دۆزی کوردی شاردەوە.. ئێمە شەڕی کورد تڕێنمان دەکرد.. بەدەم ئاخافتنەوە دەگەینە بنکەی هێزی بەدر(لە دێوار) لە بناری

سەنگاو هێشتا بارەگاکەیان مابوو. ئەوان بەتەمای ڕەحمەتی هاتنی سوپای پاسداران بوون کە بەرەی قەرەداغ و هەڵەبجە لێک بدەن و ڕێگەی کەربەلا نزیک بکەنەوە. ئەی کەوا نەبوو. چەک و تفاقێکی زۆریان خستبوو.کە ئێمە بە قۆپیدا هەڵدەزنین، ئەوان چاوەڕیی فریشتەی خوایی عەلی بوون و ئامادەی فەتح بوون. ئای کە سادەبوون. لە ئێمە ساویلەکە تر،کە دەمانویست بە دەستی بەتاڵ سەددام بروخینن. نیشتمان ئازاد و گەل بەختیار دەستەبەربکەین. بەڵی نەک هەر شادمان نەکرد، بەڵکو پرۆسەی ئەنفال و لە ناوچوونیشمان بۆ خێراتر کرد.. ئێمە قوربانیی چەند فەلسفەیەکی خوێناوی بووین، کە وەک بازار و تاقیگەی چەکەکانیان بەکاریان هێناین. فەلسفەگەڵێک کە جوتیارانی گەرمیان پێیان دەگوتین: گاجوتێک ناهێنێ، سوودی دڵۆپێ شیری چێڵێکی  ئەوانی نیە..

شەوە... هێزەکان دیسان تێکەڵ بوون... دیسان لەدەربەندەکەی پشت نارامسینەوە بنەو بارگە هەڵدەدەین. ئاسمان پەتوومانە و زەوی دۆشەکێکی سەوزی بەهاری. ئاخر کە دڵی ژوانی قۆپیمان پێش دووو هەفتە بەجێهێشت. هەنوز گەڵای دارەکان شەرمیان دەکرد و لە ترسی عروبە ئامێزیان نەدەکردەوە...من و هاوڕێ ئاوات و دەرسیم کۆمەڵێک گەڵای وشکی نازداری داربەڕوویەکمان داگرت و کردمانە نوێنی خەو...ئەوەی گوێمان پێ نەدا دەنگی بۆردمان و فڕۆکە بوو..گوێی بە چی بدەین؟هەمووومان بووینە بەشێک لەمردن و کوشتن و لەناوچوون. وشەی بەزەیی دەمێک بوو.. پێش هەزار و چوار سەد ساڵ ئەو خاکەی بەجێ هێشتبوو. مرۆڤەکانی کردبووە دڕەندەی کێوی و خوێنیان لە کاسەی سەری یەکدیدا دەخوارد.. لە ماندوویەتیدا شەوەکان لە یەک کاتژمێر دەچوون. بەیانی پاسەوانەکەمان (هاوڕێ عومەر هەڵەبجەیی)

بێداری کردینەو. وامان زانی لەسەر فەرشێکی سوور و سەوز خەتووین. نەخێر ئەوە گوڵاڵە سوورەکانی بەهاربوون و ڕۆژی ١٣/٤/١٩٨٨یان بۆ ئێمە ڕازندبووەوە. هاوڕێ (تالیب)*ووتی: هاوڕێ حەلوا باشترین خواردنە کە وزەمان پێ دەدا...هەرواش بوو. یەک قابلەمە حەڵوای دروست کرد و لە ناو نایلۆندا دابەشمان دەکرد.. یەکێ بەگاڵتەوە دەیگوت مامۆستا قادر منداڵی بووە. نا نەخێر ئەوە حەڵوای بێ چارەنووسی شینی ڕۆستەمەکانی کوردستان بوو. ئێمە نەماندەزانی بەرەو کوێ بچین.. هەرچەندە لە هەموولاوە گەمارۆ درابووین، بەڵام هاتنەوەمان بۆ ناو قۆپی تا ڕادەیەک ورەی پێ بەخشین...ئۆی داربەڕوەکانی کانی (مۆتار)ی دڵەکەی من! بن بەردەکان..بۆ دوژمن، لەو ساتەشدا چەکی کیمیاوی لەبەر تێکەڵ بوونی هێزەکان لە بار نەبوو. نێوانمان لەگەڵ هێزەکانی خۆیدا، تەنها چەند کیلۆمەتریک بوو.

**ئێوارەی کشانەوەی بۆ بەری بازیان**

دەی شارەزاکان بابێن. مقۆمقۆی کشانەوە بۆ بەری بازیان وکۆیە بوو...کێ شارەزایە؟ مەفرەزەکەی لقی دە و هاوڕێ حەمەڕەشید قەرەداغی. ئەمجارە دەبێ ناوبراو خۆی وەک سەرکردە بنوێنێ و بکەوێتە پێش هێزەکەی..واشبوو...ئەو و (شیخ جەعفەری فرماندەی یەکێتی) و چەند پێشمەرگەیەکی حزب ڕێگەیان دۆزی. دەبێ لە پێش ناحیەی جافەرانەوە..لە پشتی دەربەندەکەی گوندی گوشانەوە بێینە خوارێ. بریار درا هێزەکە بکرێت بە دووبەشەوە... هێزێک لە گوندی قوشقایە بەدیوی بازیاندا لەسەر و ئوردوگای ئەلاییەوە بپەڕێتەوە و هێزەکەی دیش لەبناری هەمەوەند و

تاڵەبانەوە..ژمارەی پێشمەرگە و خەڵک لە سێ هەزار تێپەڕیبوو..لە هەردوو لاوە هێشتا پشتی شاخ بۆمان نەوێیە..

**بارانی بەخۆڕ و توولەڕێی پشت دەربەند گۆشان**

خوداش قینی لێمان هەڵگرتبوو، چونکە دیاربوو بە شاڵاوی ئەنفالیش هێشتا بە زیندووییمان ڕازی نەبوو.. غەزەبی عارەب و ئیسلامەکەی هەموو سنوورەکانی پساندبوو. سەردەمی جاهیلییەت و نەزانی بوو. سنووری نیوان مرۆڤەکان و دڕندەکان نەمابوو...هەرلایەک دەسەلاتی باڵای بوایە نێچری لایەنەکەی دی لە پشتی ملەوە سەر دەبری.کورد بووبوو بەدەستەکەوتی شەڕی ئوحد... عەرەب هەر بە زیندوویی لاشەی سەرگەڵو، قەراغ و گەرمیانی داپاچیبوو... ئێمە وەک پشیلە هەزار روح، گیانمان پێ بەخشرابوو. بەردەکانی سەر ڕێگە هێند هەنگاوی ئێمەیان بەسەر نرابوو نەرم بووبوون. کاروانی کشانەوە لە نێوان بەرد و ڕێگەی بزندا بەردەوامە.هاوڕێ (پەروین)ی مام فەتاح گوێدرێژێکی بارکردوی پێیە و دەکەوێتە خوارەوە. ئاسمان بریسەکە دەدات...هەندێ جار کە هەورەتریشقە کپ دەبێتەوە. دیسان دەنگی بەجێم مەهێڵە. تەنیا، هاوڕێی خۆتانم لە گوێمدا وەکو زەنگی شوانەکەی بەر سێوسێنان دەزرنگێتەوە...ناسۆرەکان وەک پوازکە بەردی کێوەکانی هەورامان دڵم دەبڕن. نەخێر ئەوە دنیای ڕاستییە هاوڕێ ئارام...ئەوە پێشمەرگەیەکی بریندارە بەسەر دارەمەیتێکەوە و بەجێماوە. هاوڕێیان ڕزگاری دەکەن...ڕزگاری چی؟ ئەی ئێمە هەموو مردووی زیندوونین.. کاتژمێر نۆی شەوە. لە جادەی نێوان شاروچکەی قەرەداغ و گوندی جافەران دەپەڕینەوە. نزیک دۆڵەکانی گوندی دۆڵانە

دەبینەوە... هەندێ پێشمەرگە لە تەک شێخ جەعفەری فەرماندەی هێزەکانی یەکێتی، با ئێمە زوو دەرچین بەجێیان بهێڵین...شیخ تورە دەبێ ئەوان هاوسەنگەرمان بوون. ئەی سبەی چی بڵیین بەکەس و کاریان؟ هێزەکەی ئێمە بەرەو بناری گوندی کەسنەزان بەیان دەکاتەوە. لە دۆڵێکی جواندا دەبینە مێوانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤.

بەیانی کاتژمێر ٧ جاشەکان دەکەونە تاڵانکردن. چەند پێشمەرگەیەک لێیان دێنە دەست، هەڵدێن و ون  دەبن.. تا ڕۆژی دوایی درێژە بە رۆیشتن دەدەین. لە نیوان گوندی (دێ لێژە) و(گورباز)دا لە نیوان کۆمەڵێک داربەڕوودا بەرامبەر سەگرمە خۆمان دەشارینەوە..لای نیوەڕۆ جاش گوندەکانی خاوێ و دەربەند باسەرە دەسوتێنن. ئێمە ماندووین. لەپڕ دوو جاش بێ ئاگا لە گەڵ ئێمە تێکەڵ دەبن. هەرلەوێ یەکیکیان بەدەست دەگرین و چەکی دەکەین. جاشەکە کۆمەڵیک وێنەی ماڵە جوتیارێکی سۆلەی پییە. بەرەو گوندی (گورباز) سەنگەر دەگرین. تا ئێوارێ لەوێ دەبین.. جاشەکان ناوێرن بەرەو لامان بێن. ئەوانیش دوو پێشمەگەری یەکێتی لە گوندی دێ لێژە دەگرن..تا کاتژمێر پێنجی پاشنێوەڕۆ پشو دەدەین. هێشتا چاوەڕێی ئەنفال و شەڕ و مردنین. تاریەکە و لە (گوندی قازان قایەین)، منەی خواردنە.. لە نێوان قەدو بالای داربەڕووەکاندا دەگەینە ئەو گوندەی(گوندی تەنگی سەر) کە ئارامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی لە ١٩٧٨/١/٣١ تێدا شەهید کرا، خواردن بۆ رۆژی دوایی ئامادە دەکەین. هێشتا تاک و تەرا لە گوندەکاندا خەڵک مابوون. لە نزیک گەورێک گوێم لەبارەی کارێک بوو، دەتووت خۆی مات کردوە و ئێمە دەناسێتەوە. ئاگرێکمان کردەوە. چای لێنان.

مەلاعەلی(عەبدوڵای مەلای فەرەج) لە سەرما خۆی داپۆشیوە. مامۆستا قادر، مەلا دەڵیی سەرماتە؟ مامۆستا قادریش بەرمالێکی وەک تەنورەیەکی کورت لە خۆی پیچاوە. لە گوندی (فیکەدەرە) بەو بەرەوە ئاگرێکی چکۆلە کرایەوە. پێێشمەرگەی یەکێتی دەرچوون.کەمین بەدەوری ئاواییدا دەرکرا. ماڵی واهەبوو هێشتا تازە توێشی نانخواردنەکەیان داخستبوو. بەرماڵی نوێژکردن ئامادەکرابوو... مەنجەڵەکان لەسەر ئاگربوون. هیچ شتێکی لە شالاوی ئەنفالی فتوحات ڕزگاری نەبوو. من هێندە پەرۆشی نووسینەوە بووم، گوێم بە شتێ نەدەدا...تەنها پێنوسەکەم هەبوو وێنەی شتەکان بنوسم. دەترسام ئەویش بشکێ و ئەنفال یاداشتەکانم بسوتێنێ...    وەک منداڵێکی خۆم لە خەمەیان بووم.بریار درا کەمێک پشو بدەین، ئەوسا بەرەو (سەرزەل) کە کاتژمێرە ڕێیەک بوو بڕۆین و لەوێ خۆمان حەشار بدەین.ئەوەی کە سەیربوو یەکێتی هەرچی کۆنە شیوعی و ئالای شۆڕش بوو لەتەک کاروانەکەی ئێمەدا ناردبوویان. هاوڕێ کاوە شارەزاو چاوساغ بوو. ئێمە تا سەرجادەی ئەلآیی و کەرکوک سلیمانی شارەزابووین. ئای چەند ڕقم بە جادەی قیر و شارەستانی دەهاتەوە! ئەو شەوە دەمەوبەیان لە بەرزایی پشت گوندی (سەرزەل)دا خۆمان حەشاردا. ئەو ئێسترانەی هەمانبوون وورتەیان لە خۆیان بریبوو. کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی جاشەکان گوندی باڕۆی سەرەو خواروویان سوتاند...بەرەو گوندی (سەر زەل)یش هاتن. سوتاندیان. هەندێکیان بەشوێن کار و مەڕو مالاتدا ڕایان دەکرد.ئەوە مانگێک و چەند ڕۆژێکە هێشتا بەتالێۆنی حەوتی هەورامان بەڕێوەیە. هێشتا کەسمان وەڵاممان بۆ هاوڕێ ڕەنجدەر پێ نیە کە کەنگێ بگەینە دواهەوار.باش بوو تا

دەمەو ئێوارە ئاشکرا نەبووین. دووریش نیە جاشەکان نەیانوێرابێ بێن بەسەرماندا چونکە ئێمە وەک کۆمەڵە پڵنگێکی سرکمان لێهاتبوو..

دەمەو لێڵ...نەخێر دوڵەکەی بازیان هەمووی دوکەڵی ئاگربوو.کەوتینە ڕێ.وەک کۆمەڵێک مێرولەی ماندوو و هێلانە وێران، بەناو گوندی (بارۆیی)یدا دەڕوێن. هاوڕی قەمەر سەیری ماڵێک دەکا کە بەهاری پێشو پێکەوە لەبەر هەیوانەکەیان نانمان دەخوارد، کە دوو کیژی جوانی چاوشینی تیا بوون. ئێستە ئاگرێک خۆی لە دارەڕای ئەو هەیوانە لول کردوە. ئەو ئاگرەی هەیوانەکەکە دڵی هەردووکیشمان دەسوتێنی. بارۆیی یەک جار دەسوتێ، من و هاوڕێ قەمەر هەموو نیسانی ساڵێ... گوندی (گاوانی) بەجێ دێڵین. بەرەو گوندی وێرانی (قوشقایە) تا لە جادەی ئەلأیی پڕجاش و موڵگە بپەڕینەوە.نزیک گوندی (وەرمەزیار) بەتالێونی حەوت کرا بەدوو بەشەوە. ناویان نابوو هێزی کۆماندۆی حزب. بەشێک لە پێشەوەی کاروانەکە، بەشێکی دی لە کۆتایی کاروانەکە. مانگەشەوی بەهارێکی پڕ هەرایە...لە گوندی (کانی شایی) روخاو نزیک دەبینەوە.. دەربەند (چۆلەکە) بە ئاستەم لە ژیر تریفەی مانگدا خۆی دەنوێنێ..گوندی (قوشقایە) لە ئەنفالی ساڵی ١٩٨٦ وێرانە هەوارە...کاتژمێر ١٢ ی شەو نزیک موڵگەکانی نزیک (ئەلأیی) بووینەوە. جاشێک ویستی چرا هەڵکا. هاوڕییەک: بێ ئەقل بیکوژێنەوە! جاشی ناو موڵگەکە، کە زانییان هێزەکە بێ ئەژمارە موڵگەکەیان بەجێهێشت. هەندێ پێشمەرگە ئیدی بە ناوی موڵگەکەدا تێدەپەرین. تا نزیکی بەرەبەیان ئەو کاروانە درێژەی هەبوو. شەوی چواردەشمان هەر بەرێگاوە بەرێ کرد. لە ملەی گوندی (ئەلایی کۆن) کە ڕوخابوو بەرەو چەمی

رێزان کەوتینە ڕێ.ڕۆژی ١٥ی چواری ١٩٨٨ بەیانیمان لە گوندی (زاهیر) سەرجادە کردەوە. لە هەموولاوە دیارە... بەلام کپە و تەنێ هاژەی ئۆتۆمبێلی سەرجادە دەگاتە ویرێ.. دەمەونێوەڕۆ کاتژمێر دوو، دەکەوینە ڕێ.بەرەو کێوی گەورەدێ هەڵدەزنین. دیسان بەدیتنی شاخ ورە بەرزدەبیتەوە. پیرەمەگرونیش هێندەی دی چاوی لێمانە. بەکۆڵی شاخدا سەردەکەوێن. نەخێر ئەو خۆی دەمانکاتە قەڵادۆشکان و ڕێگەکان سارا دەکا.. جوتیارێک کوڕەکانم ماندوو نەبن. کوڕی چی یەکێ نەبوو.. سەد نەبوو..لە هەزار تێپەڕبووبوو.کیسەیەک سەموون و نانی پێداین. وتی دوو کاتژمێر ڕێگەتان ماوە بۆ گوندی(گەورە دێ) سەری شاخ. بەڵی ئێوارە دەرەنگێ گەیشتینە گوندی (گەورەدێ). لەوێوە هەموو ئازای خاکم بینی. حەمرینیش دیاربوو...ئاگرەکەی بابەگوڕگوڕ بلێسەی ماڵئاوایی دەکرد. ڕۆڵەکانم بەخێرچن. تابلۆی (دڵنیابن من ناکوژێمەوە)ی بۆ دەنەخشاندین. من و قەمەر ماڵێکی قەراغ ئاواییمان بەرکەوت. ویستمان لەدەرگا بدەین.گوێمان لێبوو دوو هاوسەری نۆماڵ، وشەی ئەشقیان بەگوێی یەکتردا دەچرپاند. نەمانویست ئەڤینیان ئەنفال بکەین. بە ئەسپاییەوە گەڕاینەوە. دوای کەمێکی دی ئەوسا لە دەرگامان دا.چووینە ژوورەوە. ئاشیان بۆ چێ کردین..دەبێ جلەکانتان فرێدەن. ها ئەوە پۆشاکی نوێ. تا حەساینەوە، هەردووکیان بەدڵ و بەچاو گولاوی دڵیان لە یەکتر دەئالان.کچە ناوی گوڵنازبوو.کوڕەش بڵند. ئەو شەوە من و قەمەر لە مزگەوتی دێ خەوتین. لەوێش هاوڕێ سیروان(ئەحمەد رەجەب)مان بینی وتی هاوڕیانی کاروانی بناری تاڵەبانیش لێرەن.هەنووکە بنوون...

## پەراوێز و وێنەکان

- کەریم باسام و عەبدوڵاهۆری، چەند گوندێکی ناوچەی زەنگەنەن، لە گەرمیان، باشووری کوردستان






**وێنەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان ناوەراستی مانگی ١٩٨٨. قۆپی قەرەداغ، باشووری کوردستان. حەڵواکەی هاوڕێ تالیب.**

# هەڵهاتنی هەندێ
# فەرماندە و جێهێشتنی ئێمە

پەڕینەوە بۆ بەری قەڵاسێوکە، شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە
چەند پەڕەیەکی دی لە تێنوسە شرِەکەی پێشمەرگایەتیم

بەرەبەیانی ١٧ ی چواری ١٩٨٨ دەتوت کەروێشکەخەوێکە لە ناو ئاوایی گوندی (گەورەدێ)ی چەمی رێزان وا زوو شەوی پێشوی تەواوکرد. ئێ هەرواش بوو. من هەر هێندە گوێم لێ بوو کە هاوڕێ سیروان(ئەحمەد ڕەجەب) وتی هاوڕییان ئێوە زۆر ماندوون و پێویستان بە پشو هەیە. ئیدی نەمزانی چۆن وە ئاگا هاتم. هەندێ جار برادەران ناویان نابووم پاشای خەو. هێندە بێخەم دەخەوتم. بەیانی زوو بوو. چای بەیانیمان دەخوارد عەبەی مامە وتی: ئیدی هەر پێکەوەین و چارەنوسمان یەکە..
کشانەوە بۆ دەشتی کۆیە و شوان  بریارێک بوو دەبوو هەموومان پێیەوەی پابەندبین، هێزەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی ماندووە وا ٣٥ ڕۆژە لە نیوان کاروانی داستان بەڕیوەیە، دەبێ یەکەم هێزبێت بپەڕێتەو.ئەوەش داخوازی هاوڕێ عەبەی مامە و سەرکردایەتی مەڵبەندیش بوو.ڕێکەوتن بوو..

## بەرەو ئامێزی گوندی عەسکەر...

کاتژمێر نۆی بەیانی ١٩٨٨ه و دەکەوێنەوەڕێ. بریندارەکانمان کەمێ باشتربوون. لەوانە مامۆستا ئاوات(جەلیل گوڵپی)..تا خوار گوندەکانی گەورەدەێ هێشتا دامێنی شاخە. هەندێ دەوار دەبینین. ئۆخەی دەکەین بۆ ئەو دیمەنانە. لە ناو ڕەشماڵی خێڵەکانین. بەڵی وا دەبینە بەشێک لە کۆپلەی گۆرانیەکانی مەزهەری خالەقی.شەنگەبێری... ڕەشەڕێحانە و کەمەرەشل... فەرهەنگی رەسەنی کوردی وەک هەنگوێن چێژمان پێ دەدا. تاسە و ناسۆر.زۆربەمان نەشارەزایین.لوتەکەی (پیرەمەگرون) و (گۆجاڕ)مان لێ دیارە...(دابان)یش دەبینین، بە منداڵی هەمیشە سۆی ئەوەم بوو کەبزانم ئەو لوتکانە چۆنن...ئێستەش وا بە جوانی دەیانبینم وەک کۆمەڵێ مامەی سەرسپی خۆیان ئاوێتەی ئاسمان و کاروانی ئێمە کردوە. بەرەو سارایی هەنگاو دەنێین. زۆربەمان ڕەقەڵە هەڵگەڕاوین.جەستەمان بریتی بوو لە ئێسک و چەند کیلۆیەک ئاسن...هەر دەڕۆین...هاوڕێیان یەکتر ون نەکن. هاوڕێ (قەمەر) ئێمە جەماوەرێکمان وون کرد. ڕادیۆکەم ون کرد...ئیدی باسی بزربوونی چی دەکەی؟ نیزیک پێنجی پاش نیوەڕۆ دەگەینە گوندێکی خنجیلانە...هێندە پێشمەرگەی تیایە شەرم دەکەین داوای نانن بکەین..کابرایەک: کوڕم شەرمی چی دەکەن...هیچمان نیە. هێزێکی پارتی چەند ڕۆژێک پێش ئێستا وەک کوللە دایانماڵین شتێکیان بەبەرەوە نەهێشتین.ئەوەندەم پێ وت: کە تەنها کەمێ ئاو دەخۆین خۆمان کەمێک نانمان پێیە.وەڵامی پرسیارەکەیم دایەوە کە ئێمە پێشمەرگەی شیوعی و هەندێکمان یەکێتین.وتی: لەوەتی من هەم ڕکم لە شیوعی بووە...بەڵام کە ئەمجارە

ناوباگتانم بیست ئامادەم سەرو ماڵتان لە پێناودا دانێم، کوڕم شەرواڵە دڕاوە، ئەوە شەرواڵی کورەکەم لەبەر بکە! لێ لە شەڕی تازەشاردا جلەکانم دەها کونیان تێ بەربوو.
هەروەها کەمێ خورمای داینێ و ئێمەش زۆر نەماینەوە.کەمێکی دی ڕێ دەکەین.ئیدی دەبێ هەر چۆنێکمان کردوە بگەینە ناوچەی قەڵا سێوکە، شیخ بزێنی لەوێوە بپەڕینەوە بۆ دەشتی کۆیە..

لە ئاواییەک دەمێنینەوە. نەمپەرژا ناوی وەک چەندەها گوندی ئەنفالکراو تۆمار بکەم. شوێنی خەوتن بن دیوارەکانی ئاواییە..ئەوە کێشەیەک نەبوو بۆ ئێمەی کێوی. هەبوو هەر بەڕێوە سەرخەوی دەشکاند..دیسان پەتوومان ئاسمان و ژێرخەرمان زەوی. ڕۆژی دوایی و رۆژانی دی بە گوندەکانی گۆپتەپە و بۆلقامیش و عەسکەردا تێدەپەرین. فریای نووسینی ناوەکانیان ناکەوم.هاوڕییەکی شوان: هاوڕێ ئەوە جێگەی داستانەکەی هاوڕییانە لە گوندی بۆڵقامیش کە بەهاری ١٩٨٢ پانزە هاوڕێ دوای بەگرییەکی قارەمانانە شەهید دەبن و تەنها دوانیان بەرینداری ڕزگاریان دەبی، یەکێ لە بریندارەکانی بەناوی حەمە ڕەشاش دەکەوێتە دەست داگیرکەران، دوایی دەکەوێتە بەر لیبوردنی گشتی و ئازاد دەکرێ. بریندارەکەی دی مام جوامێر دەبێ و دوور نیە بیبینین... لە خۆم دەپرسم:بۆ دەبێ ناوی داستان بێت؟ ئەوە تەنها خۆ دڵخۆشکردنە بە مردنی کۆمەڵێک مرۆڤ. ئەی بۆ ناوی نەنێین کوشتنی بە کۆمەڵ؟ ئەفسانەش بێت، دەبێ پێچاوانەکەی بێ. داگیرکەرانی تێدا شکابێ. بەڵی دوێنێ بۆلقامیش، بەکرباییاف و قزلەر، پشتئاشان. بۆ من هەمووی پرۆسەی ئەنفال

بوون. چونکە مرۆڤی بێ تاوانی تێدا ڕەشەکوژ کرا. مرۆڤەکان بوونەوە بە دڕندە بایەلۆژییەکەی جاران، بەڵام بەبەرگێکی مۆدێرنەوە...

**گوندەنشینەکانی ئەو ناوچانە بەئاواتی مانەوەن..**

ئێمە دەمانزانی ڕژێمی عەرەبی داگیرکەر بواری ئەوە نادا کە ناوچەیەک بە هێمنی بمێنێتەوە و پەلەتر دەکا لە پرۆسەی ئەنفال. بۆ ماوەی دوو هەفتە لەو ناوچەیە ماینەوە. هیزەکەی پارتی کە پێش چەند رۆژێک کشابووەوە، بێ ئارامی و شپرزەیی خستبووە ناو خەڵکەوە. ئیوارەی ٤/١٩ لە بەردەم مزگەوتی گوندی (گۆپتەبە) بووین. پیاوێکی بە ساڵاچوو: ئەرێ کوڕەکانم بە تەمای چین؟ من وا دەبینم کە ئێوە پێشمەرگەی ئەم ناوە نەبن .دوێنی لە شاری (سلێمانی) بووم ویستم بچم بۆ کڕینی شەتڵە تووتن لە هەڵەبجە. وتیان بۆ کوێ دەچی ڕێگە نیە.دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ڕژێمی سەددام کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە رشتووە. هەنووز وشەکان لە زاری نەبووبوون بە ڕستەی باس، چەند هاوڕییەکی هەڵەبجەیی لێی نزیک بوونەوە. هەروەک ئەوەی هێچ ریگەو بانێکمان نەبڕیبێ، هەندێکیان بەدڵپڕیی و خەمەوە، کەوتنە پرسیار: توخوا مامە.. کەست نەدی بیناسی؟دەها پرسیاری بێ وەڵام. دواوشەی ئەو مامەیە ئەوە بوو کە هەمووماں لە دەریای بێ چارەنوویسدا دەخنکیین. خێراکەن بپەڕنەوە بۆ ئەوبەر. خەمی ئێمەتان نەبێت، دا ئێمە دەمێکە فەوتاوین...

**پەڕینەوەی سەرکردایەتی مەڵبەند بێ ئێمە و جێهێشتنمان...**

ڕۆژی ٢١ی چوار ئێمە بە چوپ و بەلەمی چکۆلە لەچۆمی (زێی دوکان) لە خوار گوندی عەسکەرەو پەڕینەوە. دەبوو ئێمەش لەگەڵ بریندارەکان و سەرکردایەتی مەڵەبەنددا بپەڕینەوە بۆ بەری دەشتی کۆیە و لەوێوە بۆ بنکەکانی پشتەوەی حزب. ڕژێم ئاوی زێی وەک بەربەستێک پتر بەردابووەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە هاتوچۆی پێشمەرگە بگرێت. ئێمەی ساویلکە و خوێنگەرمیش لە نێوان گوندەکانی چۆمدا دێین و دەچین. ئەوەی زۆر سەیربوو، زۆر لە خەڵکی گوندنشینەکان هێشتا لەو بڕوایەدا نەبوون کە ڕژێم هێرش دەکا. هەندێکیان لە گەرمەی ئیشوکاری ڕۆژانەی خۆیاندابوون. ئیوارە رۆژی ٢٥ی چوار لە خوار گوندی (ئەلیاسە سوورین) و بەرەو گوندێکی چکۆلە چوین. (قزلەر) و دوایی بۆ (کانی هەنجیر) لە کەناری زێ...لەناو روباری زێدا، هەندێ منداڵ وەک بێچوە مراوی لە گەڵ شەپۆلەکان زۆرانبازییان دەکرد و هەندێ جاریش وەک ماسی خۆیان پێشان دەدایەن. ئای بێ تاوانی. یادەوررییەکی منداڵی بیرهێنامەوە: جارێکیان دوای ئاشبەتاڵ لەگەڵ زارۆکی گەڕەک، بەهاربوو، سەنگەرمان لە نزیک شیوەکەی مامۆستایانەوە هەڵکەندبوو، کۆمەڵێک کرێکار: ئەوە بۆ گەمەیەکی دی ناکەن؟ هێشتا چەند مانێگیە شەڕ وەستاوە. ئێمە وا نارجۆکی تۆپەڵە قوڕمان بۆ یەکتر دەهاویشت دەتگوت شەڕی تەواوە. ئێمە سادەبووین و چێژمان لەو وازییە وەردەگرت. (بورهانی عومەرە سوور) کە لە ئێمە کەڵەگەت تربوو، ئەگەر ئەوەمان لە کاتی هێرشکردندا لە گەڵدا بوایە سەنگەری منداڵەکانی دی یەکسەر

دەگیرا. ئێستاش هەمان منداڵی لاسارین و وا بەرێوەین بۆ گوندی (گزەخەبەر) و بە ئاسانی داگیرکەر ناتوانێ زەفەرمان پی بەرێ.. قریوەی چەند کچێکی چاوشین کە بەرێوەن بۆ ناو کێڵگەکانی گویێ زێ، ڕامدەچەڵەکێنن. هەر خۆیان کچی خواوەندی نێو ئەفسانەی یۆنانی بوون. تۆ بڵێی ناشیرینان تێابێت. ئەو پرسیارە وەک قارچکی بەهاران، ناخمی پەنەماندبوو. لە شوێنێکی دی، نۆماڵێک..کورپەکەیان لە بێشکە و لە بن کەپرێک دانا بوو. بێ تاوان خەندەی بۆ ڕۆژێکی نوێ دەکرد. هەروەک چۆن خەم ماندوویەتی ڕەنگی ئێمەی زەرد هەڵگەڕاندبوو، ئاواش زەردەی خۆر دوا تیشکی لە نێو شەپۆلەکانی چۆمی دوکاندا ون دەکرد. هەندێ جار دەتگوت دانێکی زیوینە و لە زاری ژنێکی شوخ و شەنگەوە خۆی دەخاتە دەر. وەک باسم کرد، هێندە پێشمەرگە لەو دیهاتانە نانی خواردبوو، گوندنشینەکان هیچی وایا بەدەستەوە نەمابوو. ئێمە بۆ مریشک کڕین چووبوین، نەک میوانداری. دی میوانداریچی، دووباری قورسبووین بەسەر ملی خەڵکەوە. باری شەڕ و باری ژیان. هێشتا خەندەشمان لێ دەویستن.دوای ئەوەی لە گوندەکە دامەزراین خۆم پی ڕانەگیرا و لە ئەنجومەنی ئاواییەکەم پرسی کاکە بەڵکو ئەگەر بتوانی بەسەر ماڵێکدا دابەشمان کەی کە کچی ناشیرییان هەبێ. هاوڕێ (قەمەر): بە قوربانی مەیمونەکەشیان بم، کابرای ئەنجومەن هەرواشی کرد. ئێمەی، (من قەمەر و م ئاوات)ی خستە ماڵیکەوە کە گۆیا کچەکانیان ناشیرینن. دەبرۆن دەی کچی ناشیرینتان دەوێ. ناشیرینی چی ئەگەر ئەوانە ناشیرین بن دەبێ جوانەکەیان چۆن بێت؟ (**سامان گەرمیانی**) **فەرماندەیەکی یەکێتی لە ناوچەی گەرمیان، جارێکیان وتەیەکی بەنرخی جوتیارێکی گێڕایەوە کە**

**سەرەتای دروستبوونەوەی خەباتی چەکداری دەبێ. لە گەرمیان دوو پێشمەرگە دەبنە میوانی جوتیارێک. جوتیارەکە خەریک دەبێ ئاوبکا بەدەستیاندا، ئەوانیش داوای لێبوردنی لێ دەکەن و ناهێڵن.جوتیارەکە دەڵێت: گرنگ ئەوەیە کە ئێوە دەسەلاتتان گرتە دەست ئاوی گەرم نەکەن بەسەرماندا.ئێمە لەخزمەتداین.** بەڵێ! ئێمە نەک هەر ئاوی گەرممان کرد بەسەریاندا، بەڵکو هەموو پێکەوە تۆڵەی ئاگرینی بەعسمان بۆ نزیککردنەوە.کە لەماڵەکە هاتینە دەروە، مانگەشەو بوو.هەندێ جار هەروەک دڵداری لەگەڵ گۆی زەوی بکات خۆی ئاوێتەی زێ دەکرد و ون دەبوو.

**ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٢** لە مزگەوتەکەی (کانی هەنجیری شێخ بزێنی) سەرکردەکانی مەڵەبەندی حشع(ئەبولینا، حەمەڕەشید قەرەداغی و بەتالیۆنی٣١ ئازاری ناوچەی شوان، بەسەرپەرشتی مامۆستا ڕزگار) کۆبونەوەیەک دەکەن کە دەبێ هێزەکە چەند ڕۆژێکی دی بپەڕێتەو. بەداخەوە بە پێشنیاری حەمەرەشید قەرەداغی و مامۆستا ڕزگار، بریار دەدەن کە هێزەکەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان و گەرمیان دەبێ چەند جەولەیەک بکەن و هێزی حزب و جەنگاوەرەکانی بە خەڵکی ناوچە بناسێنن. ئەوە بریارێکی ناسەربازی و گەوجانە بوو، چونکە دەبوو خۆیانیش بمێننەوە بەلام پێش هەموو هێزێک کردیانە ئەوبەری جادەی قیری دەشتی کۆیە و هەڵهاتن. لە بەشی کۆتایی ئەم یاداشتانەدا دێمە سەرباسی ئەوە کە چۆن ئەو بریارە نابەجێیە بووە هۆی شەهیدبوونی کۆمەڵێک هاوڕێ.لێرە ئەگەر دادگایەکی دادوەری سەربازی یان حزبی بوێر هەبوایە دەبوو هەموویان، لەوانە حەمەڕەشید قەرەداغی، ئەبولینا و مامۆستا ڕزگار کە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣١ ی حزب بوو، بدەنە

دادگا و هەموو بەپرسیارەتییەکیان لێبسەننەوە.بەداخەوە تا ئەمرۆ پێچەوانەکەیەتی. یەکەمیان جێگری پێشمەرگە دێرینەکانە و ڕۆستەمی جادەی قیرە، دووەمیشیان لە ئەورپا هایلایف دەژی و بازرگانێکی گەورەیە.

هەفتەیەک تێپەڕی. ئێمەش هێشتا چاوەڕێی پەڕینەوە و ڕۆیشتنین بۆ دەڤەرەکانی سنوور تاکو هەواڵی کەسوکارمان دوای بۆردومانی هەلەبجە و هەورامان بزانین.دێین و دەچین.یەکێ لەو گوندانە گوندی (تورکمان باخ)، گوندێکی نوساو بەهەردێکەوە. لەوێ یەک دنیا پرسیاری بێ وەڵام. دەگەینە گوندی (گەڵناغاج).تیپی ٢١ ی خاڵخالانی یەکێتی نیشتمانی لەوێن و بریار دەدەن ئەگەر هێرش بکرێت، دەمێننەوە و شەڕدەکەن. یان درێژە بە خەباتی پارتیزانی دەدەن. پارتیش وەک ساڵانی ئاشبەتاڵ دیسان نە بۆنی دەمێنی نە ڕەنگ. دوو هێز دەمێننەوە(شیوعی و یەکێتی).کۆمەڵێ پێشمەرگەی سادە و سەرپەل، دیسان لە گوندی (ئەلیاسە سوورین)...لە ڕۆخ زێ، یەکی ئایار بەڕێ دەکەین.ئێوارە دەنگ دێت کە ڕژێمی داگیرکەر بە نیازی هێرشە. دەکەێنەوە ئەمبەری زێ، بۆ گوندی(گوڵمکەوە). لە خوار ئاوایین و پاش نێوەڕۆی ١٩٨٨/٥/٣ ە و چەند فرۆکەیەکی جەنگی بۆمبی کیمیاوی دەکوتنە ناو گوندی(عەسکەر).ئاوایی(گوپتەپە)ش هەروەها.گوندەکانی دی تووشی شڵەژانی تەواو دەبن. ئەو شەوەی سێوسینانی قەرەداغم دێتەوە یاد کە دۆڵی قەرەداغی دوای بۆمبارانی کیمیاوی هەژاند. هەر ئەو ڕۆژە لەسەر زێ مەفرەزەیەکی یەکێتی، هاوڕێیەکی کۆنی ئێمەش، مناف، کۆپتەر لە کاتی پەڕینەوە لێیان دەدا و دەخنکێن. شەوی سێ لەسەر چواری

مانگی پێنجە. لە گوندی (چنارە) لە گەڵ هیزەکەی شوان، مامۆستا ڕزگاردا یەک دەگرینەوە. بە گوندی (سەرچنار)دا دەگوزەرێین. شەو لە ئاوایی (جەلەمۆرد)ی بناری لوتکەی خالخالان دەکەینەوە. مامۆستا قادر تورە دەبێ. مامۆستا ڕزگار تۆ وتت ئێمە هەزار ریگە شارەزاین و دوژمن ناتوانێ پەی پێ بەرێ. ئێستاکەش دەڵیی پردەکەی گۆپتەپە بۆ ئەو بەر دەشتی کۆیە گیراوە. بەیانیەو لە نێو هەردەکانی (شیوەسوور) دەروەی ئاوایی خۆمان دەشارینەوە. ئەرێ دیسانەوە بۆ کۆی بچین؟ بەیانی زوو پاسەوانەکە(عومەر و سیڤەر) هاوار دەکەن کەس خۆی دەرنەخا کۆپتەر هات...وا دیسان ئەوەش ماوە دەسوتێ...لە جادەی سەرەکی (کەڵکەسماق) سوپا بە ئارەزووی خۆی دادەبەزێ و راوی خەڵک دەکا.تاکوتەرا نەبێ،کی بەرگری دەکا؟

**پەڕینەوە بۆ بەری جەباری و خاڵە بازیانی**

دیسان تاریکە و ئەنگوستەیە. بەدۆڵەکەی شیوسووردا شۆڕدەبنینەوە. هەندێ خێزان بەرەو چارەنووسی نادیار کۆچ دەکەن. هەندێکیان لەبەردەم ماڵەکانیادا کۆمەڵ کۆمەڵ وستاون و نازانن چی بکەن. پرسیاری "بۆ کۆێ دەچن؟" لە هەموو لاوە دەبیستین. (سیڤەر و هیوارەش) هاوڕییانی بەتالیۆن دەناسنەوە. دوای دوو ساڵ، بینینەوە و ماڵئاوایی بوونەتە یەک ووشە بە گوێی یەکدیدا دەیچرپێنن. بەڵێ بڕیاری فەرماندەی ترسنۆک و نەزان وایە هاوڕێ، بۆیە ئێمە دیسان دەبی بەرەو گەرمیان برۆینەوە , گەرمیانێک چاوەڕێمان دەکا کە پڕە لەداڵ و لاشەی نوێیان دەوێ...ئای لەو کارەساتە تاڵە کە چاوەڕێی دەها هاوڕێی وەک (حیکمەتە چاوشین)ە، کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی بە گازی

ژەهراوەی لەشارەکەی ئەحمەد موختاری جاف خنکاون. ئەی دیسان، چۆن وەڵامی هاورێ ڕەنجدەر بدەینەوە کە هەردەم دەپرسێ کەی دەگەینە جێ؟ کێ دەزانی؟. ئەو وەڵامە ئەنفال وەکو مەتەڵی لێکردوە. بەدەم ڕێگەوە دەڕۆین و هێشتا ئاگریماڵەکانی دۆڵی شیوەسوور بەر نیگام بەرنادا. سیمای خەڵکەکە تابلۆی مەرگی لەسەر هەردەکان پێوە دیارە. هەندێ جار وا دەزانم چاوم رەشکە و پێشکە دەکا. یان ئەستێرەگەشەیە؟ ئێ خۆ هێشتا پوشپەر نیە.گیا سەوزە و تا ئەژنۆ هاتووە...چەند کاتژمێرێک دەڕۆین. شارۆچکەی (ئاغجەلەر)مان لێوە دیارە.دەنگی خەڵک, بەجیمان مەهێڵن، گوێکانمانی وەک بڵندگۆی مزگەوتی گوندەکانی قەرەداغ قوڵاخ کردوە. دەسەلات چییە؟ ئێمەش بەجێ ماوین... بێچارەنووسی و دەستخەڕۆی فەرماندەی ترسنۆک و خۆ پەرست...کاتژمێر ١٢ شەوی پێنج لەسەر شەشی مانگی پێنجە، لە باکوری  ڕۆژهەڵاتی (قەرەهەنجیر)ەوە لە جادە دەدەین.کە لە جادە پەرێنەوە، نیوەی هێزەکە هێندە ماندوو بوو نەیزانی چۆن پەڕییەوە.ڕۆژی ٥/٦ لە گوندێکی نزیک سەرجادە، روناکی ڕۆژێکی نوی زۆرمان پیدێنی و ناچار خۆمان لە نێو کۆمەڵێک درەختدا حەشار دەدەین. ئەمجارە مەرگەسات لە جارانی دی نزیکترە،  لە نێو نیگای زۆربەماندا دەخوێنرایەوە. نێوەڕۆیە و برسیمانە. هاوڕێیان گوشتی باش هەیە ئەگەر کەمێ سەبرتان هەبێت. ئەمجارە میوانی بۆقین، بۆقی خرپن و قەڵەو، سەرسەوز وەک قوات خاسەکانی عوجە، بەلام میهرەبان و دەنگ خۆش. ویق ویق، دەی دکتۆر فرهاد، من دەیانکوژم و تۆش پاکیان بکە و بە زمەی کلاشینکۆفەکانمانەوە بۆ برژاندن سیخیانکە. هەندێ هاوڕێ: ئەرێ ئێوە شێت بوون؟ منیش: ئێ ئەتۆ نازانی بۆ یابانییەکان زیرەکەن؟

ئێ من هەورامیم و ئەمجارە بۆقانی گوێ ئاو دەخۆم لە باتی گوێز، با هێندەی دی زیرەک بم. پتر لە دەشییشمان برژاند. م ئاوات: بەشی منیش. ئاسۆ بەشی منیش. ئیدی وەک برا ئەوەی پێی خورا بێ بەشمان نەکرد. ئەو بۆقانە ووزەی باشی پێ بەخشین. تاریک و لێڵە و دەبێ بکەوێنەوە ڕێ.ئەمجارە بۆ خاڵە بازیانی. دەمەو ئێوارەیە، هەر دیوارە و ڕوخاوە. ئاگر لێرە و لەوێ، بۆسۆ، چاوی ئیمەو سروشت دەکزێنێتەوە. چەند چەکدارێ، لە پێشمانەوە هەڵدێن، پێیان وایە ئیمە جاشین. نەخێر دوایی دەزانن ئێمە پێشمەرگەین. ها لێرە چی دەکەن؟ کۆمەڵێ بەرگری ئاواییەکانن و خۆیان حەشارداوە. یەکێکیان: ئێمە مردنمان بە چاوی خۆمان بینی، جاشەکان خەڵکیان هەڵدەخەڵەتاند، منداڵیان وەک فەردە ئارد فڕێدەدایە ناو ئیڤا سەربازییەکانەوە، ئیمە شەو توانیمان هەڵبێین، یەکێکی دی دەڵێ: جاشێکی بێشەرەف دەیگوت: کوا مامەرێشە؟ بابێ بەرگریتان لێبکا. ژنەکەم و منداڵە یەک ساڵەکەمی بە پاڵ برد. بەرێوەین و منیش وەک ئامیرێکی تۆمارکەر، ئەو یاداشە تاڵانە بە شێوەیەکی کاتی لە مێشکمدا هەڵدەکۆڵم. ئای ستەم، ئەوەش نازییەتی نەتەوەی سەردەست. هاوڕییەکی عەرەب: هاوڕێ ئێمە شیوعین نابێ ڕەگەزپەرست بین. وەڵامێکی توندی دەدەمەوە: ئێوە داگیرکەری ئیسلامی فاشستن، هیچتان لە نازییەکان کەمتر نیە. نازییەکان بیست ساڵ ستەمیان لە نەتەوەکانی دی کرد. نەتەوەکی ئێوە ١٤٠٠ ساڵە. ئەو تێکهەڵچونەی من و ئەو هاوڕێ عەرەبە، ئەو دەمەقاڵەیەی من و چەند هاوڕییەکی کورد و عەرەبی بیرخستمەوە لەسەر ئەوەی من وێنەیەکی گەورەی کوردستانم لەسەر نەخشەی جیهانم، لەبنکەدا هەڵواسی بوو، دواتر لەسەر ئەوە مانگێک سزای حزبیم چێشت.

هاوڕێیەکی دی: هاوڕێ ئارام کاتی ئەوە نیە.م قادریش: گو بە ڕوسە ترە ئەی ئەوە گوللەی تانکەکەی ئەوان نیە؟ ئێمە هەڵخەڵەتاوی کۆمەڵێک کەسی فەلسفەدزین. هاوڕێ(ئەحمەد بازۆکە) هێورمان دەکاتەوە. تانیزیک باخەکانی خاڵە بازیانی هێچم پێ ناوترێ. هەمان هاوڕێی عەرەب، بووە هۆی وازهێنانی حەوت پێشمەرگە لە مزگەوتەکەی (کانی هەنجیر)، کاتێک باسی هەڵەبجەیان کرد و توڕەبوون  ئەوەش لەسەر ئەوەی وتیان سوپای فاشستی عێراقی عەرەبی.

بیرم بۆ لای ئەو ڕۆژە(١٩٨٣/١٢/٤)دەمکێشی کە دایکم وەک ئاسک لە بناری تاڤگەی زەڵمەوە بەرەو بنکەی کەرەجاڵی حزبی شیوعی منی بۆ حزب کردە دیاری. ئای لەو ڕۆژە، لە نێو سۆزی دایک و بچڕان لە پێوەندی خوشک و براکانم. مانگێ پتر ئەو بچڕانە وڕی کردم، دایکم ئەرکی نامەبەری شاری سلێمانی(شانە ناوخۆییەکانی حزبی شیوعی) بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەستۆ گرتبوو... ئەی باوکم لە خۆشیاندا گەشکەی دەکرد کە منی بۆ پێشمەرگایەتی سازدابوو. منێک کە هێندەم مارکس و لینینم دەناسی کە یەکەمیان وەکو شێخێکی تەکیە ڕیشێکی نورانی هەیە و ئەوی دییان خەبات کەچەڵی کردوە. وا فێرکرابووم دادوەری لای هاوڕێکانی ئەوانە، (هەندێ جار هێندە سەرەڕۆ بووم، چەک و بەیاننامەم بە نێو ئەو هەموو سیخوڕ و چەکدارانەی ناوشاردا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنی دی دەگواستەوە. ئەوەش کۆتایی ساڵانی حەفتا.ئەوە گەنجی من... هەمیشە مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە ماڵماندا خۆی حەشاردابوو لەوانە (نوری جرتینۆن)، (شەهید نەسرەدین هەورامی)، (شەهیدمەناف)، هاوڕێیانی گەرمیان و

هەندێ سەرکردە.. شەهید (وریا بیارەیی یەکیتی)...هەندێ جار پارتیش..ئەوە دەستپێکی ژیانی پێشمەرگایەتی نەک تەنها من بەڵکو سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەمان) بوو. ئەوەش دادوەری. ئای کە هەندێ جار وانەبوو،کاتێک بەتایبەتی بیرم لەو هاوڕێ فەرماندانە دەکردە کە لەترساندا ئێمە و جەماوەریان لە زگی گورگدا بەجێهێشت، ئەو فەرماندەهاوڕییانەی کە گیڤارای جادەی پانن و مشکی تەنگانەن، ئەوانە وێنەی شێرێک بوون لەسەر کاغەز و هیچی تر.

بەدەم ئەندیشەوە دەگەینە باخەکانی خاڵۆ بازیانی... ئەوە پەنجاو پێنج ڕۆژە بەڕیوەین و دەها کیلۆمەتری بێ ئامانجمان بڕیوە. دەها ئاو و کانیاو و کێومان دیوە..دەها دەوار و کیژۆڵەی جوان و خانمی وەفادار و خێزان میوانداری کردووین...سەرباری ئەوەش برست و بیر و هۆشمان کوردستانە.. هەوارمان هەڵدەدەین و لە ژێر ناسکە گەڵای دارەکاندا خۆمان دەدین بەزەویدا. دەبێ دیسان بۆ ناو قوڵایی زەنگەنە،ب ەرەو گەرمیان بپەڕینەوە، بەڵام پتر بە خاکەوە گرێدەدرێین...

---

**پەراوێز و ێنەکان**



گوندی عەسکەر

وێنەی خۆم و دایکم دوای حەوت ساڵ لەیەک بچڕان



## دابڕان، كۆمەڵێك قوربانی و كاروانی نێوان گوندە ئەنفالكراوەكانی گەرمیان و قەرەداغ..

وێنەی دەڤەری زەنگەنگە/گەرمیان لەكاتی ئەنفال مانگی چوار



١٩٨٨بەكامیرای مامۆستا قادر گیراوە..

ئەم یاداشتانە سوور و ناسۆراوین، تنۆك تنۆك وەك تەرزەی خوێناوی منداڵە فلیقاوەكانی ژێر پۆستاڵی سەربازە داگیركەران خوێنیان لێ دەچۆڕێ، بەشە وێنەی قوربانیەكانی گەرمیان، قەرەداغ، بازیان، شوان، قەلاسێوكە، دەشتی كۆیەن. دەزانم هەندێ لەو كەس و پێشمەرگە دێرینانەی كە بەشداربوون، خوێنەرانیش بەردەوام وەك بەشی زنجیرەیەكی دراما چاوەڕێی كۆتایی ئەم

ئەفسانەیەن، منیش لەوەلآمدا دەڵیم هەتا گەلی کورد ژێردەستە بێت و نیشتمانێکی سەربەخۆی خۆی نەبێت، ئەنفال، رەشە کوژی، فرمێسکی دایکان، تاوانی هەڵەبجە، قەلآدزی، هەکاری، ئاماد، سنە بەردەوام دەبێ..ئەمانە بەشێکن لە گەنجینەی کەسێتی هزری تاکی کورد. برینێکی کراوەن و هەردەم خوێنیان لێ دەتکێ.

مانگی نۆی ١٩٨٩ بوو(لەقەندیل)، برادەرێک وتی ئاسۆ مژدەم بەرێ نامەیەکت لەشارەوە لە لایەن باوکتەوە بۆ هاتووە. بەڵێ نامەیەکی چکۆلەی پێچراوە کە ڕێکخستنەکانی حزب لە ڕێگەی هاوڕێ (پەروینی مام فەتاح)ەوە گەیشتبووە دەستم، نامەکە لە ڕێکەوتی یەکی هەشتی ١٩٨٨ نووسرابوو.باوکم وای نوسیبوو: نازانم بڵێم کوڕی شیرینم یان جگەرگوشە پێشمەرگەکانم. ئەم نامەیەم تەنها بۆ تۆ نیە.. بۆ هەموو ئەو پێشمەرگانەیە کە خۆتان کردوەتە هاوڕێی خاک، هاوەڵی سێبەر و خەباتتان لە خۆتاندا هۆگرکردووە.. بروابکەن ڕوخسارتان دەبینم لە پشتی قەتپاڵەکانەوە، هەنگاوی خێرا و دەمێک هێمن هەڵدەێنن. بە هاوڕێکانت بڵی ئێمەش ئازادین. ڕاستە شار بە جانەوەری جاش و سوپای داگیرکەران تەنراوە، بەلآم ئێستاش نەیتوانیەوە سەرمان پێ نەوێنی. ڕوحم لەگەڵتانە..دایکت بەوە شانازی دەکا کە دایکی چەند کوڕە پێشمەرگەیەکە.نەک تەنها تۆ)
بەڵی! ئێستاش وشەی ئەو نامەیە لە خانەکانی مێشکم وەک چاوم پارستوە. هەروەک چۆن یاداشتەکانی داستان و ئازارەکانی ئەنفالم پاراستووە..من ئیدی لەوێوە زانیم کە لوتکەی هیوا چەند دووریش بێ بەلآم هەر دیارە...دەبێ کورد هەر سەرکەوێ..بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەبێ هەموو سنوورێکی برایەتی لەگەل نەتەوەی

سەردەستدا ببچڕێنی..هێندە ئەو وشانەی جێگەی خۆیان لە ناخمدا هەڵکۆڵیەوە.. هێندەی دی دڵم بە خاکی کوردستانەوە گرێدەدرا.. نامەکە زۆربەی پێشمەرگەکان خوێندیانەوە. لەوانە مامۆستا ئاوات..

**بۆ لانەی گەرمیان ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٧**

ئێمەی کوڕەکانی هەورامان و گەرمیان بەرەوە جێێ ژوان ناچین.. بەرەو لانەی ئەڤینی گوندەکانی گەرمیان و قەرەداغ دەچینەوە. دەمانەوێ بزانین ئاواییەکان دوای ئەنفال چۆن خوێنیان لێ دەتکێ.دەمەو ئێوارەیە..دوو دوو، ووریا ووریا..لە باخەکانی خاڵۆبازیانی و بە ئاواییەکانی ناوچەی (جەباری)دا ڕێ دەکەین. هەر گوندی ڕوخاو دەبینین..ناوی چی تۆمار بکەم..چێتر وایە بنوسم کە سەرتاپای خاک زۆرکاری (ئەرەب کردوویەتی خاپور)...هەندێ شوێن،وەک (کەریمی ئەلەکە) هەنووز دوکەڵی لی بەرزدەبێتەوە. هاوڕێ ئەحمەد بازۆکا دەڵێ : لەم گوندەدا بوو هاوڕێ (بڕوا)ی برای هاوڕێ پۆلا زیندانی لە بەهاری ١٩٨٧ دوای شەڕێکی قارەمانانە شەهید بوو..پایزی ١٩٨٦ بوو هاوڕێ (بڕوا)م ناسی. حەزی زۆر لە گۆرانی هەورامی بوو. لەبیرمە ئەو کۆپلە گۆرانییەی عەباسی کەمەندی دووبارە دەگووتەوە(کەوتوەتە بەینیمان گەلە حەو کەژ و حەو کۆ-مەگەر بای شەماڵ بگەینێ بەتۆ) دوایی دەرکەوت حەزی لە کچێکی گوندی (دێلێژە)ی قەرەداغ بوو. ناهەقیشی نەبوو لە گەرمیانەوە تا قەردەداغ دەها کۆ و هەردەی تێدابوو، لە کوێوە پێی بگا؟

لە ئاواییەکە دەردەچین. (ئەحمەد بازۆکە) و چەند برادەرێک دەچنە سەر یاڵێک بۆ چاودێری ڕێگەکەی نیوان شارۆچکەی قادر

کەرەم کەرکوک دەکەوینەوە ڕێگە. شەوێکی دی دنیا تاریک دەکاتەوە. لە چۆمی ڕۆخانە دەپەڕینەوە(چۆمی ڕۆخانە سەرەتاکەی لە دەربەند باسەڕەی قەرەداغ و دۆڵەکانی سەگرمەوە چۆمێ دەبێ).هەندێ پێشمەرگە شەکەتن، هەمووومان ماندووین. هەموو شتێکی ئەم خاکە ستەمی نەتەوەی زۆردار بێهێزی کردوە. تا بەرەبەیان ڕێگە دەکەین. زۆر جار بێ دەنگین..نەخێر زۆر جار وشەکان باڵیان دەشکا و نەیان دەتوانی لە گەرومانەوە بێنە دەر. بووبووینە ئەکتەری ناو زنجیرەی



شەهید بروا

ئەفسانەیەکی بێ کۆتایی.. خاک هەموو ئازای وەک جەستەی هەڵۆیەک شکا بوو.. هەندێ جاریش شەو خەمەکانی هەردوکمانی دەشاردەوە، تەنها سێبەری کاروانی یەکدیمان بەدوای یەکدا دەبینی. دەگەینە شیوێکی قوڵ.. تەنها ئاسمانمان لێ دیارە..بنەو بارگە هەڵدەدەین.. ژمارەی هەردەکان وەک کاروانی ئێمە کۆتایی پێ نایێ..بناری گل و گوندی(تازەشار) مان لێوە دیارن. نزیکەی سەد پێشمەرگە دەبین. مێرخاسترین پێشمەرگەی شەڕکەر.. دەبێ منەی خواردن بکەین..دی گوند و ئاوایی نەماوە.. مانگێکە گەرمیان چۆڵە.. هەندێ جار گوێمان لە سەگەوەڕە.. بەرەو (عەبدلا هۆرییەکان) دەکەوێنە جم. دەمەو ئێوارە دەگەینە ئاوایی عەبدلاهۆری خوارو، تەنێ دووماڵە. سەیربوو ئاژەڵ و مرو باڵندەکان لە ئاوایی بوون. ئەو دووسێ ماڵە لە غەزبی ئەنفالی عەرەب ڕزگاریان بووبوو..یان لە سەر نەخشەی سەربازی ناوی نەبوو..ئەحمەد بازۆکە وتی: ئەوە دەمێک نیە دروستکراوە..کۆبونەوە دەکەین کە هێزەکە دابەش بکرێت بە چوار تا پێنج بەشەوە بۆ ئەوەی زیانی زۆری پێ نەکەوێ..تا ٥/١٠ لە عەبدولا هۆرایەکان دەمێنینەوە.. لە بیرمە پێشمەرگەیەکی گەرمیان، کە بۆ یەکەمجاری بوو وا لە کەسوکاری ببچڕێ..زۆر غەمگین بوو..حەمە سۆفی* وتی: هاوڕییان ئێستا من کەمێ گاڵتەی لە گەڵ دەکەم تا دڵی هێوربێتەوە، دەمانویست لە دوو مانگا نزیک بینەوە، ئەوان هەڵدەهاتن..بۆ دۆشینیان (حەمە سۆفی) کراسێکی ژنانەی لەبەر کرد کەوتە دۆشینیان.. لێ ئەنفال وای کردبوو کە ئاژەڵەکانیش سڵیان لە دڕندەیی مرۆڤ دەکردەوە، بەتایبەتی مرۆڤی چەکدار. ئەو نواندنەی (حەمە سۆفی) وای کرد کە بتوانین دوای مانگێک کەمێک شیر بخۆێن. ئەو برادەر

گەرمیانیەش وای زانی دایکی هاتووە بۆ لای. خەریک بوو ئەگریا...هەموو هێزەکە بۆ شوێنێکی عاسی تر ڕێمان کرد.(عەبدولا هۆری) سەرو بوو.هێزەکە تا چەند رۆژێکی دی لەوێ مانەوە.نێوەڕۆیەک پاسەوانەکە بانگی ئەوەی دا کە جاش و سەرباز لە (بناری گل) و گوندی کانی قادرن..

کۆبونەوەیەک کرا کە دەبێ ئەم هێزە وا دەبەش بکرێ کە کەمترین زیانیبەر بکەوێ. بەرلەوە هەڵسانگاندنێکی شەڕی داستانەکەی تازەشارمان کرد کە بۆچێ ئەو زیانانەمان لێکەوت. دەمەو ئێوارە مەفرەزەیەک خرایە ڕێ بۆ بناری گل. تازەشاری چی؟ ئاسەواری گوندەکە هیچی نەمابوو. من لەوە تێنگەیشتم کەچۆن ئەو شەش کەسە رۆژی ٤/٧/ دەرچووین ١٩٨٨. سەردانێکی سەنگەرەکانمان کرد، لە بەرزایی پشت ئاواییەوە جامەدانەکەی (عەلی عەرەب) و چەند لاپەڕەیەکی دەفتەرەکەیم دۆزییەوە. پارچەی ڕادیۆکەی...ئەوەی کە هەموومانی پەشۆکاند پارچەیەکی کەللەسەر بوو کە هێشتا قژی پێوە دیاربوو...بەرەو گوندی (کانی قادر) کەوتینەڕێ..پڕبوو لە ئاژەڵ و مەڕو مالاتی بەلسە.ویستمان کەمێک زەردەلو کۆبکەینەوە، لەناو کۆمەڵێک لەوح و پارچەی تراکتۆردا پیرێژنێکمان بینی. یەکەم جار زۆر ترسا. یەکێک لە پێشمەرگەکانی ناسییەوە. بۆ ئاژەلەکان وەک دایکێکی لێهاتبوو. دەمێ پێدەکەنی و دەمێ دەگریا...یاخود زویر دەبوو...دیاربوو زەبری دەروونی ئەنفال تێکی دابوو..

ئەو هێزەی ئێمە لە (م ئاوات، کاوە، عومەر، دەرسیم،ئایار، شۆرش، سیامەند،رەنجدەر، سەرتیب، ئەکرەم، ڕێبوارە سوور ) و چەند پێشمەرگەیەکی گەرمیان، حەمە سۆفی، ئەبو زاهیر، خولە شوعی پێکهاتبوو. لە هەردەکانی عەبدولڵا هۆری سەرو کەوتینە ڕێ. بۆ

ئێمە گرنگ بوو ڕێگەکان شارەزابین. تا چەند رۆژێک لە پشت ئاواییمابینەوە.(سیروان)ی (مام عەلی هیدایەت)یشمان لەگەڵدا بوو، مێرمنداڵێک زیتەڵەو ئازا بوو..(عەبدولاهۆری)ی سەرو تەواو سووتابوو.. جاشەکان کەلوپەلی ماڵەکانیان لەو ناوە شیتاڵ کردبوو..تەنانەت ئاژەڵەکانیشیان کوشتبوو. چەند گوێدرێژیک لە بەر ئاوایی کە ئێمەیان دی هەڵهاتن.. تا نزیکەی حەفتەیەک لەوێندەرێ ماینەوە، بەلام بەردەوام خواردنمان دەشاردەوە و شوێنی دیکەمان دەدۆزییەوە. لە نێوان گوندی (کریم باسم) و عەبدولا هۆری سەرو)، حەمە سۆفی زۆر شارەزابوو، زۆر شانازی دەکرد کە چاوساغی دەکردین. چەند شوێنێکی نوێی لاپاڵ و کەنددڕمان دۆزییەوە.. بن تاوێرێک کە ناومان نا (تکتک)، کانییەکی چکۆلە کە تەنها تکەی دەهات، قابلەمەیەکمان بۆ ئاوگرتن خستبووە بەردەمی...دواجاریش بەرمیلێکی چکۆلە...هەر چەندە ژیانمان سەخت بوو، لە هەموو پێوەندییەک لەگەڵ شارەستانی بچڕابووین، بەڵام توانیمان هاوکاری و پێوەندی کۆمەڵایەتی خۆمان بەرز ڕابگرین...ڕۆژێکیان برادەرێک ناوساجی دەکرد، هاوڕی (حەمە سۆفی)یش زوو زوو لوشی دەکرد، تا هاوڕێکە پێی وت: حەمە گیان ئەرێ بەس نیە؟ حەمە سۆفیش: ئێ حەزم لێیەتی.. هاوڕێ سەرکەوت(دەرسیم)گوتی: دی ئێ خۆ ئێمە ڕقمان لێ نیە.ڕۆژی وا هەبوو چوار تا شەش کاتژمێر ڕێمان دەکرد. ئێمەش وەک هاوڕیانی گەرمیان بگرە باشتر شارەزا بووین. جاران کە دەکەوتینە ڕێ حەمە سۆفی یان (خولە شوعی) دەکەوتە پێش..جارێکیان بەرەو گوندی (تەکیە) دەچوین حەمە سۆفی لە دواوە خاوەخاوی بوو. وتی ئیدی من ئێکسپایەر بووم و ئێوە هەمووتان شارەزا.برادەرانی گەرمیان زۆربەیان پێشمەرگەی نوێ بوون.لە

رووی سەربازی و پارتیزانییەوە(کۆنەکانی لێ دەرچێت بۆ نموونە وەک ئەحمەد بازۆکا و عەلی ڕوسی و چەندێکی دی) ئەو شارەزاییەیان نەبوو. تەنانەت لە ڕوی خواردن دروستکردنیشەوە. ئێمە چونکە زۆر جار لە شارەزوور ژیانی خۆشاردنەوەمان چێشتبوو، تا ڕادەیەک ئەزمونمان هەبوو...

مەفرەزەیەک بۆ بەری ناوچەی قەرەداغ چێ کرا بۆ ئەوەی پێوەندی بە هاوڕێیانی قەرەداغەوە(هاوڕێ جەوهەر) ببەسترێتەوە. لەبەر ئەوەی ڕژیم کێومالّی دەکرد، ئەو بوارەیان بۆ نەڕەخسابوو.. لەولاشەوە چاوەڕیی ئەوەمان دەکرد کە مەفرەزەکەی شوان بگەرێنەوە بەدوامانداو دووبارە بپەڕێنەوە بۆ دەشتی کۆیە. هاوڕی (ئەبو عناد، مولازم ئەبو یسار وچیا) کە لە ناوچەی جەباری بوون، خالّی پێوەندی ئێمەو ئەوان بوون.حزبی شیوعی زۆربەی هێزەکەی لە ناوچەکان نە



کێشابووەوە.لە بناری سەنگاوەوە تا دەشتی هەولێر پارتیزانی هەبوو.یەکێتیش هەروەها..

پاش نیوەڕۆیک بەرەو گوندی (براهیم غولاّم) دەوکەوینە ڕێ. لە ناو دۆڵەکاندا جێپێی پیلاوی ژن، منداڵ و خەڵک لە ناو قوڕاوە وشکبووەکەدا.. هێشتا دیارە. هەروەها جل و پۆشاکی زۆر کەوتوە. دیارە لەوێوە بەشیک لە خەڵکەکە ڕای کردبوو. دوای بیست ساڵ کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ یەکێک لە ڕزگاربوانی ئەنفال کرد هەمان وێنەی باس کرد.. شلێری مام ساڵح کە مێردەکەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بێ سەروشوێنە گێڕایەوە کە: -

*"دەنگی فڕۆکەو تانکی بەعس زیاتر نزیک دەبووەوە ، خەڵکەکە بوو بە دوو بەشەوە ، بەشێک هێندە سەریان لێشێوابوو بڕیاریاندا تەسلیم ببنەوە، بەشەکەی تریش خۆڕزگارکردنیان هەڵبژارد، من و مێردەکەم، سەرکەوت، حەزمان کرد هەر چۆنێک بێت خۆمان ڕزگار بکەین، بەڵام فریا نەکەوتین و بەرەو گوندی (برایم غولاّم) کەوتینە ڕێ، زۆربەی شوێنە گرینگەکان  گیرابوون ..*

*سەرباری دژواری و بۆردومان ، خەڵک هەبوو تراکتۆریان ئەهێنا تاکو ژن و منداڵەکان ڕزگار بکەن، لەو ناوەدا لە نزیک گوندی ئیبراهیم غولاّم تراکتۆرێک هات و من و هەندرێن ی کوڕمی سوار کرد، من نەمدەویست، بەڵام سەرکەوتی مێردم وتی: خەمی منت نەبێ، لە دەرەوەی قادرکەرەم یەکتری دەبینینەوە. لەوێ لە سەرکەوتی مێردم بۆ یەکەم جار جیابوومەوە.*

*بۆ دوا جار پێم وت: شەهید بوونمان زۆر سەر بەرزترە تاکو بکەوینە دەست ئەو گورگانە. لەبەر زۆری ژمارەی سەرباز و جاش، خەڵکەکە تێکەڵ بووبوو .*

*لە دەرەوەی قادرکەرەم زۆر چاوەڕێی مێردەکەم کرد، بەڵام هەر نەهات، ناچار خۆم کردە قادرکەرەمەوە و لەوێ ماڵی خەزورم دۆزییەوە، ناو شار لە جاش جمەی دەهات. لەهەرکێم*

*دەپرسی کوا سەرکەوتی مێردم، ئەیانوت لە ئیبراهیم غولام دیومانە.*
*بەرێکەوت جاشەکانی ( رفعەت گلی)م بینی ، دەفتەرێکیان پێ بوو ناوی خەڵکێکی زۆری تیا نوسرابوو، پێم وتن توخوا بزانن ناوی مێردەکەی منی تیایە . وتیان ئێمە ناوێکی زۆرمان نووسیوە، کاتمان نییە سەیری بکەین، وەرە خۆت سەیری بکە. ناوی سەرکەوتی مێردمم دۆزیەوە، لێم پرسین لە کوێیە؟ وتیان: خەمت نەبێ کەمێ پرسیاری لێ دە کرێت و بەرەڵا دەکرێت.ئیتر لەوساوە سەرکەوتی مێردمم نەبینیەوە" "*
کە چاوم بەو دیمەنە کەوت لە کەندرەکان، دیسان ئاوازی بەجێم مەهێڵەی خەڵکی قولیجانەکان و قەرەداغ و پانتای شوان هێندەی بەرەو چارەنووسێکی نادیار ئێمەشی دەدا بە کۆڵیدا.. دوو وێنە ئەنفال،دوو خەم یەکانگیر دەبن...گێرانەوەکەی(شلێر ) و ژیانی نێو هەردەکانی گەرمیان..

**گەیشتنەوە بە هاوڕییانی قەرەداغ(شەهید جەوهەر )**
**کۆبونەوەکەی خورخور**
نازانم ئەم بەشەی یاداشتەکان ناو بنێم چی! داستان یان شایەتحاڵێکی دڕندەیی دەمارگیری عەرەب و کوردەخۆفرۆشەکان کە زۆربەیان دەسەڵاتداری ناو حزبەکانن، بە تایبەتی پارتی. نێزیک ناوەڕاستی مانگی شەش دەبینەوە. بەیانییەک لە گوندی (تەکیە) من و مامۆستا ئاوات، پاسەوان دەبین. لەپڕ چەکدارێکی ڕێش درێژ و سرک دەیەوێت لە گەڵ چەند دانەیەکی دیدا، خۆیان بە ئاواییدا بکەن. خۆمان دادەگرین بۆیان، زوو یەکتری دەناسینەوە. هاوڕێیانی قەرەداغ، هاوڕێ (جەوهەر) و ئەوان

دەبن. لەڕێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە ئەو کۆبونەوەیە سازکرابوو. جەوهەر: هاوڕێ (ئاوات و ئارام) خۆمانین. ئێژی نامانناسنەوە؟ چی بناسینەوە هاوڕێ! تەواو سەرو ریشیان کردبوویانی بە مرۆڤەکانی سەدەی ناوەڕاست.گوندی (تەکیە) و هەندێ گوندی دی  تەنوریان تیابوو. خەڵکی گەرمیان سەرباری دژواری ژینگەکەیان بەڵام خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەند بوون، بە قوڕ شوێنی چێشت و نان و دانیشتنیان دروست کردبوو. زۆربەی مالەکان سەکۆڵەیەکیان هەبوو. دەیمەنێک کە زۆر سەرنجی هەمووومانی ڕاکێشا.. جاشەکان و سوپا دەرگای گەورەکانیان داخستبوو بۆ ئەوەی  ئەوێ ببێتە شوێنی مردنیان. مریشکێک کە دەرگای کولانەکەی ڕوخابوو، بەسەر هێلکەکانەوە گیانی لەدەستدا بوو.ڕێ دەکەین حەمە سۆفی لە گوندی (حەسن پرچن) کانییەکی تیایە دەچین ئاو دەهێنن.کە چوینە وێندەرێ، شوێنی کانی دیار بوو. کانییەکەش ئەنفال کرابوو..

بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخ و هەڵسەنگاندنی، کەندری(خورخورە) لە بارترین جێگەبوو بۆ شاردنەوەی هێزەکە و بەستنی دانیشتنێک. خۆڕخۆڕ بە هەورای گوندی (حەسن پرچن) ناودەبرا. ناوەڕاستی مانگی شەشەو گەرمە.هێزەکەی بەتالیۆنی حەوت و گەرمیان کۆبونەوەیک دەکەین. چەند رۆژێک لەوێ دەمێنین، چەک و تفاقێکی زۆرمان بۆ بلاوکردنەوەی خستووە. شەوێک و سێیەم ڕۆژ، من و هاوڕێ (هەوراەمان. سەریاس) پاسەوان دەبین. تارمایەک خۆی نزیک دەکاتەوە دوو چەکدارە. وەڵام نادەنەوە. لێیان دێینە دەست، ڕادەکەن.. چەند رۆژێکی دوایی دەردەکەوێت کە ئەو دوو چەکدارە دوو پێشمەرگەی ئالأی شۆڕش

دەبن(ئارامە ڕیشە) و خۆشبەختانە سەلامەت دەبن. ئێمە خەمی ئەوەمان بوو کە چەکداری نهێنی ڕژێم بێن. ڕژێم هەموو جۆرە سیخورییەکی بەکار دەهێنا و تەنانەت خەڵکی ناوچەکەشی بەکاردەهێنا. جارێکیان پیرەژنێکی ناردبوو. لەو جارەوە ئیدی کێوماڵی دۆڵەکانی چڕتر کردبوو. لە دانیشتنەکە باسی ئەوە کرا کە هاوڕییانی شوان و مەفرەزەکەی جەباری چەند جارێک هەوڵیان داوە ڕێگەی بەستنەوە و ڕزگارکردنی ئێمە گرێبکەن. نێوەڕۆیە هێشتا لە (خوڕخوڕ)ین. نانی نیوەڕۆمان خواردوە.پاسەوانەکە: دەنگی کۆپتەر دێت.(حەمە سۆفی): هیچ نیە... لەبەر ئەوەی لە دەشت دەنگەکە وون دەبێ.نەخێر، کە دووربینمان بەرەوە گوندی(حسن پرچن) هەڵکێشا. بینرا کە ئاوایی پڕە لە جاش و قوات خاسە. ئیدی هاوڕییان دەشڵەژێن. بە پڕتاو بەرەو کەندڕەکانی خوارەوە دەکشێینەوە.هاوڕێ (قەمەر) لەوکاتەدا خۆی دەشوات. ناچار بەرووتی دەکەوێتە ڕێ..کە شوێنەکەمان ئاشکرا دەبێ ئیدی ڕژێم شێت و هار دەبێ. لە ڕێکخراوەکانی شاراوە دەنگوباس دێت کە فەرماندەی هێزەکە هێندە لە سەرۆک جاشەکان توڕەبوو کە بۆچی درۆی کردووە کە پێشمەرگە نەماوە...ئەو ڕۆژە بەرەوە گوندی(کریم باسام) لە نیوان هەردەکانیدا خۆمان حەشاردا...ئەمجارە کەمێ وریاترتر و لە هەمان کاتدا بزیو تر. هاوڕێ (جەوهەر) و مەفرەزەکەی دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ. هاوڕێ (شێخ سەعید) لە رێگەی ڕێکخستنەکانی شارەوە دەگاتەوە قەندیل.

## رووداوە دڵتەزێنەکان و
## شەهیدبوونی چەند هاوڕییەک

لەبناری بانی مۆردی قەرەداغ بە دیوی گەرمیاندا، لە نیوان مانگی پێنج و ناوەراستی شەشی ١٩٨٨مەفرەزەیەکی حزب کە پێکهاتبوو لە بایز سەید باقی، ڕەحیم ناسراو بە هەژار، ئەورەحمان ناسراو بە لالە و عطا حەمە ساڵح  ناسراو بە دڵشاد لەو دامێنە، لەلایەن چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتییەوە، کە پێوەندی بەڕژێمەوە دەکەن، وەک دیاری ئەو پۆلە پێشمەرگەیە و چەند پێشمەرگەیەکی دی شەهید دەکەن. هێندە دڕندانە شەهیدیان دەکەن کە کەورگەکەیان بەسەرد دەسوتێنن و لاشەکانیان دەشێوێنن. دەنگۆی ئەوەش هەیە کە تاوانباران ئەمڕۆ وەک پێشمەرگەی دێرین دانراون.

ڕژێم هەموو ریگەکانی دەگرتەبەر بۆ لەناودانی ئەو پێشمەرگانەی کە لەناوچەکەدا ماون و درێژە بەخەباتی خۆیان دەدەن. هەندێ جار سیخوڕی نهێنی زۆرجاریش ئەو پێشمەرگانەی ناچار دەکرد کە خۆیان داوە بەدەستەوە بۆ ئاشکراکردنی شوێنە نهێنیەکانی دەرەوەی شار. تاوانی کانی (تورکە نیزیک گوندی قادر ئەحمەد) و شەهیدکردنی چوار قارەمانی دی حزب،١- حەکیم کەریم سەرحد (چیا)٢- هاشم، (ئەبو یسار)٣- سەعد(ئەبو عناد)٤-ئەحمەد(سلام قەلامکائیل)، ئێوارەی ١٩٨٨/٧/١٨، یەکێکی دی لە تاوانە چەپەڵەکانی ئەو پێشمەرگانە بوو کە بووبوونە دڕندەترین سیخوڕ بۆ ڕزگارکردنی خۆیان...**کانی تورکە** کەنددڕێکی بەردەڵانی ناو هەردەکانی **سێپا** بوو. سێپا هەردێکی بڵند بوو



کە لە زۆربەی شوێنەکانەوە دەبنینرا. زۆر بەوە ناویان دەبرد کە شوێنی مەرگی ئەوکەسەیەکە شارەزا نیە. ناوەڕاستی مانگی هەشتە، مەفەرزەیەکی یەکێتی هەواڵمان بۆ دەنیرێت کە چەند پێشمەرگەیەکی ئێمە بەدەستی چەند پێشمەرەگەیەکی ئەوان شەهید بوون و لە نێویاندا هاوڕی مولازم سەعد کە خەڵکی بەسرا بوو بە برینداری وەک چەپکە گوڵی تاوان لەلایەن ئەو سیخوڕانەوە دەبرێتەوە.*لەدواییشدا دوای ڕاپەڕین زانرا کە ئەمنی سلێمانی لەکاتی ئەشکەنجەداندا پێیان گوتووە تۆ چۆن شەرواڵی کوردیت پۆشیوە و کورد وا خائینن؟ ئەها بزانە چۆن کوردەکان خیانەت لەعەرەب دەکەن*".. هاوڕی ئەبو یەسار، ئەبو عناد، چیا و سەلام دوا خاڵی پێوەندییان دروستکردبوو لەگەڵ هاوڕێیانی (شوان)دا بۆ پەڕینەوەی ئێمە بۆ دەشتی هەولێر..

ئەو ئێوارەیە ئێوارەیەکی زۆر ناخۆش بوو. ئەو هەواڵەمان لە نزیک حەشارگەیەکی گوندی(حسن پرچن) پێگەیشت. مەفرەزەیەکمان سەردانی تەرمەکانی کردبوو. تاوانباران هێندە بێ ویژدانانە ئەو قارەمانانەیان شەهیدکردبوو، کە دەموچاویان



شێواندبوون. مەفرەزەی دووەم بۆ ڕێکخستنی ناشتنیان سازدرا. ئەوەی لەبیرم بێت مەفرەزەکە لە (ئەحمەد بازۆکا، هەڵکەوت، ئەبو زاهێر، عومەر، ئایاری مەلاحەسن، سیروانی مام عەلی هدایەت)، چالاک زەنگەنە و چەند هاوڕییەکی دی پێکهاتبوو. بەرەو بناری (سێپا) ڕێدەکەین و لە نێوان ساتەکانی مەرگ و شەو و گەیشتن بە ئارامگەی ئەو هاوڕییانەدا تریفەی مانگ دوا ئاوازی خەمێکی گەورە دەهۆنێتەوە. لاشەکان بۆنیان کردبوو.کاتژمێرەکانیش نەیاندەویست ئەو تاوانە ببینن. هەندێکمان گۆڕ هەڵدەکەنین.. هەندێک پاسەوان...هەندێک لاشەکان دێنن...تەنها خۆمان و تریفە و هاوڕێیەتی مابوو.ماندوو...لەلایەکەوە ڕقمان لەو سیخوڕانە هێندەی دی ئەستوور تر دەبوو. تاوانی پشتئاشان و بەرچاومان دەگرێ..

دوای ئەوەی شەهیدەکان دەنێژین و ماڵئاوییان لێدەکەین، ماڵئاوایی چی؟ ئێمە خۆشمان لە جەمێ مردوی زیندو دەچوین بەلام مەرگ هەڵدەهات لە سەهەندەیی ئێمە و ژیان بەرەو پیرمان وزەی نەمری پێ دەبخشین. ڕیگا دەبڕین. هەواری خۆ شاردنەوەمان دیسان (کەوڕگی تکتکە)، ئامێزی نێوان گوندی (عەبدولڵهۆری و برایم و غولام تەکیە)یە. لە ئێوارەوە پێیەکانمان وەک ئامێریکی سەرمایەدارێکی چاوچنۆک هەنگاو دەنێن. ئاومان لێدەبڕێ.کانی لەو هەردە چۆڵەدا لە کوێندەرێ دەدۆزرێ؟ دوور نیە هەردی (سێپا) ئێمەش قوت نەدا...دۆڵەکان بەو مانگە تابانە وەک یەک دەچوون.. دەتووت ڕێگەکان یەک نیگارکێش نەخشاندوونی بۆ ئەوەی کەس دڵی (سێپا دانەچڵەکێنی).کە کەس ئاوی کانی توڕکە وەک ئەو ڕەوە گورگە کە هاوڕێیانی ئێمەیان شەهیدکرد دیسان گڵاو نەکا. جارێک خل دەبینەوە، دەمێکی دی

خەو بە ئاوی سازگاری چاوگەی زەڵم و کانی دالآنی لە لوتەکی هەورامان دەمانباتەوە. گوێم لە ویقەی بۆقە. هاوڕییان بێ دەنگ. ئاوم دۆزییەوە. هاوڕێیان بێ دەنگ بوون. ئەحمەد بازۆکە: هاوڕێ کوا ئاو؟.وتم: تۆ گوێ لە بۆقان گرە، جا دەزانی ئاو هەیە یان نا. بەڵی! دەنگی بۆقەکان وەک سێفمۆنیایەکی ئارامەکەرەوە هەموومانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. وشەی هەبوونی ئاو وەک تەزوییەکی بەختەوەری زاڵبوو بوو بەسەر مەرگدا. (سێپا) ئێمەی ناسییەوە، هاوڕێ (سیروانی مام عەلی) هێندەی تینوو دەبێ دەم دەخاتە ناو ئاوەکەوە. زالوییەک بەزمانییەوە دەنووسێ. ئەو مێرمنداڵە زیتەڵەیە تا نیو کاتژمێر بەدەم ئازارەوە دەتلێتەوە. بەجگەرەیەک برادەرێک زالوکە دەسوتێنی..

تا بەرەبەیان ڕێ دەکەین. لە ئێوارەوە بەرێوەین و هێشتا ناگەین. ئامانجمان حەشارگەکەی پشت (برایم غولامە). پێیەکانی هاوڕێ(هەڵکەوت) دەئاوسێن، لێ ئەو هاوڕێیە ئەوە دووەم جار بوو شانزە کاتژمێر بێ وچان ئەو ڕێگەیە بکات. بێ ئەویش مەحاڵ بوو شوێنی تاوانەکە بدۆزینەوە. ئەو سی و دوو کاتژمێر ڕێی کردبوو. دنیا ڕوون دەبێتەوە. لە کەندرێکدا دەکەوین بەسەر مەفرەزەیەکی یەکێتیدا پاسەوانەکەیان کە ئێمە دەبینێ فریای هەڵهاتن ناکەوێ، دەیگێڕنەوە، ئەوانی تر ڕاکشاون. وا دەزانن جاشین، بەلام زوو ئاشنا دەبین. هەر هێندەی خۆش بوو فەرماندەکەیان لێی پرسین لە کوێوە.هاوڕێ (جمال) بە تورەیی قوربانیی تاوانێکی دی ئێوەمان بە خاک سپارد، کە (هێمن)ە ڕەش ناوێکی ئێوە وەک چەپکە گوڵی تاوان.. ترسنۆکانە شەهیدکردوون. هەموومان زۆر تورەبووین. لەپڕ یەکێ لە قوربانیەکان خزمی

یەکی لەو پێشمەرگانە دەرچوو. زۆری پێ ناخۆش بوو. ئەوان هێۆرمان دەکەنەوە. پێیان دەڵێین ئێمە فەرهەنگی تۆڵەکردنەوە فێرنەبووین. ئێمە ئەوانمان بە ویژدانێکی مرۆڤانەوە بەجێهێشت. ئەوانیش وەک ئێمە بێ ئاگا لە تاوانی مرۆڤی دڕندە... لەوێ نزیکەی سێ کاتژمێر دوور کەوتینەوە. لە کەندڕێک تا ئێوارێ دەمێنینەوە. بەرەو گوندی(تەکیە) دەچین. لە نزیک کانی و داربیەکان دەنگ دێت، دوو پێشمەرگەی یەکێتی پسکە پسکیانە، بێ ئەوەی هەستمان پێبکەن ئەوانیش بەجی دەهێڵین. هەستی وریاییمان وەک ڕادارێک چالاک بووبوو..

**ئێوارەی دوایی و دابڕانی هێجگاری و..**

ئەنفالی لم و خۆڵی بیابان ئاسمانی تەنی بوو، مرۆڤ چەند دڕندەیە، بەتایبەتی کاتێ تەنگی پێدەچنرێ و ناچار دەکرێ، هێندەی دی خۆپەرست دەبێ. سپی بێ یان ڕەش. هێمن بێ یا



لەڕاستەوە: کامەران عەلەڕەش، هیوا رەش، شەهید شیروان. شەهید ماجد خەلیفە. بناری هەورامان. ١٩٨٤ باشووری کوردستان.

میهرەبان، وەک (هێمن)ە ڕەشەکەی کانی تورکەی( سێپا) چەند مرۆڤێک بۆ رزگارکردنی خۆی دەکوژێ و دەیانکاتە دیاری لێبوردنی مرۆڤکۆژێکی وەک سەددام، دەبێتەوە بە ئاژەڵە دڕندەکەی پێش هەزاران ساڵ کە بۆ ژەمێ، بەبەرد و دار سەری هاومرۆڤی خۆی پاندەکردەوە. لێرەشدا دیسان پێشمەرگەی شیوعی ئاسانترین نێچربوون.

مامۆستا قادر لە شانی حەشارگەی (تکتک) هەمووومان کۆدەکاتەوە، جارناجارێکیش بێ سیمەکە دەکاتەوە، هێندەی دی جنێو بەو فەرماندانە دەدا کە خۆیان لە ئیمە دزییەوە. تاوێکی دی هێدی دەبێتەوە دەڵی: هاوڕێیان ئیدی دابڕاوین، نائومێدی ڕوخساری هەمووومان دادەگرێ. دەبێ کۆمەڵێکمان بە یەکجاری بەرەو شار بچینەوە. ئەو کۆمەڵە، منیشی تیام. لەو کاتەدا بیرم لە دەفتەرەکەم دەکردەوە، لە کوێ داینێم؟ ئەوە مێژووی شار و کۆمەڵێ گوندی تیایە، گیانی چەند هاوڕییەکی بەنەمری تێدا تۆمار کراوە. هاوڕێ(ڕێگا و شۆڕش) و چەندی دی. بۆ کۆێ بچین؟ خۆم تازە تیاچووم، ئەدی ئەگەر پێم بزانن دایک و باوک و خوشک و براکانم ئەنفال دەکەن. ئەو شەوە تا ڕوناک بێداری نەیهێشت بخەوم. بەیانی بریارم دا. دەفتەرەکەم و هەموو یادگارییەکان بشارمە. باش لە ناو شووشەیەکدا لە ژێر کەورگێکی نزیکدا شاردمەوە. ئیدی بڕیاری حزبە. دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە هاوڕێ (شێروان) شەهیدبووە...(کەسی سێیەم لەوێنەکەدا لە ڕاستەوە ئەوە)..

ئێوارەی پاش، دەبێ بۆ قۆپی قەرەداغ بکەوینە ڕێ، چەمی مامران باشترین ڕێگەیە، دە کەسین. مامۆستا قادریشمان لەگەڵە. م ئاوات و هاوڕییانی دی ئەملا وئەولامان ماچ دەکەن. ڕێگا، لە

پاقلاواخانەیەک نەتگرن!(هاوڕێ ڕێگای عەلی حاجی سمایل) زۆر حەزی لە خواردن بوو. هاوڕێیان هەردەم شۆخیان لەگەڵ دەکرد. هاوڕی قەمەر تۆش ئەگەر بگیرێیت لە ناو مەزاتخانەکەدا دەگیرێیت. منیش لەبەر سەهەندەیی و لاری... ئیدی کاری ئەکتەرەکان وەک فلیمێکی سینەمایی دابەش کرابوو. هاوڕێ شۆڕش: من وەک عەبەشەکەنە خۆم شێت دەکەم و بەدەرپێیەکی سەرخەرمانەوە ڕوودەکەمە کەرکوک...وام دەزانی جەرگم دەبڕن کە دەفتەرەکم شاردەوە، لە هەمان کاتیشدا کۆپیەکی دی بچکۆلانەم پێی بوو.لەناو پشتوێنەکەمدا دەمپاراست.

بڕیارە بکەوینە ڕێ، پاسەوانەکە هاوار دەکا، هاوڕێیان کێوماڵە، دەشت و هەردەکان و بناری گل و تا ئاوباریک جمەی دێ لە سەرباز و جاش! چوون بۆ قەرەداغ و سلیمانی جارێ دوا خرا.کە ئەوەم بیست، یەکسەر دەفتەرەکم لە ژێر خاک دەرهێنایەوە. با حزب هەر بڵی.حزب کێیە؟ مەگەر خۆمان نین؟ (ئەبو زاهیر) بۆنی تەرمە گەنیوەکانی هاوڕێکانی کانی توڕکە گەدەی تێکداوە و دەڕشێتەوە. هاوڕێیان ناتوانم ڕێ بکەم، بڕۆن من بەجێبهێڵن، یان بمکوژن، کوشتنی چی؟یەکسەر بیرم بۆ لای ئەو (بەرگریەی ناوچەی داوێ) دەچێ کە تووشی ڕیخۆلە کویرە دەبێ و لە بێ پزیشکیدا گیان لە دەست دەدا. من و هاوڕێیەک لەلای دەمێنیەنەوە. وردە وردە بەرەو چەمەکەی سەر ئاوەسپی دەکەوینە جوڵە و ڕایدەکێشین. لە زەلکاویدا دەموچاوی دەشۆین. ئەبوو زاهیر کەمێ بە هۆش خۆی دێتەوە.هاوڕێیانی دیش ووردە ووردە بە جێمان ناهێڵن. چاویان لێمانە، دەمەوێ ئیوارە لەسەرو گوندی بنکەوە، دەمێنیەوە. وا چوار مانگە زێدەتر ڕێگا دەبڕین و

هێشتا پەراوێزین.هەندێ جار دوو دوو و سێ سێ بۆ ماوەی دە ڕۆژ یەکدیمان نەدەبینی. لە ئاودڕێکدا ژیانمان دەبردەسەر. هێندە لاواز بوو بووم برواناکەم ئەگەر دایکم منی دیتبا، بیزانیابە (ئاسۆ)کەی خۆیەتی...

**چالاکی ڕیکخستنەکانی حزب**

هاوڕێیانی ناوشار زۆر چالاک بوون سەرباری مەترسی و دڕندەیی ڕژێمی داگیرکەر، چەند جارێک جل و بەرگ و پێلاو و جگەرەیان بۆ هێناین. تەنانەت گۆشتی ناو قوتو و پەنیریش..کە بە ئەمەک و دڵسۆز بوون.چەند جارێکشی قوربانیان لە پێناوی ئێمەد دا..

**شەهیدبوونی حەمە سوور و هاوڕێیانی جەباری**

من تەنها ناوی هاوڕێ (حەمەسوور)م تۆمار کرد، چونکە ناوی ئەوانی دیم نەدەزانی. ڕوخساری حەمەشم نایەتەوە یاد، بەڵام ئەوەندەم تۆمارکردوە کە هاوڕێیانی ناوشار هەواڵیان هێنا کە جاشەکانی تەحسین شاوەیس، هاوڕێ حەمە سوور و سێ هاوڕێی دییان لە نیوان هەردەکانی (عزیزقادر و بنەکە)دا شەهیدکرد و لە بری ئەو تاوانە پاداشتێکی باشیشیان لە لەڕژێم وەرگرتبوو.باوکی حەمەسوور بەنهێنیەوە بۆ سەردانی ئارامگەی کوڕەکەی چوو و سەردانی شوێنی تاوانەکەشی کرد..

## شەهیدبوونی هاوڕییانی جەباری
## بەدەستی چەکدارە بەعسیەکانی پارتی

ئیوارەی نۆ لەسەر دەی مانگی پێنجی ۱۹۸۸، خەماوی وەک دڵی گوندە سووتاوەکانی ناوچەی جەباری، کۆمەڵێک پێشمەرگەی لقی جەباری و شوانی حزبی شیوعی لە چەمێکدا  نیزیک گوندی (تەیمەز ئاوا)دوو پێشمەرگەی لقی جەباری کە پێکهاتبوون لە (شەهیدان قاسم و ملازم فازل، لەگەل دوو پێشمەرگەی لقی شوان، هەڵمەت و هاورێ کاوە شوشە (کەدواترهەڵمەتیش بە هۆی سەختی برینەکەیەوە شەهید دەبێ، هاوڕێ کاوە شوشە بریندار دەبێ)، ڕادەسپێرن بۆ ئەوەی برۆن سۆراخی باری ئەمنی ئەو جێگایە بکەن کە بڕیار بوو پێشمەرگەکانی هەردوو لق برۆن بۆی. کاتێ ئەو ٤ هاورێیە دەکەونە رێ، لە نزیک گوندی تەیمەزاوا ئەو چەکدارانەی پارتی دەبینن و لەگەلیان ڕادەوەستن و قسەیان لەگەل دەکەن بەو پێیەی کە ئەوانیش پێشمەرگەن، بەڵام نازانن کە ئەم  بەعسیە پارتیانە پەیوەندییان بە جاشەکانەوە کردوەو جاشیان لەگەل خۆیاندا هێناوەو لە بۆسەدا حاشاریانداون بۆ شەهید کردنیان (بەداخەوە پارتیەکان دەیانزانی هاورێیان لەو نزیکەن چونکە شەوی پێشو هاورێیان بەلای پارتییەکاندا تێپەربوبون و قسەیان لەگەل کردبوون) کاتێ ئەو چوار هاورێیە لەگە ل ئەو چەکدارە پارتیانە لە دەمەتەقێ دەبن، لەپرێکدا ئەو جاشانەی کە خۆیان بۆ مەڵاس دابوو دەستریژیان لێدەکەن و هەرلەوێ هاورێ قاسم و هاورێ هەڵمەت شەهید دەبن و هاورێیان ملازم فازل و کاوەشوشە بریندار دەبن و هەوڵ دەدەن لە و شوێنە دووربکەونەوە. دواتر هاورێیان دەگەنە شوێنەکەو دەبینن هەردو هاورێ قاسم و هەڵمەت شەهید بوونە. هەرلەوێ بەخاکیان دەسپێرن و دەچن بۆجێگای مەبەست.

بۆرۆژی دواتر جاشەکان دێنەوە و هەردو تەرمەکە دەردەکەن و تەرمی هاورێ (ملازم فازلی)ش کە بە برینداری شەهید بووبوو دەدۆزنەوەو وەک دیارییەک بۆ رژێمەکەی سەددام، دەیانبەن بۆ چەمچەمال.

هەڤاڵ تەحسین شاوەیس کە دوای ئەنفالیش پارتییەکی بە ئەمەک دەبێ، لە تاوانکردندا بەرامبەر کەسانی نیشتمانپەروەر لە راوکردن ناوەستێ. چەند رۆژێک دوای ئەو تاوانە قێزەوونە، لە قوڵایی گەرمیاندا، بە هێزێکی گەورەوە، دەدەن بەسەر هاوڕێ سۆران و رێبوار(خەڵکی کفری)، حەمە سوور(خەڵکی گوندی حەیدەرە سوور) و هاوڕێ سەلام عەرەب(خەڵکی بەعقوبە) و شەهیدیان دەکەن. دواجار بۆ پاداشتی سیخوڕی تەرمەکانیشیان ڕادەستی جەلادەکانی بەغدا دەکەنەوە. چوار کوڕی لاوی پێشمەرگەی دی شیوعی،چاو لە هیوا، لە ژیان دەکوژێننەوە.

عماد مام عەلی هیدایەت"{هاورێ ئاسو هە ورامي بە ريز دە ست و پەنجەکانت نە وەرێ هاوري قاسم و هە لمە ت شەهید دەبن هاوري فازل تا بە رە بيان دە ميني لە نەزيفي شەهید دە بي بە خوين دەنوسي هاوريان من مابوم کويم لە دەنگتان بوو بە لام وامزاني جاشەکانن بۆ زانين، کاک تحسين ئيستا موقدەمي تەواري بارتي ديموکراتە لە کرکوک".

---

تیبینی: تەماشای بەشی بەڵگەنامەکان بکە.

سوپاسی ئەم ئەم هاوڕییانە دەکەم کە لە تۆمار کردنی ئەم تاوانە هاوکارییان کردم.

- تێبینی وێنەکان یەکەم و سێیەم: زەنگەنە/گەرمیان بەکامیرای مامۆستا قادر گیراوان..ناوەڕاستی مانگی چوار ١٩٨٨
- **سوپاس بۆ مەهاباد خان کە وێنەی مولازم سەعدی بۆ ناردم. هەروەها سوپاس بۆ عەلی زەنگەنە کە ناوی شەهیدەکانی بەتەواوەتی بۆ ناردم.**
- 
- **هاوڕێ ڕزگاری شوانی، کە بە ووردی ڕووداوەکەی بۆ ناردم**
- **عماد مام عەلی هیدایەت،**

بەڵگەنامەی ئەو پارتییە بەعسیانەی کە ئەو تاوانەیان ئەنجام دا، لە دەزگای سیخوری بەعس لەکەرکوک.

## کاروانی گەڕانەوە بۆ قۆپییەکان و لەوێشەوە بۆ کێوەکانی هەورامان

ناهەقم نەبوو، نەک هەر من بەڵکو هاوڕیانیش لە ژماردنی کاتژمیرەکان بێزار بین...ڕۆژی وا هەبوو لە ناو کۆمەڵێک ژاڵەدا لەبەر خۆر تا شێوێ خۆمان مات دەکرد. لە ڕۆژەکانیش قەڵس بووین. شەو ڕۆژمان لە دڵی نەرمی زەنگەنەدا بەڕێ دەکرد. ئیدی کەوتمە بژاردنی مانگەکان، لە(دوانزەی سێی ١٩٨٨)ەوە بەتالیۆنی حەوتی هەورامان بەڕێوەیە، لە ناوجەرگەی کێوماڵی قوات خاسە وسەدەها جاشی وەک قالەفەرج و تەحسین شاوەیس، هەردەکانمان کردوەتە هاوڕێ و بەوپەڕی سەربەزییەوە پارێزگاری هێزەکەشمان کردوە. زۆر جار کە ئاژەڵێکمان دەگرت و دەمانویست گوشتەکەی بخوێن، بەرێکەوت سوپا هەڵمەتی دەست پێ دەکرد. تا ڕۆژێکیان (هاوڕێ قەمەر) وتی دیارە بۆنی گوشتەکەیە هاوڕێیان وایان لێدەکات کێوماڵ بکەن. ئیدی ئەوە خشتەمان بوو.گەرمای هاوین و ڕۆیشتنی هەرداو هەرد..ڕێگەمان دەبڕی...

ئێوارەیەک گەرم...گەرم وەک ئەو دۆزەخەی کە لە سورەتی ئەنفالدا نووسراوە...لە هاوڕێیانی شارەوە هەواڵ هات کە هاوڕێیانی جەباریش شەهید بوون. شەهیدبوونەکەیان هەمان تاوانی هاوڕێیانی سێپا دڵشاد.. بەلام بەدەستی کۆمەڵێک مرۆڤکوژی دی. ئیدی هێندەی دی ئومیدی پەرێنەوە بۆ بەری شوان لە گەڵ پسانی چرپەی ئەو هاوڕیانەدا بڕا. ئای کە تراژیدیایە دیتنی لوتکەی هیوا نەمینێ..

هەندێ هاوڕێ دەیانگوت: ئەی بۆ بەرەو قەرەداغ نەچینەوە؟ لەوێشەوە بۆ هەورامان. ئێستە بەرەکانی شەڕ بێدەنگ بوونە بیرۆکەیەک، هیوای دەربازبوونی نزیک کردەوە. سەیرە کە دۆندی هێوا کەوتە دەر، بێئومێدی دەبێتە دوڵێکی بناری شاخ. بەرێوەین بۆ گوندی (بەکرە گەڕە)دنیا وەک چاوی منداڵێکی ئەنفال بۆ ژیان دەروانێ. تیشکی خۆریش پێش شەو دوا گزنگی ئاواتی خۆی دەنێری، لە دوورەوە سێ چەکدار دەبینین. ئێمە لەوان زۆرتر دادەمەزرێین، تا لە لولەی قەرەوڵی چەکەکانەوە جەستەیان جێگر دەکەین. کێ دەزانێ ڕەنگە جاش بن. نا هاورێیان جاش هێندە ئازانین بەو شیوەیە هەنگاو بنێن..کە نزیک دەبنەوە پێکەوە یەک دەنگ هاوار دەکەین. ئێوە کێن؟ ئەوانیش دەزانن، کە ئێمەش جاش نین. ئێمە یەکێتین، ئێمەش دەڵێین هاوڕێیانین. فەرماندەکەیان (سەیدکاکە، شیخ کەریم) هەواڵی مامۆستا (عەلی زەنگە) دەپرسێ.گوایە هاوڕێ جەوهەر بەبێ سیم هەواڵی ئێمەی لێپرسیوە. لە خوامان دەویست ئەو هەواڵە خۆشە بزانین. ئەو ئێوارەیە ئەو سێ پێشمەرگە یەکێتیە بوونە ئەو پۆلە فریشتەیە کە دەنگۆی هاوڕێیانی قەرەداغیان دوای مانگێ بێ هەواڵی، پێ وتین...ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەوان بەئێمە و ئیمە بەوان...

## لەبەر ئەوەی کورد و پێشمەرگەی شیوعیش بوو تەرمەکەشیان بەناو شاری (کفری)دا بەدوای پیکابێکی قوات خاسەوە ڕاکێشا

**ڕێ بەرەو ( قەرەداغ)ی شەمم دەگرینەوە**

لێرەو لەوێ هەواڵی ئەوە دەهات کە سوپا و جاشەکان کێوماڵی ناو هەردەکان چڕتر دەکەنەوە، ئێمەش خەریکی ئەوەین کە ئیدی بەرەو ناوچەی قەرەداغ بکەوینە ڕێ. لەم ڕۆژانەدا هاوڕێ (چالاک)ی ناوچەی جەباری و شوان، دوای بیست و چوارساڵ لێکدابڕان، ئێوارەیەکی درەنگ وەخت، وەک ئەو ئیوارەیەی کە تەرمی هاوڕێیانی کانی تورکەمان پێکەوە ناشت، هەواڵی چۆنیەتی تیاچوونی کۆمەڵێ هاوڕێی دی، دوو کادیری ناوچەی گەرمیانی پێڕاگەیاندم. یەکێک لەو هاوڕێیانە، مامۆستا ئەنوەر و کەریم..مامۆستا(کەریم)م یەکەم جار لە گوندی (کەریم باسام)ی زەنگەنە شەوی١٩٨٨/٤/٨ دوای شەڕی تازەشار بینی.. هەردوو هاوڕێ هاتوچۆی شار دەکەن. شەوێکیان مانگەشەو هاوبیریان نابێت و لە ژێر تریفەیدا لە قەراغ ئۆردوگای زۆرە ملێی( سموود) نیزیک ناحیەی جەبارە لە کێڵگەکەی شێخ عەتا تاڵەبانی* ئاشکرا دەبن و دەکەونە کەمینی مۆڵگەکانەوە.. هەردووکیان شەهید دەبن. هاوڕێیەکی دی، هاورێ شێروانە، یەکەم جار لە گوندی عزیز قادر ئەو مرۆڤەم بینی..هەندێ کەس دەیانووت ئێوە بران. هەردووکمان قژلول و هەمان سەرو باڵاو سیما. هاوڕێ شێروان بەپێی هاوڕێ چالاک، لە ناوچەی زەنگابادا دەکەوێتە ناو بۆسەی

جاشـە تەوارییەکـانەوە و شـەهید دەکـرێ. جاشـەکان هەر بەوەش وازی لـێ نـاهێنن، تەرمەکەی دەکەنە دیـاری بـۆ بەعسـیەکان و ئەوانیش بە ناو شاری کفریدا بە شوێن پیکابێکی قـوات خاسـەوە ئـاهەنگی سـەرکەوتنی پـێ دەکەن.. بـراکەی هـاوڕێ شیروان کە لە شارەوانی دوز کاردەکات ناوێرێ بڵـێ ئەوە تەرمـی بـراکەی منە. دواتـر بە هەوڵـی شـیخ عەتـای تاڵەبـانی* لەڕێـگەی شـارەوانیەوە دەنێـژرێ. هـاوڕێ (هەردی ڕۆسـتەم)یش هەمـان کۆمێنتـاری لە مالپەڕی دەنگی سەربەخۆ بۆ نوسیم..



بە یەکجـاری دەکەوینە ڕێ بۆ قەرەداغی شـەمم.. ئێمە ڕێ بەرنادەین. لە نێـوان دەهـا کێومـــــاڵی سوپا و جاش و فـرۆکەدا هـەردەکانی گەرمیـان دەبـڕین. لەدوورەوە لـوتەکەی قۆپیەکـانی قەرەداغ وەک پۆسـتاکارتێکی خەمـاوی سـەرەتاتکێی ئەوەیەتـی کە هـا کەی ئاسکە سرکەکانی هەورامان و گەرمیان و هەڵەبجە بەرەو باوەشی بەپڕتاو بێنەوە. لە(تکک) کوبـۆنەوەیەک دەکەیـن کە هێزیـک بەرەو قەرەداغ چـێ بکرێـت و بانگێشـتی مەفرەزەکانی ناوچەی خۆرنەوەزان و شوێنەکانی دیش بکرێ کە

خۆیان بۆ بەرەو قەرەداغ سازبدەن. دەبێ هەر هیچ نەبێ خواردن و نانی سێ ڕۆژ ئامادە بکرێت..

## خۆشاردنەوەکەی نێوان گوندی فەقێ موستەفا و چەمی مامران

ئێمە دەکەوینە ڕێ... کۆتایی مانگی هەشتە..گەرمای هاوین هێندەی لێداوین کە لەشمان تەواو لەگەڵ تیشکەکانی خۆردا خۆی گونجاندوە و بووەتە بەشێکی.. .دوای نیوەڕۆ کاروانی ڕێکردن دەستی پێکردەوە ، دەمەو ئێوارە دەگەینە گوندی (فەقێ موستەفا)...



زەنگەنە گوندی فەقێ موستەفا..شوێنەکانی خۆشاردنەوە.1988

پۆلە کۆترێک بەسەر ئاواییدا هەڵدەفڕن ،ئاوایی دووکەڵی لێ هەڵدەستا. دیار بوو سوپا تازە کشابووەوە. دوو کۆتر لەوانی دی شپرزەتر، زوو زوو خۆیان لە کەلاوەیەک کە ئاگری گرتبوو نزیک

دەکـردەو، بەڵام وێریـان نەدەکـرد بنیشـنەوە.دواجار دەرکەوت کە ئەوانـیش بێچوەکانیـان وەک دەهـا منـداڵی بـێ تـاوان، ئەنفـال سـووتاندبوونی. ئێمە لەو ئاوایيە نەمـاینەوە، مـن و مامۆسـتا قـادر، عەلی زەنگەنە، ئەبو نەورۆز بەرەو شـوینێکی بەرزایـی کەوتینە ڕێ تاکو پێوەنـدی بە هـاوڕێ (جەوهەر)ەوە بکەیـن کەوا بەڕێوەین بـۆ قەرەداغ. نـابێ جێپێشـمان بمێنـێ، ئەو ڕێـگەیە تانکەکـانی ڕژێـم هــەموویانی کێڵابــوو، ئەوەی لە دواوە دەڕۆیشــت بە دەوەنێــک ئاسەوارەکەی دەسڕییەوە. بێسیم دەنگی نەبوو، مامۆستا (قـادر) لە تـاودا وەک منـداڵێک لە بێسـمیکە ئەپـاڕایەوە. هـاواری دەکـرد کە بـۆچی وەڵام نـاداتەوە، ناهــەقی نەبـوو. ئەو ئـامێرە ڕوسـیە وەک سەرکردەی شیوعیەکانی سۆڤیەت بەرامبەر تاوان و ئەنفالکردنی کورد بە چەکی ئەوان، نە گیانی مابوو نەدەنگ، مامۆستا (عەلـی) زەنگەنە لەبەر ئەوەی ئاشکرا نەبین، ئەویش تـوڕە دەبێ. جا کێ لە کاتی وادا توڕە نابێ. شوێنەکەمان لە شاخی ئاشداخەوە دیاربوو. بێسیم سویندی خواردبوو کە وەڵام نەداتەوە، ئیدی بەرەو شـوێنی مەفــرەزەکەی دی بــۆ خۆحەشــاردان کەوتیــنە مــنە و گەڕان... شوێنێکی لەبارمان چنگ نەکەوت بمێنینەوە، دیسان بەیانیەو لە ناو دۆڵیکی کراوەی پڕ ژاڵە و هەندێ قامیشدا خۆمان مت کـردوە. بە دەنگی گوللە هاوەن و ڕەشاش بەیانیباشـمان کـردەوە، هـەموومان پاسـەوانین و پشـتمان لەیەکە و چاومـان لە داگیـرکەران. مامۆسـتا (قــادر): کــوڕینە بەرەو ئێــرە هــاتن! خێــرا بــۆ دۆڵەکەی ئەو دیو.هەندێکمان بۆ ئەشکەوتەکەی بەرامبەر و ئەوانی دیشمان بـۆ کەنـدڕێکی دی. دەمەو چێشـتەنگاوە، هاوڕێیـان دیسـان بـۆ شـوێنی یەکەم، دەچیـنەوە نـاو ژاڵەکـان. مـن لەوسـاوە گـوڵە ژاڵەم خـۆش دەوێ، ئـێمەی لە بەر سـیبەری گوڵەکانیـدا پاراسـت. نیـوەڕۆیە و

کۆپتەر دێت و دەڕوات..گەرمەو بێوچانیش هەردەکان کوێرانە بۆردومان دەکرێن.. لە هەموو لاوە کێومالْ نزیک دەبێتەوە. مامۆستا قادر: کوڕینە دەست نەپارێزن! هەموو ئامادەی شەڕی دەبین، تفەنگ لەسەر پێیە، هەریەکەش گوللەیەک دەهێڵێتەوە بۆ خۆی. نەک دوژمن بەبرینداری بمانگریێ. ئێمە کۆمەلێ نێچیر ئەوانیش دڕندەی تێر، ئێمە ژیانمان چەند خولەکێ یان چرکەیەکی دەمێنێ و ئەوان بۆ ئێمە دەگەڕێن. ئەو پیکابە جاشەی کەخەریکە لە کەنددڕەکەی ئێمە نیزیک دەبێتەوە.. لەبەر هۆیەک درێژە بە هاتن نادات. ئێمە هەر ئامادەین و بروا ناکەین، پێمان وایە دوژمن تاکتیک دەکات تا خۆمان دەربخەین. نزیکەی چواری پاش نیوەڕۆ بوو، لەپر گرمەیەک هات، من و هاوڕێیەک پێمان وابوو ئاربیجیان پێوە ناین، تەپوتۆزێکی زۆر لەو شوێنەی مامۆستا قادرەوە هەڵسا. یەکێکمان بە سنگەخشکێ چووین. نەخێر کەورگەکە لە گەرمادا ڕووخا. مامۆستا قادر: هیچ نەبوو..ئەمجارەش گونم هیچی لێنەهات!..بووبە پێکەنین.

دوای سێ ڕۆژ مەفرەزەکەی هاوڕی (عومەر هەڵەبجە)ییمان لە چەمێکی نزیک گوندی(مامران) دۆزییەوە، هاوڕی عومەر بەڕیکەوت بەو شوینەدا بۆ قەرەداغ چووبوو.شوینێکی پەنا بوو، کانییەکی چکۆلەی تیابوو. پڕ زەدەواڵە و بۆق بوو. لەوێش خۆمان کردە داوەتی بۆقان و لە گۆشتی بەتامیان خۆمان بێ دڵ نەکرد. مەفرەزەکە لەم هاوڕێیانە پێکهاتبوو: دەرسیم، مامۆستا ئاوات، شۆڕشی ساڵحەفەنی، ڕێبوارە سوور، عوسمان نانەوا، ماجد، ئاری، و هەورامان..). نێوەڕۆیە هاوڕێ (ڕێگای عەلی حاجی سمایل) پاسەوان دەبێ، دەنگی کۆپتەر دێت.کە سەیرکرا دیسان کێومالی

بەرفـراونە، بڕیـار بـوو چەمـی ئاوسـپی بگـرین و بەرەو گونـدی مامران بچین، لەوێشەو بۆ قەرەداغ کاروان بخەینە جوڵە. تا ئێستا نزیکەی چوار ڕۆژە لە حەشارگەکەی تکک (نێوان کەریم باسام) و (عەبـدوڵا هـۆری سـەرو) نەمـاوین، هـیچ هەواڵێکـی هاوڕێیـانی وێندەرێ و خۆرنەوەزانیش نازانین، بێ هەواڵی و دابڕان لە یەکتر تـاقە مـژاری ڕۆژ بـوو. ئێسـتە لە دوانـزە کەس پتـرین، دەبـێ شوێنمان بگۆڕین.نەبا دوژمن پەیمان پێ بەرێت و بماندۆزێتەوە. لە زەوی و ئاسمانەوە سوپاو جاش بۆمـان دەگەڕان، هەردەمـاڵ تا هەفتەیەکی خایاند، هاوڕێ (جەوهەر) و ئەوان کە ویستبوویان لە بناری سەنگاو بەرەو پیرمان بێن، ڕەوتەکەیان دەگۆڕن و لە ناو قۆپیـدا بـڵاوە دەکەنـو ئەوانـی دیـش دەگەڕێـنەوە. ئەو ڕۆژە تـا دەمەو ئێوارە پێش شەو دەمێنینەوە. ئەمجارەش هیچ ڕوو نادا، بەڵام بڕیـار دەدەیـن کە دەبـێ شـوێنی دی بـدۆزینەوە.لە نێـوان گونـدی (فەقـی موسـتەفا و مـامران) زۆر دەگەڕێین. بەڵام ناچار ڕوو دەکەیـنەوە ئەو شـوێنەی مەفـرەزەکەی (عـومەر هەڵەبـجە) بیمان لێ دی، بەیانی تا دەمەو نێوەڕۆ بازنەی هەردەماڵ دەستی بەرەوینەوە کـرد، تـا چـواری ئێـوارە ئیـدی سـوپا دوورکەوتەوە.. "دوایـــی کە هـــاوڕێ جەوهەر و برادەرانـــی دیمـــان، لە قەرەداغ دۆزیـــیەوە باســـی ئەوەی کـــرد کە ئەو هێرشـــە لەشـــارۆچکەی زەڕایەنەوە هەتـا تۆزخۆرمـاتوو بەرفـراوان بـووە". بـاش بـوو لەو حەشـارگەیدا فەردەیەک بـرنج و کەمـێ ئـاردی هەبـوو، لە گەڵ تەباخیکی بچووکدا. خواردنێکی باشمان ئامادەکرد. بەیانی، لە دوای کـاتژمێر ١٢ وە کەوتیـنە ڕێ، جوڵەکـانی دوژمـن فێربووبـووین و دەمانزانی هێشتا بەو هێزەوە ئەگەر دوای دوانزە پشکنین دەست پـێ نەکـا. ئیـدی بەو شـەوە وێـرد ناکـا. ئـێمە بەچەمـی مامرانـدا

ڕێدەکەین. تا پێمان زەوی بگرێت ڕێ دەکەین. تا کاتژمێری ١٢ شەو بێ وچان دەڕوێن. وامان بڕیار دابوو تا نزیک گوندی (تەپەگەروس) و بناری سەنگاو و ناو ئەو گوندانە نەوەستین. بەدوای یەکدا کەوتینە ڕێ. نایابترین خواردنمان ناوساجی بوو، هاوڕێ ئاری بۆ ئەوەی لەبەر چاومان نەکەوێت داهێنانی لە شێوازەکەی کردبوو، هەنووز دنیا چواری ئێوارەیە، مامۆستا قادر:"کوڕینە قۆپیەکان زۆر لێمان نزیکن.ئەگەر بتوانین و هیچ ڕوو نەدا، ئەمشەو دەگەینە لای هاوڕێیانی قەرەداغ". مامۆستا قادر کڵاوێکی لبادی پانی وەک ڤێتنامیەکان پەیدا کردبوو[1]، وەک خۆی دەیویت ئەو کڵاوە نەبوایە هێندەی دی کەچەڵ دەبوو. زۆرجار (شۆڕشی ساڵەحە فەندی) پێی دەووت ئەگەر هاوڕێیان هەموویان بەرەو شار بڕۆنەوە من و تۆ لەبەر کەچەڵیەکەمان، نەک لەسەر سووربوونمان لەسەر خەبات، ناتوانین شاخ بەجێبهێڵین. مامۆستا (قادر) لەسەر تاوێریکی زل وێنێشتوە. پێکەوە پشوێیەکی یەک کاتژمێری دەدەین. هەنوز دنیا ڕۆشنی تەواوە. ئەوەی کەسەیر و سەرنج ڕاکێش بوو، لەمبەر و ئەوبەری هەردەکانەوە داڵەکەرەخۆرەی گەورە رۆنیشتبوون... دەتووت هەواڵی نیزیکبوونەوەی نێچیری نوێ بەیەک دەدەن. زۆرجاریش پۆلێکیان بە ئاسمانەوە لە ئێمەوە دەبینران. لەوە دەچوو چاوەڕێی ئەوەیان بێ کەی ئێمەش بەلادا دێین ودەبین بە ژەمێ خواردنیان. دەگەینە خوار گوندی (تەپەگەڕوس)ی بنار سەنگاو.لە بناری سەنگاوین.لەبەر ئاشکرا نەبوون، تا دەمەو لێڵ دەمێنینەوە. نانێک دەخۆین..

---

[1] ئەو جۆرە کڵاوە، لە گەرمیان پێی دەگوترێ "سەرکڵاو". وەرزێر، بۆ خۆپاراستن لە تیشکی ڕاستەوخۆی خۆر، تەنها هاوینان و لە بەر خۆر لە سەری دەکەن.

ئەوە نزیکەی حەوت ڕۆژە بەڕێوەین. (دەرەوار) مۆڵگەی جاش و سوپای تێدابوو، مانگەشەوە و کەوەری ڕێگە دەبڕین. لەبەرزاییەکی پشت گوندی(تەپەگەڕوس)ەوە، لە تولەڕێگەیەکەوە توناتون پشکن دەرۆین، هەردەبێ ئەمشەو بگەینە قەرەداغی دڵی من. کەمێک پشو دەدەین، هاوڕێیەک هێندە ماندوو دەبێ مەتارەی ئاوەکەی لێ خل دەبێتەوە، لە تاو شەکەتی توانای هەڵگرتنەوەی نابێ.

ئەم جارە گوزەر بەرزاییە. بۆ هاوڕێ دەرسیم ئاسان نەبوو، چونکە لە حەشارگەکەی لای گوندی (مامران) زەردەواڵەیەک دابووی بە لاقییەوە. بۆ یەکەم جار دوای چوارمانگ چاوم بەداربەڕوو و گابەرد و شاخ کەوتەوە. شەماڵ و مانگەشەو بۆ پێشوازیمان، جارێ دەستەملانیان دەکرد جارێکی دی نەرمە چرپەیان دەچرپاند بە گوێی گەڵا نووستوەکانی ئەو دەربەندەدا. دەگەینە سەر دۆندی قۆپی بەڵام بەدیوی بناری سەنگاودا. ئاگرەکەی بابەگوگوڕ دیار دەکەوێت، ها کورەکانی هەڵەبجە و هەورامان ماون؟ دەها پرسیاری لەو جۆرە. لە سەر لوتکەی قۆپییەوە، گڵۆپەکانی شارەکم، سلێمانی بزیسکی چرایان بۆمان دەنارد. لەوێ لەسەر پشتی شاخ هەمووومان رادەکشێین.کاتژمێرەکانی بەیانی پاڵ بە شەوەوە دەنێن. دەبێ بڕۆینە خوارێ. دووبارە بۆ ناودڵی قوپی گلۆر دەبینەو. سێ مانگ پترە ڕێگەی شاخمان نەکردوە. ئێمە وا دەڕۆژە لە (تکتک)ی زەنگەنەوە ڕێ دەکەین..کازیوەیە و دەگەینە نیزیک ئەو کانیەی کە هێشتا داگیرکەران پێیان نەزانیوە تا ئەویش بتەقێننەوە. هاوڕێ کاوە دەربەندی دەبینین. حەمە بچکۆل کاتێ ئەو هەموو پێشمەرگەیە وێکڕا دەبینێ، وا دەزانێ جاشین. هاوڕێ (جەوهەر، بێستون و هادی(کاوە مەحمود) دەماناناسنەوە. تا سێ

ڕۆژ لەو هـاوینەهەواره پشـوو دەدەیـن.لە باوەشـی بـن سـێبەری داربەروەکانی قۆپی و ناو لەپی ئەڤینی چیا، بەڵام دەبێ هاوڕییانی دیـش بینیـنەوە. دەبـێ چەنـد پێشـمەرگەیەکی دی، پتـر لە بیسـت کاتژمێری دی، دیسان ڕێگە بکوتنەوە تا حەشارگەکەی تکتکی نێوان گوندی (کەریم باسام) و (عەبدوڵاهۆریی) سەرو لە زەنگە. مـن و هاوڕێ (هـەورامان و ماجـد)ئەو ئەرکە پیـرۆز لەخۆمانی دەگرین. دەبێ چـرای مانگەشـەو ئەندێشـەمان نەفڕێنـێ  و ڕێ ون نەکەیـن. ئێمە فریاڕەسین!

---

* بـروانە (ذكريـات أيـام النضـال فـي كوردسـتان. لا ٤٠٩) شـیخ عەتـا تاڵەبانی، چاپی ٢٠١٠. چاپخانەی ئارا سلێمانی.

* هـــاوڕێ هەورامـــان لە شـــەڕی پاکســـازی سوپاگەی(معســـکر) سەلام/سلێمانی  ١٩٩١ شەهید دەبێ و هاوڕێ ماجدیش پارساڵ(٢٠١١) بە کارەساتێکی دڵتەزین گیانی لە دەست دا.




**قۆپی و قەرەداغ و شوێنی سەرکەوتنمان لە تەپەگەڕوسی خوارو سەرو، بناری سنگاو..198**

## ئەو سێ پێشمەرگەیەی، کە بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێیانیان، بە تەنێ لە قەرەداغەوە بۆ گەرمیان دەها کیلۆمەتریتری پڕ مەترسییان بڕی




لای ڕاستەوە شەهید هەورامان، ئارام هەورامی و هاوڕێ ماجد،

دوای ئەوەی مەفرەزەی یەکەم، دە ڕۆژی پڕ مەترسی  ناو تۆڕی سەدەها سیخوڕ و کێومالّ، لە گەرمای هاوین و نەماندا بڕی، مەفرەزەیەکی سێ کەسی بۆ هێنانی پاشماوەی هێزەکەی دی پێکهات. دەبێ هاوڕییانی تریش بێنینەوە. دەبێ چەند پێشمەرگەیەکی دی، دیسان پتر لە شانزە کاتژمێری دی ڕێگە بکوتنەوە تا بگەنە حەشارگەکەی تکتکی نێوان گوندی (کەریم باسام) و (عەبدولاهۆریی سەرو) لە زەنگەنە. من هاوڕێ (هەورامان و ماجد) ئەو ئەرکە پیرۆزە لەخۆمانی دەگرین. دەبێ تریفەی  مانگەشەو ئەندێشەمان نەفرێنێ و رێ ون نەکەین. ڕەنگە زۆر کەس سەری سوڕبمێنی ئەو ووزەیەمان لە کوێوە پەیدا دەکرد کە زۆران لە گەڵ مەحاڵدا بگەین و بیتلێنین. ئێمە فریاڕەسین و کاوەکانی گەرمیان بەرەو قەرەداغ دەهێنینەوە. زۆرجار دوای ئەو دابڕانەی ناو گوندەکانی گەرمیان وام بیردەکەوە، وامان بۆ ژیان دەڕوانی کەئێمە چیمان لەو منداڵە چاوگەشانە بەنرختربێ! ئێ خۆ ئێمە چەکیشمان پێیە کە پێش

مردن بەرگری لە خۆمان بکەین، ئەی کیژ و پیاوە بێ چەکەکان! جا خۆ گریەش فریایان نەدەکەوت! ئەو مەفرەزە بچکۆلەیە سێ کەس بوو(ئارام هەورامی، ماجد و هەورامان).سێ گەنج کە هیواکانیان لەسەر هەوری سەر کێوەکانی کوردستان گیرسابووەوە، لە سێ جەستە، بەڵام یەک ئامانج کە بەرەکەی گوڵاڵە سوورەی شەهیدانی کانی تورکە و تازەشار و دۆندنی میریاسی بوو، ورەیەک کە تەنها ڕزگارکردنی هاوڕێیانی گەرمیانی دەبینی.

گەرمەی ئەنفالی بادینان بوو.سەیرمان لێهات بە تەواوەتی پێوەندی بەسەرکردایەتییەوە بچراو دەنگی ئێزگەی حزبیش نەما. تۆبڵێی شەڕنەکرابێ، پارتی لەوێش وەک گەرمیان و قەرەداغ خەڵکی کردبێتە پاروویەکی چەور؟

پاش نێوەرۆیە و دووبارە ماڵئاوایی لە داربەڕووەکان و کانی (ڕێزە) دەکەین. هاوڕێیان یەک یەکە تەماشای قەدو باڵای سێ پارتیزان دەکەن کە سەرتاپایان ئاسن و ئاگرە، کە خواردنی جاخیان کەمێ ناوساجی و ئاوی چیایە. مامۆستا ئاوات: ئارام دەفتەرە شڕەکەت، یاداشتەکانت هەموو مەبە، من بە چاوان دەیپارێزم. هاوڕێ جەوهەر، لێمی پرسی دەفتەری چی؟ من وەڵامم نەدایەوە. قەمەر ووتی: نوکتەی منە... ئاوات:  شەڕەکانی یاداشتکردوە. یەکێکیانم دا بە مامۆستا (ئاوات). دیسان کۆرپەی دڵەکەم دەبێ دابنێم، چەند پەڕەیەک کە دەریایەک قارەمانی و ناسۆری و دڕندەیی مرۆڤی تێدایە.. چەکی دەستی ئەو سێ گەنجە هەناسەی چەند قارەمانێکی بەر پەتی سێدارەیە کە سرودی ئەی رەقیب و دادوەری چەوساوەکانە، سێ کڵاشینکۆف و چەند دەستە فیشەکێک و نارنجۆکێکە.

مامۆستا قادر ئاهێکی سارد هەڵدەکێشێ و دەڵێ: "دەبێ بێنەوە. نامەوێ ئێوەش وەک سەدەها گوند بێ هەواڵ بن!. تا هەفتەیەکی دی، ئەگەر نەهاتن..."
نەمانهێشت تەواوی بکا. تەواو دڵی پڕ بوو، وتمان ئەگەر نە هاتین ئێوە بڕۆن. چاوەڕێی ئێمە مەبن، ئێمە بەشێکین لە خاک!

**دووبارە، شۆڕبوونەوە بەرەو بناری سەنگاو وگەرمیان..**

پاشنیوەڕۆ بوو.. ئیدی کەوتینە ڕێ. هێندە ناو داربەرووەکان بێدەنگ بوو، تەنها گوێمان لە هەنگاوەکانی خۆمان و جانەوەری زیکزیکەدەبوو، تا هەڵزنینە سەر لوتکەی قۆپی بەڕووی گەرمیاندا..کەمێک جریوەی چۆلەکە نەبێ هیچی دی نەدەبیسترا. جارجارێکیش خشەی دارەکان دەهات. پێش ئەوەی تاریک دابێ، کەوتینە دیوی بناری سەنگاو. لێرەو لەوی دوکەڵی گیا و هەندێ گوند کە کێوماڵ کرابوون بەرەو ئاسمان گیانی دەکێشرا. هەندێ جار هەلوێستەمان دەکرد بۆ ئەوەی چاوێکمان لەڕێگەکەی پێش خۆمان بێت.هاوڕێ هەورامان چاوساغێکی ووریا زرنگ بوو، لە بیرمە وتی: هاوڕێ بە ناو گوندەکاندا ناچین، قەدبڕی دەکەین. مانگەشەوێکی چواردەیە و بێدەنگ بەرەو بەرزاییەکی تەپەگەڕوس دەچینە خوارێ.کەمێ پشو دەدەین. هەورامان داوای ئەوە دەکات ئەگەر شەهید بوو کاروانێکی شەهیدانی جوانی بۆ بنووسم و بەدەنگی خەجێی* ئێزگەی دەنگی کوردستانی حزبی دیموکرات بخوێنرێتەوە، توخوا بنووسە کوڕێکی ڕوح سوک و چالاک و زیتەڵ بوو.سەری هێندەی چیاکانی هەورامان بڵند بوو، داواکەم پێبری، هاوڕێ باسی چی دەکەی؟ ئێمە دەبێ هاوڕێیان بێهنیەوە، هێشتا

سەرەتایە. لەولاوە هاوڕێ ماجد دەستی پێکرد: بنووسە مێرمنداڵێکی شاری هەڵەبجە، ئاواتی بەرزی دیتنەوەی کەسوکاری بوو، کە گازی ژەهراوی سووتاندبوونی.. چوارمانگ پتر بوو لە سۆزی دایکی بێبەش بوو. ئەم جار نۆرەی من هات، ئەی کێ بۆ من بنوسێ؟ هاوڕێ ئارام! تۆ باوکت نووسەرە خەممان نیە..

لە تەپەگەڕوس، تەواو تاریکی تیشکی خۆر نوقمی خۆی دەکا. دەبێ بڕستمان تیا بێ بچین. تا دەمەو بەیانی ڕێ دەکەین.جار جاریش چارەکێ پشو دەدەین. لە نێو دەشتی بەرینی گەرمیاندا هێندە تەنیاین، تەنها مانگەشەو هاوڕێمانە و گڕەی هاوین هاویارمانە.. لە ماندووبووندا هەردەکان لە بەر چاوماندا وەک کێوەکانی نێو مانگی لێهاتووە. بەردەڵان..کەمێ دی خۆڵ و لم.. خۆمان بە خەڵکی ئەستێرەیەکی دی دەزانی.. ئێمە هێشتا بەڕێوەین و چاوەکانمان لەبێ خەویدا لێڵ دەبێ. لە بن تاوێرێکی سەختی تەنگدا بریاری خەو دەدەین.. .دەبی پاسەوانیشمان هەبێ.. گوێکانمان گوێی کەروێشکن و لە ژێر تریفەدا قوڵاخن.. هێندە ئارەقمان کردوە، وەک کوپەیەکی بە گونیپچراومان لێهاتووە..کە گڕەکە لێمان دەدا فێنکیەک بەلەشماندا دێت، جلەکانمان لە ئارەقدا دەها نەخشەی سپی نیشتیمانی بێناوی لەسەر نەخشاوە.

دنیا رووناک بووەوە، هەرچونێک بوو..بە پوش و پەڵاش ئاگرێکی چکۆلەمان کردەوە و چایەکمان لێنا.ئای کە بەتام و چێژبوو.تا ئەو کاتە سێ ساڵ زیاتر بوو دایکم نە هاتبوو بۆلام."جارێکیان ئەوەی بۆ گێرامەوە کە هەموو جارێ کە چا لێدەنێم پیاڵەیەکیش بۆتو تێدەکەم و دایدەنێم، شوێنەکەت دیارە (ئارام)ی دایکت.کۆمەڵی وشەی هەنگوینی کە هەرگیز لە یادم ناچن. چەند دێڕێک کە

بوونەتە ئامێزێکی گەرمی ئەڤین. من هەندێ جار دەنووسم و (هەوراما‌ن و ماجد)یش داوا دەکەن کە بۆیان بخوێنمەوە. وا چێشتەنگاومان بەڕێ کرد و ئیدی دوای نیوەڕۆ دەبێ هەردان بکوتینەوە بۆ زەنگەنە. ئەو دۆڵەی کە ئێمەی تیا بوو تەنها ئاسمانی لێوە دیاربوو. هاوڕێ ماجد دەیگوت: لەخەودا پێیدا بڕۆشتمایە دەتۆقیم، کەچی لە دنیای ڕاستەقینەدا بووەتە شوێنی چاوشارکێی ئێمە و دوژمن. نزیکی نیوەڕۆ کەوتینە هەڵوێستە و چاوەدێری ڕێگاکان. ڕێی چی؟ هەموو وەک یەکە، پاش نێوەڕۆ دەکەوینەوە بزوت. ژمارەی کاتژمێرەکانی ڕێگەکردمان ون کردبوو، وەک خەڵکی گەرمیانمان لێ هاتبوو، ئەوە گرنگ بوو کە بگەین، نەک کەی بگەینەجێ. چەند کاتژمێرەک بێدەنگ و چەند مەترێکمان نێوانە ڕێ دەکەین.. ئۆخەی دۆڵ کەوتەوە سەر ئاوەسپی.ئیدی ڕێگەمان دیارە. لەسەرو گوندی مامرانەوەیەن، سوپا ژاڵەکان و دارەکانی سووتاندوە، تەنانەت ئەو کەلاوانەش کە مابوون لەگەڵ زەوی یەکسانی کردوون. چەند گوێدریژێ کوژراون، جلوبەرگێکی زۆر لەو ناوە کەوتووە. هەندێکی هێشتا دوکەڵی لێبەرز دەبێتەوە. ئەوەندەی دی بێدەنگی زۆرمان بۆ دێنێ، ڕێگە کۆتایی پێنایێت و ئێمەش سۆیی ئەوەمانە کەکەی بگەینە جێ. کەڕەتێک بیری ئەو دیلە میسرەم کردەوە کە (پ م)ی یەکێتی بەدیلی لەگەرمیانەوە بۆ قەرەداغ دەیبەن و لە ماندوێتیدا پێیان دەڵێ: (جبل نازل جبل ساعد، متئولولي فين تالەباني و تخلسوني).واتە شاخیک بەرەو خوار یەکێک بەرەوژوور، پێم ناڵێن تاڵەبانی لە کوێیە و ڕزگام بێت..

پێش نیوەشەو دەگەینە نیزیک گوندی تەکیە، ئیدی لە هاوڕییان نیزیک دەبینەوە،گوێمان لە دەنگێکی نزمە. دوو پێشمەرگەی

یەکێتین، ناهێڵین پێمان بزانین. بەرەو کانیەکەی تەکیە دەچین، مەتارە ئاوەکانمان پڕ دەکەین و دەکەوێنەوە رێ. مانگەشەو بەدرێژایی ڕێگا هەردەکانی پێ پیشان ئەداین، ئۆخەی کە ڕێمان ون نەکرد و درەنگ نەکەوتین. دووی بەیانیە، تاریکە و دەگەینە حەشارگەی تکک نێوان گوندی (کەریم باسام عەبدوڵاهۆری سەرو) دڵی بریندارى زەنگەنەش هێشتا خوێنەچۆڕەیەتی. پاسەوانەکە هاوار دەکا ئیوە کێن؟ قوڕگمان هێندە وش بووە توانای وەڵامدانەوەمان نابێ، بە ئاستەم دەڵێین هاوڕێیانین. دیمەنێکی ناسۆر و دودڵی و کۆمەڵێ پرسیار، هاوڕێ فازل و ئەکرەم، ئەی هاوڕێیانی دی کوان؟.هەر ئەوەندەی خۆش بوو کە کە وتمان ماون و چاوەڕێی دەروچونی ئێوەن، خەندەیەکی بەختەوەری وەکو گەزۆی مژدەیەک لەسەروسیمایان باری. لە هەمان کاتدا ئەوەیان لا سەیربوو کە چۆن لە ناو ئەو هەموو کێومالّەدا توانیمان بگەین؟ سێ گەنج پترلە شانزەکاتژمێر پێیەکانیان بێوچان لە هەنگاونان نەوەستان، سێ گەنج کە بە هەرسێکیانەوە تەمەنیان نەیدەکردە تەمەنی مامەیەکی ئەنفال کە گوندەکەی خاپور بووبوو. هاوڕێ قەمەرم هەرگیز هێندە بەشادی نەبینیبوو. دەتگوت چاوەشینەکانی لە شادیدا دەدرەوشانەوە، وا خۆمان دەبینی کە دەریاوانی پاپۆڕێکی ئازادین...

<u>گەڕانەوەی پاشماوەی هێزەکە بۆ قەرەداغ</u>

خێرا مەفرەزی دیکە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هێزەکە ڕێکخرا و ئەو پێشمەرگانەی کە بریاربوو سەرکەونەوە، هەندێکیان هەر لەوێ مانەوە، لەوانە ئەبو ڤیان، ئەحمەد بازۆکە، شێروان و مامۆستا ئەنوەر و دەها هاوڕێی دیش کە نەمندەناسین..

دوای ڕۆژ و نیوێک هەموو پاشماوەی هێزەکەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان و چەند هاوڕێیەکی دی گەرمیان یەکیکان گرتەوە. هاوڕێ هەبوو چوار مانگ زیاتر بوو نەمدیبوو لەوانە هاوڕێ حکیمەتە چاوشین، ڕەنجدەر، ئاری، براهێمی حاجی قادر، دکتۆر فرهاد، ئەسعەدە چاوشین.. هتد.ئەمجارەیان هێزەکە کەمێ زۆربوو. بڕیاردا بکرێ بە دوو مەفرەزەوە و خێرا جمەی پێ بکرێ پێش ئەوەی کێومالّی نوی بکرێتەوە، چونکە ڕژێم دەیویست کۆتایی بەو پارتیزانانە بهێنێ کە ماون. هێشتا مانگی هەشت کۆتایی پێ نەهاتبوو، پاشنیوەڕۆیەک، دوای دوو ڕۆژ مانەوە، کەوتینەوە ڕێ. دووبارە شوێنی گرتنەوەمان خوار گوندی تەپەگەڕوسی خواروە، کە شوینێکی تەنگەبەر بوو. دەبوو هەرچیمان کردبێ بگەینە ویندەرێ. شەڕی ئیران-عێراقی تازە وەستابوو و باری سەربازی بۆ سوپاو جاش پتر لەبار بوو بۆ گەران بەشوین پارتیزانەکاندا. مەفرەزەیەکمان درێژی چەمی مامرانی گرتەبەر، مەفرەزەیەکیش کە زۆربەیان شارەزابوون، جادەوجادە هەندێ جاریش بە ناو هەردەکاندا. من و ماجد کە کەمێک لەوانی دی شارەزاتربووین، بەر مەفرەزەکەی ناوچەم کەوتین. ئەبوزاهیر و (حەمە سۆفی)*یشمان لەگەڵ بوون، چەند کاتژمێرێک ڕێگەمان نەکردبوو هاوڕێ ڕەنجدەر پەکی کەوت. ناهەقی نەبوو، ئەوان لە خۆرنەوەزانەوە بۆ حەشارگەکەی ئێمە پێش شەوو و ڕۆژێک کاروانیان بڕیبوو. مەفرەزەکەی ئێمەش ناچار دوا کەرتبوو. حیکمەت تاقمەکەی هەڵگرت و منیش چەکەکەی و هاوڕێ ئایاریش کۆڵە پشتیەکەی. بەهاوڕێنانمان گوت: ئێوە برۆن وا ئیمە دێین بەدواتاندا. دڵنیابن یەکدەگرینەوە. باش بوو ئەو پاشنیوەڕۆیە

هەردەماڵ نەبوو. ئەو هەڵوێستەی هاوڕی حیکمەتە (چاوشین) و هاوڕێ گۆران(ئایاری مەلاحەسەن)م هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە دووبەدوو نایانە بن باڵی خۆیان و تا نیزیک ئاوی بن تاوێرێک ڕایان کێشا.. هاورێ ئایار هەرچەندە بەسەرو سیما جەستەیەکی چکۆلەی هەبوو بەڵام خاوەن وزە و ورەیەکی بێ وێنە بوو، یەکێک بوو لەو پیشمەرگە قارەمانانەی کە تا دوافیشەک لە لوتکەی میریاسی باوەشی بەسەنگەردا کردبوو، لە زیندانی بەعسیەکانیشدا، لە نەبەردیدا جێگەی بەرزنرخاندنی زیندانیەکانی دی بوو. ئەو پێنج کەسە کەمێ لە مەفرەزەکەی دی دواکەتین، بەڵام باش بوو،لەو شوینەدا ئاوە سپی وشکی نەکردبوو. لەوەش دەترساین کە حکومەت ژەهری کیمیاوی پێوە کردبێ، چونکە بیستمان لە باخەکانی ناوچەی جەباری بەو شێوەیە سووتاندوە. (ڕەنجدەر) هاتەوە سەرخۆی و کەوتینەوە ڕێ.دەمەو ئێوارە لە خوار تەپە گەڕوسی خوار و هەموو هێزەکە یەکی گرتەوە لەوێ پشویەکی نیو کاتژمیریمان داو و کەوتینەوە ڕی.ئیدی بناری شاخە تا ڕادەیەک خەممان نیە.شەریش بێ شوێنمان سارا نیە. ئەمجارەیان لەگەرمەی ڕێگەدا هاوڕێ ئەکرەم نەخۆش کەوت، بەهەرحاڵ ئەویشمان بەشوێن خۆماندا برد. مانگەشەوە و لە پشت بەرزاییەکی تەپەگەڕوسی بناری سەنگاوەوە دەڕۆین. هەندێ هاوڕێ ماندوون و دەخوازن پشو بدەن، من و هەورامان پێیان دەڵێین کە دەرەوار تەنها نیو کاتژمێر دووره مۆلگەی جاش و سەربارزی لێیە، جارجاریش چاومان لە چرایە. بۆیە نەمانهێشت وەستاند هەبێت، هەرچەندە هاوڕێیان زۆریان ماندون، بەڵام دەکەونە ڕێ.. نیزیک سێ شەو دیسان دەکەوینەوە سەر شاخ و تریفەی مانگیش وا ووردە ووردە خەریکە سەر بۆ تاریکی

دادەنوێنی... دەبێ بگەینە کانی (ڕێزە) لای هاوڕێیانی دی... دەمەو بەیان دەگەینە ئەوێ. هەندێ هاوڕێ خۆیان دەدەن بەزەویدا و دەخەون، هاوڕێیان ئەملاو ئەولای من و ماجد و هەورامان ماچ دەکەن.مامۆستا قادر وتی: ئەی نەمگوت دێنەوە و دەتانبینینەوە!..

## لە قۆپییەوە بۆ سنووری شاری مەریوان
## کاروانی سێ شەو و ڕۆژی..

**هاوڕێیان: مامۆستا مەحمود و سەعید لە بناری سورێن، سەر ئاوی زەڵم چاوەڕیمان دەکەن..**



ئێوارەیەکی درەنگ وەختبوو، ٫٩/٢٢/ ١٩٨٨ لە کانی (ڕێزە و سێ کونان)ی قۆپی، دوای دواقۆناغی ئەنفال لە بادینان و وێرانکردنی ئەو ناوچەیەش، سەرگەردان بوونی سەدەهای دی بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا و کشانەوەی هێزەکانی پارتی و حزبی شیوعی پێش جەماوەری ناوچەکە، بەبێ بەرەنگاربوونەوەیەکی ئەوتۆ، بێجگە لە شەڕی خواکورک، ئەویش پارتی تەنها بۆکاری ڕاگەیاندن( بەفەرمان و یارمەتی قەرارگای رەمەزان)،چەند رۆژێک, نیزیک سنووری ئێران کردی...ئیدی سوپای ئێراق ڕەنگاڵەی ئاشبەتاڵێکی نوێی داسەپاند بەسەر ناوچەکانی پێشمەرگەدا و ورەی خەڵکی بەتەواوەتی شکاند.. بەڵی ڕادیۆی بەغدا لێبوردنێکی گشتی دەرکرد.. بۆ ئێمە ئەو هەواڵە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو بێجگە لە درێژەدان بە کاروانی پەڕینەوەمان بۆ لای هاوڕێکانمان لە قەندیل..

هاوڕێ جەوهەر هەمووماني کۆکردەوە و ڕایگەیاند کە مەفرەزەیەکی چکۆلە لەسێ هاوڕێ لە بناری سورێن، کە پێکهاتبوو لە هاوڕێیان(عەبدوڵای مامە، سەعید و  مامۆستا مەحمود) لە بناری سورێن چاوەڕێمان دەکەن. پیش ئەوەش مەفرەزەیەکی دی(عومەر، هەورامان و عەلی میمکە سوەیبە) لە قۆپییەوە بۆ بناری شارەزوور و تا (کانی توو) ناوچەکە گەڕابوون. بڕیار درا کە ئێوارەی ڕۆژی دوایی، واتە ٢ نۆی ١٩٨٨ کاروان بکەوێتەوە ڕێ..هێزەکە، بێجگە لە مەفرەزەکەی هاوڕێ جەوهەر نیزیکەی پەنجاکەس دەبوو. ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە دەربەندی حەمە هەواسەوە پشت گوندی بەلخە شوڕبووینەوە، هێزەکە تا ئاستێکی باش پشوی دابوو. ئەوە یەکەم قۆناغی ڕێگەکە بوو، دەبوو

هەرهیچ نەبێ تاکو کانی توو بتوانین بڕۆین، ئەگینا فریای هیچ ناکەوین و ڕۆژمان لێ دەبێتەوە..ڕێ دەکەین و لەو سەر ڕێگەیە دیسان جل و کەلوپەلی خەڵک لەو ناوە پەرش و بلاوبو، هەندێکی سووتابوو.. تاریکە و لە پشتی دیوانەوە لە نێوان شاخی کۆلۆش و گوندی دیوانە، لە نێوان دوو مۆڵگەی داگیرکەراندا ڕێدەکەین.گوێمان لە ڕادیۆی یەکێ لە پاسەوانانی مۆلەگەکانە و هەندێ جاریش چرپەیان دەگاتە ئێمە..لە جادەیەکی خۆڵ دەدەین. نابێ شوێن پێمان دیار بێ، پشتا و پشت دەڕۆین تا ئاڕاستەی کاروانەکە لە دوژمن بشێوێنین. دوای چەند کاتژمێرێک دەگەینە سەر چەمی دێوانە،کات نزیکەی نیوەی شەوە.بێ پشودان بەرەو شاخی (خەنجەرە)ی نیزیک گوندی سۆڵە و  لوتکەی ناوتاق هەڵدەزنین.لە قەڵادۆشکانی شاخدا پشویەکی کورت دەدەین. لەشمان لە ئارەقدا گەوزاوە و جارجاریش هەوایەکی فێنک دەمانخاتە لەرز. هەستێکی سەیربوو، جاران لەو بنارەوە گڵۆپەکانی شاری هەڵەبجە و سەیدسادق و گوندەکان، وەکو مشتە ئالتونێکی بریقەدار لە ملی ئەو دەشتەدا زیسکەی دەهات، دەتووت ملوانەکەی کیژێکی ئەنفالە و بچڕاندوویانە. دەی هاوڕییان دەبێ بڕۆین! دەکەوینەوە ڕێ بەو دیوی ناوتاق و کانی بەکردا. سەر یاڵیش هەمووی مۆڵگەی داگیرکەرانە. دەمەولێڵ زۆرمان پێ دێنێ و ناچار لە پشت داربەڕووەکانی کانی توو خۆمان دەشارینەوە.کانی توو تەنها ماڵی دوو برای تێدابوو، هەرچەندە کەم بوو، بەلاّم خزمەتێکی گەورەی پێشمەرگەیان دەکرد و تاقە گوندبوو تا ساڵی ١٩٨٨ مابوو، بەلاّم ئێستە تەنها کەلاوەکەی ماوە.. کانی تو بنارێکی سارا و ئاوێکی سازگاری هەبوو.. بەچیلکەی وشک وباریک، چای بەیانیمان لەوێ دەمکرد و خوارد. هەموومان پاسەوانین و

لەسەرپێین، لەبەر ئەوەی ئەو ناوە مۆڵگەڕێژکرابوو، بەڕۆژ جوڵە ئاسان نەبوو، دەشتی شارەزوومان هەموو لە بەردەم بوو.ئەی بەری (کۆڕە کاژاو) و بناری شارباژێر.. بێدەنگییەکی خاکبڕیش جار ناجارێ خۆی دەکشان بەسەر ماندا. مامۆستا قادر بەرەو کانییەکی دێ بە پسکە پسک دەکەوێتە ڕێ بۆ هێنانی ئاو، لەپڕ لاندگرۆزەرێکی پر جاش دەردەکەوێت، هەوڵدەدەین لە هاتنی وان ئاگاداری بکەین.خۆشبەختانە ئاشکرا نابێت و ڕێسەکەمان نابێتەوە بە خوری..

**قۆناغی کاروانی**

**چوون بەرەو سیەدسادق و گوندی کەڵتەکە و کەڵوڕان**

دەمەو لیڵ دیسان بەدوای یەکدا ئاسک ئاسا کاروانێکی بێ چارەنووس دەبەستین. ئەمجارە ڕێگەکان لە هەمووی مەترسی دارترە و واین لەناو لەپی دڕکاوی دوژمندا.. بە دۆڵەکەی کانی توودا، بەرەو زەلەڕەش و گەورەدێ دەکەوینە ڕێ.. لە جادەیەکی قیر دەپەرینەوە، نیزیکەی شەشت مانگە ئەو ڕێگەیەمان نەبینیوە، لە هەموو لاوە جادەی سەربازی لێدرابوو. لە کانی( کەوەی چوخ) دوای پەڕینەوەمان لە جادەی ناحیەی(زەڕایەن) ماڵئاوایی یەکجاری لە هاوڕێ (جەوهەر و عەلی میمکە سوییە دەکەین). پەڕینەوەمان لە جادە کردارێکی زۆر مەترسیداربوو، دەبوو نەکەوینە بەر بلاجکتۆری ئەو تانکەی کە لە مۆڵگەکەی (یەخشیەوە) دانرابوو.جاری وا هەبوو پێنج خولەک چاوەڕێمان دەکرد تاکو ڕوناکییەکی وەردەچەرخاند بۆ لایەکی دی. ئەوسا خێرا خۆمان دەخستە ئەوبەری جادە. لە کانی کەوەی چوخ کەوتین بەسەر

شوتیە بێستانێکدا. بە ئارەزووی دڵی خۆمان شوتیمان خوارد، ماوەیەکی زۆر بوو مێوەمان نەدیتبوو.. لەدوای تەپەکەلەوە، لە ئاودڕێکی تانجەرۆدا دوو شوانمان دی.ئەوان زۆر حەپەسان.دوای وەرگرتنی ناونیشانیان و زانیاری تەواو بەرەڵامان کردن.ئەو شەوە تابەیانی ڕۆژی چواری هەشت تا گەیشتینە گوندی کەڵتەکەی سەیدسادق نەوەستاین. لە ناو چنارو داربیەکاندا خۆمان مات کرد. دەشتی شارەزوور هەرچەندە، حکومەت زوو زوو دەیسوتاند، بەڵام لە بەر ئەوەی شوێنێکی کشتوکاڵ و بەپیت بوو، زوو سەوز دەبووەوە. تا نیزیک پاشنیوەڕۆ لەوێش ماینەوە. هەرچەندە مۆڵگەکانی دوژمن زۆر نیزیک بوون، بەلام دەبوو بکەوینە ڕێ، چونکە مەفرەزەکەی عەبەی مامە لەوبەری چەمی زەڵمەوە چاوەڕێی دەکردین و خواردنیشمان هێندە پێ نەما بوو.گیا هێندە بەرزبوو، دیاربوونمان ئاسان نەبوو.لە نیزیک گوندی (ناوگردان) بووین، لە پڕ لە سەر جادە کۆنەکەی هەڵەبجە دەنگی ئۆتۆمبێلێکی سەربازی هات، بە پەلە پڕوزێ خۆمان خستە ناو چەند سەنگەرێکی کۆنی شەڕی ئێران ئێراقەوە. ئەو ناوە تا پێش خامۆش بوونی بەرەی گەرمی شەڕی ئێران- عێراق و بەدەها سەنگەر و مۆڵگەی بەجێماوی تێدابوو و پڕیش بوو لە تەقەمەنی.  لە قۆپی قەرەداغەوە تاکو ئێستە دووشەو و نیوڕۆژە بەرێوەین و دەها کیلۆمەتری دیمان بڕیوە، ئامانجیشمان ئەوەیە دەبێ بگەینە بناری سورێن و کانی خەیاران.  لە سەر بوارەکەی زەڵم کاتێ نیوەی هێزەکە دەپەڕێتەوە، هاوڕێ دەرسیم (سەرکەوتی هاوڕێ نوری کەرکوکی) پێ بەمینێکدا دەنێ و دەپەڕێ. ئەمە برینداری چوارەمی بەتالیۆنە. نەخێر کاتێک هاوڕێ عەبدوڵا و سەعیدیش دەبینین، ئەوان دەڵێن: مامۆستا مەحمودیش قاچێکی، پێرێ پەڕی..

ئەوان سێ ڕۆژ دەبێ لە بناری سورێن و چەمی زەڵم و گوندی قاجر چاوەڕیی ئێمەن. خواردنیان لێ دەبڕێ و ناچار سەنگەرەکان دەپشکنن. بەو جۆرە مامۆستا مەحمود پێیەکی مین دەیپەڕێنی.. نێوان ئازارەکانی هاوڕێ (دەرسیم) و مامۆستا (مەحمود) و شادی یەکتر دیتنەوە و گەڕانەوە بۆ بناری سورێن، هێندە وزەمان پێ دەبخشێ کە هاوڕێ دەرسیم بە کۆڵ و بە نۆرە تا ئەشکەوتەکەی هەزار ئەستون نەوەستێنن.. لە پاش نێوەڕۆی دوێنەوە، لە نزیک سەیدسادقەوە بەڕێوەین و دەمەو بەیانە و وا هەندێکمان دەگەینە ئەشکەوتەکە و هەندێکیشمان هێشتا بەڕیوەین..گرنگ ئەوە بوو هاوڕێ دەرسیم بگەێنینە شوێنیک کە دکتۆری لێ بێ. هاوڕێ دەرسیم هێندە ورەی بەرز دەبێ خەمی ئێمە دەخوا کە نەبێت بە بار بەسەرمانەوە. چەند جارێ داوادەکات بیکوژین. هاوڕێیان ئەوەندەی دی شیلگیرانە لە کۆڵی دەنێن. شایەنی باسە هاوڕێ سەعید و چەند پێشمەرگەیەکی حسک چەند ڕۆژێک لەوەوپێش مامۆستا مەحمود دەگەێننە ئێران بۆ چارەسەر.. هەرچۆنێک بێت چای بەیانی لە ئەشکەوتەکەی هەزار ئەستوون دەخوێن و پشوو دەدەین. هاوڕێ عەبدولا و سعید بە ئێسترێک هاوڕێ دەرسیم بەرەو کانی خەیاران و لەوێشەوە بۆ خەستەخانە دەبەن. ئێمەش وورده وورده دەمەو ئێوارە بە پشتی شاخی هەوراماندا هەڵدەزنینەوە. پێش لوتکەی شاخ چاوم بە حەمە قەمبور دەکەوێت. ئەو کەسە ئازایە هەرچەندە کەمئەندام بوو، پشتی کۆم بوو، بەڵام کوردستاپەروەرێکی دڵسۆز و بە ئەمەک بوو. حەمە قەمبور ماوەیەکی زۆر دەبێتە پاسۆک و دواتر حسک. کە منی بینی خەریک بوو لە خۆشیدا گەشەکەی دەگرت. هاوڕێ گیان ماوی؟ کاتی خۆی خێزانی ئێمەو ئەوان لەیەک حەوشەدا ژیابووین.

دوایی بیستم، بەداخەوە ساڵی ١٩٩٠ لە گەڵ مەفرەزەیەکدا بۆ سلێمانی دادبەزێ و دوای ئاشکرابوونی لە شەڕێکی نابەرابەردا داگیرکەران شەهیدی دەکەن..

لای ئێوارە دەگەینە کانی خەیاران و بنکەی حسک. دۆڵیکی فراوان و بەردینە. کانییەکی چکۆلەی هەبوو. ئیدی هاوڕێیان وورده وورده بەرەو شوێنەکانی خۆیان بڵاوە دەکەن.. ئێمەش دوا مەفرزەو بە چاوساغی پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی عەبدوڵاوە ئێوارەیەکی درەنگوەخت لە ئامێزی کێودا بەرەو دۆڵی (دۆڵە ناو) پشتی گوندی دزڵی، دەگەینە بارەگاکەی پارتی، ئەو دۆڵە دەکەوێتە پشتی گوندی دزڵی.. ئەو شەوە، لە کاتی رۆیشتندا لەو بنارە، بۆ یەکەم جار چاوم بە گڵۆپەکانی شاری مەریوان کەوت کە چۆن لە گۆنای ئەو خاکەدا بێخەم دوای هەشت ساڵ شەڕی مالوێرانی هەناسەیان دەدا..
لێرەوە بۆ ئێمە خەمێکی دی ترسناک، چاوەڕیی هەمووانی دەکرد. خەمێکی دی کە کۆتاییەکی تاڵی فلیمە ترسناکەکانی ئەنفال بوون... برینی هەواڵی کەسوکاری ژەهراویمان بزانین. زەبرێکی دەروونی کە تا ئەمڕۆ نەک تەنها ئێمە بەڵکو سەدەهای دی پێوەی دەتلێنەوە. ئەوەی کە لای من و زۆر لە هاوڕێیان مەحاڵ بوو بروای پێ بکەین ئەو لێبورندنە بوو کە ڕژێم دابووی بە خەڵک. سەیر بوو، هێشتا دوای ئەو کوشت و ئەنفال و خاک سوتاندنە زۆربەی خەڵک، کاتێ کەلوپەلیان بۆ گەڕانەوە دەپێچایەوە، دەتگوت بۆ شایی دەچنەوە. ئەو وێنەیەم بەوە دەهاتە بەرچاو کاتێ شێرێک یاری بە نێچیرەکەی دەکات و بۆ وازی کردن هەندێ جار

بەرەڵای دەکا،بەڵام نێچیرەکە دووبارە دەچێتەوە بۆ لای. ئەوە گەورەترین کارەسات بوو.

ئەو دیمەنەی دی کە هێشتا نهێنیەکانم نەبینیوە، تابلۆی هاوڕێ حیکمەت و ئەو هاوڕییانەیە کاتێ هەواڵی تیاچوونی کەسوکاری پێ دەوترێ. ئاخو فرمێسکیان پێ مابێ بیرێژن. ئاخو خۆیان بۆ کام وشەی ڕەنگین هەڵگرتبێ کە بڵێن دایە خەمت نەبێ وا ئێمەش ماوین و هاتینەوە بۆ ناو ئامێزی گەرمت، لێ کاتێ من دوای حەوت ساڵ دایکم دییەوە، وتی: جگەرگۆشێکم بووەتەوە و ناوی ناوم ناوەتەوە ئاسۆ.. ئای لەو ڕۆژە! ئیدی دوای ساڵێک کۆچی دوایی کرد و نەمدیتەوە. تا ئەمڕۆش تابلۆکەی لەبەر هەیوانی دڵمدا هەڵواسراوە..

هاوڕێ ڕەنجدەریش ماوە. بەڵی وا گەیشتین و ئەویش بەوەڵامی پرسیارەکەی(کەی دەگەین) شاد بوو، بەلام هەستی ئەویشم نەزانی کە چی بەسەر هات، هێشتا وێنەی یەکە یەکەی ئەو هاوڕێیانەی ئەو بەتالیۆنە، تا ئەمڕۆش نیگا ساتەکانمی پڕکردوە..

دوای شەش ساڵ (هاوڕێ)ی برام لە گوندی (تەراخان ئاوا)ی نیزیک (سەولاوا)ی مەریوان دەبینم، تازە منداڵێکیان دەبێ ناوی دەنێن هاوبیر...نەک تەنها ئەو، بە دیتنی خزم و خەڵکانێکی زۆر لە ئاوارەکانی ناو ئۆردەگاکان شاد دەبمەوە ، هەندێ سوورن لەسەر بەگژداچوونەوە، بڕێک دەگرین، هەندێ باسی تالانی و ماڵوێرانی دەکەن، هەندێک خۆیان فێری نوێژی ڕەحمەت دەکەن، هەندێکی دی بە ئاواتن سەددام لێبوردنەکەی درێژکاتەوە تا فریای خۆ ڕادەستدانەوە بکەون.

بەڵێ: سەرباری ئەو هەموو چوون و هاتنە، شەونخونی و ئەنفال و جەنگانە، هێشتا پیتی وشەکانی ئازادی لە گغەی منداڵێکی ساواش بڕیان نەدەکرد تا تامێک ببەخشن.. سەدەها ئەفسانەی دی لە ژیانی ئاوارەیی و مانگەشەوەکانی قەندیلدا هێشتا چاوەڕیی دەکردین، هەنووز بەرۆکی بەشێکمانی بەر نەدەدا و لە سنگی خۆی دەیگرتینە باوەش، دەیویست پرچی ڕەشی سەرمان وەک بەفری لوتکەکانی ئاوێتەی خۆی بکا و ڕیشمان چون پەڵە بەفرەکانی ڕەنگ بگرێ. وا وورده وورده سەرمان سپی دەنوێنێ و هەمان ڕەنگی شەڕە بەفرەی زستانانی ناو باخی گشتی سلێمانی گرتووە..وا تەمەنیشمان وەک گەڵای ڕەزی گوندە سوتاوەکان دەبێتەوە سوتوی خاک.. تانووکەش یاداشت و وێنەکانی ئەنفال، ڕاودونان و دەنگی فڕۆکە، تەقینەوەی بۆمب، زریکەی منداڵان، ئاهی دایکان و دامانی باوکان بەشێکی زۆری کتێبخانەی ئەندیشەکانمان پێک دێنێ. تا ئەمڕۆش گەنجینەی یادی زۆربەمان، زەماوەندی گوندەکانە، ڕەشبەڵەک و پێکەنینی لارێی کێژانی بێری و باعە بەعی کار و حیلەی ئەسپە، دەنگی تەرزە و چرپەی شەوانی نیزیک مۆڵگە وجادەی نێوان شارەکانە. ئاونگی گوڵاڵەکان و زۆنگاو و زەنوێرە، بەفری بناری نزارەکان و چرۆی ناسکی ڕێواسی پیرەمەگرون و لوتکەی کۆساری  کوێستانی داڵانی هەورامانە. نیگای دیل و ماڵئاوایی و شادبوونەوەیە. تا ئەمڕۆش سێبەری دار و هێمنی ئەشکەوتەکانمان لە دەها شارەستانی پێخۆشترە.. تا ئێستەش کپی بەیانیان و هەڵاتنی خۆر و کزەی نسرمی شەماڵ ئاوێزانی گیانی ئازادمانە. پەلکە زێڕینەی بەهاران جوانترین تابلۆی بەرچاومانە. شەونمی پژاوی داربەڕووەکان گوڵاوی لەشمانە.. تا ئەمڕۆش هەر بەخۆمان دەڵێین زیندوە مردوەکانی ئەنفال و

نازانین چۆن ماوین..بارگەی ژینمان هێڵێکی سوورە لە نێوان ژیان و مردندا! سەرباری ئەوەش هێشتا ئەو یاداشتانەمان، ناگاتە ئازاری قوربانییەکی ئەنفال کە تا ئەمڕۆ ناسنامەی ونە و کراوەتە کاڵای بازاری بازرگانی سیاسییەکی چاوچنۆک، کە بۆ قازانج، خۆی دەکاتە کۆڵهەڵگرێکی ئیسک و پرۆسکەکان...

# ڕزگارکردنی شارۆچکەی قەرەداغ
# شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی سێی ١٩٨٧

بەتالیۆنی حەوتی هەورامان هێشتا ئەو ناوبانگەی لە ناوچەکەدا دەرنەکردبوو، بەلام لەشەوی ٢٢/٢١ی سێی ١٩٨٧ کە چەند قوتەیەکی پێسپیرابوو کە ڕزگاری بکا، ئەوسا بۆ زۆربەی لایەنەکان و ناوچە دەرکەوت کە پێشمەرگەکانی چەند چاونەترسن، مۆڵگەکانی سەر (کونە هەنجیرەکە) کە شوێنێکی ستراتیژی بوو لە ماوەیەکی کورتدا ئازاد کران، هەر ئەوەش نا هێزێکی تری هەمان بە تالیۆن، ئەرکی ئەوە بوو کە لەگەڵ لقی دەی حزبدا و هێزێکی پارتی، کە تازە لە ئیران گەرابووەوە، دەست بەسەر مونزەمەکە قەرەداغدا بگرن.

### شەڕی ناوشار

شەڕ لە کاتیژمێری ١٢ شەوەو دەستی پێکرد، بەداخەوە لێرەشدا پێشمەرگەکانی پارتی کە بریار بوو،  پێکەوە دوای تەقاندنی ئاربیجیەکان، پێکەوە هێرشی ڕزگاری دەست پێ بکەین، زۆر بەیان خۆیان دزییەوە و لە ماڵەکاندا  تا تەواو بوونی شەڕەکە نەهاتنە دەر. چەند پێشمەرگەیەکی ئێمە لەوانە عەبەی مامە، بەندە، ڕزگار فەرتەنە، شەهید هەورامان، مەلا مەجید و چەند پێشمەرگەی لقی دەی حزب، بەدەستریژەوە بەرەو دەروازەی مونزەمەکە یەکەم هەڵمەتمان برد. بەڵام چونکە پارتییەکان لەباتی ئەوەی ئەوان لەگەڵ ئێمە هێرش بەرن، هەندێکیان لە شلەژاندا تەقەیان بەهەمولایەکدا دەکرد، هاوڕێ هادی( کاوە مەحمود) بریندار بوو) و ئیدی هێرش شکستی هێنا..شەڕ هەتا بەیانی لەگەڵ چەند چەکدارێکی ناو مونزەمەکە، کە شوێنیان زۆر قایم بوو، بەردەوام

بوو. فەرماندەیەکی پارتی بە ناوی حەمەی رەمەزان، هاواری لێکردن ووتی: هەڤالان! ئێمەی پارتین و بە گۆڕی بەرزانی هیچتان لی ناکەین ئەگەر خۆتان بدەن بەدەستەوە.
من یەکێک لەوانە بووم کە لەو فەرماندەیەی پارتیەم پرسی، کە چوزانی ئەوانی تیایە؟ ووتی با ئەوانە پێشمەرگەی ئەیلول بوون زۆر ئازان، ئێستە دەیدەن بەدەستەوە. شەڕ هەر بەردەوام بوو. چەکدارەکانی ناو مونزەمەکە، بە هەلیان زانی کە ئێمە لە بن محەولەی کارەبایەکەوە تەقەیان لی دەکەین، کارەباکەیان بچڕاند بەسەرماندا و دوای هاوارەکانی حەمەی ڕەمەزان، ئیدی ئەوەندی دی شێت و هار بوون. ئەوەی هات بەدەمیانە لە جنێوی پیس بە بارزانی و حەمەی ڕەمەزان هەڵیان رشت. برۆن جاشەکانی ئێران، جاشی عیراق بن باشترە تاکو پاسدار.
تا بەرەبەیان شەڕ بەردەوام بوو، بەرگرییەکی باشیان کرد، جاری وا هەبوو هەر هەستیان بکردایە ئێمە لە دیوارەکان نیزیک دەبینەوە، نارنجۆک بارانیان دەکردین. کاتی خۆی پسپۆری یۆگسلاڤی، بە قسەی یەکێ لە دیلەکان ئەو مۆڵگەیەی دروست کردووە. دیوارەکان ئاربیجی کاری تێ نەدەکرد. من و ڕزگار فەرتەنە بە عەفارۆف، کە چەکێکی ڕوسی کاریگەر بوو، چەند پەنجەرەیەکمان تەواو برییەوە. بەڵام هەر بواری ئەوە نەبوو هێرش بکەین، چونکە ئەوان وەک ئاماژەم پێدا نارنجۆک بارانیان دەکردین و پارتیەکانیش ئەوەندە خۆیان لە قەرەی شەرەکە نەدەدا. هاوڕێ هادی(کاوە مەحمود) و هاوڕێیەکی دیمان لە گۆرەپانی شەرەکە بەرەو دواوە کێشایە دواوە. هاوڕی هادی پارچەیەک لەزگی تیغی کردبوو، هاوڕێیەکی دیش شانی پێکرابوو.

دەمە و بەیانی ئیدی بریاری هێرشی سەرتاسەری درا. شەهید مەجید دوکانی و شەهید هەورامان و چەند پێشمەرگەیەکی دی حزب دەزەیان کردە هەندێ ژوورەوە، ئەو چەند چەکدارانە، بەوپەری توانیانەوە بەرگرییان دەکرد. لە خواریشەوە پێشمەرگە جاری وا هەبوو سی گوللە ئاربیجی بەیەک جار تێ دەگرتن. دەبوو پێش خۆر هەڵهاتن بگیرێ، ئەگینا ترسی فرۆکە تۆپ و کاتیۆشا زۆربوو کە زیانی گەورە بدات لە پێشمەرگە.
کاتژمێر شەشی بەرەبەیان ئیدی شەڕەکە لە قازانجی ئێمە شکایەوە، چونکە شوێنە بەرزەکانی شار هەمووی بەدەست پێشمەرگەوە بوو. تەنها سەربانی مونزەمەکە و قاتی یەکەم مابوو، من و چەند هاوڕییەک دوو دیلمان لە ژێر قادرمەیەک گرت و بەرەو دەروە دەمانهێنانە خوارەوە، چەند هەنگاوێکمان بریبوو لە سەرجادەکە، مەفرەزەیەکی پارتی کەوتنە لێدانیان، و بگرە تەقە کردن لێمان، و یەکێکیان قوڵی برینداربوو، خەریک بووم برینەکەی بپێچم تا خوێنی لەبەر نەروا، فیشەکێک بەلای راستی سەرمدا تیغی کرد و سوکە بریندار بوو، گوێم نەدا، زۆر تورەبووم لە پارتییەکان، ووتم: شەرم ناکەن ئێوە لە شەوەوە خۆتان شاردوەتەوە ئیستە لەسەر ئەم دیلە قوربەسەرانەوە خۆتان دەکەن بە پاڵەوان؟ وتیان ئەوان جاشن، منیش پێم وتن: مەگەر خۆتان بیست ساڵە جاشی ئیران نین؟ لەو بێنەوە بەرەدا بوو، لە سوچێکی سەر بانی مونزەمەکەوە، چەکدارێکیان بە دیکتارۆفێکەوە دەست رێژێکی کرد بەناو پێشمەرگەکاندا و حەوتی خست، زۆریان پێشمەرگەی پارتی بوون و لەبن دیوارێکدا گرد بووبوون. دووبارە چەند ووردە بەردێکم بەرکەوت خوێن لەدەموچاوم هاتە خوارەوە. شار گیرا و ئیدی هاوڕێیان هاتن و من و دوو دیلە

بریندارەکەیان سواری کرد و خێرا لە مەیدانی شەردا دوور کەوتینەوە.
خۆشبەختانە برینەکەم سووک بوو دوای چەند کاتژمێری بەرەو قەرەداغ لەگەڵ هاوڕێیەکی برینداری دیدا گەراینەوە بۆ شارۆچکەکە. لەنیزیک پردێک نیزیک خواروی شار، هاوڕێ جەهەور و عومەر(چاوی بریندار بوو بوو) و ئازاد قەرەداغی پارتیمان بینی. هاوڕێ جەوهەر: وتی بۆ گەرانەوە ئەو فرۆکانە نابینن کە لە ئاسمانن؟ لەو کاتەدا ئازاد قەرەداغی(فەرماندەی هێزەکەی پارتی) وتی: هاوڕێ جەهەور لەو هەموو ئەم بۆردومانەدا هیچمان لێ نەهاتووە، دە پێیان بلێ با ئاشکرامان نەکەن! منیش وتم: هەڤاڵ تۆ شۆڕش دەکەی یا بۆ جامخانە خۆت هەڵگرتووە، پێنج هەڤاڵتان شەهید بووە، مەگەر تۆ لەوان گرنگ تری؟. خۆشی نەهات بە قسەکانم وتی: تۆ دەزانی من کێم؟ وتم ئەوە کێشە من نیە، بۆ کوڕە هەژارێک ئامادەی قوربانیە، ئەی تۆ بۆ نا؟ شایەنی باسە لە سەر رێگەی ماڵە (چوچانیەکان) مەفرەزیەکی پارتی چەند دیلێکیان بەدەستەوە بوو و خەریکی تێلاکاریان بوون و ئەوەندەیان لێ دابوون هەموویان شەکەت بووبوون، یەکێکیان کە ئێمە بینی وتی: بروابکە ئێمە خۆمان دا بەدەستەوە وامان زانی بەلێنەکەیان دەبەنە سەر. ئێمە لەدەروەی شەرەکە پێش کەمێ خۆمان ڕادەستیان کرد. بەڵام و دەیانەوێ بمان کوژن. قاچی دوانیایان شکاندبوو. ئەوەم بۆ هاوڕێ جەهەور و ئازاد قەرەداغی گێرایەوە. تا ئێستەش نازانم چارەنووسی ئەو دیلانە چی بەسەر هات. لێرەدا پێویستە ئەو باسبکەم، لەبەر ئەوەی ئێمە ریزی دیلەکانمان لەیەکەم ساتەوە گرت، هەندێ چەکدار دوای چەند سەعاتێ بە خۆیان و چەکەکانیانەوە لە نێوە کەورگ و بن بەردەکان دوای دڵنیابوون،

کە ئێمە شیوعین خۆیان دەدا بەدەستەوە. تەنانەت دەنگۆی ئەوە داهات کە هەندی دیل لای یەکێتی وپارتی تا لە ئەشکەنجە ڕزگاریان بێ،  وتبویان ئێمە لایەنگری حزبی شیوعی. ئازاد قەرەداغی لە کوبونەوەیەک گلەیی لە هاوڕێ جەوهەر کردبوو کە حزبی شیوعی دیلەکانی لە هوتێل داناوە. دەبێ ئەوەش بلێم کە هەندێ لەو دیلانە باشترین و دۆست و لایەنگری حزبیان لێ دەرچوون کاتێ کە ئازادمان کردن.

تا ئیوارە حکومەت بەفرۆکە و چەکی قورس ناوشاری وێران دەکرد. بەڵام نەیتوانی شارەکە بگرێتەوە. ئەوە یەکەم جێمی شەڕی بەرەیی هاوبەش بوو کە هەموو لایەنەکان بەشدارییان تێ دەکرد. تەنانەت پشمەرگەی پاسۆکیش رۆلێکی باشیان بینی بوو.

**ئیوارەی ئەو رۆژە ٢٢/٣/ ١٩٨٧،**

**بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە گوندی (گۆشان و چەمی سمۆر).**

ڕزگارکردنی شارۆچکەی قەرەداغی شکستییەکی مەزن بوو بۆ ڕژێمی بەعس ،  ووزەی جەماوەریش لە شارەکان بەرزکردەوە. لەڕوی ستراتیژی ناوچەییشەوە ئەگەر ئیران بە هاوپەیمانیەتی یەکێتی و پارتی هەڵەبجە و شارۆچکەی دەربەندیخانی  بگرتایە، ئیدی دەیتوانی بە ئاسانی بێ رێگر تا کەرکوک بیگرێ.

تاڕۆژی دوایی نەبا حکومەت هێرش بکاتەوە، لە دیهاتەکانی نیزیک شار ماینەوە، بەیانی زوو، بریار درا لە گوندی(گۆشان) بچینە بەردەڵانی خوار ئاوایی. دیسان فرۆکە دەستی پێکردەوە، لە ڕادیۆ لە کەناڵی (ئیفئێمەوە) گوێمان لێ بوو، فرۆکە وانێکیان دەیوت سەیدی لە وەتی لە  کەرکوکەوە دەرچووم هەتا ئێرە لە زۆر شوێن  تەقەم لێکراوە، ئەمە چیە بەرەی شەرە یان عیراقە؟ ،،تا

دەمەو ئێوارێ لەوێ ماینەوە، نیزیک پێنج و نیوی ئیوارە بوو، چەند فرۆکەیەکی سیخۆی هاتنە سەر شار و چەند بۆمبێکیان بەردایەوە، دواتر بەرەو لای ئێمە هاتن، ئێمە پتر لە سەد پێشمەرگە دەبووین، چوار گرمەی کپ هات، دوکەڵێکی زەرد لەسەر و ئاوایی گۆشان بەرزبووە، مام ئەسکەندەر هاواری کرد هاوڕییان بێن( بۆنی کیمیاوی)دێت، بۆ ناو ئاوەکە! زۆر لە پێشمەرگەکان دەموچاویان بە جامانەکەیان پێچا. گوێمان لە گریەی خەڵک بوو لە ناوی دێ، چەند دانەیەکمان بەرەو ئاوایی ڕامان کرد، ژنێک و منداڵێک بریندار بوو بوون، بەڵام برینەکەیان سەخت نەبوو. هەر ئەو شەوە گەیشتینە جافەران و لەوێ بە ئاوی سارد، خۆمان شُشت، بەڵام هەمووومان گێژبووین. ئەوانەی لە بێرم بێ، مامۆستا ئاوات، ئەکرەم سەیدسادقی، سەعید، قەمەر، ئاری هەڵەبجە، هیوا ڕەش و چەند هاورێیەکی دی کە ناوەکانیانم تۆمار کردوە بە لام کوژاونەتەوە. دواتر هەستمان کرد پوزی پێمان ڕەش هەڵگەراوە و دەکزێتەوە، من پێم وابوو لەبەر ئەوەی سێ شەوە نەخەوتووین هەردەم لە جوڵەداین، بۆ یە پێم بریندار بووە، نەخێر کەسەیرم کرد جومگەی دەستیشم بریندارە و ڕەش دەچینێتەوە و چەند جارێ ڕشامەوە، هاوڕی ئاری هەروەها. نەمان زانیبوو گازەکە لەو چەمەدا کۆبوو بوە کە ئێمە پێیدا بۆ شارە دێی (جافەران) دەچووین و گیاکەشی هەمووی ژەهراوی بوو بوو. هەر چەندە زۆر ماندو بووین بەڵام بەرەو گوندی (تەنگی سەر) و فیکەیەرەو گورباز و تا دێلێژە نەوستاین. ئەو هێزانە لەوێ پێویست بوون. بەچەند گوندێکی نیزیک دەربەند باسەڕە و خاویدا تێپەرین، لە خاوێ خەڵکی گوندەکە تۆزی بەردێکی سپییان بەکاردەهێنا زۆر باش بوو. بەڵام تەواو شەکەت بووبووین. وەک

ئاوی گەرم ڕژابێ بەدەست و پیمدا ئاوا تلۆق بەرز بوەوە. ناوچەوانی هەمومان ڕەش هەڵگەرابوو. هاوڕێ قەمەر گاڵتەی دەکرد دەیوت خۆمان زۆر سپین تا ڕەشیش هەڵگەرێن و خەریکە دەبینەوە بە مەیموون. لە گوندی خاوێ دکتۆرێک لە ماڵێک بوو وتی کاکە ئەوە چەکی کیمیاویە وای لێکردوون، بڕۆن خۆتان چارەسەربکەن. من ئەو هێزەم نەما و ناچار لەگەڵ هاوڕییەکەدا بەرەو بنکەی بەتالیۆن لە گوندی (شیوی قازی) کەوتمە ڕێ. بەیانی زوو بوو توێتایەکی جوتیاری لە سەر ڕێگەی دیڵیژە و بەرەو سۆڵەی سەگەرمە، لەبەردەمماندا وەستا، سەیرم کرد هاوڕێ (ئەبو عناد و ئەلیاسی عەرەب )تیایە و هەردووکیان بریندار بوون. برینەکەی ئەبوو عناد زۆر سەخت بوو. هەواڵی ئەوەیان پێ دام کە هاوڕێ مولازم بروا، برای پۆڵا زیندانی لە گوندی کەریمی عەلەکە لە گەرمیان شەهید بووە، زۆرم پێ ناخۆش بوو.

باش بوو لەوێوە بۆ شیوی قازی و دواتر بۆ خەستەخانەکەی یەکێتی لەگوندی( بەلەکجار) ئێمەیان گەیاند. تاماوەیەکی زۆر من ئەو برادەرانە هەستمان بەکەم ووزەیی و لاوازی دەکرد و زۆر زوو هیلاک دەبووین، شایەنی باسە دکتۆر فایەق گوڵپی یەکسەر کە من بینی ووتی دەبێ بە ئاوی سارد چەند جارێک خۆت بشووی. ئاو ساردەکە لە برینداریيەکە ناخۆشتر بوو، هێندە ساردبوو.

شایەنی باسە هاوڕێ دکتۆر فەرهاد ڕۆڵێکی باشی بینی. لەو شەرەدا پتر لە ٥٠ دیل و دەها پارچە چەک و گوللەمان کەوتە دەست و خۆشبەختانە سەرباری سەختی شەرەکە لە ناوشار و دەروەیدا، تەنها سێ بریندارمان هەبوو...ئەو شەرە دەنگێکی باشی دایەوە...

چەپکێ لە سەروەری  شیوعیەکان

ئارام هەورامی
قەرەداغ  شیوی قازی

١٩٨٧-٥-١٠

# شەڕی دەربەند چۆلەکە

**داستانێکی دی قارەمانەی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان**
**شەڕی دەربەند چۆلەکە و پلنگەکانی بەتالیۆن ١٩٨٧/٤/٤**

دوای ئازادکردنی شارۆچکەی قەرەداغ لەدەستی هێزەکانی سوپای داگیرکەری عێراق، لەشەوی ٢١/٢٠ ی سێی ١٩٨٧ و بە هاوبەشی هەموو لایەنەکان، کە پێشنیاری حزبی شیوعی بوو، ڕژێم کۆمەڵێک ناوچەی ستراتیژی لە ناوچەکە لەدەست دەرچوو، لەوانە ڕێگای بەستنەوەی نێوان قەرەداغ و سەنگاو کە بەناوی شارۆچکەی قەرەداغ و بۆ ئەو دیوی بناری سەنگاو، ئیدی پێشمەرگە بە سانایی بگرە ئۆتۆمبێلی بۆ گواستنەوە بە کاردەهێنا.

دەبوو ڕژێم کۆمەڵێک شوێنی ستراتیژی بگرێتەوە تاکو لەلایەک ئاگای لە هاتوچۆی پێشمەرگە بێ و لەلایەکی دیشەوە بەرەیەکی کشانەوە لە زنجیرە شاخی گڵەزەردە و هەزار مێرد تا دەگاتەوە لوتکەکانی دەربەند بازیان مسۆگەر بکات. لەبەر ئەوەی ڕۆژانە گوندەکانی سەرجادە و ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان و گەرمیان هەمیشە دەکەوتنە بەر هێرشی کۆپتەر و تۆپە دوور هاوێژەکان، گوندییەکان ژیانیان لێ تاڵ بووبوو.

## پێش شەرە بە چەند کاتژمێرێک:-

لە دەفتەرە شرەکەمەدا وام تۆمار کردوە؛ بەهاری ١٩٨٧:- : تازە پرشنگی زێرینی هەتاوی بەیانیەکی مانگی پێنجی ١٩٨٧ دەشتە بەرینەکەی خوار (داری کەلی و چەمی گاوانی) لە بازیان بە تیشکی زیوین کردبوو، هێشتا ئاونگی شەویش وک ماچی دوودڵدار لە سەر لێوی گیا وشک نەبووبووەوە، ئەو چەمە تاکو گوندی گاوانی درێژەی هەبوو، شوێنێکی لەبار بوو بۆ خۆ حەشاردانی خەڵکی ناوچەکە لە کۆپتەر و فڕۆکە.. پیاوێک ویستی بەرەو چەمەکە هەڵبێت تا کۆپتەرەکان ئاشکرای نەکەن.دوو کۆپتەر زەردەواڵە ئاسا هاتنە ڕاسەری.پیاوەکە منداڵە ساواکەی بەرزکردەوە تاکو لێی ببورن و ڕێگەی ڕزگاربوونی لێ نەگرن. کۆپتەرەکان دڵڕەقانە لێی هاتنە دەست و سنگی هەردووکیانیان دایە بەر فیشەکەی عروبە..هەرچەندە ئێمە دووربوین بەڵام تەقەمان لە کۆپتەرەکان کرد. هەموو پێی وابوو کە ژنەکەیش کە بەرەو پیری رای کرد کوژراوە، بەڵام کۆپتەرەکان ئەویان بەخەم سپاردبوو. ئەو دیمەنە، ئەو سەربازە نازییانەی بیرخستمەوە لە فلیمێکی یوگوسلاڤی کە باوکێک و کوڕەکەی دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیان، لەڕێدا تووشی سوپای نازییەکان دەبن و تەنها کوڕەکە لەبەر چاوی باوکی دەکوژن. یەکێک لە سەربازەکان دەڵێت باوکی مەکوژە چونکە گوللەی خەم دەیکوژێ...بەڵی ئەو تاوانە، بەعسییەکانیش داهێنانیان تێدانواند..ناوچەی بازیان و گەرمیانیش دەها تاوانی وای تێدا ئەنجامدرا.

مەفرەزەكەی هیوا رەش، لە گەڕان بە ناو دیهاتەكاندا نەوەستان و دواتر بەرەو بازیان و گوندی (داری كەلی). شەویان لەوێ كردبووەوە. باری سەربازی و ناوچەكە زیاتر گرژی بە خۆیەوە دەبینی و كۆپتەر و ئەنفالكردنی گوندەكانی سەرجادە و بە كارهێنانی كیمیاوی ورەی خەڵكەكەی شل كردبوو. ئەو بەیانییە دەنگۆی ئەوە دێت كە حكومەت كەوتۆتە بان زنجیرە شاخی گڵەزەردە تاكو قوتەكانی بەرامبەر گوندی بارۆیی دەشتی بازیاندا كە دەروانن بەسەر گوندەكانی هورمزیار، قوشقایە، بارۆیی سەرو و خوار و خێوەتە و هەڵانەكان و كۆمەڵێ شوێنی ستراتیژی. ئەوە مانگێكیشە دوای ڕزگاركردنی شارۆچكەی قەرەداغ هێشتا پێشمەرگەكانی بەتالیۆنی حەوت ئەوەی ناوی پشودانە نازانن چیە. هەر چەندە هێزەكەیان كەم دەبێ، بەڵام لە تاریك و لێڵەوە بە چەمی گاوانیدا كە دەكەوێتە خوار ئاوایی گوندی داری كەلی بەرەو دەربەند چۆلەكە هەڵدەزنن، ئەمان ژمارەیان ناگاتە حەوت كەس، چەكی قورسیان یەك ئاربیجی و چەند گوللەیەك و چەكێكی ناتۆ و ئاربیكەیەك و چەند مەخزنە فیشەكێك بەقەدیانەوە، حكومەتیش باشترین مغاویر و چەند ڕەوە ئەنفالچییەكی كورد لەڕووی گوندەكانی (هەزار مێرد و گوندی دێ كۆن و تەپەدا) دەیانەوێ ئەو زنجیرە شاخە بگرن. قوتەیەك بەرامبەر بارۆیی دەگرن، دەیانەوێ قوتەی سەر دەربەند چۆلەكە بگرن، ئەمان پلنگەكانی بەتالیۆنی حەوت و سێ پێشمەرگەی بەتالیۆنی نۆی حزب (هاوڕێ جەلیل، ئاسۆ بچكۆل و سەلمانە

سور)، بەسەرکردایەتی هیوا ڕەش پێش ئەوان دەگەنە ترۆپکی شاخ و دۆزەخێکی چەند سەعاتییان بۆ دادەخەن، پتر لە شانزە مغاوير و چەند جاشیک بەر دەدەنەوە. شایەنی باسە لە قۆڵی سورەبانی بەرامبەر بە گوندی (باڕۆیی)شەوە مەفرەزەیەکی یەکێتی بەشەڕ دێن و پێشمەرگەیەکیان بەناوی عوسمان شەهیدا دەبێ.

هاوڕێ هیوا و شەهید مامۆستا ئاوات، دەیانگێرایەوە کە کۆپتەرەکان بە بڵندگۆ دەیانگوت تێکدەرەکان خۆتان بدەن بەدەستەوە. دوای ئەو شەڕە گوندی ئەو ناوە نەبوو کە باسی ئازایەتی پێشمەگەکانی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی حزبی شیوعی نەکا. هاوڕێ جەلیل وتی: هەرچەند ڕەمەزانیش بوو، بەڵام خەڵکی ئاواییەکان لە نان و ئاو بێ بەشیان نەدەکردین. شایەنی باسە ئەو مەفرەزیە هێشتا لەوێ بوو ئێزگەی حزب پەیامی ئەوەی بۆ دەناردن، بەناوی مەفرەزەکەی هیوا ڕەش، کە لە هەلەبجە شار خرۆشاوە و دەبێ بەزووترین کات بگەنە فریای جەماوەر. ئەمجارە هەموو پێشمەرگەی بەتالیۆن ئیوارەی ١٣یی پێنج کەوتینە ڕێ بۆ هەلەبجە، دوای ١٢ سەعات ڕێگا بێ وەستا بە شار شادبووین.

ئارام هەورامی
رۆژانی بەرگری.
قەرەداغ - گوندی شیوی قازی ١٩٨٧/٥/١٣

# شەڕی دووەمی بەرگری لە ناحیەی قەرەداغ
# پایزی ١٩٨٧

سەرەتای پایز، ئیوارەیەکی بەجێماوتاریک و لێڵ، لێل وەک چاوی پیرەژنێکی دیدە خەماوی. بارانی پەڵە تینویەتی زەوی دەشکاندو جۆگەلە و چەمی دێوانەی بە فرمێسکی خوڕی ئاوپڕدەکرد، جار جاریش زرمەی تۆپی سەربازگەکەی تانجەرۆ، خۆیان دەکردە هەورەبروسەکە و لە نێو دڵی گەرەکەکانی ناحیەی قەرەداغدا دەتەقینەوە و هیمنییان ڕاودەنا و ڕەنگەکانی پایزیان تێک دەدا.

پتر لە شەش مانگ بوو، ناحیەی قەرەداغ لە شەڕێکی هاوبەشدا (هەموو لایەنەکان پێکەوە)، لە یەکەم رۆژی نەورۆزدا ئازاد کرابوو، حکومەت تەنها زنجیرە شاخی گڵەزەردەی بەدیوی شاری سلێمانیدا بەدەستەوە ما بوو، ئیدی دەبوو بە شێوەیەکی کاتیش بێ، بریاری زۆردارەکەی بەغدار جێبەجێ بکا و شار بە خۆڵەمیش بەجێبهێڵێ*..

بنکەی سەرەکی بەتالیۆنی حەوت لە مزگەوتەکەی شیوی قازی بوو،. ئێمە تازە نانی ئێوارەمان دەخوارد، خێرا هێزمان رێکخست کە هەر هیچ نەبێ بەر بەو هیزە بگرین و رێگەی تێکدانی شاری لێ بگرین، ژمارەمان ٢٢ پێشمەرگە بوو، لە گوندی نەوتی* بۆ ئەوەی لەبەرزاییەکانی پێش قەرەداغ فریای دامەزراندن بکەوین، سواری تراکتۆرێ بووین، تا نیزیک گوندی زەی هۆمەر* بوینەوە، لەوێ بەرەو گوندی تیمار رێمان دەکرد، کۆمەڵێ جاش و سەربازمان دی لەبەرزاییەکانی گوندی ولیان و  پێش شار تەقەیان

دەکرد، ئێمە تەنها چەند فیشەکێکمان پێوە نان ئەوان هەڵهاتن، ئیدی بۆردومان هێندەی دی چڕبویەوە. ئەمجارە بۆ ئەوەی نەبا گەرەکەکانی پێشەوەی ناوشار بگرن، ئێمە پێش ئەوان فریا کەوتین دەروازەی ناوشارمان گرت. دنیای تاریک بوو، باران بەخوڕ دەباری،، ئازای لەشمان دەزوویەکی وشکی پێوە نەمابوو، ئاگری گوللەی کاتیۆشاش پەیتا پەیتا وەک ئەستێرەی کوژاوە لە ئاسمان، دەکەوتنە خوارەوە، زۆربەی ماڵەکان لە زیان بێ بەش نەبوون.

کە گەیشتنیە شار، بەتەواوەتی دنیا تاریک بوو بوو، باران و بۆمب هەر بەردەوام بوون. لەوێ تا بەیانی سەرباری ماندویی و تەڕ بوونی جلەکانمان دامەزراین و بۆسەمان لە شوێنەگرنگەکان دانا،. ئەو شەوە سوپا و جاشەکان، کە هەستیان بە بوونی ئێمە، لە ناو شاردا کرد، نەیانوێرا خۆیان، تەنانەت لەبەرزاییەکانی دەروەری شاریش بدەن، بەیانی لەگەڵ تاریک و لێلدا، دوای ئەوەی مەفرەزەیەکی لقی دەی قەرەداغ هات بە هانامانەوە(بە ڕابەری مەجید دوکانی)، دووبارە سەنگەرەکانمان دابەشکرد. بەداخەوە هیزێکی ٥٠ کەسی پارتی(لقی چوار) کە سێ بیکەیسی و شەش ئاربیجیان پێ بوو(بە فەرماندەی نەسرین عەبدولا)، لە گوندی گۆشان جۆڵەیان نەکرد و تەنانەت داوامان لێکردن کە هەر بەشداری شەڕیش ناکەن، بیکەیسییەکمان بدەنێ، ڕازی نەبوون. فەرماندەی مەفرەزەیەکیان گوتی ئێوە خۆتان دۆزیوەتەوە شەڕی خۆ ترێن دەکەن. هەرچەندە وەک خۆی دەیوت، ئەو پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بوو و خاوەن ئەزمونی شەڕیش!

لە شەشی بەیانییەوە، بۆردومان تا دەها چڕ دەبوو و ماڵەکانیش گڕیان دەگرت. دەبوو بەرگری بکەین، ئەگەر نەمانکردایە، یەکەم، ورەی خەڵک بەیەکجاری دەشکاو سوپاش بەرەو گوندەکانی دی دەهات. ئیدی ئێمە سەنگەرەی ناو مۆڵگەی کونە هەنجیرەکەمان گرت، کە بە سەر شاردا دەینواڕی. یەکەم جار کە چوینە ناو موڵگەکەوە کە جاران رەبایەیەکی گەورەی ڕژێم بوو، دیوارەکانی هێندە بەرزبوون، بە ئاستەم ئەو دیومان لێوە دیار بوو، ناچار کونمامان کردە دیوارەکانی.
کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی هێرشی سوپا دەستی پێکرد، مامۆستا ئاوات وتی؛ تا لوتیان نەنێن بەسەنگەرەکانمانەوە کەس تەقە نەکات. ئێمە لەسەنگەر و ئەوان لە سارایی، ئەوان داگیرکەر و ئێمەش کوردستانی خۆمان، ئەوان پێیان وابوو بەبێ تەقە دەیگرن. تەنها هێندەیان خۆش بوو، کە چەند مەترێکیان مابوو، تەرزەی گوللەی لە ناکاوی ئێمە وانەیەکی پێ دان، کە تا نیزیک نیوەڕۆ خۆیان پێ کۆنەکرێتەوە. ئەوسا سوپا تاکتیکی خۆی گۆڕی و تانکەکان لە ئەنگاوتنی ئاربیجی دوور کەوتنەوە، کەوتنە وێرانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هەروەها هاوەن و تۆپیش بەردەوام ڕێگەی یارمەتی ئێمە و هێرشی نوێی دەکوتا.
دیواری سەنگەری نێو(کونە هەنجیرەکە) زۆربەی ڕوخا، زۆربەی شوێنی پێشمەرگەکان بۆ گوللەی تانکەکان ئاشکرابون. دەنگی تۆپی تانک لە یەکەم کاتژمیرەوە زۆربەمانی کاس کردبوو.

کاتژمێر ٢،٣٠ چەند تانکێک و سەرباز و شۆڤڵیک دەیانەوێ دزە بکەن و پشتمان بگرن، مامۆستا ئاوات ئاربجییەک دەنێ بە شۆڤڵەکەوە و گڕ دەگرێ، تانکەکەو سەربازەکان هەڵدین، ئای

لەسوپاکەی کوڕی عوجە!* هاوارمان لێکردن "وێنکم جنود ئەبو حەلا"؟ سەربازەکانی ئەبو حەلا کوان؟. مامۆستا ئاوات دەیەوێ ئاربیجیەکی دیش بنێ بە تانکەکەوە، پارچە تۆپێک بەر پێی دەکەوێ و بریندار دەبێ، هاوڕییەکی دیش بە ناوی سەرتیب دەپێکرێ و  لای خواری بیمار دەبێ. بریندارەکان دەبەینە بەرەی پشتەوە.

لەماوەی سێ کاتژمێردا، پتر لە چوار هێرشی گەورە شکستی پێ دێت، چەند زیلێک و دوو جێبی قیادە دەبینین گیریان خواردوە، ئێمە هێزی پترمان نیە، هێرشی بەرامبەر بکەین ئەوان لەوێ گیر دەخۆن و بەردەوام خەریکیان دەکەین تا لە شوێنی خۆیان نەجولێن. هێندەش گوللە ئاربیجیمان پێ نامێنێ..
لەبنکەکانی یەکیتی پشت گوندی گۆشانەوە و گوندەکانی دەوروبەر، جەماوەری ناوچەکە وەک سەیری فلیمێکی شەڕ سەیری جەنگی ئێمە دەکەن. مام ڕۆستەم، لە مەفرەزەیەکیان تورە دەبێ کە ئەرکی پاراستنی سەنگەرەکانی دواوەیان لە ئەستۆ گرتووە کە بچن بەدەم هاوڕێیانی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانەوە، هەروەها داوا لە هێزەکەی پارتیش دەکەن کە بەرەیەکی دی بکەنەوە تا کو فشاری سەربازی لەسەر هاوڕێیانمان کەم بێتەوە. مەفرەزەکەی یەکێتی و پارتی وەڵامی ئەوە دەدەنەوە کە شەڕەکە سەختەو ئەو چەکانەی پییانە بەکەڵکی ئەو بەرەیە نایێت، مام ڕۆستەم توڕە دەبێ و دەڵێ: ئەدی ئەو چەکانەی دەست هاوڕییان خۆ ئاو ناتەقێنن، مەگەر وەک ئەوانەی ئێوە نین، بۆ ناچن بەدەمیانەوە! هێزێکی تری گەورەی لقی چواری پارتی پتر لە ١٠٠ کەس، لە گوندەکانی نەوتی، جافەران و چەمی سمۆر دەبێ و

گوێ نادەنێ. بەداخەوە تاکو کاتژمێر چوار ئێمە بەردەوام لەبەرگریدا بووین و هاوکارمان نەبوو. دوای ساڵانێکی دوور ئەو هەلوێستەی هێزەکانی پارتیم وا دێتە پێش چاو، کە وەک هەندێ گروپی مافیا، پێیان خۆش بووبێ کە هێزەکەی ئێمە لە ناو بچێ، ئەگەر سەریش کەوتین، ئەوا لە کۆتایی شەڕەکە بەشدار دەبن و دەیکەن بەهی خۆیان، هەروەک داستانی هەندرێن لە شەستەکاندا.

**نەبوونی خواردن و کەمبوونەوەی تەقەمەنی**

خواردن و ئاوامان لێ دوور بوو، تەنێ ژەمێ نەبێ، ئەویش بەیانییەکەی کاتژمێر پێنج، ئیدی ئەو پێشمەرگە پاڵەوانانە بەرپەرچ و شەڕی دەستەو یەخەیان دەکرد. فیشەک خەریەکە تەواو دەبێ، دکتۆر فەرهاد و هاوڕێ مەریوان، ڕێگەیەکی چکۆلە دەکەنەوە، لەولاشەوە مەفرەزەیەکی چکۆلەی دی لقی دە(ئەحمە سەرباز) دەستپێشخەری دەکا، لە پشتەوە لە سوپاکە دەدا. شڵەژانێکی زۆر دەبینین و هێندەی دی ورەمان بەرز دەبێتەوە. کەمێ فشارمان لەسەر کەم دەبێتەوە. من و ڕێبوارە سوور، بەرەو لای هاوڕێ جەوهەر و چەند پێشمەرگەیەک دەچین و خێرا بارێک نان و فیشەک و ئامێرێکی پێوەندیمان دەدەنێ. بەداخەوە حزبی شیوعی هەمیشە کێشەی چەک و بێ سێمی هەبووە(هەندێ سەرکردەی، خەباتی چەکدارییان لاپەسەند نەبوو)، ئەگەر زوتر بمان توانیبایە پیوەندی بە هاوڕێیانی دییەوە بکەین، دەها سەرباز و جاشمان بەدیل دەگرت و هەر بەیانی دەستکەوتێکی باشمان دەبوو.

لەڕێگەی گەرانەوەی بۆ لای هاوڕییان، بێ سیمەکەم کردوە، فەرماندەکە جنێوی بە سەرباز و جاشەکاندەدا. بۆ ئەوەی سەریان

لێ بشوێنم، هەر لە خومەوە کەوتمە قسەکردن و باسی ئەوەم کرد، کەوا هیزێکی چەند سەدی پێشمەرگە لەتیمار و ولیانەوە خەریکە پشت لە هیزەکەی دوژمن دەگرن و پردەکان دەتەقێننەوە. بە ئارەزووی دڵی خۆشم تا بۆم کرد سەددامم پڕ جنیۆ کرد. نیزیک سەنگەری هاوڕییان بوومەوە، بینیم هاوڕییان دەکشێنەوە، د فەرهاد، زۆربەمان فیشەکمان پێ نەماوە و تانکەکانیش هەستیان بەوە کردوە.

برینەکەی مامۆستا ئاوات(جەلیل گوڵپی) زۆر سەخت نەبوو، بەلام ئەوەی هاوڕی سەرتیپ(گوندی جەلیلەی هەڵەبجە) شوێنی هەستیاری گرتبوو. ئەوانمان گواستەوە بۆ خەستخانەی مەڵەبەند لە سوورە زەلەکە.

**تەقاندنەوەی قەرەداغ و**

**گوێ نەدانی پێشمەرگەی هێزەکانی دی**

لە کاتژمێر هەشتی شەوەوە سوپا و جاشەکان دوای ئەوەی دڵنیابوون کە هێزەکەی بە تالیۆنی حەوت ناچار لە بێ فیشەکی و پشتیوانیدا، لە دەروازەی شاردا کشاوەتەوە، ئەوسا وێردیان کرد بچنە ناوشارەوە، ئەو شەوە گوندەکانی چەمی سمۆر، ئەستێڵی سەر و خوار و گۆشان، جافەران و ئەو گوندانەی نیزیک قەرەداغ تووشی چڕترین بۆردومان بوونەوە.

هەر ئەو شەوە، دوژمن تا بەیانی توانی شارۆچکەی قەرەداغ هەمووی بتەقێنێتەوە و ماڵێکی بە پێوە نەهێڵێ. بەداخەوە هێزەکانی لقی چواری(پارتی) هەموو لەوێ بوون، یەکێتیش چەند هێزێکی دێیان. تەنانەت بەتالیۆنی نۆی سلێمانی(حزبی)ش کە

بنکەی لە کەسنەزان بوو، چالاکییەکی سەربازی ئەوتۆی نەکرد، تاکو هەر هیج نەبێ بێن بە هانای ئێمەوە.

لەشکر و جاشەکان زۆر نەمانەوە و تا نێوەڕۆی ڕۆژی دوایی شاریان وێران کرد، ئێمە دەمانویست لە پشتەوە سەرباری ئەوەش زەبرێکیان لێ بدەین، تا ئێمە خۆمان کۆکردەوە و هێزی دیمان لە گەرمیانەوە بۆ هات، سوپا کشانەوەی خۆی دەست پێکرد. بەداخەوە لەبەر هیلاکی و نەبوونی ئامرازی گواستنەوە نەمانتوانی ئەوە بکەین.

لەبەر ئەوەی ناوچەی قەرەداغ ناوچەیەکی دارستان و شاخاوییە، دەکرا، ئەگەر نەخشەیەکی سەربازی باش هەبوایە و لایەنەکان پێکەوە هاوئاهەنگ بوونایە، زەبرێکی مێژوویی کوشندە لە داگیرکەران بدرایە. وێرانکردنی شارۆچکەی قەرەداغ بووە هۆی دابەزینی وورەی خەڵکی ناوچەکە و کەمبوونەوەی باوەڕ بەهێزی پێشمەرگە و چوونەوەی هەندێ لە گوندنیشنەکان بۆ ناو شار.

شەڕی بەرگری لە شارۆچکەی قەرەداغ، بۆ حزبی شیوعی و بە تایبەتی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان، باشترین پێناسەی ئازایەتی پێشمەرگەی شیوعیی (هەڵەبجە و هەورامان) لە ناوچەکەدا سەلماند. بە پێچەوانەشەوە، گلەیی و گازندەی توندیان لە هێزە زەبەلاحەکەی پارتی گرت، کە تا کۆتایی شەڕەکە لە گوندی جافەران دایکوتیبوو. هەروەها خەڵک لەوە توڕەبوو کە بۆچی هێزەکانی یەکێتی نەچوون بەدەم هاوڕێیانەوە تاکو سوپا ماڵەکانیان نەتەقێنێتەوە.

ئارام هەورامی
سەرەتای پایزی ١٩٨٧ شیوی قازی/قەرەداغ باشووری کوردستان


پەراویز و ێنەیکان

- سەددام دەیوت دوای دەسەڵاتی خۆم ئەو شوێنە دەکەمە خۆڵەمێش کە دەسەلاتی منیان تیا نامێنێ.
- گوندی نەوتی، زەی هۆمەر، ولیان، جافەران، کەسنەزان و گوشان، کۆمەڵێ گوندی ناوچەی قەرەداغن.
- لقی چوار پارتی: هێزیکی ناوچەی هەلەبجە و سلیمانی پارتی بوو.
- مام رۆستەم: فەرماندەیەکی یەکێتی نیشمانی بوو.
- نەسرەدین عەبەدولا: فەرماندەیەکی پارتی لە لقی چوار بوو.

# چارەکە سەدەیەک لە داستانی شەڕی سویلەمیش- ئەو ڕاستیە نەزانراوانە

نوسینی سوهەیل الزهاوی

وەرگێرانی بۆ کوردی: ئاسۆ بیارەیی



سویلەمێش گوندێکی بچوکی،  لەسەر تەپۆڵکەیەکی چکۆلە لە شارەرزوور ڕوو نیشتوە و چەند میلێک لە شاری سەید سادق، کە سەر بەشاری سلێمانیە، دوورە. رووبەری گوندەکە تەنها جێگەی چواردە ماڵ پتر نابێتەوە و جێگەیەکی ستراتیژی هەیە و لە هەموو لایەک دەروانیت بە سەر دەشتی بەرینی شارەزووردا. ئەم گوندە یەکەم جار بە خوێنی بێگەردی شیوعیەکان ناوی لە مێژوو تۆمار کرا.

لە ٢٥ی ئەیلولی ساڵی داهاتوو، چارەکە سەدەیەک بەسەر ئەو داستانەدا تێ دەپەڕێ، داستانێک کە پڕە لە بەڵگەو وانەی مێژوویی و ڕووداوی پەرەی کتێبەکانی سالآنی ڕابردوو.

شەری سویلەمێش بەیەکێک لەشەرە بەرەییەکانی ساڵی ١٩٨٣ دەژمێردرێ  کە لەنیوان هێزەکانی بەتالیۆنی نۆی حزبی شیوعی عێراق/ سلێمانی و هێزەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، ڕووی دا.

لەم باسەدا هەوڵ دەدەم تیشک بخەمە سەر هەندێ وێنەی دلێری و نەبەردی دەگمەنی پێشمەرگە شیوعیەکان کە هێشتا پەی پێ نەبراوە نەزانراوە، ئەو پێشمەرگانە کە گیانیان کردە قوربانی بەرژوەندییەکانی گەل و نیشتمان. هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاستیەکانی ئەو  شەرە مێژوویەتان بخەمە بەردەست، ئەوەش وەک شایەتێک و سەرکردەیەکی شیوعی لەو ناوچەیەدا.

لەشەوی ٢٤ لە سەر ٢٥ی ئەیلولی سالێ ١٩٨٣ هێزەکانی بەتالیۆنی نۆی حزبی شیوعی/مەڵبەندی سلێمانی، بەسەرکردایەتی مەحمود دیکتارۆف(ئیسماعیل )لە گوندی سویلەمیش بوون. مەفرەزەیەکی تری مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوک(حشع) لە گوندی ئەحمەد ئاواوە بەرەو شارەزوور، هەر ئەو شەوە دەگەنە

گوندی سویلەمیش، دوو پێشمەرگەی پارتیشیان لەگەڵ دەبێ. شەهید یاسین و جەلال نەرێنیش لەو مەفرەزەیە دەبن.
هاوڕێ مەحمود دیکتارۆف کە فەرماندەی فوجی نۆ بوو
بەم شێوەیە باسی ئەو داستانەی گێرایەوە:-

لە گەڵ کازیوەی بەیاندا، پێشمەرگەی دیدەوان، ئاگاداری کردین کە بارودۆخکە ئاسایی نیە و هێزێکی زۆری ڕژیم، بە یارمەتی سەدەها جاش و و خۆفرۆش، وەک ڕانە ئاژەڵی بەلسە، بەرەو سویلەمێش ملی ڕێگەیان گرتووەتە بەر. بە پەلە بریاری بەرگری درا، بەو شێوەیە کە زەبرێکی کوشندە و لە نا کاو لە هێزەکانی دوژمن بدرێ، بە تایبەتی کاتێک هێزەکە نیزک گوندەکە دەبێتەوە و دەکەوێتە ژیر قەرەوڵی پێشمەرگەکان. ئەوەش بۆ ئەوەی گەورەترین زیان بە هێزەکە بگەێنرێ. سەنگەر لێدرا و ئیدی چاوەڕوانی هێرش بووین.
کە کاتژمێری هەشتی بەیانی، کاتێک هێزەکەی دوژمن، نیزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە بویەوە، بارانی گوللەیان بەسەردا باری و دەها سەرباز و جاش و سیخور لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا کەوتن و زۆربەشیان هەڵدەهاتن، لەناو جاشەکاندا. کوشتنی جاشی مەفرزە خاسە، ناسراو بە عوسمانی عەلی چەتوون بوو کە دۆستێکی دێرینی سەددام حسێن بوو. ئەو زەبرە بۆ داگیرکەران چاوەروان نەکراو بوو و بووەی هۆی بەرزبوونەوەی وورەی پێشمەرگە و لاوازی هێزەکەی دوژمن.
لەو زەبرە کوشندەیەدا، دوژمن ئیدی دەستکرد بە بەکارهێنانی چەکی قورستر و هێنانی تانک و سەربازی زیاترو خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشی نوێ و گەمارۆدانی سویلەمێش، لە سێ قۆڵەوە، جگە ئەو ڕێگەیەی کە دەچووە ناو گوندی (تەپەکەل)ەوە. ئامانجی

سوپای دوژمن ئەوە بوو کە گەمارۆی تەواوی گوندەکە بکا و یارمەتی پێشمەرگە ببڕێ و کاتێک چەک و تەقەمەنییان نەما، هەموویان بکوژێ. دوژمن بۆ ئەو کارەش، فرۆکەی کۆپتەری بەکارهێنا. بە دۆشکا و موشەک فرۆکەکان کەوتنە ئاگر بارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام ئەو بۆردومانە،  هیچی لەوەری پێشمەرگەکانی کەم نەکردەوە و بگرە زیاتر ئامیزیان بەزەویدا ، بۆ بەرگری دەکرد. دوژمن تا نیزیک نیوەڕۆ چەند هێرشێکی کرد، بەلام هەموو جارێ کۆمەڵێک لاشەی لێ  بەجێ دەماو دەشکا.

بۆ ئەوەی ئەو نەخشەی گلاوەی دوژمن هەلوەشێنرێتەوە، سەرکردایەتی مەڵبەندی حزبی شیوعی(سلێمانی و کەرکوک) کە لە گوندی تەپەکەل بوو، بەرەیەکی نوێی کردەو و شەریش لەوێ دەستی پێکرد. لەکاتێکدا هاوڕێ نەسرەدین دەست دەکا بە تەقەکردن لە کۆپتەرەکان، عوسمانی قالەی منەوەر(کە ئەوسا حسک دەبێ)* و هێزێکی پارتی، دەست دەکەنە جنێودان، کە بۆچی حزبی شیوعی دەیانەوێ بەرەیەکی دی بکەنەوە و ئاشکرایان بکەن. هەلوێستی هێزی ئەو دوو حزبە هێندەی دی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دژی هێزەکەی دوژمن تورەتر دەکا.

هاوڕێ رۆبیتەن لە فەوجی ١٥ قەرەداغ، ئاربیچیەک دەنێ بەیەکێک لە کۆپتەرەکانەوە  و دەیپێکێ و دوکەڵێک بە شوێن خۆیدا ڕادەکێشی، کۆپتەرەکانی دیش بەرەو ئاسماندا بەرز دەبنەوە و لە ئاسمانی شەرەکە هەڵدێن. دوای کاژیرێکی دی دیسان کۆپتەرەکان بەرەو ئاسمانی سویلەمیش و تەپەکەل دەفرنەوە  و ئەمجارە، چەند سەر مەڕێکی ئاوایی و کچکۆڵەیەک

بریندار دەکەن. ئەوەش لەبەر ئەوەی شارەزوو تەختە، کۆپتەر کاریگەری خۆی هەیە.
پاش نیوەڕیە و هەنووز شەڕ لە دوو قۆلەوە درێژەی هەیە، لە ئاسمانی تەپەکەل و لە بناری تەپەکەی سویلەمێش. هاوڕێ شەهید یاسین و شەهید یوسف، پتر لە شەست گوللە ئاربیجی دەنێن بە تانکەکانی دوژمنەوە، تا ڕێگەی نیزکبوونەوەی گوندەکەیان لێ بگرن. پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی دەها هێرشی دی دەشکینن. کاتژمێر سێی پاش نیوەرۆیە و شوێنەکەی شەهید یاسین ئاشکرا دەبێ و بەهۆی بۆردومانەوە، گوللەی ناو مەخزنەکانی پێیدا دەتەقێنەوە و شەهید دەبێ، هاوڕێ جەلالیش بریندار دەبێ. لە کۆتایی کاتژمێرەکاندا ، مەفرەزەیەکی حسکیش بەشداری دەکا، (بەپێی ئەو هاوڕییانی بە منیان ووت: نە پارتی نە حسک بەشداری ئەو شەرەیان نەکردوە و بەپێچەوانە،هەڵهاتنی ئەوان، بووەتە هۆی، تێکدانی تەرازووی شەرەکە. ئاسۆ بیارەیی).
من خۆم وەک شایەت حالێک، بە چاوی خۆم قارەمانیەتی ئەو پێشمەرگانەم بینی کە چ بەرگریەکیان دەکرد. لەگەڵ ئەو هەموو وێرانکاری و سووتاندنەی کە تووشی گوندەکە هاتبوو. دوای کەمێکی دی بریاری کشانەوە درا. ئەو بریارە وەرگیرا بۆ ئەوەی نەبا فیشکەی پێشمەرگەکان نەمێنێ و زیانەکان لەوە پتر بن.
جاشەکان دڵنیابوون کە پێشمەرگەکان کشاونەتەوە، ئەوسا کۆمەڵێک جاش، سەرکەوتنە ناو گوندەکە. هێشتا هەندێ پێشمەرگەی حزب لە ناو گوندەکە مابوون، کە جاشەکانیان بەجلی کوردییەوە بینی بوو، پێیان وابوو ئەوانە پێشمەرگەی لایەنەکانی دین و تەقەیان نەکردبوو. ئەو لێی گوڕینەی وای کردبوو کە جاشەکان، چوار پێشمەرگەی قارەمان بەدیل بگرن. یوسف

عەرەب(کازم روار)، غەمبار(موحەمەد عەلی فەرج، ئاراس ئەکرەم( ساماڵ) و شیخ جەلال نەریێنی بە برینداری.
لە کاتی بردنی ئەو دیلانە، شیخ هاوڕێ جەلال هاوار لە جاشەکان دەکا ئیوە خائینن و لاتفرۆشن و تفیان لێ دەکا. جاشەکان بەرگەی جنیوەکانی ناگرن و گوللەبارانی دەکەن و لە گردێکی پاڵ (سویلەمێش)دا لاشەکەی فرێدەدەن. سێ دیلکەی دیش لەلایەن سیخوری تایبەتی رژیم ڕەشەی سالحە، کە براکەی لە کەمینی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان دەکوژرێ، لە تۆڵەی براکە جاشەکەی، ئەو ئەو سێ پێشمەرگەیە بەدیلی دەکوژێ.
هێشتا ئیمە لەوێن و گوندەکەش لە ئاگر و دوکەڵدا وونە و دواتر تەرمی هەردوو شەهیدە قارەمانەکە دەبەین بۆ گوندی تەپەکەل.
وانەکانی ئەم شەڕە و هۆکارەکانی بەشداری لەم شەڕەدا:-
ئەم شەڕە جەنگێکی سەپاو نەبوو، کلیل و دەستپێشخەریەکەی (موبادەرە) بەدەست پێشمەرگەکانی فەوجی نۆوە بوو، دەیانتوانی گەورەترین زەبر لە هێزی دوژمن بدەن و بکشێنەوە ، بەلام هاوڕێی کۆچکردو مەحمود دیکتارۆف(نەک ئیسماعیل دیکتاترۆف) ئەو سەرە ڕۆییانەی کرد:--

- هاوڕێ مەحمود دیکتارۆف پیی وابوو، ئامانجەکە ئاسانە و دەتوانرێ زەبرێکی گەورە لە هێزەکەی دوژمن بدرێ، ئەوەش ڕوی دا.
- سەرکردایەتی مەڵبەندی سلیمانی و کەرکوکی حزب کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی باشی لەژێر دەستدا بوو لە نیزیک و مەیدانی شەرەکە بوو، فەرماندەی فەوجی

نۆش سەرپەرشتی دەکرد و هیچ درێغیشی نەکرد لە بەکارهێنانی دژی دوژمن.

- بوونی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی حزبی شیوعی و (جود) لە گوندەکانی دی، دەکرا بەرەی دی بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر شەڕگەی گوندی سویلەمێش بکرێ.

کشانەوەی لە شەڕەکە:-

کشانەوە لەبەرەی شەری وای دەستەو یەخەدا، یەکێکە لە هونەرەکانی جەنگ کەدەبێ بەووردی خوێندنەوەی بۆ بکرێ و بریارێکی تەندروستی بۆ بدرێ، بەتایبەتی ئەگەر هێزەکەی بەرامبەر لەروی تفاقی جەنگییەوە بالاتر بێ، بۆ ئەوەی بە کەمترین زیان ئەو کشانەوەیە بکرێ.

لەشەرەکەدا تەنها تیشک خرابووە سەر بەرگری کردن و لایەنی کشانەوەی و هێڵی یارمەتی نەخشەی بۆ نەکێشرابوو. کە بریاری کشانەوەش درا، لە دوا کاتژمێرەکانی شەر بوو، نەک لەو کاتەدا کە پێشمەرگە بالا دەست و سەرکەوتووبوو. نەبوونی هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی دیدا و حسک بەنموونە، ئەگەر کشانەوەکە بە شێوەیەکی رێکخراو بوایە، ئەو زیانانە بەو شێوەیە نەبوو

دەرهاویشتە و ئەنجام

حزبمان و لایەنەکانی دی لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٢ هەندێ شەڕیان لە شوێنی سارا و ڕووت کرد، کە تووشی گەورەترین

زیان بوون، جارێ وا هەبوو هەموو پێشمەرگەکان تیاچوون و شەهید بوون. ئەوەش لەبەر لاوازی ئەزمونی شەڕی پارتیزانی و ترسی پێشمەرگە کە هێزی دوژمن گوندەکان وێران بکا. لەدەرەوەی گوندەکانیش کە رووتەنی بوو هێزەکانی حکومەت بالا دەست بوو.
شەڕی سویلەمێش، شەڕێکی چۆنایەتی بوو لە هونەری شەڕی پارتیزانی، کە سەلماندی پێشمەرگە، سەرباری کەمی ژمارەیان و بالّایی دوژمن، بەلّام دەتوانن، بەرگری بکەن و سەریش بکەون.

ئەو داستانە نموونەیەکی ئازایەتی و گیانفیدایی و پالّەوانی پێشمەرگەی سەلماند و شایەنی بەرزنرخاندنە، چونکە بە ژمارەیەکی کەمێ پێشمەرگە، لە ڕووبەرێکی بچوکدا، توانرا بەرەنگاری سوپایەکی گەورەی پڕ چەک و سەدان سەرباز و سیخور و جاش بگیرێ، کە خاوەنی تانک و فڕۆکە یە. گوندییەکانیش هەستی ئارامییان دەکرد دوای ئەوە شەڕە و ئازایەتی پێشمەرگەیان بە چاوی خۆیان دی.

<u>تێبینی و ناوەکان</u>

- هاوڕێ نەسرەدین عابدو فەرماندە سەربازییەکانی حزب لە گوندی تەپەکەل بوون و سەرپەرشتی شەرەکەیان دەکرد. هەروەها هاوڕی کەمال(سهیل زهاوي) و عوسمانی قالەی منەوەر لە کادیرەکانی حسک، کە لەسەرەتاوەی دژی کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ بوو لە تەپەکەل، بەلام دوای سەرزەنشتی هاوڕیان

و توورەیی هاوڕێ نەسرەدین و هەندێ لە پێشمەرگەکانی حسک، لە هەلوێستەکی پەژیوان بووەوە.


- شەهید یاسین(فەرماندە) ئازا بوو و لە هەموو شەرەکاندا بەشدار بوو، هەمیشە لە هەڵمەت بردندا بوو و زۆر جار بە پێوە شەری دەکرد، هەندێ جارێ هاوڕێ نەسرەدین گالتەی دەکردو دەیوت: وریابە موختارکوژێک نەتکوژێ. بەلام ئەو دەیوت من تەحەدای مردن دەکەم و مردن لەبەرم هەڵدێ. بەڵێ شەهید یاسین لەگەڵ خەزانی گەلاکانی پایزی ١٩٨٣ وەری، بەڵام ناوی نەمرەو وەک خۆی دەیوت من بە موشەک دەمرم نەک گوللە. هەرواش بوو، مووشەکی تانکێ شەهیدی کرد.
- شەهید جەلال: فەرماندەی مەفرەزەبوو، خەڵکی گوندی(نەرینەیی) ناوچەی شارباژیر بوو. لەساڵی ١٩٨٢ لە سلێمانی دەژیا و سەرپەرشتی هەندێ رێکخستنی نهێنی دەکرد و پێوەندی بەهاوڕێ (شیخ ڕەسوڵ)ەوە هەبوو.
- زانیاریانەمان دەربارەی دیلکردنی هاوڕێ جەلال لە سەرچاوەی تایبەتی خۆمانەوە وەرگرت و ژنێکی خەڵکی سویلەمێش کە کاتی شەرەکەدا لە گوندەکە دەرنەچووبوو، زانیاری ئەوەی داینێ کە شیخ جەلال بەدیل گیراوە و شوێنی شەهیدکردنەکەشی پێڕاگەیاندین.
- لەدوای گوللە بارانکردنی ئەو سێ شەهیدە( یوسف عەرەب، غەمبار و ساماڵ)، لەو شوێنەی گوللەباران کردنەکە کرابوونە ژێرخاکەوە. بەلام دوایی تەرمەکانیان لەلایەن دایکی شەهید

سامالّ(سەبری خان و فاتمەخانی دایکی شەهید ئاسۆی هاوڕێ نایب) و (ئامانجە چکۆل)، رۆلێکی سەرەکیی دەگێرن لە هێنانەوەی تەرمی شەهیدەکان و ناشتنیان لە سەیوانی سلێمانی. کەسێتی ناسراوی شاری سلێمانی(عەلی بۆسکانی) و هاوڕێ موستەفا حەیران) یش زۆربەی ئەرکە ئابورییەکان دەگرنە ئەستۆ لە هەلّبەستنی ئارامگەکانیان.

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=143582

## کرۆنەلۆژیای هەندێ شەهیدی حزبی شیوعی

### دایە باسی تەرمی ئاشتی مەکە!



**ئاشتی و هاوڕێکانی ئەو هەموو سەربازەیان کوشتوە با ئەوانیش تۆ ئەنفال نەکەن!**

لە بانی مۆردەوە، دوای شەرەکانی ئەنفال، بەهاری ١٩٨٨،  بەرەو گەرمیانی ڕابوون، شۆر دەبوینەوە، هێزەکە سەرێکی لە بناری شاخ بوو، ئەوی دیش ناوچاوانی هەردەکانی گەرمیانی ماچدەکرد، بەشێکی دیشی سەرەتاتکێکی لەگەڵ کەرکوک دەکرد ...تا هاوینی ١٩٨٦ لە دۆڵی کەرەجاڵ/ئەحمەد ئاوا، لەگەڵ هاوڕێ ئاشتی و ماجد وسۆران و چەند پێشمەرگەیەکی گەرمیان و قەرەداغ پێکەوە

بووین، دواجار دوای ڕێککەوتن لەگەڵ یەکێتی، مەفرەزەیەک لەگەڵ شەهید مەجید دوکانی هات و ئیدی هەموویان بەرەو قەرەداغ شوربوونەوە. هاوڕێ (ئاشتی)م دواجار ئیوارەی پێش شەڕی تازە شار ۷ لەسەر هەشتی مانگی چواری ۱۹۸۸ بینی. ئەو مرۆڤە بە وورەبوو، سوور دڵنیابوو کە ئەمجارەیان چارەنووس تەواو نادیارە..کەمێ باسی شەرەکانی قەرەداغم لە دەفتەرەکەم بۆ ئەو و نازمە چکۆل خوێندەوە...زۆر دڵگران بوون...بەڵێ ۲۲ پێشمەرگە لەو شەڕە شەهید بوون و ۵ کەس دەرچووین، بێجگە چەند بەرگریەک، دووانمان بریندار..

دایکی هاوڕێ ئاشتی، زوو هەواڵی پێ دەگا کە کورەکەی شەهید بووە، ئاخر تا دوا فیشەک ئەو و هاوڕێکانی خۆیان نەدابوو بەدەستەوە. دایکی بە سەرۆک جاشێکی وتبوو، تەرمی کورەکەی بدەنەوە، هەر لەوێ لە نێزیک ئاوایی جەلال، پێش تازەشار و کانی قادر، ئەو سەرۆک جاشە پێی وتبوو، دایە گیان تا خۆشت ئەنفال نەکراوی بگەرێرەوە، ئەدی لاشەی ئەو هەموو سەربازە نابینی کە کوژراون، کورەکانی ئیوە کوشتویانن، تا ئەفسەرەکان نەتیانبینوە زوو بەگەرێرەوە. تەنانەت پتر لە ۲۰ جاشی کوژراون، باخزمەکانیان نەزانن.بەڵی شەڕی تازە شار داستانێکی مێژوویی و شەڕێک بوو کە سەلماندی تەنها باڵابوونی چەک گرنگ نیە، بەڵکو خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان دینەمۆی سەرکەوتنە.

**هەزاران سلاو لە گیانی پاكی هاوڕێ ئاشتی و شەهیدانی رێگای ئازادی مرۆڤەكانی دی**

م عەلی زەنگەنە: بۆ میژوو

شەهید عبدالرحیم علی محمود شالی / ئاشتی/ لە شاری كركوك لە دایک بووە . كولیجی كشتوكالی تە واو كردبوو. لە بنەماڵەیەكی شیوعی ناسراو بوو. گەلێ قوربانی و ئازار و راودنانیان بە سەردا هاتوە. لە سالی ١٩٨٥ پیوە ندی كردوە بە هیزی پیشمە رگە وە لە كە رە جال . لە ١٩٨٦بوو بە رابهر سیاسی لە لقی جباری بە تالیونی ٤ گە رمیان ، لە كاتی ئەنفالە كە ٨/٤/١٩٨٨لە گوندی تازە شاری بنار گل لە شە ریكی قورس و سە ختدا ، لە گە ل هاوریان ١ - ملازم سامی ٢- ماجد ٣-عامر ٤- علی ٥- عدنان ٦- عبدالله ٧- طارق شە هید بوون

هە ر لە و شە رە دا ١٢ پیشمە رگە ی یە كیتی و ٢ پشتگیریش شە هید بوون . واتە ٢٢ پیشمە وگە شە هید بوون . سلاوو لە رووحی پاكیان. "عەلی زەنگەنە"

## شەهید حەمە سۆفی




لەریکەوتی ٧ی مانگی پێنج ١٩٨٨ بوو لە خالەبازیانی جەبارییەوە لەگەل هاوریانی گەرمیاندا، لەوانە ئەحمەد بازۆکا و عەلی روسی

بۆ دیوی بناری گل پەرینەوە، پتر لە ٩٠ پێشمەرگە دەبووین، ئێمە سەدەها کیلۆمەترمان لە هەورامانەوە تا دەشتی کۆیە بریبوو، ئەوەی پێی دەڵین کاروان و داستانی پەرینەوە لە روباری ئاوی ئاراس لە چاو کاروانەکەی ئیمەوە سەیرانێ بوو، ئەوەش دوای کۆمەڵێ شەری سەخت، لەوانە میریاسی و کۆلۆش لە قەراغ، تازەشاری بناری گل و کۆمەلێ شەری دی. ئیمە لە قولایی قورگی داگیرکەردا بووین...

هیزەکە کرایە چەند بەشێکەوە، ئیمە شارەزاییمان لەگەرمیان نەبوو، بۆیە هاوڕێیانی گەرمیان ئەو ئەرکەیان لەسەرەتا گرتە ئەستۆ. حەمەسۆفی و خولە شوعی بەر ئیمە کەوتن، سیروان مام عەلی و ئەبو زاهیریشمان لابوون. هەردووکیان شارەزای باش بوون. دوای ماوەیەک ئیمەش شارەزابووین و ڕۆژێکیان وتمان هاوری حەمە سۆفی ئەوە بۆ لەدواوە دەرۆی؟

گوتی: هاوریانی ب ٧ تازە شارەزابوون و ئیمە مەفعولمان نەماوە. جاریکیشیان ویستمان مانگایەکی بەلەسە لە گوندی عەبدوالاهۆری خوارو بدۆشین، لیمان هەلهات. حەمەسۆفی جل ژنانەی لەبەر کرد و توانی مانگاکە بگرێتەوەو بیدۆشێ...


حەمە سۆفی، کەسیکی زۆر سادەو ساکار بوو، وەک خۆی دەیگیرایەوە شوانیکی هیندە زیرەک بوو، توانای هەبوو گیا لەناو بیاباندا بۆ مەرەکانی بدۆزییێتەوە..جاریکی دی لە ئاوباریک سەیری قەوانی گولە تۆپی تانکەکانمان کرد، گوتی هاوڕی ئەو پیتانە چین

لەسەریان نووسراون؟ گوتم نووسراوە لە کارگەی روسیا دروستکراون!

گوتی جا ئیدی نازانم ئیمە خەرکی چین؟.کەواتە هاوڕی عەلی روسی تاوانبارەو با هەقی خۆمان لەو بکەینەوە. پیکەنین. سەیر بوو زۆر سەرنجی چاوی قەمەریشی دەدا، دەیوت چاوی وەک سەعاتی ئەلکترۆنی یابانی هەمیشە پرت پرت دەکا و دەنگی وەک ڕادیۆکەی حزب کپە! ناوێرم ئەوەی پێ بلێم....

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو مرۆڤە پەپولەیە..

## کەم ژیا و کەڵ ژیا..ڕۆڵەیەکی دی هەورامان



مامۆستا ئاوات(جەلیل گوڵپی) خەڵکی گوندی گوڵپ بوو(لەدایکبووی ١٩٦٦) و لە شارۆچکەی خۆرماڵی بناری هەورامان دادەنیشت. م ئاوات سەردەمێک بوو بە پێشمەرگەی حزبی شیوعی کە هەموو ڕێگەکان لەو بنارە لەو حزبە گیرابوون و ژمارەی پشمەرگاکان کەمبوون. م ئاوات لە ساڵی ١٩٨٦ بوو بە پێشمەرگەی حزب، هەرچەندە زۆر لە  خزمەکانی ناڕازی بوون. ئەوکەسەی کە لەمردن نەدەترسا مامۆستا ئاوات بوو. لە بەر لێهاتوویی و کارامەیی و ئازایەتی، بە ماوەیەکی کورت توانی ببێتە سەرپەل و  جێگەی خۆی لە مێژووی ڕزگاریخوازی کورد دا لەو ناوچەیەدا بکاتەوە..

ئەو شەڕانەی(بێجگە شەڕی بچوک و سەرکردایەتی مەفرەزەکانی هەورامان و قەرەداغ) کە م. ئاوات بەشداری تییێدا کرد ئەمانەبوون:

**شەڕی پێنج ڕۆژەی قوتەی میریاسی** (١٩٨٨/٣/٢٢، کە داگیرکەران تا پێشمەرگەکان خۆیان نە کشانەوە نەیان وێران بێنە سەر ئەو لوتکەیە. تەنانەت یەکێ لە ئەفسەرەکان ووتبووی ئەگەر سوپای عێراق چەند هەزار شەڕکەرەکەرێکی وای هەبووایە بە ئاسانی لایەکی ئێرانی داگیر دەکرد. مامۆستا ئاوات ڕۆڵێکی زۆر دیاری هەبوو کە تا دوا چرکە سەنگەرەکەی چۆڵ نەکرد.

**شەڕی چوار ڕۆژەی لوتکەی کەڵۆشی قەرداغ (١٩٨٨/٣/٢٧)**, کە دەروانێت بە سەر دوڵی دۆکان و ناوچەی سێوسێناندا.. ئا لەو شەڕدا  پ م حزب بە تایبەتی م ئاوات و ئەو پۆلە سەلماندییان، کە ئەگەر هەر هێزێک خاوەن سەرکردەیەکی لێهاتوو و چاونەترس بوو، شکاندنی ئاسان نیە، لێ بەعسی فاشست چەک نەبوو بەکاری نەهێنێت، بەلام دیسان تا خۆمان نەکشاینەوە هێزەکانی سوپا نەیانوێرا شوێنەکەمان بگرن. شەڕ شەری دەستەو یەخەبوو،،م ئاوات، شەڕی دەکرد و دڵی کردبووە هەزار دڵ هەر دڵێکی لای سەنگەری پێشمەرگەیەک دانابوو. شایەنی باسە هێزەکانی پارتی ، یەکەم رۆژ نەبێت، ئیدی هەر لەوێوە کاروانی ئاشبەتاڵێکی تریان دەست پێکرد.  جێگەی وتنە هەندێ لە سەرکردەکانی ئێستا حزبی شیوعی ئەو ناوچەیەیش کە ئێستە خۆیان بە قارەمان و سەرۆکی پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو حزبە دەزانن و سووکایەتی بە گیانی پێشمەرگەیەکی وەک ئاوات دەکەت، لەناو دەنگی بێ سیمەکانیشان نە یان دەوێرا گوێ لە

تۆپی  بەرەکانی شەڕ بگرن. ئەمڕۆش پلنگن و بازرگانی بە خۆێنی ئەو شەهیدە قارەمانانەوە دەکەن. شایەنی باسە هەردوو شەڕەکە بە هاوبەشی لە گەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیدا کرا.

**داستانە مەزنەکانی شەڕی ئەنفال**، کە ڕژێمی عروبەی بەغدا لە ١٩ قوڵەوە هێرشی هێنابوو. لێرەدا من تەنها باسی ئەو بەرەیە دەکەم کە مامۆستا ئاواتی قارەمان بە شداری تیا کرد. لە قەرەداغەوە بۆ گەرمیان لە شەوی ٣/٣١ ێی ٤/١ لە بانی مۆردەوە بەرەو گەرمیان کشاینەوە، وەک ووتم هێزێکی گەورەی پارتی هێندە خێرا دەکشایەوە وورەی خەڵکی ناوچەکەی دەبرد و دەیترسانن..دوای پێنج ڕۆژ، کە هەواڵ هات، هێرش دەستی پێ کرد، پەلەکەی مامۆستا ئاوات بەر بەرەی بناری گل و تازەشار کەوت، لە ئێوارەی ٤/٦ لە گوندی تازەشار لەگەڵ مەفرەزەیەکی یەکێتی کە نازمە بچکۆل سەرپەرشتی دەکرد، لەوێ دامەزراین.. وابوو رۆژی دوایی کاتژمێر ٥،٣٠ هێرش بە تۆپبارانیکی خەست دەستی پێکرد، مامۆستا ئاوات لەو شەردا برینداربوو، خۆشبەختانە توانرا ڕزگار بکرێت و نەکەوێتە چنگی دوژمن. مامۆستا ئاوات تەنها چەند سەد مەترێک کە تانکەکانی ڕژێم دووربوو، ئەگەر گولە ئاربیجیەکانی تەواو نەبوونایە، بەو ئاسانیە بریندار نەدەبوو، ..لەو شەڕەدا لە ژمارەی ٣٥ پێشمەرگەو بەرگری تەنها پێنج پێشمەرگە مان، لەوانە دوانیان بریندا..ئیدی ئەوانی دی قارەمانانە شەهید بوو..

**شەڕی گەورەی تر، شەڕی دوو مانگەی  چەکوش و سادربوو(لە قەندیل پایزی ١٩٩٠)**، شەری قەندیل بوو، مامۆستا ئاوات دیسان وێنەی قارەمانیەتی و پالەوانی دەنواند، لە بەرگری و هێرشدا

بەهرەمەندبوو، ئەو شەڕە هێندە سەخت بوو، کە سوپای پاسدارانی ناوچەی سەردەشت بە هێزەکانی پارتی ووتبوو ئێوە دەڵین ئەوە هێزەکانی ئێمەن شەڕ دەکەن، بەلام  درۆ دەکەن، ئێمە ئەو هەموو یارمەتییەی ئێوە دەدەین ئێوە هەر هەڵدین، زانیاریمان هەیە ئەوەی دوو مانگە شەڕ دەکات پێشمەرگەکانی شیوعی و یەکێتین، نەک ئێوە ک بودجەیەکی گەورەشمان بۆ تەرخان کردوون. ئەگەر ئەو پێشمەرگانەی شیوعی بخوازن بە هەموو شێوەیەک یارمەتییان دەدەین.. دیسان لێرەشدا سەرۆکی ئێستەی پێشمەرگەی دیرینەکانی شیوعی هەمان هەڵوێستی خۆ دزینەوەی نواندبوو.

م ئاوات..نیشانە سەرکردەی مەیدانی و خاوەن دینەمۆی هێزەکە بوو. دەیزانی کەی بەرگری دەکا، کەی وەک پڵنگ خۆی بۆ هێرش مات دەکا.. بەداخەوە لە بەر ئەوەی سەرکردایەتی ئەو حزبە بەپەرۆش نەبوو لە گرتنە خۆی ئەو کەسە زیرەک و کارانە، دژایەتی مامۆستا ئاوات کرا و ناچار بوو ببێت بە پێشمەرگەی یەکێتی و لە شەڕێکی دەستەو یەخدا لە گەڵ ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان لەبناری هەورامان  بە بریندار شەهید دەکرێت. ئەوەش .بەدەستی چەند داخ لەدڵێکی ئیسلامی (هەندێکیان گوایا ناسیاوی دەبن)،،وەک هاوڕێکانی دەیگێرنەوە، دوای ئەوەی دەیناسنەوە، بەبرینداری و دیلیش وازی لێ ناهێنن و خەندە جوانەکە بەر لێزەمەی فیشەک دەدەن. شوێنی شەهیدکردنی بناری خۆرنەوەزان، چاڵی رەش لە خۆرئاوای گوندی شیرە مەڕ، لە هەورامان.

ئەوە تەنها کورتەیەک بوو،ئەوەی لە بیرم مابێ لەسەر ئەو پێشمەرگە مرۆڤدۆستە، کە ستەم و چەوسانەوە هانی دا ببێت بە پێشمەرگەو گیانی خۆی بکاتە قوربانی..نەک پارە و بازرگانی وەک هەندێ سەرکردەی ئێستا حزبەکەی..مرۆڤەکانی وەک مامۆستا ئاوات  نەمردوون، تا ئەوان لە دڵی خەڵکدا بژیت، نەمرن و گیانیان وەک گوڵاڵە سوورەکانی بەهار هەموو ساڵێک گەش دەبێت..

مامۆستا ئاوات، وەک دەها مرۆڤی ئەنفالکراو، هاوسەرەکی و کچێک لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ..دنیایەک لە ئەزمونی مرۆڤدۆستی و ئەمەک فیری هاوڕێکانی دەکا... ئەوە دەسەلمێنی کە هەرگیز بەری رۆژ بەجەهل و پاشکەوتن ناگیرێ و ئاسۆی سەرکەوتن بەشی فرەی زۆری ...

م. ئاوات لە ئۆردوگای سەلاسی باوەجانی شارۆچکەی جوانڕۆ، کچێکی جوانی چاوەڕشی هەورامی خۆش دەویست زۆرجار کە دەیزانی من یادگاری دەنووسمەوە، نامەکانی نێوان خۆیی و دڵدارەکەی پیشان دەدام، لیرەدا من بەشێک لەو پەپولە ووشانەی ئازاد دەکەم تا لەسەر تەیمانی ئەندیشەکانتان پشوێ بدەن:-

ئاوات گیان، هەزارجار گیان!

*"ئەم جارە داوای لیبوردن لە قەندیل بکە و با ئەم نەورۆز پێکەوە بکەین، دەنا بۆ کوێ دەڵێی دێیم، گیانم بە تۆوە گیانە...من دەزانم نیشتمانت  پتر لە من خۆش دەوێ..بۆیە منیش هەردووکتانم لە خۆتان خۆشتر دەوێ....ئەمشەو مانگەشە چاوەڕێمان دەکا و با هەزار ماچی دیت بۆ یادگاری رێ بدەمێ.." پەریسای گیانت، ئۆردوگای سەلاسی باوەجانی سەرەتای بەهاری ١٩٨٩".*

# دڵزار سەید توفیق و هاوڕێکانی
# لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا



لەبن سێبەری داربەڕویەکدا لە بنکەی بە تالیۆنی حەوتی هەورامان، ڕێکەوتی ١٣ مانگی پێنج بوو، من هاوڕێ عومەر هەلەبجەیی دانیشتبووین، گوێمان لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەگرت. هەواڵ، ڕاپەرین بوو لە هەلەبجە.. شار خرۆشابوو. ئەو ئێوارەیە درەنگ تر نا، مەفرزە رێکخرا کە بۆ پشتیوانی بەرەو هەلەبجە بکەوێتە رێ. مەفرەزەکەی هیوا رەش ماوەیەکی کورت بوو، داستانی دەربەند چۆلەکەی بازیانیان تۆمار کردبوو. تەنها چەند کەسێک نەبێ، زۆربەمان کەوتینە رێ بۆ هەلەبجە.

شار ئاگری ڕابوون بوو، ئۆردوگای سیروان، زەمەقی و ناوچەکە بەتەواوەتی لە ژێر دەستی جەماوەردا بوو. تەنها ڕابوون نەبوو،

شۆرشکێک بوو بۆ خۆی، بە سەرکردایەتی شیوعی و کەسانی ئازادخواز و لایەنکانی دی، موخابن، هاوڕێ مەریوان شەهید دەبێ، ئامانجی رابوونەکە، وەستان دژی بریاری ڕاگواستنی شاری هەلەبەبجە و خورماڵ و ناوچەکە بوو. تەرمی هاوڕێ مەریوان دەبێتە مەکۆی گردبوونەوەی جەماوەر و بەسەردەستی خەڵکەوە بەرەو گۆرستانی شار وەرێ دەخرێت، شار سێ رۆژە ئازادە، خوێندکاران بەچەپکە گوڵ بەرەوپیری ئەو سەربازانە دەچن کە لە فەوجەکەی بیارەوە فەرمانیان پێدەکرێ کەدەبێ بە هەر نرخێک بێ گەل دەمکوت بکرێ.

ڕۆژی چوارەم چەند مەلایەک ئاراستەی ڕابوونەکە دەگۆرن و چەند کەسێک لەبەردەم سەنتەری شاردا دەست بە ئەڵاهو ئەکبەر دەکەن و بە ڤیدیۆ وێنەکەی دەنێرن بۆ تیڤیەکانی ئێران. ئەوە بۆ بەعس هێڵی سوور دەبێ و ئیدی سوپا بۆ رۆژی دوایی ماڵی مەلاعەلی و گەرەکی کانی ئاشقان دەتەقێنێتەوە. خەڵکێکی زۆر ئاوارەی ئیران دەبن، هەندێک لەلاوەکان دەبنە پێشمەرگە لەلای حزبەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە لەرێکخستنی ڕابوونەکەدا رۆڵێکی بەرچاویان دەبێ، لەوانە هاوڕێ دڵزار و کۆمەڵێک گەنجی دی دەبنە پێشمەرگەی حزبی شیوعی.

زۆربەی گوندەکانی شارەزوور و هەلەبجە وێران دەکرێن و سەرەتای وێرانبوونی ناوچەکە دەست پێ دەکا. هاوڕێ دڵزار و چەند گەنجێکی دی دەگەنە بنکەی حزب لە قەرەداغ لە شیوی

قازی. ئێمە مەفرەزیەک بووین کە هەواڵەکەمان بیست دووبارە گەراینەوە بۆ شارەزوور و هەڵەبجە. مانگی هەشت بوو، زۆر گەرم بوو، بریار درا چالاکیەک ئەنجام بدرێ، چالاکیەکە بریتی بوو، لە هێنانی کەمێ دەرمان لە خەستەخانەی هەلەبجە و بەدیلکردنی چەند پاسەوانێک، کە یەکێکیان ئازاری خەڵکی دەدا. چالاکیەکە بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا و لاندگرۆزەری ئەمن و پۆلیسەکان بەبێ تەقە بەدیلگیران و چەند کارتۆنێک دەرمانییش وەچنگ کەوت. بەلام ئەمنی خەستەخانەکە وای ڕاپۆرت دابوو کە شیوعیەکان هەموو خەستەخانەکەیان تێکداوە،تەنانەت بەدەمانچە خۆی تەقەی لەدەرامانەکان کردبوو.

دوای چالاکیەکە یەکسەر بریاردرا بەشێک لە مەفرەزەکە، دیلەکان و بەشێک لە دەرمانەکە بەرەو قەرەداغ ببات. لە شارەزوور چەند سیخورێکی دی، کە ویستبویان سیخوری بەسەر پێشمەرگەوە بکەن، گیران و ئەوانیش بەدەست بەسراوی ڕاپێچی ناوچەی بنکەکانی قەرەداغ کران. بەداخەوە هەندێ لەو سیخورانە پارتی و حسک بەرگرییان لێکردن و بەرەڵایان کردن و دواتریش بوونە بەلایەکی گەورە بۆ خێزان و هاوسەری پێشمەرگەکان.

دەستکەوت و دەرمانەکان گەلێک بوون، بۆیە لەبنکەی شیوی قازییەوە مەفرەزەیەکی دی، بەرەو هەلەبجە رێکخرابوو کە لەلایەک هاوەنێک و چەند پارچە چەکێک بگەێننە بنکە نوێیەکەی مۆردین.

ئەو مەفرزە نوێیە لە هاوڕێ دڵزار، جەلیل، رێبوار، ڕزگار فەرتەنە، نەوزاد و کاوە پێک هاتبوو. مەفرەزەکە تا نیزیک گوندی بێڕەشکە و قاجر ناوەستن و ناچار رۆژیان لێ دەبێتەوە. لەوێندەر خۆیان دەشارنەوە بۆ ئەوەی دەمەولێل لە جادە بپەرنەوە.  لە ناو چنار و کۆمەڵێ داربیدا خۆیان حەشار دەدەن. کەسێک ئاشکرایان دەکات، وەک هاوڕێ جەلیل گێرایەوە، دەبوو ئەو کەسە تا دەمەو ئیوارە لای خۆیان گل بەنەوە نەبا هەواڵ بەرێ بۆ سوپا، جونکە مۆڵگەکانی حکومەت گەلێک نیزیک بوون. ئیدی هەر ئەو کەسە دیارە سەربازیشیان دەهێنێتە سەر و نیزیک نیوەڕۆ سەربازەکان شوینەکەیان بۆردومان دەکەن و ئیسترەکەیان بە دەنگی تەقەکان دەسڵەمێتەوە و بەتەواوەتی ئاشکرا دەبن. مەفرەزەکە ناچار دەبێتە دووبەشەوە. ڕزگار، کاوەو نەوزاد بەرەو تانجرۆ دەکشینەوە و جەلیل، دڵزار و ڕیبوار دەست بە بەرگری دەکەن و زیاتر لە ١٦ سەرباز دەکوژن. لەبەر ئەوەی ئاربجییان پێ نابێ. زرێپۆشێک بەرەوڕوویان دێت و ئەمانیش لە پانتایی دەشتی شارەزوور لە هەموو لاوە دەبینرێن. دۆشکایەک لە تەپەکەلەوە بەخەستی گوللەبارانیان دەکا و بواریان لێ دەبڕی، هەر لەوێدا ئیدی، هەر سێکیان دەکەونە شەڕی دەستەو یەخەو هاوڕێ رێبوار و دڵزار تا دوا فیشەک شەر دەکەن و  شەهید دەبن. سەربازەکان کە دەبینن فیشەکیان پێ نەماوە دەیانەوێ پەلاماریان بدەن، هاوڕێ جەلیل بریندار دەبێ، و مولازمێک دەیەوێ بەبرینداری بیگرێ، هاوڕێ جەلیل فیشەکێک تێدەگرێ و گویچکەیەکی دەپەرێنی،

ئیدی سەربازەکان پەلاماری دەدەن و هاوڕێ جەلیلیش بەبرینداری دەگرن و تا ساڵی ١٩٨٩ لە زیندان دەبێ.

ئیمە لەبەری هەڵەبجە لە نیزیک گوندی تەپی سەفا و شەشک خۆمان حەشار دابوو، بەرپرسی مەفرەزەکە هاوڕێ مولازم فازیل بوو، هەر ئەو ئیوارەیە (ڕزگار فەرتەنە و کاوە و نەوزاد) بێچەک دوای شەرەکە هاتنە ناو حەشارەگەکەمان و هەواڵیان پێ داین. هەر ئەو ئێوارەیە کردمانە ئەوبەر جادە بۆ شوێنی شەڕەکە، زۆربەی شوێنەکان سوتێنرابوون، بەداخەوە زۆر منەی لاشەو هاوڕێکانمان کرد، بەڵام هیچمان دەست نەکەوت تەنها ئەو شوێنەی هاوڕێ ڕزگار و ئەوان چەکەکانی خۆیانیان تێدا شاردبووەوە.


یەکێک لە هەڵە گەورەکان ئەوە بوو، کە تەنها دوو پێشمەرگەیان شارەزا دەبن و تەنێ هاوڕێ رزگار پێشمەرگەی کۆن دەبێ لە ناویاندا، ئەوانی دی، بێجگە جەلیل، کە چەند ساڵێک پێشمەرگە دەبێ، بەڵام ئەزمونی شەری وای نابێ، ئیدی ئەوانی دی، دڵزار، ڕیبوار، نەوزاد، کاوە سێ مانگ پتر نابێ، پێشمەرگەن و خەڵکی ناوچەکەش نابن. دەبوو کاربەدەستانی ب٧ی رەچاوی ئەو خاڵەیان بکردایە. بەداخەوە.

ئیمە سێ چالاکیمان بەسەر کەوتووی لە ماوەی مانگێکدا ئەنجام دا. بەڵام شەهیدبوونی ئەو سێ هاوڕییە گەورەترین زەبر بوو لە

حزب درا، چونکە کەسێکێ وەک دڵزار کادیرێکی پێشکەوتووی حزب بوو، خاوەن گەنجینەیەکی هزری بوو.

ئارام هەورامی

هاوینی ١٩٨٧.... لە پەرەیەکی تێنوسی یادەوەرییەکانی  ساڵانینیۆ تاوانی ئەنفالەوە




شەهید هەورامان

**شەهید هەورامان(سەریاس) بۆ هەموو کوردستان هەورامان بوو**

بەدەر لەوەی کە ناوچەی هەورامانی باشوور(تەوێڵە و بیارە و گوندەکانی دی) خاوەن سەدان کەسی ئەکادیمی و خاوەن بروانامەی بەرز، پێشەوەری زیرەک و کەسانی زەحمەتکێشە، لە پاڵ ئەوشدا، سەرباری بچوکی ڕوبەر و دانیشتوانی ناوچەکە، دیسان سەدانی تری لە کەسانی شۆڕشگیر و فیداکار تیایە. هەر لە حەمە گوڵپی، کەمالی ئەحە ڕوش، ئەحمەدی شیخ عەلی، مامۆستا ئاوات(جەلیل گوڵپی)، وریا بیارەیی، هیوا موحەمە عەلی و دەهای دی وەک سەریاس(شەهید هەورامان) تەوێڵەییە.

شەهید هەورامان کێیە؟

ناکرێ باسی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی حزبی شیوعی بکەین و کەڵە پاڵەوانی وەک هەورامان و عەبەی مامە و ئەوانی دی لەبیر بکەین. بەتالیۆنی حەوتی هەورامان بەژمارەکەم بوو، بەڵام بەوەر و کارزانی، دنیایەک لە دڵسۆزی بۆ خاک، لە چەند فەوجێ پتر چالاک بوون. جێ دەستی دیرۆکی بەتالیۆنی حەوتی هەورامان، هەر لە شارۆچکەی تەوێلەوە، تاکو قەندیل میژوویەکی بۆ خۆی لە خەباتی ڕزگای کوردستاندا تۆمار کردوە.

نیوەڕۆیەکی درەنگ وەختی ڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٤ بوو، من و دایکم، لەگەڵ پورە نەسرەت، کە خەڵکی گوندی گوڵپ بوو، گەیشتینە ئەحمەد ئاوا، لەوێ، دوو پێشمەرگەمان بینی، یەکێکیان بەتەمەن بوو(دکتۆر نەجمەدین) کادیرێکی ناسراو بوو، ئەوی دیشیان تەمەنی لە شانزە بەهار تێپەڕی نەدەکرد. کەمن و دایکم بە هەورامی دەستمان بەقسەکرد، زۆری پێخۆش بوو، وتی منیش تەنها چەند مانگێکە بوومەتە پێشمەرگە.

دیارە (دکتۆر نەجمەدین)ی دەناسی، بۆیە هەندێ جار بە سەریاس، ناوە ڕاستەقینەکەی وەڵامی دەدایە. ئیدی منیش لەو چرکەیەوە، تا چەند ساڵێک و دوای شەهیدبوونیشی هەر بەهەورامان ناسیم. هەورامان لاوێکی سووک، چون ئاسەکەکانی بەفری میری و باخەکانی شارۆچکەی تەوێلە، گورج و گۆل بوو. بزێو وەک بزنە کیویەکانی لوتکەی دالآنی و هەردەم حەزی دەکرد بە جەولە بۆ ناوشار دابەزێ.

لەگەڵ زەردەی خۆردا، من و دایکم گەیشتینە بنکەی مەڵبەدنی سلێمانی و کەرکوک، لە دۆڵی کەرەجاڵ، دۆڵی چی، تەنها ئاسمان و ئەستیرەی لێ دیاربوو، ئەو شەوە گڤەی با و تۆپی ئێران کە لە

گوندی دزڵییەوە دەیتەقاند تێکەڵ بە زستان و بەفر و ڕەشەبا دەبوو. ئەبو سەرباز هات بە پیریمانەوە،بە گاڵتەوە گوتی "هەورامان وا هەورامییەکی دیمان زیاد کرد"

لەوێوە ئیدی ئاشنایەتیم لەگەڵ هاوڕێ (هەورامان)دا پەیدا کرد. پێکەوە دەچووین بۆ ئەحمەد ئاوا و جارجاریش کە نیزیک تاڤگەکە دەبووینەوە، چەند فیشەکێکمان بۆ ڕاهێنان دەتەقاند، یەکەم مەفرزەم لەگەڵ هەورامان و سەیدبایزیدا بوو. وەک وتم هەورامان زۆر بە جوڵە بوو، رۆژێکیان لە ئەحمەد ئاوا پێکەوە سەردەکەوتینەوە، وتی دەڵێی چی چالاکییەک بکەین، منی بەدیسپلینیش، ڕازی نەبووم بی پرسی حزب هیچ سەرەڕۆییەک بکەین. قەناعەتی پێکردم کە تەقە لەو سەربازانە بکەین، کە لە مۆڵگەکانی حکومەتەوە، بە قەناسە گوللە دەگرنە پێشمەرگە و خەڵک. لەبنی پەڵکەوە، کەدەکەوێتە دەروەی ئاوایی، بەچەمدا، سەرکەوتینە سەربەرزاییەک، کە شوێنی سەربازەکانمان لێوە دیاربوو. دەستمان لیکردنەوە. چەند خولەکێکی نەخایاندا، مۆڵگەکانی دی ئەو دۆڵەیان کردە ئاگر، ئیدی وابوو، ئەوە تەنها ڕێگەی گەرانەوەی پێشمەرگە بوو بۆ بنکەکانیان، تا تاریک ئەوسا توانیمان سەرکەوینەوە.

شەهید هەورامان لاوێکی هەورامی خەڵکی تەوێڵە بوو، چاوێکی سەوز، وەک بەڕەزای قەتپاڵەکان گەش بوو، بالایەکی پڕ و چوار شانە. لەبەر ئەوەی لە تەمەنی ١٦ییەوە بووبوە پییێشمەرگە، هونەری پارتیزانی لە هەموو فێربوونێکی دی باشتر دەزانی. وەک خۆی دەیوت کە تەوێڵە، سەددام رووخاندی چەند جارێ نەبێ ئیدی شاری نەدیبوو.  لەڕێگەدا زۆر زیرەک بوو، زۆرجار

لەگەڵ هاوڕێ قەمەر، لەسەر شارەزایی دەبوو بە کێبرکێیان و هەندێ جاریش دەمەقرە.
هەورامان، وەک شەهید م، ئاوات لە زۆربەی چالاکی و شەرەکاندا، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، لە شەڕی میریاسیدا باوەشی بە شاخدا دەکرد و  و تا دوا سات بەرگری کرد. سەنگەر سەنگەر شوێنی سەربازەکانی ئاشکرا دەکرد و شوێنی پێ چۆڵ دەکردن. لەگەرمەی شەڕدا دەیوت هاوڕێیان وا شەڕبکەن کە پشتمان گیراوە دەبێ ئەم سەنگەرانەی بەرامبەرمان بگرین.

لە ئەکادیمیای سەربازی نەیخوێندبوو، بەلام پێشبینی ئەوەی دەکرد، کە کەی دەبێ هێرش بکرێ و کەی پاشکشی بکرێ، و چۆن لە نێو سەربازگەکانی دوژمندا  شوێنی حەشارگە بدۆزێتەوە. ئەوە پیاهەڵدان نیە، ئەوە ڕاستییەکە کە من لەو قارەمانەم بەدیم کرد. لاوێک، کە ستەم، ئەزموونی هەموو بەرگرییەکی فێرکردەوە، بێگومان فێری هونەری رزگاری دەبێ. جەنگ نەبوو ئەو هاوڕێیە، داهێنانی تێدا نەکا، لەتەک هاوڕییانی دی.

**شەهیدبوونی هەورامان**


هاوڕێ عەبدوڵای مامە گێرایەوە: کە لە شەڕی ڕزگارکردنی شاری سلێمانی ساڵی ١٩٩١، لە پەلاماردانی سەربازگەکەی قالاودا، نیزیک کارگەیەکی جل دروستکردن، لەڕۆژی ١٩٩١/٧/١٨ هەورامان، دوای دەست بەسەراگرتنی سەربازگەکە، داگیرکەرێک تەقەی لێ دەکا و دەست بەجێ شەهید دەبێ. لەدەستدانی کەسانی وەک هەورامان، لەدەستدانی ئەزموونێک و گەنجینەیەکی

پڕ مێژووی خەباتی نەتەوەیەکە. سامانێکی نیشتمانییە، کە ئەگەر بمایە، سوودی دەگەیاندە نەوەکانی دی.
نەمر و سەرفرازی بۆ شەهید هەورامان و ئەو مرۆڤانەی لە پێناوی یەکسانی و بەختەوەری مرۆڤەکانی دیدا خۆیان خۆبەخش دەکەن.

## حەکیم کریم سەرحد ناسراو بەچیا



حەکیم کریم سەرحد ناسراو بەچیا لە گوندی ژالە لەدایک بووە سالی 1986 بووە پیشمەرگە حزب لە بەر ئازاو لیهاتووی لەماوەیەکی کەم دەبیتە جیگری سەر پەل لە لقی جەباری. کاکە چیا خۆشەویستی ناو هاوریانی بوو هەردەم لە پیشەوە هەموو کاریکی حزبی یان چالاکی ببوایە شەهید چیا لە گەل هاوری سەلام قەلامیکایل و شەهید دلشاد لەناو زەنگەنە لە چەمەکەی تورکە بەدستی تاوانبار هیمنە رەش و چەند تاوانباریکی تر شەهیدیان دەکەن. هاوری شەهید ملازم سەعد دەکەن دیاری بۆ رژیم بۆ ئەوەی خۆیانی پێی دەربازبکەن و پاشان هاورێ سەعد لە ابوغریب لەسێدار دەدرێ.




چوار شەهیدی هەورامان و هەڵەبجە،
چەند ووشەیادگارییەکی تەمەن ٢٧ ساڵە،
لە دەفتەری پێشمەرگەیەکەوە

**کارەساتی هەرەسهێنانی گابەردێک**

ئەو شوێنە کە بنکەی هێزەکانی مەڵبەندی سلیمانی و کەرکوکی حزبی شیوعی بوو، ئەشکەوتێکی باش و گەورەی لێ بوو، بەڵام دوای چربوونەوەی بەرەکانی شەڕ و تەسکبوونەوەی شوێنەکانی پێشمەرگە، ئیدی بێجگە بنکەیەکی بەتالیۆنی حەوت و هێزێکی پارتی، هێزی دی لێ نەمابوو. لەسەرو ئەشکەوتەکەوە گابەردێک بە ئاستەم گیرسابووەوە. کاتی خۆی پێش ئەوەی بکرێتە بنکە، هاورێ بەهادین نوری پێشنیاری کردبوو، کە بیتەقێننەوە، نەبا ڕۆژێک بکەوێتە خوارەوە. هەرواش بوو، دوای بارانێکی چەند ڕۆژەی بێ پسانەوە، دیارە بەردەکە دەخزێ و دەکەوێتە خوارەوە، دەکەوێت بەسەر ئەو ژوورەی کە هەر چوار پێشمەرگەی* ناوبراوی تیابێ.

ئەورۆژەی کە ئەو کارەساتە ڕوی دا، ئێمە تازە گەیشتبووینە قەرەداغ لە بنکە شێوی قازی، لەوێوە، هەر ئیوارە دیسان کەوتنیەوە رێ، زۆر جار بەپێ و هەند جار بە تراکتۆر، لەبیرمە لە تانجەرو نیزیک گوندی تەپەکەل بەهەزار حال توانیمان بپەرێنەوە... هەفتەیەک تەرمەکان بە شیوەیەکی کاتی لە بەردەم یەکێ لە ژوورەکانی بنکەدا نێژرابوون. رۆژێک بۆ پشودانماینەوە، ئیدی ١٦ مانگی ١١ یانزە کەوتینەوە ڕێ، دەبوو بەسەر لوتکەکانی خوار دالانیدا تەرمی هەردوو هاوڕێ، (عەلی کلاشینکۆف و یاسین کەسارە) سەرخەینەوە و ئەوسا بە بناری کێوی (شرام)دا بەرەو شارەو زوور شۆڕبینەوە. بڕینی لوتکەکانی خوار دالانی(پشتی تاڤگەی زەلم) ئاسان نەبوو، رێگەی نەبوو، بەزۆر بە هۆیی بوونی کەمینەکەمانەوە لە قوتەی (وەنە ناو)، رێگەیەکی سادەمان بۆ دروست کردبوو، لەبیرمە زۆرجار کە دەمانویست ئازوقە و

تەقەمەنی سەربخەن، هەندێ لەئیسترەکان رکیان دەگرت، جارێکیان ئێسترێک لە هەمان ڕێ ڕکی گرتبوو و خۆی فرێدایووە خۆارەوە، شوێنیکی بەردەڵانی ناخۆش و پڕ پوازگە بەردی چون چەقۆ بوو. هەندێ جار گاڵتەمان دەکرد دەمانوت بزنە کێویش تاقەتی نیە بەوێدا بروا، ئیدی چون سەربازەکان دەتوانن سەرکەون.

کێوی دالانی زۆر سەختە ، ساڵی ١٩٨١ حکومەت هێرشی کردبووە سەر کۆمەڵی پێشمەرگەی پارتی، بەلام زۆربەی سەربازەکانی لەبەر نەشارەزایی و بەفر زیانیان پێ کەوتبوون و لەهەندێ بنبەردا هێشتا پۆستال و ئێسکی سەرباز لەوێ مابوو.

تەرمەکانمان لە پشت دوو ئێستر بەست و کەوتینەڕێ بۆ سەر دۆندی دالانی. لە دوای نانی بەیانییەوە تاکو پاش نیوەرۆ ئەوسا توانیمان ئەو ڕێگە یەک سەعاتییە ببرین. پێیەکانمان هەموو تلۆقی کردبوو و خوێنی لێ دەباری، باران بە خور لە شانسی ئێمە هێندەی دی باری وڵاخەکانی قورسترکردبوو، ئێمە دەمانویست بەهەر نرخێک بێ بگەینە کانی (هانە نەوە) خوار دۆندی شرام، کە دەکەوێتە پشتی ناحیەی (بیارە)وە. دەها جار بارەکان لاردەبوو هەندێ جاریش دامان دەگرت و دیسان دەمان بەستنەوە. چەند سەعاتێکی مابوو دنیا تاریک دابێ، لە قوتەی کەمینی (وەنە ناو) پشویەکی کورتمان دا. (وەنەناو) شوێنیکی پڕ دار قەزوان بوو، هەر بەو ناوشەوە ناونرابوو، واتە قەزوانە ناو. بەهاران ئەو هەوارە وەک فەرشیکی ڕەنگاو دەرازایەوە و زۆر دڵگیر بوو. جێگەی راو بوو.. تا درەنگانێ بەفری تیا دەمایەوە. هەروەها پربوو لە رێواس و بادەم وگیا بەهارینەی دی.

نێوان (وەنە ناو) و کانیەکەی( هانە نەوە)، لە سێ کاتژمێر کەمتر نەبوو. کەوتینەوە ڕێ، ڕێگەکە باشتربوو، چونکە کاتی خۆی سەرەڕێی نێوان گوندی (دەرەی مەڕ) و (دزڵی) بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. تاریک گەیشتینە هانە نەوە، بارانیش هێشتا دەباری. لە نیزیک کانیکە ئەشکەوتێکی چکۆلەی تیابوو، تەرمەکانمان داگرت و ئالفێکی باشمان دا بە ئێسترەکان.

دوای پشودانێک، هەر چەندە باران و هەورە تریشقە بەردەوام وەک فلاشێکی گەورە ئەو ناوەی ڕۆشن دەکردەوە، کەوتنیەوە ڕێ بە لاپاڵی کێوی شرامدا، ئەمجارە ڕێگە هەر نەبوو، کەمترین خلیسکان روی دایە، دەکەوتینە ناو تۆری مینی نیوان مۆڵگەکان، کە لەبەر ئەوەی بەرەی شەڕی ئیران- ئێراق بوو، هەردوو لا مین ڕێژیان کردبوو. زۆر بە ووریای لەبنار شۆڕبوینەوە و نیوان گوندی گولپ و سەرگەتمان بری. تا نیزیک داری بەرمەڕان، نەوستاین، نەبا ئاشکرابین. لەوێوە جادەی بیارە خورماڵ سەعاتە رێگەیەک کەمتر بوو. ڕیگەی ئەم بن کێوەی (شرام) کاتی خۆی سەباح و نەوزادی گۆرانیبژ دۆزیبویانەوە.

دەبوو بەزوترین کات بگەینە گوندی (شەشک) ی خوارو، لەوێ هاوڕێان حاجی و مەکی و ئاری و چەند هاوڕییەکی دی چاوەرێیان دەکردین. باران هەر دەباری و هەوربروسکە شەو کوێری دەکردین، زۆرمان نەمابوو بۆ گوندی شەشکەکان، بەلام کێشە لەوەدا بوو کە ئێسترەکان و خۆمانیش لە قوراودا دەچەقین، زۆر بەزەحمەت هەنگاوەکانمان ڕییان دەبڕی. بەهەزار زەحمەت و چەندجار کەوتن، بە ناو گوندی (گۆمەلار)دا تێپەرین و ئیدی بە دەنگی سەگوەر هاوڕییان زانیان کە بەسەلامەتی دوایی شەو رۆژێک گەیشتوینەتە جێ.

دەستبەجێ هاوڕیانی رێکخستنەکانی ناوشار لەوانە حاجی مەکی و عوسمانی عەلی بەورە، تەرمەکانیان ششت بوو، ویستیبویان لە قەبرسانی ئاوایی بینێژن، بەلام مەلایەک ووتبووی ئەوانە گلاون و جێگەیان ئەوێ نیە. هەلوێستێکی ناشیرین، تەنانەت یەکێ لە خاوەن ماڵەکان ئیسترەکانیان بەرەلا کردبوو، گوایە ئەوە هی کافرەکانە، هەرچەندە ئەو چوار قارەمانە لە پێناوی نیشتماندا گیان کردبووە قوربانی. بەڵێ ١٩٨٦/١١/١١ بوو، چەند پێشمەرگەیەک گیانیان کرد قوربانیی و چرایەکی ڕۆژانی ئازادی ئەمرۆیان پێ ڕۆشنکردەوە. ناوتان نەمرە و گیانتان شادە ئەی پڵنەگانی شاخ و دەشت..!

شەهیدەکانی حزبی شیوعی ب ٧ ی هەورامان

---

عەلی کلاشنیکۆف

یاسین کەسارە(یاسین محمەد عەبدولا)

سەیدعەلی ، بریندار بوو، پاشژنەی پێی دەکەوێتە ژێر بەردەکە  و گیردەخوات، ناچار دەیبرنەوە.

شەهید و بریندارەکانی پارتی لقی چوار

---

هە فال عابد رە شید عبدلکریم

حەمەی حەمە سعید بریندار دەبێ

لە پەپولە ووشەی دەفتەرێکی شڕەوە:-

نووسینەوەی سەر لە نوێ هاوڕیی خۆتان ،ئارام هەورامی

دیسەمبەری ١٩٨٦

شارەزور/باشووری کوردستان

## تەنها ئەوەم لەبیرم ماوە
## کە ناوی دکتۆر شاکر بوو

مرۆڤێکی دەم بەخەندە،قسەخۆش وپڕزانست وزانیاری، ئیوارە درەنگێکی پایزیساڵی ١٩٨٣ پێشوازی لەمن ودایکم کرد،بەخێربێن...ئەوشوێنە کەرەجاڵ ناوی بوو. لاوێکی بالا بەرز، زارگەرمیانی وناوچەی باقوبە، گەنمرەنگ. ناوی حزب و چینی کرێکار لە لێوەکانیوەیە نە دەبووەوە ،لەبنکەدا باسی دەستپێشخەری وگیانی هاوکاری دەکرد،چەکێکی ئێمیەکی هەشت فیشەکخۆری هەڵدەگرت.

بەهاری ١٩٨٤ بوو،دکتۆرشاکر،ئیدی لەبنکەدا دکتۆریان پێدەووت، بریاردرا مەفرەزەیەک، بەنهێنی بەرەو قەرەداغ رێکبخرێ. لێ یەکێتی خۆی بەشانشینی داروبەرد دەزانی. ئەوشەوە ئاهەنگێکی چکۆلانەمان بۆکرد، یەکەیەکە هەموومانی ماچکرد. من بۆیادگاری کیسەخەوێکم دایە دەستی. ئەندامی ئەو مەفەرزە بچوکە،تەنها (حسین حامد)م لەبیرەونیوە شەوکەوتەڕێ.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ بوو،هەواڵێک هات،کەدکتۆرشاکر،لەگوندێکی ناوچەی قەرەداغ، هێزێکی گەورەی یەکێتی گەمارۆیاندەدا و لەشەڕێکی نابەرابەردا شەهید دەبێ،وەک هاوڕێیەکی بۆی گێرامەوە، دکتۆر شاکر هاواری کردبوو، ئیمەش، پێشمەرگەین، نامانەوێ دەستمان بەخوێنی ئێوە سووربێ، بەڵام ئەوان دڵرەقانە

گوێیان نەدابوو و شەهیدیان کردبوو. شایەنی باسەمەفرەزەکەی دکتۆرشاکر ومەفەرزە نهێنیەکانی دی حزب لەوناوچەیە و ناوچەکانی دی، چەندجارێ پێشمەرگەی یەکیتی دەکەوتە دەستیان و بێ ئازار ئازادیان دەکردن.



**دایە فاتم،**
**وورەیەک لە پۆڵا و گیانێک لەوەنەوشەی گوڵانی هەڵەبجە**



هەموو جارێ کەدەمبینی، سەردانی هاوڕێ عومەرهەڵەبجەیی(بەتالیۆنی حەوتی حشع) و هاوڕێیانی بنکەکانی حزبی دەکرد، دەیوت کوڕەکانم. ئەو تەنها چەند منداڵیکی نەبوو، هەموو ئەندام و لایەنگرانی حزبی بە خێزانی خۆی دەزانێ. بۆیە نە حەرەس قەومییەکانی هەشتی شوبات توانییان بیترسێنن، نە مەلاییەکانی حەفتاوچوار بیتۆقێنن، نە سوپاکەی سەدام، نە هێزەکانی یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٤، نە بۆمبای کیمیاوی ١٩٨٨ تاری نێن، نە ئاوارەیی و نە بایکۆتی ئابوری ١٩٩١ چۆکی پێدا. ئەو بۆخۆی بە تەنێ ئێزگەی حزب و نامە بەر و پێشمەرگە و هەزارسەرەی خەبات بوو. دایە فاتم، قسەزان و ئازا و زیتەڵە وەک سویسەکەکانی بالامبۆ، دەهات و دەچوو، بەبێ سڵکردنەوە، ئەگەر

لە شاری بەسرەشەوە داوایان بکردایە بێ دوودڵی دەچوو و ئەرکەکانی حزبی بەجێ دەگەیاند. جارێ لە بەلەبزان بوو، کەرەتێک لە هەورامان، دەمیکی دیش لە شارباژیر و قەدرێکی دی لە سەر شەقامی سلیمانی و ساتێکی دیش لە گوێ ڕووباری دیجلە. ئەو بە واتای ووشە، هەرچەندە نەخوێندەواریش بوو، کایەکانی مارکسیزمی دەزانی، پەی بەوە دەبرد کە هەر کاتێ سەرمایە زاڵ بوو بەسەر پیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئیدی مرۆڤ دەبێتە کاڵایەک، کە دوای بەکارهێنان نرخی نەمێنێ، هەر بۆیە دڵێکی سادە و گیانێکی هاوکاری بەرزی هەبوو، کەم کادیر و ماڵە هەژاری هەلەبجەی شەهید هەیە نەیناسن، بەو بوایە نەک پێنج منداڵ، هێندی دیشی پێشکەش بە چەوساوەکان دەکرد.


دایەفاتم دوای ئەوەی هاوسەرەکەی لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی پێشو بە هۆی نەخۆشییەوە دەمرێ، پێنج منداڵی بەسەردا دەمێننەوە، کە دەبێ بەخیویان بکا، ئۆ ستاکەماڵ و ئۆ ستاجەماڵ و هیوا و عومەر و خانم و بەهار. منداڵەکانی لەرێگەی کاری جوتیار و ماستفرۆشتن و کاری دییەوە بەخێو دەکا. دایە فاتم هەردوو رۆلی دەبینێ، ڕۆلی دایک و رۆلێ باوکیش، ئەرکێکی گران و ورەیەکی پۆڵایین، هەر سێ کورەکەی چەند جارێک دەبنە پێشمەرگەی حزب و کادیری کارای هەڵەبجە و کەسێتی ناسراو. بە کورتی ماڵی دایە فاتم یەکێک بوو لە چاوەکان و مانەوەی حزب.

گیانت ئاسودە هاوڕێم دایە فاتم، کەوا دەهای وەک منت لە ئەوینی دایکانە بێبەش نەکرد، یادت پیرۆز و ناوت وەک شنروێ

پڕ سەروەری. سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کوڕان و کچان و سەرجەم هاوڕییانی دایە فاتم دەکەم بەشداری خەمیانم..

ئارام هەورامی
5-٢-٢٠١٤ سوێد

# ئەو بوو سەرکەوتنی فێر کردم، پێش ئەوەی بتوانم سەیری کیۆەکان بکەم



مێژووی ئەم وێنەیە دەگرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٣ ناوەڕاستی مانگی حەوت. دواجار لە سەردەمی شاخدا ساڵی ١٩٨٦ دایکمم لە هەورامان بینی، ئیدی تا دوای راپەرین نەمتوانی ببینم. چەند جارێ هەوڵی دابوو لە قەرداغ و گەرمیان سەردانم بکا، بەلام کە چووبوە هەر گوندێوتبویان ئاسۆ لە گوندەکەی دییە.. دوای ئەم وێنەیە ئیدی هەمان ساڵ هەواڵی کۆچی دوایی دایکم پێگەیشت، لە تەمەنی پەنجا و حەوت ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە و هەڵەی ئەو دکتۆرەی (تاهیر هەورامی) کە هەڕەمەکیانە نەشتەرگەری بۆ کردبوو.

ئەڤینی دایک لەوەدایە کە بەشی هەموو جگەر گۆشەکانی دەکا. سۆزی دایک ئەو سۆزە بەهێزەیە کە مرۆڤ چەند لەتەمنیشدا بێ، بەڵام ناتوانێ ئەو خۆشەویستییە فەرامۆش بکات کە دایک هەیەتی...من لێرەوە داوای لێبوردنی لێ دەکەم کە بەهۆی منەوە تووشی ڕەنج و مەینەتییەکی زۆر هات. لەلایەکی دیشەوە پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەگەر دایکم نەبوایە هەرگیز نەمدەزانی خۆشەیستی نیشتمان و خاک چیە، هەرگیز هەستم بە ئازاری هەژارانی نیشتمانەکەم نەدەکرد. هەربۆیەش پیم وایە سەرکەوتنەکانی من و زۆر لە کەسانی دیش هی دایک و هاوسەر و ژنانە، پێش ئەوەی هی پیاوان بێ...دەبێ ئەوان پێش پیاوان بەرز بنرخێنرێن و خەڵات بکرێن!

**کورتەیەک دەربارەی ژیانی دایکم؛**-دایکم ناوی (شارەبانی محمد ئەمین سلێمان بەگ)ە ، دایکی ناوی(فەخرییە لوطفی لەشارۆچکەی نەوسوود رۆژهەلاتی کوردستان)ە لە ساڵی ۱۹۳۸ لە ناحیەی بیارە لە خێزانێکی مام ناوەندی و ناسراوی ناوچەی هەورامان لە دایک دەبێ و دەبێتە نۆبەرەی  باوک و دایکی. لە دایکبوونی دایکم ئەو ساڵە هیندە خێر و خۆشی دەهێنی  لە خوشیدا پێی دەڵێن شارای بەخەتەوەری، ئیدی هەر بە شارا ناو دەردەکات و لەگەڵ جوانی هەوراماندا گەورەدەبێ و بە گۆرانی و ئاواز و فەرهەنگی جوان پێشوازی دنیا دەکا. وەک خۆی هەموو جارێ دەیگێرایەوە هێندە بەختەوەر بوو، کە تەنانەت جێگەی ڕێزێکی تایبەتی خزمان و دراوسێکانی بوو. دایکم زۆربەی گۆرانیە هەورامیەکانی لەبەر بوو و دەنگێکی خۆشی هەبوو(لەبیرمە هەموو جاری گۆرانی خالدێری خاڵدێری بۆمان دەووت) تا ئەمرۆش ئەو چەند دێرەیم لەبیرە کە دەیچڕێ(دەرو بیارێ نیشتەن هەراڵە با گێلۆش پۆنە ئا چەمە پیاڵە) وتا چەمی بیارە هەڵاڵەی درەختەکان دایگرتووە، با ئەو چاو پیاڵیە پێیدا بگەڕێ)..دایکم زۆر هونراوەی هەورامی و بگرە شۆرشگێریشی لەبەر بوو.


دایکم، شارای بەختەوەری، لە گەڵ باوکم(ڕەشید بکر محمود) ناسراو بە ڕەشیدە هەورامی، دەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و دەبێتە خاوەنی هەشت منداڵ، پێنج کوڕ و سێ کچ...لە کاروانی هاوسەرگەریدا لەگەڵ باوکم تێکەڵ بە خەباتی چەپ، نیشتمانی و نەتەوەیی دەبێ، هەر چەندە نە خوێندەواریش دەبێ، بەڵام

لەڕووی بیر و هوشمەندییەوە دەبێتە خاوەن سەرمایەیەکی بیرمەندانە کە ستەم و نایەکسانی مرۆڤەکان پەسەند نەکا و دەها جار لەبەر ئەو بۆچونە لەگەڵ باوکمدا هەر لە تەمەنی لاویدا دوچاری دوورخستنەوە لەلایەنی حکومەتی پاشایەتی و بەعسییەکانەوە، لە شارەکانی هەولێر، ناسریە، دیوانیە، بەغدا و بۆ خوارووی عێراق دوور دەخرێتەوە. با دژایەتی خەڵکانی ناوچە و دەربەگەکانیش بوەستێ کە بە هەموو شێوەیەک لە فشاردابوون کە پشیتوانی باوکم نەکا لە خەباتی کرێکاری و بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا. مەگەر مرۆڤێکی وەک دایکم پۆڵایین بێ کە بتوانێ بەرگەی ئەو هەموو فشارە کۆمەڵایەتیە بگرێ، دوور نیە وزەی ژیانیشی هەر لەبەر ئەوە تەنها بەشی ٥٦ ساڵی کردبێ، بۆیە تەمەنی کورت بوو، بەلام کەڵ بوو. دایکم ژنێکی قارەمان بوو، کە دەهاتە شاخ ورەی پێشمەرگەکانی بەرز دەکردەوە، شەکرەی وشەی شانازی لە نیوانیاندا دەبەخشییەوە، جاریکیان لە گەرمە شەڕدا هاتبوو(ساڵی ١٩٨٦) ئاگر و ئاسن دەباری، لێم پرسی بۆ هاتووم وتی: ئەی ئەمانەش کوڕی من نین، کەتا ناو قەدیان لە سەنگەر ناوە بەرگری لەکوردستان دەکەن؟ کە سەردانی دەکردم، یەکە یەکە پێشمەرگەکانی ماچ دەکرد و شانازی پێوە دەکردن. بۆ یادگاری ئێوارەیەکی پایزی ١٩٨٥ بوو کە سەردانی منی کرد، پێشمەرگەیەکی دی، کە چەندان ساڵ بوو، دایکی نەدیتبوو دەگریا، دایکم وتی: مەگری من دایکی ئێوەم هەموو. دایکم کارە حزبیەکانی لەناو دڕندەیی و ئاسنی حزبی بەعسدا چالاکانە

ڕادەپەراندا و زۆر جار نامەبەرێکی هێجگار خێرا و ئازابوو، تەنانەت، جێگەی سەر سوڕمانی هاوڕیانی سەکردە بوو(هاوڕێ ئەحمەد بانیخلانی جارێ وتی بێ تو چی بکەین، هەر ئەوە ماوە چاپخانەکەشمان بۆ بگوێزیتەوە بۆ سلیمانی). دایکم نە خوێندەواربوو، بەلام چاوێکی زیتەڵەو بزوتی حزبی شیوعی بوو، جێگەی شانازی زۆربەیان بوو. من خۆم سەرسام دەبووم بە وزەو چالاکیەکانی. جارێکی دی ساڵی ١٩٨١ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە ماڵمان خۆیان شاردەوە، دەنگی چەند ئۆتۆمبێلێک هات، خێرا وتی من خەریکیان دەکەم، با ئەگەر شتێک ڕووبدا ئێوە زووتر بێنە دەست و دەرچن. شارای بەختەوەری، لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانی شادی دەباران. باوکم ساڵی ١٩٧٩ بەرەو شاخ بەرێ کەوتبوو، بۆ دڵدانەوەی ئێمە، هونراوەی بەسەر هەڵدەدا و کە باوکمان خاوەن ئەو پێنوسەیە کە بەرگری لە کەسانی ژێر دەستە دەکا...

بەڵی! من شاخەکانم لە دوور دەبینی، بەڵام دایکم فێری کردم کە چۆن بەسەریاندا هەڵزنم و بەرگری لە خاک و نیشتمان بکەم، فێری کردم کە چۆن گوڵەکان بۆ شادی و ئەوین چەپک بکەم و دەستم بگا بە تاڵە خۆرەکان، فێری کردم کە چۆن لەبەرزاییەوە بنواڕمە پانتایی دەشتەکان. دایکی وا شایەنی هەموو خەڵاتێکە، نەک تەنها دایکی من، بەڵکو دایکی هەموو پێشمەرگەیەکی قارەمان و گەریلایەک کە لەسەنگەری بەرگریدابووە و هێشتا بەرگری دەکا...

## تەنها ڕۆڵی دایکی نەدەبینی،
## ئەو خەمی نیشتمانێکی لە کۆل نابوو




دایکان تەنها گەنجینەیەک نین لە خۆشەویستی، بەڵکو کێوێکن لە بەرگری و هەڵگرتنی خەمی کەسانی دی، لەوانە هاوسەر، باوک برا، منداڵ ..هەر بۆیەش کەسانی وەک شەهید غەزیم توانیویەتەتی، نەک تەنها خێزانێک بەتەنیا بەرێوەبەرێ، بەڵکو گیانی نیشتمانێک ئاوێتەی ڕوحی بکا و گوند بە گوند، هەوار و هەوار و کێوا و کێو، تێکەڵی خەباتی میردەکەی بێت و ئەرکی سەرشانی کەم بکاتەوە.

هاوری غزیم عبدالله قادر لە ساللی 1947 لەگوندی باوای سەربە شارۆچکەی قەرەحسەن -کرکوک چاوی بەژییان هەلیناوە لە بنەمالەیەکی جوتیار ئەبن لە سالی 1968 هاوسەر گیری لەگەل

هاوری مام علی کادری پیشکەوتوی ناوچەی قەرەحسن دەکات، کە ئامۆزای خۆی ئەبیت و مالیکی خنجلانە پیکەوە ئەنین. لیرەوە ژیانی خەباتی هاوری غەزیم دەست پێ دەکات. لەبەر هەڵوێستەکانی، چەندان جار لەلایەن رژیمەکەی سەددام دەستگیر دەکرێ.

دایە غەزیم نەک تەنها زیندانەکانی ڕژێمی داگیرکەر نەیان توانی بیتۆقێنن، بەڵکو بوو بە سەنگەرێک، بەرگری لە چەوساوەکان کرد لە گیانفیدای و خۆبەخشیدا بووە نموونەی مرۆڤە خۆنەویستەکان. بەداخەوە هاوڕێ غەزیم بەروداوێکی هاوچۆ لەڕێگەی پیرەمەگروون/سلیمانی لەڕۆژی ٢٥-٨-١٩٩١گیانی لەدەست دا. هەزارا سلاو لە گیانی پاکی ئەو مرۆڤە بە ئەمەکە، دایکێکی سەربەرز و شۆڕشگێر.

## پێشمەرگەیەکی دێرین و قارەمانێکی شار و شاخ



هەمیشە جەماوەر ووزەی مانەوە و بەردەوامی هەموو بزوتنەوەیەکە، دینەمۆی پێشەوە چونی کۆمەڵگەیە، کەسانێک هەن، دەبنە بلێسەی ئەو بزوتنە. هاوڕێ ئەسعەد یەکێکە لەوانەی کە جێدەست و ناوی لە ناوچەی سلێمانی، هەلەبجە، قەرەداغ و گەرمیان دیارە. بەڵێ! ئەوی پێشمەرگە، باوەشی جوتیارانەی بۆ خەمی هەژارەکانی ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوو دەکاتەوە و لەماوەیەکی کورتدا، لەوە تێ دەگا، کە چەوسانەوە، واتە لەسەرخۆ کوشتنی مرۆڤەکانە، بۆیە ساڵی ١٩٦٧ پێوەندی بەرێکخراوەکانی

حزبی شیوعییەوە دەکا و ئاشکرا دژی ئەو دەرەبەگانە دەوستێتەوە، کە لەژێر پەردەی نەتەوایەتیدا لە پاڵ پارتیدا، زەوی و زاری جوتیارانی ناوچەی شارەزوور زەوت دەکەن و سەرانە لە خەڵک دەسەنن. هاوڕێ ئەسعد ئیدی دەبێتە خۆشەویستی جوتیارانی ناوچەکە، لای زۆربەیانیش خانەخوێ.
بەڵێ کورە جوتیارێک لەوپەڕی ئەنگوستەی ماڵە هەژارێکدا لە دایک دەبێ و هەر منداڵییەوە تاڵی چەوسانەوە هێزێ بەرگری پێ دەبەخشێ. ئەو مرۆڤە خۆبەخشەکەرە لەساڵی ١٩٦٧ چەک دەکاتە شانی تاکو دژی کودەتاچیەکانی هەشتی شوبات لە کوردستان بوەستێتەوە. حزبی شیوعی هەروا بە ئاسان پلەی ئەندامیەتی نابەخشێتە پالێورەکانی، بەلام هاوڕێ ئەسعد لەبەر لێهاتوویی و تایبەتمەندی سەرکردایەتیکردنی، دوای کەمتر لەساڵێک دەبێتە ئەندام وهێندەی دی جۆشی خەباتکردن دەیگرێ.
ساڵێ ١٩٧٤ دیسان دەربەگە مەلاییەکانی ناوچە تەنگی پێ هەڵدەچنن و لەو ناوچەیە دەری دەپەڕێن و ئیدیی چەک بۆ بەرگری لەخۆی دەکاتە شانی. هەر لەو ماوەیەدا و  تاکو ساڵی ١٩٧٨ دەکرێتە  نوێنەری جوتیارانی ناوچەکە.
زۆری دی ناخاێنێ حزبی بەعس پەلاماری شیوعیەکان دەدات و ئەوانەش دەبنە ئامانج کە دیار و زۆر چالاکن، لەوانە هاوڕێ ئەسعەد، بۆیە دووبارە  دەبێتەوە بە دامەزرێنەرەی ئەو مەفرەزە سەرەتاییانە  و  بەردەوام دەبێ لە چالاکی سیاسی و سەرپەرشتی رێکخستنەکانی هەلەبجەوشارەزوروسیدسادق ودەربەندیخان دەکا. هاوڕی ئەسعەد، بەدەر لەوەی کە کاری رێکخستنی دەکرد، بەلام و خۆیی هاوڕییکانی چاوی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی حەوتی

هەورامان بوون و هەرگیز لە ئەرکێدا دودڵی نەدەکرد ئەگەر پێشمەرگەیەک داوای لێکردایە..
دوای تاوانی ئەنفال ١٩٨٨، هاوڕێ ئەسعەد بەرەو کاری نهێنی شار، لە ئوردوگای نەسر، باریکە و لەوێشە سەرپەرشتی ڕێکخستنەکان دەکا و  پیوەندی دروستکردنی ڕێکخستن بە شاری سلیمانییەوە. گرێ دەدا گیرانی شەهید جەوهەر و ڕاپەرینی ١٩٩١ ئەو مرۆڤە پالەوان زۆر جار ژیانی لە ژێر زەمینی نهێنی دەباتە . بەداخەوە لەبەر دژواری کاری حزبی، سەرماو سۆڵە و گەرمای هاوێنی شارەزوور کارێکی ئێجگار خراپ دەکاتە سەر و  جگەری نەخۆش دەکەوێ. سەرباری ئەوەش هاوڕێ ئەسعەد ئەو تەمەنەی کە ماویەتی بۆ خزمەتی هەژاران و دادوەری کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنێ.
لەڕاپەرینی ١٩٩١ ڕۆڵێکی مەزنی دەبێ لە ڕێکخسنەوەی دەستە چەکدارییەکان و ڕاستەوخۆ دەبێتە یەکێ لە سەرکردەکانی کۆمیتەکانی سلێمانی، کەرکوک و هەڵەبجە..
بەداخەوە ئەو هاوڕێ جوتیارە سادە و ئازایە، نەخۆشی زۆری بۆ دێنێ و لە  1996/4/1دڵەگەورەکەی لەلێدان دەکەوێت و دەبێتە کارئەکتەرێکی دیاری لاپەرەکانی مێژووی هەژارانی ئەو ناوچەیە. ناوت بەرز و ژیانت مێژوویەکی زێڕین ئەی هاوڕێ ئێمە..

هاوڕێ ئەسعەد لە ساڵی ١٩٥٠ لە خێزانێکی جوتیاری ناوچەی شارەوزوو لە دایک دەبێ و هەر بەمنداڵی باوک و دایکی کۆچی دوای دەکەن و ئیدی لەو تەمەنەوە فێری وانەکانی ژیان دەبێ.

**لە پەیجی هاوڕێ چالاک زەنگەنەوە..**

## ژمارەی شەهیدەکانی شەڕی ئەنفال و پاش ئەنفال..


لەیەکەم رۆژی ئەنفال تاکو کۆتایەکەی لە سنوری مەلبەندی کەرکوک وسلیمانی چەندین شەهیدمان دا وەکو پیشمەرگەکانی حزبی شوعی عیراق



1 شەهید شوان حمە قوتو
2شەهید بارام
3 شەهید کاوە مام ئەسکەندەر
4شەهید ملازم سامی
5شەهید عەلی عەرەب
6شەهیدعامر عەرەب
7شەهید تارق
8شەهید ماجد عەلی خەلیفە
9ئاشتی کەرکوکی
10 شەهیدملازم سەعد
11 شەهید چیا
12 شەهیدسلام قەلامکائیلی
13 شەهید دلشاد
12شەهید حمە سور
13 شەهید سۆران
14 شەهید ریبوار
15 شەهید سلام عەرەب
16 شەهید شیرکۆ نەوجولی
17 شەهید شیروان
18 شەهید ئارام
19 شەهید هە ژار کەرکوکی
20 شەهید ئاکۆ دارتووی

21 شەهید عەزیز بان گۆلی
22 شەهید حەبیب بان گۆلی
23 شەهید ابو فیان
24 شەهیدئەحمەد بازوکە
25 شەهیدعەمار
26شەهید هیمن تەرکمان
27شەهید مامۆستا ئەنوەر مۆفەری
28 شەهید مامۆستا عەزەدین
29 شەهید قاسم عەرەب
30شەهید فازل عەرەب
31شەهید هەلمەت کەرکوکی
32 شەهید چەوهەر
33 شەهید مامۆستا خالید
34 شەهید مام هەژار
35 شەهید بایز
35 شەهید ..... ......
36 شەهید........... ئەم دووشەهیدە لەگەل هاوری شەهید مام هەژار شەهید بوون ناوەکانیان لە بیرم نەماوە هەر هاوریکی تر دەزانی بابیان نوسیت لەگەل ریزم بۆ خانەوادە سەربەرزەکانیان
٣٧.ماموستا کریم. ناوی عزالدین بو خە لکی کرکوک بو لە کریم باسام دادهنیشت

# چەند وێنەیەکی
# بەتالیۆنی حەوتی هەورامان و هاوڕیانی دی



بنکەی ب ی حەوت لە کەرەجال، ساڵی ١٩٨٤ پشت تاڤگەی زەڵم/ ئەحمەد ئاوا. باشووری کوردستان. لای راستەوە کاوە(خەلکی بەسرە و شەهید سیڤەر لەشەری رزگارکردنی کەرکوک ساڵی ١٩٩١ شەهید بوو



وێنەیەکی ب حەوتی هەورامانی حشع، دوای گەرانەوە لە هەڵەبجە لە رۆژی ١٩ سێ ١٩٨٨، گوندی قەسر. شارەزوور.




**هاوڕیانی لقی ١٠ قەرەداغ.**



**ب ٧ کەرەجاڵ. لەڕاستەوە، کەمال هەورامی، کاوە، عەبەی مامە و دانیشتوەکە، ریبوارە سوور. ئەشکەوتی سورێن، بناری هەورامان**







کۆمەڵێ پێشمەرگە هەورامان و قەرەداغ.

لای راستەوە: شەهید یوسف، هیوا ڕەش، فەرتەنە و سەعید .







**وێنەیەکی بە کۆمەڵ ب ٧ی هەورامان، کەرەجاڵ ١٩٨٤/ئەحمە ئاوا**



**ب ی ٧ ی هەورامان.  کەرەجاڵ. ١٩٨٤. دانیشتوەکان لای راستەوە: د شاهۆ. م سەلاح تەوێڵەیی. عەبەی مامە، مەحمود دیکتارۆڤ. لەپشتەوە لای ڕاستەوە، هەورامان، هاوار، جوتیار کەرکوکی، ئاری(سابر)، ئەکرەم سەیدسادقی و ئارام** هەورامی**( ئاسۆ بیارەیی).**






**لە کاتی دروستکردنی بنکەی بە تالیۆنی حەوت ١٩٨٣ کەرەجاڵ**



**ب ی ٧، لە راستەوە، ئەبو ئەنوەر، د ئەبو هەڤاڵ، ڕاوەستاوەکان، خالید، ئەبو رەزا، ستار و فاخر عەرەب**





شەهید مامۆستا
خالید،،،وێنەی ژمارە
( ٢٧ ) ،،،شاهۆ




**لە راستەوە ئاری( سابر ) ...سێیەم پۆلا زیندانی. ١٩٨٤، کەرەجاڵ/ئەحمەد ئاوا**



**ب ی ٧.دانیشتوەکان: ئیبراهیم حاجی قادر، عوسمان. راوەستاوەکان لە چەوە،شەهید هەورامان. سەعید، چوارەم شەهید ئاوات و کریم حاجی. پێنجەم نەزانراوە.**



**لەراستەوە: شیرکۆ، مولازم سەعد، ئەبو ئەحمەد، مولازم فازل، سامی، حسام، عادلە رەش و ئەبو زاهیر**



**تەرمی هاوڕێ چیا کە بەدەستی هێمنە ڕەش لە گەرمیان ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوو. لەگەڵ هاوڕیان. سەعد، مولازم سەعد و سەلام**



**لە پێشەوە، هاوڕێ ستار و دواتر بەندە. کەرەجاڵ/ ئەحمەد ئاوا ١٩٨٤**




**لە راستەوە: هاوڕێ هێمن(بەدەستی هێرش ١٩٨٨ شەهید بوو)، چالاک زەنگەنە.**





**شەهید سۆران، دەربەندیخان هاوینی ١٩٨٧ لە دەربەند شەهید بوو**






لەراستەوە: کامران عەلە رەش، م خالید( سەلاح) ساڵی ١٩٨٨
ئەنفال کرا، ئەوەش دوای گرتنی..



**لەراستەوە:ئاسۆ، هێمن هێمن و جوتیار**

**ناوەراست: شەهید مولازم سەعد**



**لە راستەوە. هەورامان، ئارام هەورامی، رابەر و شەهید ئاوات لە پشتەوە حکمەتە چاوشین. قۆپی قەرەداغ ٤/١٤ ١٩٨٨ دوای ئەنفالی سێ..**






لە ڕاستەوە: برایم حاجی قادر، سەرتیپ، ئازار. مولازم فازل و ریگای عەلی حاجی ئیسمایل( هەلەبجە)  دۆڵەناو، پشتی دزڵی



**لە راستەوە: هیوا رەش، و هاوڕێ نەجات**




**هاوڕێ چەتە لە ئەحمەد ئاوا**



**مەفرەزەیەکی ب ٧ دۆڵەناو ١٩٩٠. لە چەوە برایم، عوسمان، ئارام هەورامی و..**



لە راستەوە: برایم حاجی قادر و شەهید ئاوات





**هاوڕێ سەید باقی  و بەیانی کچی**



**ئەم**

**وێنەیە لە ڕاستە وە:**

**شەهید هەورامان، گۆران( ئایاری مەلا حەسەن، ئارام هەورامی و شەهید ئاوات. ئەو وێنەیە دوای شەڕی یەک مانگەی قەندیل ١٩٩٠**

## بەشی بەڵگەنامەکان

بەڵگەنامەی شەهیدانی جەباری شوان کە لەڕێکەوتی ئیوارەی ٩ی پێنجی ١٩٨٨ بە دەستی کۆمەڵێ چەکداری بەعسیە پارتی سەر بە تەحسین شاوەیس، لە دۆلێکی نیزیک گوندی تەیمەز ئاواو(شوان و جەباری) نامەردانە شەهید کران. لەوانە تەرمی هاوڕی مولازم فازل هەڵمەت وەک دیاری خۆ ڕادەستکردنەوەی بۆ بەعس برانەوە. لەو مەفرەزەیە تەنها کاوە شوشە بەبرینداری رزگاری بوو. شایەنی باسە مەفرەزەکەی پارتی لە جاشەکانی تەحسین شاوەیس)دا لە ناکاو پەلاماریان دەدەن و شەهیدیان دەکەن.

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

يرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

(سبيل الشهداء اكرم منا جميعاً)

سري وشخصي

الرقم / ش٣/ق١٤/ / قادسية صدام / ٩٩٢
التاريخ / ١٦/ حزيران / ١٩٨٨

الى / مديرية الاستخبارات العسكريه العامه (ش٣)

الموضوع / تفاصيل عمليـــــه

كتابكم السري والشخصي م٥/ش٣/ق١/١٠٤٠٨ فــي ٢٦ آيار ٨٨

١. بتاريخ ٣ آيار ٨٨ عاد المذكورين للصف الوطني عن طريق ف د و/١٧٢ ستشـــاره تحسين شاويس سعيد وبعد عودتهم ابدوا الرغبه لتنفيذ عمليه خاصه ضد المخربيـــن المتواجدين في قاطع التكيه ـ جبارى .

٢. بتاريخ ١٠ آيار ٨٨ تم دفع المجموعه في قاطع قره ويس وبنفس اليوم اصطدمـــت المجموعه مع قوه من المخربين في قرية تيما باوه ونتيجة الحادث تمكنت المجموعه مـــن قتل (٣) مخربين والاستيلاء على اسلحتهم وتم ارسال جثث المخربين القتلى الـــى قيادة جحفل الدفاع الوطني /١ واثناء تفتيش الجثث عثر بحوزتهم على منشـــورات ومذكرات معاديه صادره من الحزب الشيوعي العراقي العميل وتم التعرف على جثـــث القتلى وهم كل مـــــن :ـ

آ. المخرب عادل تركي مبارك الملقب (ملازم فاضل) ـ من سكنة محافظة القادسيه ـ خريج كلية الاداب ـ جامعة بغداد للعام ٧٣/٧٤ فرع اللغه الانكليزيه .


ب. المخرب ملازم قاســــم

جـ. تجهل هوية القتيل الثالث ويحتمل ان الجثه هي جثة المخرب ملازم سعد

يرجى التفضل بالاطـــــلاع .


العقيد الركن
مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقيـــــه

(١ ـ ١)
سري وشخصي



مساء ٢٤/٥/١٩٨٨ سلم أنفسهم التائبين المخربين التالية
أسمائهم عن طريق مستشار/ ف دفاع وطني / ١٧٢

١- رضا محمد صالح
٢- باهر صديق محمد
٣- تحسين صديق محمد
٤- برهان صديق محمد
٥- أنور محمد فتاح
٦- عادل حسين أحمد
٧- رشيد محمد صالح
٨- فيض الله محمود
٩- عبدالله محمود


يرجى الاشارة الى الرقم كاملاً

(سيظل الشهداء أكرم منا جميعاً)

رئاسة الجمهورية

السكرتير

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري وشخصي

الرقم / ش٣ / ق٤ / / قادسية صدام /

التاريخ ٢٠ / آيار / ١٩٨٨

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة ( ش٣ )

الموضوع / عملية خاصة

كتابكم السري والشخصي م٥/ش٣/ق١/٩١٨٢٢ في ١٦ مايس ٨٨

عاد المذكورين الى الصف الوطني خلال عملية الانفال الرابعة وسلموا انفسهم الى قيادة جحفل الدفاع الوطني /١ عن طريق ف د ٥٠ و١٧٢/٢ مستشاره تحسين شاويس وبعد عودتهم نفذوا عملية قتل ثلاثة مخربين شيوعيين بضمنهم المجرم ملازم سعد وتم تسليم جثثهم الى القيادة اعلاه .

يرجى التفضل بالاطلاع .

العقيد الركن

مدير منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

( ١ ـ ١ )

سري وشخصي

(سنقاتل الشهداء اذكرهم جميعا)

مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري وشخصي

الرقم / ش٣ / ق٣ / / قادسية صدام ٢٠٢٩

التاريخ / ٢٤ / ١٠ / ١٩٨٧

الى / مديرية الاستخبارات العسكريه العامه ( ش ٣ )

الموضوع / عمليـه خاصـه

١. بواسطة المدعو كريم محي الدين راجعنا المدعو حسين صديق محمد ( مقاتل في فوج الدفاع الوطني /١٧٢ مستشاره تحسين شاويس ) وبين لنا بوجود شقيق لـه يدعى تحسين صديق محمد حاليا" آمر مفرزه لدى مخربي زمرة البارزاني ـ لجنـه محلية جم جمال ومعه ثلاثة من أشقاءه هم كل من ( برهان صديق ـ ياسـر صديق ـ ظاهر صديق ) ويعملون حاليا" بصفـة مخربين في مفرزة شقيقهم أعلاه وقد أتفق المومأ اليه مع أشقاءه المخربين أعلاه على الالتحاق الى جانبهم مـع شقيقه الخامس الذي يتواجد حاليا" في كركوك ويدعى ياسين صديق بهدف تنفيذ عمليه خاصـه وحسب المخطط لـه .

٢. تم الاتفاق مع المدعو حسين صديق محمد على مايلي :ـ

أ. الالتحاق مع شقيقه ياسين الى جانب زمرة البارزاني ( مفرزة شقيقه ) بتاريخ ٢ ت ٢ ٨٧ .

ب. تكون مهمته مع شقيقه ( آمر المفرزه المخرب ) وبقية أشقاءه تنفيذ أحـد الواجبات التاليـه :ـ

أولا". أغتيال المجرم المقدم طارق أحمد ـ المسؤول العسكري للفـرع الثالث زمرة البارزاني .

ثانيا". أغتيال المجرم أزاد قره داغي مسؤول الفرع الثالث للزمره أعلاه .

ثالثا". أسر ضباط أيرانيين من الذين يتجولون مع المخربين وجلبهـم الينا .

رابعا". تحدد فتره تنفيذ هم الواجب بـ (٣) ثلاثة أشهر بعد التحاقهـم وخلال تلك الفتره يقومون بتزويدنا بالمعلومات .

ج. طلباتهم مايلـي :ـ

(١ ـ ٢)

سري وشخصـي

أولاً: تشكيل مفرزة خاصة لهم بعد تنفيذهم الواجب .

ثانياً: خلال فترة وجودهم مع المخربين تدفع رواتب شهرية قدرها (٨٥) خمسة وثمانون دينار لكل من الاشقاء الستة وللوسيط المدعو أحمد خورشيد صالح (عمهم) .

ثالثاً: ما يتسب لمكافاتهم بعد تنفيذ العملية .

رابعاً: دفع مبلغ قدره (٢٥٠) مائتين وخمسون ديناراً الى المدعو حسين صديق لشراء بندقية به (حيث أنه سوف لا يستصحب بندقية الفوج معه عند هروبه) .

خامساً: قيامنا باتخاذ ما يلزم لعدم الاستيلاء على داره من قبل الجهات المعنية حول بيعه .. علماً أن كافة المعنيين سيصحبون عوائلهم معهم عند الهرب .

٣. المومأ اليه يبدو واثقاً من أمكانيته على تنفيذ ما كلف به مع أشقاءه .

٤. نقترح الموافقة على السير في تنفيذ العملية وأعلامنا تنسيبكم .

العميد الركن

مدير منظومة أستخبارات المنطقة الشرقية

## پاش ووشە- بەرەو هەندەران
## ئێوارەی ٧ی نۆی ١٩٩٠

چەند هەستێکی سەیر بوو، دەتووت بۆ هەتا هەتا بەشێک لە گیانم لە دێوێکی  دی خۆشی دنیا جێ دەهێڵم. دیوێک کە هەموو گەنجینەی ژیانمی وەک هەنبانەیەک گرتوەتە خۆ، دێوێک  کە جوانترین تابلۆی کانیە سازگارەکانی هەورامانی لە خۆ گرتووە، دیوێک پڕە لە قاسپەی کەوەکان و  خەونەکانمی بە بەفری کێوەکانی قەندیل ڕەنگ کردوە، دیوێک توند، چرپەی کچانی کۆیە و ڕوباری زێی لە خۆی ئاڵاندوە، دیوێک سیمای سەردانەکانی دایکمی لە ڕۆژانی شاخدا لە ئامێزی دڵێێدا ڕوناوە، دیوێک دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیان و  جەباری لە سەر لێواری نێو چاوانی نەخشاندوە، دیوێک وێنەی جوتیارەکانی ناوچەی (شیوە سوور) و بناری خاڵخالان و  بۆلقامیشی بۆ کردوومەتە جوانترین یادگاری، دیوێک دیلانێیەکی لە شەونمی داربەروەکانی قەرەداغی بۆ هەڵبەستوم و بە کەروێشکە خەوی نیزیک چەمی دێوانە پشوم دەداتێ، سەنگەرێک کە لە باوەشیدا گاڵتە و  گپ  و ئاسمان پەتوومە. دیوەکانی ئەو بەشەی ژیانم هەموو جوانن.. وەک پەلکە زێرینەی بەهاران  گوڵاوی گوڵاڵە بە باڵای شاردا دەپژێنن و کاریلە ئاسا لاسار و دێوانەن.

**ڕێکەوتی ٢٧ یانزەی ١٩٩٠**
**کاتژمێر یانزە و نیوی بەیانی**

ناهەقم نەبوو ئەو هەستەم هەبێ، ئەوە یەکەم جار بوو دوای پتر لە حەوت ساڵ لە پێشمەرگایەتی، دوای پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهیز لەگەڵ هاوڕێیان و گوندییەکان و بگرە سروشتیش، بکەومە ولاتێکەوە، کە کەسەکان تەنها خۆیانن و لە زۆربەی بەرگە کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکان داماڵراون، کە شەختەی تەنیایی خۆیانی بە خۆیان نامۆ کردووە. تا ئەو ساتەش کە لەفڕۆکەخانەی مۆسکۆ بووم، ئەو هەستەم لا دروست نەبوو، تەنانەت لە ناو فڕۆکەکەشدا. ئەو تەزووە کاتێک هێرشی بۆ هێنام، کە گەیشتمە فڕۆکەخانەی ئارلەندە لەسوێد، دنیایەکی هێجگار جیاواز، بەڵێ! جوان و ڕێک، بەلام لە ناوەرۆکدا  بێ کاکڵە و  بەتاڵ، هەر زوو بۆم دەرکەوت، کە مرۆڤەکان بەشیکن لەو کارگەیەی کە مارکس پێش سەدەیک باسی کردبوو، دەچوون. ئەو ماوەیەی کە لە ئێران، سۆڤیەت ڕێگوزەرم بووم بۆ سوێد، لەوێ بووم، هەستی بێ نیشتمانیم لا دروست نەبوو، مرۆڤەکان کۆمەڵایەتی بوون، سەرباری لێک نەچوون..

هەر ئەو ئێوارەیە دابەشکریان بەسەر چەند گروپێکدا و ئیدی مافی هەڵبژاردن و شوێنی ژیان و جوڵەمان لەدەست خۆمان نەما، جیاکردنەوەم لە هاوڕێکانم ئەوەندی دی دڵی دەگۆشاردم، بۆ بێ شانسی من و هاوڕێیەکی دی)(هاوڕێ بەهادین هەڵەبجەیی)، ئێمەیان لە شوێنێکی تایبەتی فڕۆکەخانە تا سێ ڕۆژ هێشتەوە، ئەوش بەهۆی خێزانیکی عەرەبە و چەند فەلسەتینییێکەوە، گلیان

داینەوە. پۆلیسەکانی فڕۆکەخانە گومانیان لەوان بوو، لەوێش خەریک بوو داگیرکەران بەزمێکمان پێبکەن.

دوای ئەو سێ رۆژە، وەک چێشتی مجێوەر، لە ئۆردوگایەک لە ستۆکهۆلم(ئوپلانفێسپی) تێکەڵ، دەها پەنابەری دی عەرەب، فارس، تورک، کوردی پارچەکانی کوردستان، ئەڤغانی.. هتد کراین. باش بوو لەوێ، چاوم بەچەند هاوڕییەک کەوتەوە، لەوانە، ماڵی هاورێ نیشتمان، حەسەن کاکە و چەند قلێکی دیش، ناوەکانیانم لەبیر نەماوە.

**دیداری مەهابادی خوشکم**

مەهابادی خوشکمم لە ساڵی ١٩٨٣ وە نەدیتبوو، بێ ئاگاش بووم لەوەی کە لە ئەنفالی پشت ئاشان ڕزگاری بووبێ، دوای سێ ڕۆژ، بەڕێکەوت لە ماڵی ڕێزانی برادەری میوان بووین ، هاوڕێ ڕافەتی برای شەهید دەروێش، وتی ژمارەکەی ماڵی چەندە؟ ژمارەکم پێ داو ئیدی دوای دوو کاتژمێر گەیشتە لام، ئەو کە منی دی یەکسەر دەستی کرد بە گریان، دەها پرسیار و هەواڵ پرسین،،،بەداخەوە من گریەم نەهات، گریەی چی؟ پێی وابوو دڵم بوەتە پوازکە بەردێکی کێوەکان، ناهەقم نەبوو ئەنفال دەمێک بوو دەریای فرمێسکمی ووشک کردبوو. ئەو شەوە تا بەیانی وەڵامی پرسیاری یەکدیمان دایەوە.

**نمی رقسید؟ شایی ناکەی؟**

لە ئوپالانڤێسپی*، ئوردوی نیزیک فرۆکەخانەی شاری ستۆکهۆلم، بەر ژوورێک کەوتم کە هەمووی فارس بوون. منێکی ماندو و کەمبرِست، ڕاهاتووی کۆسارەکان و هۆش لای کوردستان وهەڵکەندراو، بکەومە ناو پێرِێکی واوە دەبێ چی دەردەچێ؟

لەو ژووره پڕ فارسە شلۆقەدا، نیزیک کاتژمێر نۆی ئێوارە، گەنجێکیان، ئاغا شایی ناکەی (نمی رقسی)؟ وەک ئەوەی لە خەودا ،دام چڵەکێنی، وامزانێ باسی زەماوەندی دەهۆڵ و زورِنا دەکا! ئەو چرکەیە بردمیەوە بۆ ئەو ئیوارەیە کە لە مینیبوسێکدا( پاسی چکۆلە بە فارسی) بووم لەگەڵ چەند هاورێیەکی دیدا، لە شارۆچکەی  ڕوانسەرەو بەرێگەی کێوی ناڵەشکێنەدا بۆ  شاری کامیران بەریوەبووین، ئێوارەیەکی بەهار بوو، پاسەکە لەپڕ وەستا، لەسەر رێگە کۆمەڵێک رەشبەڵەکیان دەکرد و جادەیەکەیان گرتبوو، هێندە هەڵپەرِکێ گەرم بوو، کەس ئاگا لە خۆی نەبوو، گەنجێک هاواری لێمان کرد دەبێ دابەزن، و وەک دیاری دڵی بوک و زاوا بە سەما خۆشبکەن، ئێمەش بێ دڵیمان نەکردن و سەرکردایەتی سەرچۆپیگرتن کەوتە دەست خۆمان، تا ماسولکەکانمان جولا زەماوەندمان هێندەی دی جۆش پێدا. هەندێکیان ووتیان پێنجشەممی داهاتووش دیسان شاییە، لەم گوندە داوەتن ئەگەر دەتانەوێ بێن. زۆر نەوەستاین رۆیشتین.

پێم وت: بۆ ئاغا چی ڕوویداوە؟ وتی: دیارە تۆ وڵاتی سوێدت لا خۆش نیە؟  ئەدی بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟، مەگەر شاییکردن لە ولاتی تۆ قەدەغە نیە، ئەدی لەبەر ئەوە هەڵنەهاتووی؟..زۆر بە نەرمی وەڵامم دایەوە. ئاغا!  ئازادییەکی من لەوەی ئەنگۆ جیاوازترە، ئەوەی من  بریتی نیە لە مافی شاییکردن، من نیشتمانێکم لە دەستداوە، خاکێکم لێ وون بووە و گەلێکم لێ پەڕاوزەیە. ملێکی وەک قالۆرەی گوڵبەرۆژەی بەر بای پایزان لەقاند و وتی:  من دەرۆم نامەوێ لە هاوڕێکانم دواکەوم.

ئەو ڕووداوە، پرسیاری ئیرانیەکانی دی بیرخستمەوە کە بە ئاوارە هەڵەبجەیەکانیان دەوت، مەگەر ئێوە قەند و چا و ڕۆغەنتان(ڕۆنی چێشت) نیە و سەرۆکەکەتان(مەبەستیان سەددام) قەشەنگ نیە، وا هەڵهاتوون؟..هێندەی دی بۆم دەرکەوت کە ئازادی مرۆڤەکان چەند پێناسەیەکی فراوان و بەرینە، بۆ کەسێکی وەک من نیشتیمان، یەکێ ڕۆنی چێشت، یەکێ شایی کردن و چەندێکی دیش جوانی ڕوخسار و خۆڕوتکردنەوە و هەندێکی دی خۆداپۆشینە و پێڕیکی دیش ئازادی ماچکردنە. هەمووشمان تامەزرۆی هەمان چێژی ووشەین (ئازادی).

**بوونم بە بەشێک لە ئامیرە بێ گیانەکان**

ئەوە باسێکی دوورە کە لە ماوەی پتر بیست و سێ ساڵ چێم بەسەر هاتبێ و گوزەشتەکانی ژیانی ئاوارەییم چی بووبن، بەلام ئەو هەستە(هەستی دوو پەل بوونی کەسێتی، دوو کەس لە

بیرکردنەوەی مرۆڤێکدا) هەر لە وێوە پێشهاتەکانی هاتنە دی، منیش وەک هەزاران پەنابەری دی، ماوەیەک بوومە بەشێک لە ئامێری کارگەکان، بەشێک لە ئاخاوتنە بێ تامەکان و نەریتە ناخوازەکان، ئەو نەریتانەی کە تا ئەمڕۆش نەمتوانیوە لەگەڵیاندا یەکانگیربم، هەر چەندە ڕێزیشم بۆ یان هەیە، هێشتا تا ئەم ساتەش، کە ئەمرۆ بوو بە ٢٤ ساڵ، لە دیوەکەی ترمدا دەژیم، شانۆی ژیانی پێشووم بیرو هەستمی لە خۆ گرتووە. ئیستاش کە گوێم لە سیاچەمانەیەکی هەورامان دەبێ، نەک هەر دەچمەوە خەیاڵی جاران، بەڵکو ووشەکانی دەکەمە باڵ و بەسەر چەمەن و بەرد و مێرگ و زۆنگاو و داردا دەفڕم، کە گوێم لە ماملێ و حەسەن زیرەک و گۆرانیەکانی دی دەبێ، تەنها جەستەکەم لە شەختەی ئەم وڵاتە ساردەدا دەمینێتەوەوە و ڕوحم بە گەرمیانەکەم گەرم دەکەمەوە، دەبمە منالێکی شوان و لە دۆڵی دوکانی قەرەداغ برینەکانم هەتوان دەکەم، گوێم لە قاقای کچە دەوارەکانی قەندیل دەبێ و بزەی لێویان بەرە کەناری ئارام دەمفڕێنێ. دەبمەوە منداڵە لاسارەکەی گەرەکی مامۆستایان( سلیمانی) و ڕاوە ڕێشولە دەکەم، لە کانیەکی (دەباشان) تینویەتیم دەشکێنم و ئەوسا بە بناری گویژەدا بەرەو دڵێ شار، وەک گلۆرە بەفرەکان دەچمە سەر پشتی گویژە. لە باخی گشتی شار، چیرۆکی ئەو ئاشقانە دەنووسمەوە کە ژوانیان لێ قەدەغەیە. دەبمەوە پارتیزانەکەی جاران و گابەردی قین لە بانی زنجیرە شاخی گڵەزەردەوە بەسەر سوپای کڵاسەوزەکاندا تل دەکەمەوە. زارۆکی ئاوارەکان ماچباران دەکەم..

کە گوێم لە سرودی شەهیدان دەبێ، لاشەم خۆی شۆڕدەکاتە ناو ئەو ئارامگانەی کە دەها گۆڕی بە کۆمەڵی تیایە، ئای کە دنیایەکی

**میهرەبان و سادە و دڵگیربوو....ئەوسا ئێمە لەناو لانکەی ڕاستەقینەی نیشتماندا، هێور دەبوینەوە.**

---

پەروێزەکان

- ئوپلانفێسپی: شارەوانییەکی شاری ستۆکهۆلمە/ سوێد
- ئارلەندا: فرۆکەخانەی نیودەوڵەتی شاری ستۆکهۆڵمە
- نمی رقسي: سەما ناکەی.

**سوپاس بۆ خوێندەوەی ئەم یاداشتانە، داوای لێبوردن لەو هاوڕێ و کەسانە دەکەم، کە ناویانم تۆمار نەکردوە، دۆست و کەسانێک کە حەوت ساڵ لە تەمەنم پێکەوە لەگەڵیان ڕابوورد، بەشێک لە دەریایی پێوەندی کۆمەڵایەتییان و سۆز و شۆخی و دڵتەنگییان. ڕاستیان وتوە کە ژیانی هەموو مرۆڤێ بۆ خۆی چێرۆکێکی شاکار  و دانسکە و بێ هاوتایە! منیش دلۆپێک لەو مێژووەی ئێوە و خۆمم ڕزگار کرد.**

**سەری رێزم لە ئاست هەمووتان**
**ئاسۆ بیارەیی( ئارام هەورامی)**
**٢٠١٤/٥/٣١ تاراوگە، سوێد**

## بیۆگرافیا و بەرهەمەکانم

# ئاسۆ بیارەیی کێیە

- ❖ شوێنی لە دایک بوون: شاری سلێمانی
- ❖ خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی. لە ١٩٨٣ تا پایزی ١٩٩٠ پێشمەرگە و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وولاتی سوێد تەواو کردووە

بەرهەم:


- ❖ کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند راپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- ❖ لەسێبەری پیاوسالاریدا، توێژینەوەی زانستی. بەکوردی
- ❖ کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون .کوردی
- ❖ ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تێزی زانستی بەزمانی سوێدی
- ❖ پەروەردەی پێچەوانە، تیزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ❖ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.
- ❖ ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی(ژنان و کچان) ڕەوندی کورد. توێژینەوەی زانستی ٢٠٠٩
- ❖ گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە
- ❖ ژیانی منداڵان لەچەند وەستانێکدا دەستدرێژی سێکس ئینسێست بەنموونە ٢٠١٠
- ❖ لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا ٢٠٠٦-٢٠٠٩ بەرگی کۆمەڵێک تویژینەوەی زانستی

- ❖ چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەڕەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول
- ❖ سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠
- ❖ لەنێوان بێ ڕەنگی و نەبووبی هەستی نەتەوایەتی نیشتمانیدا ٢٠١١
- ❖ کاریگەری ئەنفال لەسەر ژنان و کچانی کورد. چاپخانەی مەتین لە سلیمانی ٢٠١٣

**لوتەکی چەکوش  و سادر/ قەندیل پایزی ١٩٩٠ دواى شەڕێکی سەخت**

**وێنەی خۆم**





## زەنگەکانی ئەنفال

هەنوز لە دڵی زەنگەنەدا گوێم لێیە، کچێک براکەی شەهیدبووە هاوار دەکا: وەرن یارمەتیم بدەن با بینێژین.. با داڵ و دەعبا نەیخۆا. تاریک بوو گوێم لە یەکێکی دی بوو دەپاڕایەوە: باوکم بریندارە و فریای کەون. هیوادارم ڕۆژانی جارانتان لەبیربێ!.،،،،،،،،،

من خەو نابینم. بەو جۆرە خەڵکی گەرمیان ئەنفالکران. خۆم یەکێکم لەوان کە رۆژانە ئەنفال دەکرێمەوە، وەک ئەوان ، برینێکی سەختم پێوەیە کە سارێژ بوونەوەی سانا نیە و هەتوانێک نیە چارەمان کا. من گریەی ئەو دایکەم لە هەناودایە، کە باوەشی بە جگەرگۆشەکانی کردوە و شەرای بیابان، دوای تیرباران خنکاندویەتی، ئەز، دڵی ئەو باوکەم، کە کوردە ئەنفالچیەکان، بە بەرچاویەوە جلی کێژەکانی دادەڕن و لاقەیان دەکەن و بێ دەسەڵاتە..

دوا هەنسکی منداڵێکی نوگرە سەلمانم کە عەجاج تکریتی دایکی بە لەقە کوشتوە..

من تابلۆیەکی خوێناوی ئەو مرۆڤانەم کە لە لیواری ڕێگەکانی ئەنفالدا گیریان خواردوە...

